ڕاڤەی
قورئانی پیرۆز

بینشە وای حافز عیمادوللدین ئەبولفیدا
ئیسماعیلی کوڕی کەسیری دیمەشقی

تفسير القرآن العظيم

الإمام الحافظ إسماعيل بن كثير الدمشقي

ئۆبیلیس

٣

kurdpdf.com

kurdpdf.com

ڕاڤەی قورئانی پیرۆز

تفسير القرآن العظيم

(٣)

ڕاڤەی قورئانی پیرۆز

(تفسير القرآن العظيم)

نوسینی

پێشەوای حافز عیمادولدین ئیسماعیل کوڕی کەسیر

بەشی سێیەم

خانەی نۆبیلیس

kurdpdf.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ خانەی نۆبیلیس

ناوی ئینسکلۆپیدیا: ڕاڤەی قورئانی پیرۆز
بەرگی: سێیەم
نووسینی: پێشەوای حافز عیمادولدین ئیسماعیل کوڕی کەسیر
وەرگێڕانی: جەمیل قادر
هەڵەچنینی: هاوڕێ کەمال
قەبارەی پەرتوك: ١٧ ـ ٢٤
ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٨٨
ژمارەی لاپەڕەکانی ئینسکلۆپیدیا: ٦٤٨٠
جێگای بڵاوکردنەوە: بەیروت
خانەی بڵاوکردن و دابەشکردن: خانەی نۆبیلیس
فاکس: ٩٦١ (١) ٥٨٣٤٧٥
تەلەفۆن: ٩٦١ (١) ٥٨١١٢١ ـ ٩٦١ (٣) ٥٨١١٢١
٩٦٤٧٥٠٧٢٨٧٥٠٠
ئیمێڵ: info@nobilis-int.com
چاپی یەکەم: ٢٠١٢

EAN 9786144031308
ISBN 978-614-403-130-8

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

تەواوکەری سورەتی (بقرة)

﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦﴾

لێرەدا خوای گەورە ڕێنمای بەندەکانی دەکات بۆ باوەڕهێنان بەوەی کەلەڕێی موحەمەدەوە (درودی خوای لێ بێت) بۆی ناردون و بەگشتی بەوەی کەلەڕێی پێغەمبەرانی ترەوە بۆی ناردون، بەدەق ناوی هەندێکیانی هێناوە و بەگشتی ئاماژەی بە ئەوانی تریش کردووە، هەروەها باوەڕهێنان بەهەمو پێغەمبەران بەگشتی، هەتاوەکو وەك ئەوانە نەبن کەخوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ١٥٠ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ﴾ [النساء: ١٥٠ ـ ١٥٠] واتە: ئەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان خودا و پێغەمبەرەکانی و ئەڵێن باوەڕمان بەهەندێکیان هەیە و بێباوەڕین بەرامبەر بە ئەوانی تریان و ئەیانەوێت لەو نێوەندەدا ڕێگایەك بدۆزنەوە.

هەروەها بوخاری ئەفەرموێت: موحەمەدی کوڕی بەشار لە عوسمانی کوڕی عومرەوە لە عەلی کوڕی موبارەکەوە لە یەحیای کوڕی ئەبی کەسیرەوە، لە ئەبی سەلەمی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە لە ئەبی هوڕەیرەوە، ئەفەرموێت: ئەهلی کیتاب تەوراتیان بە عیبرانی دەخوێندەوە و بەعەرەبی ڕاڤەیان دەکرد بۆ موسڵمانان، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا تصدّقوا اهل الكتاب ولا تكذّبوهم وقولوا آمنا بالله وما أنزل الله)).

واتە: باوەڕ بەئەهلی کیتاب مەکەن و بەدرۆشیان مەخەنەوە و بڵێن باوەڕمان هەیە بەخودا و ئەوەی کە دایبەزاندوە. هەروەها موسلیم و ئەبوداود و نیسائی لەفەرموودەی عوسمانی کوڕی حەکیمەوە لە سەعیدی کوڕی یەسار لە ئیبن عەباسەوە، ئەفەرموویت: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) زۆرتر لەدوو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانیدا ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا﴾ ئایەتەکە، ولەڕکاتی دووەمیشدا ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ﴾ [آل عمران: ٥٢] ی دەخوێند.

هەروەها ئەبوعالیە و ڕەبیع و قەتادە ئەڵێن: (ئەسبات) کوڕانی یەعقوبن کە دوازدە کەس بوون، هەریەکەیان کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی لێبووە بۆیە پێیان دەوترێت (الأسباط). واتە: نەوەکان.

خەلیلی کوڕی ئەحمەد و غەیری ئەویش ئەڵێن (الأسباط) لەناو بەنی ئیسرائیل دا وەك هۆزەکان وان لەناو کوڕانی ئیسماعیلدا، زمەخشەریش لە(الکشاف)دا ئەڵێ: (الأسباط) هۆز و تیرەکانی بەنی ئیسرائیلن، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە مەبەست لە (إسباط) لێرەدا گەلانی بەنی ئیسرائیل و ئەو سروش و نیگایەیە کە خوای گەورە ناردویەتی بۆ پێغەمبەرانیان، وەك موسی پێیان دەڵێت: ﴿ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ جَعَلَ فِيكُمۡ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكٗا﴾ [المائدة:٢٠] واتە: یادی نیعمەتی خودا بەسەر خۆتانەوە بکەن کە پێغەمبەرانی لەتێوە ناردوە و کردونی بە پاشا.

هەروەها دەفەرموویت: ﴿وَقَطَّعۡنَٰهُمُ ٱثۡنَتَيۡ عَشۡرَةَ أَسۡبَاطًا﴾ [الأعراف:١٠٦] واتە: ئێمە ئەوانمان کرد بە دوازدە نەوە و وەچەوە.

قورتوبی ئەڵێت: (أسباط) لە(سبط)ەوە هاتوە، کەبەدوای یەکدا هاتنە، کەواتە کۆمەڵن، وتراویشە ئەسڵەکەی لە(السبط)ەوەیە کەدرەختە، واتە: لەزۆریدا وەك درەخت وەهان، زەججاجیش ئەڵێ: ئەسڵەکەشی بەوەدا ڕون دەبێتەوە کە موحەمەد کوڕی جەعفەری ئەنباری، لە ئەبو نەجیدی دەققاقەوە لە ئەسوەدی کوڕی عامرەوە لە ئیسرائیلەوە لەسەمماکەوە لە عیکریمەوە لە ئیبن عەباسەوە، ئەفەرموویت: هەموو پێغەمبەران لە(بني اسرائيل)ن جگەلە دە دانە: (نوح و هود و سالح و شوعەیب و ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب و

ئیسماعیل و موحەمەد) (سڵاوی خوایان لێ بێت). قورتوبی ئەڵێت: (السبط) واتە: کۆمەڵ و هۆزێك کە یەك بنەچەیان هەبێت.

قەتادەش ئەڵێت: خوای گەورە فەرمانی بەباوەڕداران کردوە کەباوەڕی پێ بێنن و کتێبەکان و پێغەمبەرانی بەڕاست بزانن، سولەیمانی کوڕی حەبیب ئەڵێ: ئێمە فەرمانمان پێ کراوە کە باوەڕ بە تەورات و ئینجیل بێنین نەك کار بەناوەڕۆکی بکەین، ئیبن ئەبی حاتەمیش ئەڵێ: (موحەمەدی کوڕی موحەمەدی کوڕی موسعەب سوری لە عەبدوڵڵای کوڕی حەمیدەوە لە ئەبی مەلیحەوە، لە مەعقەلی کوڕی یەسارەوە ئەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: ((آمنوا بالتوراة والزبور والإنجيل وليسعكم القرآن)). واتە: باوەڕ بەتەورات و زەبور و ئینجیل بێنن و باقورئانیش لەخۆیتان بگرێت.

﴿فَإِنْ ءَامَنُوا۟ بِمِثْلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ ۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٣٧﴾ صِبْغَةَ ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبْغَةً ۖ وَنَحْنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ ﴿١٣٨﴾﴾

خوای گەورە ئەفەرموێت: ئەگەر باوەڕیان هێنا، واتە بێباوەڕان لەئەهلی کیتاب و غەیری ئەوانیش، باوەڕیان هێنا بەوەی کە ئێوە باوەڕتان پێ هێناوە لەباوەڕهێنان بەهەمو کتێب و پێغەمبەرانی خوا و جیاوازیان نەخستە نێوانیان ﴿فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟﴾ واتە: حەق و ڕاستیان پێکاوە و شوێنی کەوتون ﴿وَّإِن تَوَلَّوْا۟﴾ واتە: پشتیان کردە حەق و بەتاڵیان هەڵبژارد پاش هێنانەوەی بەڵگە بۆیان ﴿فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ ۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ﴾ واتە: خوای گەورە لەداهاتودا سەرت دەخات بەسەریاندا ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ واتە: هەرئەویش بیسەر و زانایە، ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: یونسی کوڕی عەبدولئەعلا لە ئیبن وەهەبەوە لە زیادی کوڕی یونسەوە لە نافیعی کوڕی نوعەیمەوە ئەڵێ: (مصحف) و قورئانە کۆکراوەکەی عوسمان نێردرا بۆ هەندێ لە خەلیفەکان هەتاوەکو چاکی بکاتەوە، زیاد ئەڵێ: پێم وت: خەڵکی ئەڵێن قورئانەکەی لەباوەشیدا بووە کاتێ کوژرا و خوێن ڕژاوەتە سەر قورئانەکە، بەتایبەت سەر ئایەتی

﴿نَبۡكِيكَهُمۡ ٱللَّهُۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾ نافیع ئەڵێ: بەچاوی خۆم خوێنم بەسەر ئەم ئایەتەوە بینی.

هەروەها فەرایشتی ﴿صِبۡغَةَ ٱللَّهِۖ﴾ زەحاك لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: واتە: ئاینی خوا، ئەمەش لە موجاهید و ئەبی عالیە و عیکریمە و ئیبراهیم و حەسەن و قەتادە و زەحاك و عەبدوڵڵای کوڕی کەسیر و عەتیەی عوفی و ڕەبیعی کوڕی ئەنس و سەدیش گێڕدراوەتەوە، (منصوب) بونی (صبغةَالله)ش یاخود بۆ(إغراءَ)یە واتە: پابەندی بن وەدەستی پێوە بگرن، هەندێکیش وتویانە: (بدل) بۆ ﴿مِلَّةِ إِبۡرَٰهِيمَ﴾ [الروم: ٣٠] سیبەوەیهیش ئەڵێت:(مصدر مؤكّد)ە لەبری ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾ (منصوب)بوە وەك ﴿وَعۡدَ ٱللَّهِ﴾.

هەروەها لەوفەرموودەدا کە ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن مەردەوەیە لە ڕیوایەتی ئەشعەسی کوڕی ئیسحاقەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إنّ بني إسرائيل قالوا: يارسول الله، هل يصبغ ربك؟ فقال إتقوا الله، فناداه ربه: ياموسى سألوك هل يصبغ ربك؟ فقل:نعم، انا أصبغ الألوان: الأحمر والأبيض والأسود، والألوان كلها مِن صبغي)). واتە: (بەنی ئیسرائیل وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا خوای تۆ ڕەنگ دەکات؟ ئەویش فەرمووی: لەخوا بترسن، خوای گەورەش بانگی کرد: ئەی موسا پرسیاریان لێ کردیت، ئایا خوای تۆ ڕەنگ دەکات؟ بڵێ: بەڵێ، من ڕەنگەکان دروست دەکەم سور و سپی و ڕەش، هەمو ڕەنگە کانیش من دروستیان دەکەم. خوای گەورەش ئەم ئایەتەی بۆ پێغەمبەرەکەی نارد ﴿صِبۡغَةَ ٱللَّهِۖ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبۡغَةٗ﴾ بەهەمان شێوە لەڕیوایەتی ئیبن مەردەوەیە دا بە (مرفوع)ی هاتوە، بەڵام لەڕیوایەتی ئیبن ئەبی حاتەم دا (موقوف)ە ئەمەش گونجاوترە ئەگەر (سند)ەکەی ڕاست بێت. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

﴿قُلۡ أَتُحَآجُّونَنَا فِي ٱللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡ وَلَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُخۡلِصُونَ ١٣٩ أَمۡ تَقُولُونَ إِنَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ

وَيَعْقُوبُ وَالْأَسْبَاطَ كَانُوا هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَادَةً عِندَهُ مِنَ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٤١﴾﴾

خوای گەورە لێرەدا ڕێنمایی پێغەمبەرەکەی دەکات بۆ خۆڵادان لەمشت و مڕکردن لەگەڵ بێباوەڕاندا و دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَتُحَاجُّونَنَا فِي اللَّهِ﴾ واتە: ئایا مشتومڕمان لەگەڵدا دەکەن لەیەکتاپەرستی خودا و دڵسۆزی و ملکەچی نواندن بۆی و شوێنکەوتنی فرمانەکانی و وازهێنان لە قەدەغە کراوەکانی؟ ﴿وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ﴾ لەکاتێکدا کە ئەو پەروەردگارمانە و دەسەڵاتی بەسەر ئێمە و ئێوەدا هەیە و شایستەی دڵسۆزیە بەتەنها و بێ هاوەڵ ﴿وَلَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ﴾ واتە: ئێمە بێبەرین لە ئێوە و ئەوەی ئەی پەرستن، ئێوەش بەرین لەئێمە، وەك لەئایەتەکەی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُم بَرِيئُونَ مِمَّا أَعْمَلُ وَأَنَا بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾ [يونس: ٤١]. هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ حَاجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلَّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ﴾ [آل عمران: ٢٠]. هەتاوەکو کۆتایی ئایەتەکە. هەروەها خوای گەورە هەواڵ لەبارەی ئیبراهیمەوە دەدات و دەڵێت: ﴿وَحَاجَّهُ قَوْمُهُ قَالَ﴾ [الأنعام: ٨٩]. هەتاوەکو کۆتایی ئایەتەکە. هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ﴾ [البقرة: ٢٥٨] هەروەها لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەفەرموێت: ﴿وَلَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُخْلِصُونَ﴾ واتە: ئێمە بێبەرین لەئێوە وەك چۆن ئێوە بێبەرین لەئێمە و ئێمە دڵسۆزین بۆی لەپەرستن وپەرستش و ڕوتێ کردنی دا، پاشان خوای گەورە ئەو وتەیەی ڕەت کردنەوە کەپێغەمبەر ئیبراهیم و پێغەمبەرانی پاش و-إسباط- جولەکە یان گاوربوون و فەرمووی: ﴿قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ﴾ واتە: ئایا ئێوە دەزانن یاخود خودا؟ پاشان خوای گەورە ڕای دەگەیەنێت کە ئەوان نەجولەکەبوون و نەگاور وەك دەفەرموێت: ﴿مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٦٧﴾﴾ [آل عمران:٦٧] و ئایەتی دواتریش.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ﴾ حەسەنی بەسری ئەفەرموویت: لەو کتێبەی خوادا کە بۆیان هاتووە ئەی خوێننەوە: کەئاینی ڕاست ئیسلامە و موحەمەدیش پێغەمبەری خوایە و ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و ئەسبات بێبەری بوون لەجولەکە و گاور بوون و شایەتی ئەمەیان بۆ خوا داوە و دانیان پیادادەنا بەڵام دەیان شاردەوە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ ئەمە هەڕەشەیەکی تونده، واتە: زانستی ئەو لەسەروی زانستی ئێوەوەیە لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکات، پاشان ئەفەرموویت: ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ﴾ واتە: ئەوانە ئومەتێکن ڕۆشتون، ﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ﴾ واتە: کردەوەی خۆیان بۆخۆیان و کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان ﴿وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ سەربەئەوان بوون هیچ سودێکی نییە بۆتان گەر شوێنیان نەکەون، لەخۆبای مەبن بەوەی کەسەر بەئەوانن هەتاوەکو شوێن فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکانی نەکەون کەنێردراون وەك مژدەدەر و ترسێنەر، چونکە هەر کەس بێباوەڕبێت بەیەك پێغەمبەر، ئەوە بێباوەڕبووە بەهەموو پێغەمبەران بەتایبەت بەگەورە و دوایەمینی پێغەمبەران کەنێردراوە بۆ سەرجەمی بونەوەر بە مرۆڤ و جنۆکەوە سڵاوی خوا لەسەر ئەو و سەرجەم پێغەمبەرانی تر.

﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِى كَانُوا۟ عَلَيْهَا ۚ قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ ۚ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٤٢﴾ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾﴾

وتراوە مەبەست لە-سفهاء- لێرەدا هاوەڵگەرانی عەرەبە، زەججاج وتویەتی، وتراوەیشە (أحبار)و زانایانی جولەکەن، ئەمەش ڕای موجاهیدە،

وتراویشە: دووڕوەکان، ئەمەش ڕای سەدییە، ئایەتەکەش گشتی یەو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

بوخاری ئەڵێ: ئەبو نوعەیم گوێی لە زوهەیر بوە لە ئەبو ئیسحاقەوە، لەبەڕائەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ، کەپێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) شازدە مانگ ڕوبە(بیت المقدس) نوێژی کرد، حەزیشی دەکرد کە قیبلە ڕوو بەکەعبە بگۆڕدرێت، یەکەم نوێژێکیش کەکردی نوێژی عەسر بوو، کۆمەڵێکیش نوێژیان لەگەڵدا کرد و یەکێك لەوانە ڕۆیشت و بەلای خەڵکی مزگەوت دا تێپەڕی و ئەوانیش لەڕکوع دابوون، وتی: سوێند بەخوا لەگەڵ پیغەمبەردا (درودی خوای لێ بێت) ڕوەو مەککە نوێژم کرد، ئەوانیش ڕویان بەرەو کەعبە وەرچەرخاند، ئەوانەش کەپێش گۆڕانی قیبلە مردبوون کۆمەڵە کەسێك بوون کوژرابوون نەمان دەزانی چیان لەبارەوە بڵێین، ئەوەبوو خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾. تەنها بوخاری لەم ڕێگەوە گێڕاویەتیەوە و موسلیمیش لەڕێگەیەکی ترەوە.

موحەمەدی کوڕی ئیسحاقیش ئەڵێت: ئیسماعیلی کوڕی ئەبی خالید لە ئەبی ئیسحاقەوە، لە بەڕائەوە ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ڕوەو (بیت المقدس) نوێژی دەکرد و زۆر سەیری ئاسمانی دەکرد و چاوەڕوانی فەرمانی پەروەردگار بوو، خوای گەورەش ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِۚ﴾ [البقرة: ١٤٤] ی دابەزاند. ئەوەبوو پیاوێك لەموسڵمانان وتی: خۆزگە دەمان زانی حوکمی ئەوانە چۆنە کەپێش گۆڕانی قیبلە مردن؟ هەروەها ئەو نوێژانەی ئێمە بەرەو (بیت المقدس) حوکمی چۆن بووە؟، هەتاوەکو پەروەردگار: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْۚ﴾ واتە: خوای گەورە نوێژەکانتان نافەوتێنێت.

هەروەها خەڵکانی گێل و نەفام کە - ئەهلی کیتاب - بوون وتیان: چی ڕوی وەرچەرخاندن لەو قیبلەیەی کە پێشتر ڕویان تێ دەکرد، ئەوەبوو خوای گەورەش ﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾ هەتاوەکو کۆتای ئایەتەکەی دابەزاند.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێ: ئەبو زەرعە لە حەسەنی کوڕی عەتیەوە لە ئیسرائیلەوە لە ئیبن ئیسحاقەوە لە بەڕائەوە، ئەڵێ: پێغەمبەری خوا نزیکی

شازده مانگ ڕوەو (بیت المقدس) نوێژی کرد، حەزیشی دەکرد کە قیبلە ڕوەو کەعبە بگۆڕێت، هەتاوەکو خوای گەورە فەرمایشتی: ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ دابەزی، ئەڵێت: پاشان ڕوی کردە کەعبە، ئەوەبوو کەسانی گێل و نەزان کەجولەکەکان بوون وتیان ﴿مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِي كَانُوا۟ عَلَيْهَا﴾ خوای گەورەش وەڵامی دانەوە ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ ۚ يَهْدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ واتە: بڵێ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا موڵکی خوایە، هیدایەتی هەرکەسێ بیەوێ دەیدات بۆ ڕێگەی ڕاست.

هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تەلحە لە ئیبن عەباسەوە: کە پێغەمبەری خوا کاتێك کۆچی کرد بۆ مەدینە خوای گەورە فەرمانی پێکرد کە ڕوو بکاتە(بیت المقدس)، ئەوەبوو جولەکە دڵخۆش بوون، پێغەمبەریش دە و ئەوەندەمانگ ڕوی تێکرد، بەڵام پێغەمبەری خوا پێی خۆشبوو ڕوبکاتە (قیبلەی ئیبراهیم)، ئەوەبوو نزای دەکرد و سەیری ئاسمانی دەکرد، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ﴾ [البقرة: ١٤٤-١٥٠] واتە: ڕوبکەنە کەعبە، ئەوەبوو جولەکە گومانیان لەوە کرد و وتیان: چی ڕوی لەو قیبلە وەرچەرخاندن کەڕویان تێ دەکرد؟ خوای گەورەش ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ ۚ يَهْدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ نارده خوارەوە.

لەم بارەشەوە فەرموودەیەکی زۆر هاتووە، گورتەکەشی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا فەرمانی کرد بە(بیت المقدس)، ئەوەبوو لەمەککەدا لەنێوان دوو ڕوکنەکەدا نوێژی دەکرد و بەم پێیەش ڕوبەڕوی کەعبە دەوەستا (بیت المقدس)یشی دەکردە ڕوگەی، کاتێ کۆچی کرد بۆ مەدینە نەیتوانی بەیەکەوە ڕوبکاتە هەردوکیان، خوای گەورەش فەرمانی کرد بەڕوکردنە (بیت المقدس)، ئیبن عەباس و زۆرینەی زانایان ئەڵێن: پاشان ئەوانە ناکۆك بوون، ئایا فرماندان پێی بەقورئان بووە یاخود بەغەیری قورئان؟ لەم بارەیەوە دوڕایان هەیە: قورتوبیش لەتەفسیرەکەیدا لە عیکرەمە و ئەبی عالیە و حەسەنی بەسری یەوە ئەگێڕێتەوە کە: ڕوکردنە (بیت المقدس) بە ئیجتیهادی پێغەمبەر بوە (درودی خوای لێ بێت).

مەبەست ئەوەیە: ڕوکردنە (بیت المقدس) پاش هاتنی بۆ مەدینەیە، هەروەها چەند و دە مانگێك لەسەری بەردەوام بوو و تیایدا زۆر دوعای دەکرد و دەپاڕایەوە کەقیبلە بگۆڕێت بۆ (بیت المقدس) کە قیبلەی ئیبراهیمە، ئەوەبوو خوای گەورە وەڵامی نزاکانی دایەوە و فەرمانی کرد بەڕوکردنە (البیت العتیق) پێغەمبەری خواش (درودی خوای لێ بێت) وتاری بۆخەڵك داو ئاگاداری کردنەوە لەو کارە، یەکەم نوێژێکیش کەڕووەو قیبلە کردی نوێژی عەسر بوو وەك پێشتر لە(صحیحین)دا لەڕیوایەتی بەڕائەوە ئامازەمان پێکرد.

بەڵام لای نیسائی لەڕیوایەتی ئەبی سەعیدی کوڕی موعەلادا هاتوە کەنوێژی نیوەڕۆ بووە، ئەڵێ: من و هاوڕێکەم یەکەم کەس بووین کەڕووەو کەعبە نوێژمان کرد.

زیاتر لەیەکێکیش لەموفەسیرەکان و خەڵکانی تریش باسی ئەوەیان کردوە: کەگۆڕینی قیبلە هاتەخوارەوە بۆ پێغەمبەری خوا پاش ئەوەی کە دووڕکات نوێژی نیوەڕۆی کرد، ئەمەش لەمزگەوتی (بني سلمة)دا، هەر بۆیە ناونرا (مزگەوتی دو قیبلەکە) هەروەها لەفەرموودەی نوەیلەی کچی موسلیمدا هاتوە: کەکاتێك ئەو هەواڵەیان پێ گەشت لەنوێژی نیوەڕۆدا بون، ئەڵێ: ئەوە بوو ژنان چونە شوێنی پیاوان و پیاوانیش چونە شوێنی ژنان، واتە: جێگۆڕکێیان بەشوێنەکانیان کرد شێخ ئەبو عومەری کوڕی عەبدولبڕی نەمری ئەمەی باس کردوە، هەرچی خەڵکی (قباء)یشە ئەوە هەواڵەکەیان پێ نەگەشت هەتاوەکو نوێژی بەیانی ڕۆژی دواتر، وەك لە (صحیحین)دا لە ئیبن عومەرەوە (سڵاوی خوای لێ بێت)، فەرموویەتی: لەکاتێکدا کەخەڵکی لە(قباء) لەنوێژی بەیانیدا بوون، کەسێك هاتە لایان و ووتی: پێغەمبەری خوا ئەم شەو قورئانی بۆ دابەزیوە و فەرمانی پێکراوە کەڕو وەرچەرخێنێت بۆ کەعبە و ئێوەش ڕوی تێبکەن، لەو کاتەشدا ئەوان ڕویان لەشام بوو ڕویان وەرگێرا بۆ کەعبە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە(نەسخ)کەر پێویست نابێت هەتاوەکو نەزانرێت. ئەگەرچی دابەزین و بڵاو کردنەوەشی زوتر ڕوی دابێت، بەبەڵگەی ئەوەی کەداوای گێڕانەوەی نوێژی عەسر و مەغریب و عیشایان لێ نەکرا، پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

کاتێ ئەمە ڕویدا، هەندێ لەخەڵکانی دوو ڕوو و دڵ پڕگومان و بێ باوەڕ لەجولەکەکان کەوتنە گومانەوە و وتیان: ﴿مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِى كَانُوا۟ عَلَيْهَا﴾ واتە: ئەوانە بۆ ماوەیەك بەو شێوە ڕودەکەن و ماوەیەك بەشێوەیەکی تر؟ خوای گەورەش وەڵامی بۆ دابەزاندن و فەرمووی: ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ﴾ واتە: بڕیاردان و فەرمان کردن هەموی بۆ خوایە: ﴿فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ﴾ [البقرة:١١٥] و﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ [البقرة:١٧٧].

واتە: بناغەی هەمووشتێك لەگوێڕایەڵی فەرمانی خوادایە. جا بۆ هەر شوێنێك ئاڕاستەمان بکات، ڕوی تێ دەکەین، هەروەها ئەو بەباشی چاودێری بەندەو پێغەمبەرەکەی و ئومەتەکەی دەکات و ڕێنمایمان دەکات بۆ باشترین قیبلە کەقیبلەی ئیبراهیم (خەلیلی ڕەحمان)ەوە ڕوکردنیشیان بۆ کەعبە لەسەر ناوی پیرۆزی خۆی بنیات ناوە، چونکە ئەوە پیرۆزترین ماڵی خوایە لەزەویدا و بینای ئیبراهیمی خەلیل و دۆستی پەروەردگارە، هەر بۆیەك فەرموویەتی ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە عەلی کوڕی عاسمەوە لە حوصەین ی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە لە عەمری کوڕی قەیسەوە لە موحەمەدی کوڕی ئەشعەسەوە لەعائیشەوە، فەرمووی: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) سەبارەت بەئەهلی کیتاب فەرمووی: ((إنّهم لا يحسدوننا على شيء كما يحسدوننا على يوم الجمعة التي هدانا الله لها وضلوا عنها، وعلى القبلة التي هدانا الله لها وضلوا عنها، وعلى قولنا خلف الإمام: آمين)).

واتە: ئەوان بۆ هیچ شتێك هێندەی سێ شت ئیرەی بەئێمە نابەن، بەڕۆژی جومعە کە خوای گەورە هیدایەتی داوین بۆی و ئەوان ڕێیان تێ نەبردوە، هەروەها بۆ قیبلە کە خوای گەورە هیدایەتی ئێمەی دا بۆی و ئەوان ڕێیان تێ نەبرد، هەروەها بۆ (آمین) کردنمان لەدوای ئیمامەوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ خوای گەورە ئەفەرموێت: بۆیە قیبلەمان گۆڕین و ڕومان وەرچەرخاندن بۆ قیبلەی ئیبراهیم، هەتاوەکو

بتانکەین بەگەورە و سەروەری ئوممەتەکان لەڕۆژی قیامەتدا و شایەتبن بەسەریانەوە، چونکە هەمووان دان بەفەزڵ و چاکەی ئێوەدا دەنێن (الوسط)یش لێرەدا واتە: باشترین، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) (وسط)بوە لەهۆزەکەیدا واتە باشترینیان بووە، (الصلاة الوسطی)ش لەمەوە هاتووە، کە باشترینی نوێژەکانە و نوێژی عەسرە، وەك لەکتێبە (صحیح)و کتێبەکانی تردا هاتوە. کاتێکیش خوای گەورە ئەم ئوممەتەی بە(وسط) ناساند، باشترین و تەواوترین و ڕونترین پەیام و شەریعەتی بۆ ناردوە، وەك دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱجْتَبَىٰكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ ۚ هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِى هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ [الحج:٧٨]. واتە: ئەو ئێوەی هەڵبژارد، لەئاین هیچ تەنگاویەکی بۆ دانەناون، شوێنکەوتوی ئیبراهیمی باوکتان، ئەو ناوی ناون موسڵمان بۆ ئەوەی پێغەمبەر شایەتبێت بەسەرتانەوە و ئێوەش شایەتبن بەسەر خەڵکی ترەوە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: ئەبو موعاویە لە ئەعمەشەوە لە ئەبی سالحەوە لە ئەبی سەعیدی خدریەوە، ئەفەرموێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) : ((یدعی نوح یوم القیامة، فیقال له: هل بلّغت؟ فیقول: نعم، فیدعی قومه فیقال لهم: هل بلّغکم فیقولون: ما أتانا من نذیر وما أتانا من أحد، فیقال لنوح: من یشهدلك؟ فیقول: محمد وأمته، قال فذلك قوله: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ قال: والوسط العدل، فتدعون فتشهدون له البلاغ ثم أشهد علیکم)).

واتە: نوح (سڵاوی خوای لێ بێت) لەڕۆژی دوایدا بانگ دەکرێت و پێی دەوترێت: ئایا پەیامەکەت گەیاند؟ ئەفەرموێت بەڵێ، پاشان هۆزەکەی بانگ دەکرێت و پێیان ئەوترێت: ئایا پەیامی خۆی بەئێوە گەیاند، ئەوانیش ئەڵێن: کەس ئێمەی ئاگادار نەکردوەتەوە و کەسمان بۆ نەهاتووە. پاشان بەنوح ئەوترێت: کێ شایەتیت بۆ دەدات، ئەویش دەڵێ: موحەمەد و ئومەتەکەی، فەرمووی ئەمەیە کە دەفەرموێت ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ ئەفەرموێت: (وسط) واتە: دادگەر، ئیوە بانگ دەکرێن و شایەتی گەیاندنی پەیامەکەی

بۆدەدەن و منیش شایەتی بۆ ئێوە دەدەم. ئەم فەرموودەیە بوخاری و ترمزی و نیسائی و ئیبن ماجە لەچەند ڕێگەیەکەوە لە ئەعمەشەوە ئەیگێڕنەوە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: ئەبو موعاویە لە ئەعمەشەوە لە ئەبی سالحەوە، لە ئەبی سەعید خدریەوە، ئەفەرموێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((يجيء النبي يوم القيامة ومعه الرجلان واكثر من ذلك، فيدعى قومه، فيقال: هل بلغكم هذا؟ فيقولون: لا فيقال له: هل بلغت قومك؟ فيقال: من يشهدلك؟ فيقول: محمد وأمته، فيدعى محمد وأمته، فيقال لهم: هل بلّغ هذا قومه؟ فيقولون: نعم، فيقال: وماعلمكم؟ فيقولون: جاء نبيّنا فأخبرنا أنّ الرسل قد بلّغوا، فذلك قوله ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ قال: عدلاً ﴿لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾.

هەروەها ئەحمەد ئەفەرموێت: ئەبو موعاویە لە ئەعمەشەوە لە ئەبی سالحەوە، لە ئەبی سەعید خدریەوە لەپێغەمبەرەوە کە دەربارەی فەرمایشتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ فەرمووی: دادگەر. هەروەها حافظ ئەبوبەکری کوڕی مەردەویە و ئیبن ئەبی حاتەم لەفەرموودەی عەبدولواحیدی کوڕی زیادەوە لە ئەبی مالیکی ئەشجەعیەوە لە موغیرەی کوڕی عتیبەی کوڕی نهاسەوە کە کۆیلەیەکمان لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) بۆی گێڕاینەوە کە فەرموویەتی: ((أنا و أمتي يوم القيامة على كوم مشرفين على الخلائق، مامن الناس أحد الّا ودّ أنه منا وما من نبي كذّبه قومه الّا ونحن نشهد انه قد بلغ رسالة ربه عزوجل)). واتە: من وئوممەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا بەسەر تەپۆلکەیەکەوەین و بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا دەڕوانین، هیچ کەسێك نییە ئارەزووی ئەوەنەکات کە یەکێك بوایە لەئێمە و هەر پێغەمبەرێکیش گەلەکەی بەدرۆیان خستبێتەوە ئەوە ئێمە شایەتی بۆ دەدەین کەپەیامی خوای گەیاندوە.

هەروەها حاکم لە(مستدرك)دا و ئیبن مەردەوەیهیش لە فەرموودەی موسعەبی کوڕی سابتەوە لە موحەمەدی کوڕی کەعبی قورتوبی لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە ئەفە رموێت: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لە

بەڕێکردنی تەرمێکدا ئامادەبوو لە بەنی سەلەمە منیش لەتەنیشتیەوە بووم، ئەوەبوو هەندێك وتیان: سوێند بەخوا ئەمەکەسێکی باش بوو ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ، موسڵمانێکی پاك داوێن و بەچاکە باسیان کرد، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: تۆ بەرپرسی لەوەی کە دەیڵێی، کابراش وتی: خوای گەورە ئاگاداری نهێنیەکانە، ئەوەی کەبۆ ئێمە دەرکەوت بەوجۆرەبوو. پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((وجبت، وجبت)) پێویست بوو، پێویست بوو، پاشان ئامادەی تەرمێك بوو لە بەنی حارسە و منیش لە تەنیشتیەوە بوم، هەندێك وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە کابرایەکی خراپ و زمان زبربوو و بەخراپە باسیان کرد، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) بەهەندێکیانی وت: ((أنت بالذي تقول))تۆ بەرپرسی لەوەی کە دەیڵێیت.

کابراش وتی: خوای گەورە خۆی نهێنی دەزانێ، ئەوەی کە بۆ ئێمە دەرکەوتوە بەم شێوەیە بوو، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: (وجبت) واتە: پێویست بوو، موسعەبی کوڕی سابت ئەڵێت: لەوکاتەدا موحەمەدی کوڕی کەعب وتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ڕاستی فەرموو: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا﴾ پاشان حاکم ئەڵێت: ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی (صحیح)ە بەڵام بوخاری و موسلیم تەخریجیان نەکردوە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە یونسی کوڕی موحەمەدەوە لە داودی کوڕی ئەبی فوراتەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی بورەیدەوە لە ئەبی ئەسوەدەوە ئەڵێت: هاتم بۆ مەدیەنە و بینیم نەخۆشی تیادا بڵاو بوەتەوە و خەڵکی زۆر دەمرن، منیش لای عومەری کوڕی خەتتاب دانیشتم، ئەوەبوو تەرمێك بەلایدا تێپەڕی و ستایشی خاوەنەکەیان کرد و ئەویش فەرمووی: پێویست بوو، پاشان تەرمێکی تر بەلایدا تێپەڕی و بەخراپە باسی کراو ئەویش فەرمووی: پێویست بوو، ئەبو ئەسوەدیش وتی: چی پێویست بوو ئەی پێشەوای باوەڕداران؟ وتم: ئەوەی کەپێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أيما مسلم شهد له أربعة بخير أدخله الله الجنّة)) واتە: هەر موسڵمانێك چوار

موسڵمان شایەتی چاکی بۆ بدەن ئەوە خوای گەورە ئەیخاتە بەهەشت، وتمان: ئەی سیان؟ فەرمووی: ((وثلاثة)) واتە: سیانیش، وتمان: ئەی دوان؟ فەرمووی: دوانیش، بەڵام سەبارەت بەیەك پرسیارمان نەکرد. بوخاری و ترمزی و نیسائی لەفەرموودەی داودی کوڕی ئەبی فوراتەوە گێڕاویانەتەوە.

ئیبن مەردەویە ئەڵێ: ئەحمەدی کوڕی عوسمانی کوڕی یەحیا ئەڵێ: ئەبو قولابە ڕەشاقی لە ئەبو وەلیدەوە لە نافیعی کوڕی عومەرەوە لە ئومەییەی کوڕی سەفوانەوە لە ئەبی بەکری کوڕی ئەبی زوهەیری سەقەفییەوە لەباوکیەوە ووتی: گوێم لەپێغەمبەری خوابوو کە لە(النباوة)دا ئەیفەرموو: ((یوشك أن تعلموا خیارکم من شرارکم)) واتە: خەریکە پیاو چاکانتان لەپیاو خراپانتان جیا بکەنەوە. وتیان بەچی ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((بالثناء الحسن وا لثناء السيء انتم شهداء الله في ألأرض)).واتە: چاك باسکردن و خراپ باسکردنیان و ستایشی خەڵکی و سەرزەنشتی بۆیان. ئیبن ماجە لە ئەبی بەکری کوڕی ئەبی شەیبە)وە لە یەزیدی کوڕی هارونەوە، هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە یەزیدی کوڕی هارون عەبدولمەلیکی کوڕی عەمر (شریحی کوڕی نافیع) لە ئیبن عومەر.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِي كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ﴾ خوای گەورە ئەفەرموێت: هۆی ئەوەی کە لەسەرەتادا ڕێگەماندا بەڕوکردنە (بیت المقدس)و دواتر گۆڕیمان بۆ کەعبە هەتاوەکو ئەو کەسانە دەرکەون کە شوێنت ئەکەون و گوێڕایەڵیت ئەکەن و ئەوانەش کە هەڵدەگەڕێنەوە و پشت لەئاینەکەت دەکەن، هەرچەندە ئەمە کارێکی قورس و گرانە بەلای دەرونەکانەوە جگە لەوکەسانەی کە خوا هیدایەتیان دەدا و دڵنیان لەڕاستگۆی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و هەمو ئەوشتانەی کەهێناویەتی و ئەوەی کەخوای گەورە هەرچی بیەوێ دەیکات و هەر حوکمێکی بیبەوێ دەیدات، کەواتە بۆی هەیە بەندەکانی ڕاسپێرێت بۆ هەرکارێك و هەر حوکمێك کەبیبەوێ هەڵی بگرێت، دانایی تەواو بەڵگەی بەهێز هەر لای خۆیەتی. بەپێچەوانەی ئەوانەی کە دڵەکانیان نەخۆشە، ئەوە هەموو کارێك شك و

گومانیان زیاتر دەکات، هەروەك چۆن باوەڕ و دڵنیایی باوەڕداران زیاد دەکات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ فَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمۡ زَادَتۡهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنٗاۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَزَادَتۡهُمۡ إِيمَٰنٗا وَهُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ١٢٤ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَتۡهُمۡ رِجۡسًا إِلَىٰ رِجۡسِهِمۡ﴾ [التوبة: ١٢٤ ـ ١٢٥]، واتە: کاتێ سورەتێك دادەبەزێت دەڵێن:..... کێ بەمە زانستی زیاد دەکات؟

هەروەها دەفەرموێتك ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٞ وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَۙ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارٗا ٨٢﴾ [ألأسراء:٨٢] واتە: لەقورئان شتانێك دادەبەزێنین کە شیفا و ڕەحمەتە بۆ باوەڕداران.

هەربۆیە ئەوانەی کەدامەزراو بوون لەباوەڕکردن بەپێغەمبەر و شوێن کەوتنی دا لەو مەسەلەیەدا بەبێ گومان و دوودڵی لەگەورە هاوەڵان بون، هەربۆیە هەندێك پێیان وایە کەپێشینانی یەکەم لەکۆچ کەران و یاریدەدەران ئەوانەن کەڕوە و هەردوو قیبلەکە نوێژیان کردوە.

هەروەها بوخاری لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێ: موسەدید لە یەحیای کوڕی سوفیانەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی دینارەوە لە ئیبن عومەرەوە ئەڵێ: لەکاتێکدا کەخەڵکی نوێژی بەیانیان دەکرد لەمزگەوتی (قوباء)دا پیاوێك هاتوو وتی: قورئان بۆ پێغەمبەر دابەزی و فەرمانی پێکرا ڕوبکاتە کەعبە ئێوەش ڕوی تێ بکەن، ئەوانیش ڕویان کردە کەعبە. موسلیمیش لەڕێگەیەکی ترەوە لە ئیبن عومەرەوە و ترمزی لە فەرموودەی سوفیانی سەوریەوە گێڕاویانەتەوە لەلای ئەویش هاتوەکە ئەوان لە ڕکوع دا بوون و ڕویان وەرچەرخاند بەرەو کەعبە. هەروەها موسلیم لەفەرموودەی حەمادی کوڕی سەلەمەوە لە سابتەوە لە ئەنەسەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوەن ئەمەش بەڵگەیە لەسەر تەواویەتی گوێ ڕایەڵیان بۆ خوا و ملکەچیان بۆ فرمانەکانی. خوا لەهەموویان ڕازی بێت.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمۡۚ﴾ واتە: خوای گەورە پاداشتی ئەو نوێژانەتان نافەوتێنێت کە ڕوەو (بیت المقدس) کردوتانە، لە(صحیح)یشدا لەفەرموودەی ئەبی ئیسحاقی سبیعییەوە لە بەڕائەوە فەرمووی: خەڵکانێك کۆچی دواییان کرد کەڕوەو(بیت المقدس) نوێژیان

دەکرد، خەڵکیش وتیان: ئەبێ چۆن حسابیان لەگەڵدا بکرێ؟ خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ﴾ی دابەزاند. ترمزی لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتیەوە و بە(صحیح)ی داناوە.

ئیبن ئیسحاق ئەڵێ: موحەمەدی کوڕی ئەبی موحەمەد لەعیکریمە یان سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لە ئیبن عەباسەوە ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ﴾ واتە: باوەڕتان بەقیبلەی یەکەم و بەپێغەمبەرەکەتان و شوێنکەوتنی بۆ قیبلەی دووەم. واتە: هەتاوەکو پاداشتی هەردووکیتان پێ بەخشێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾.

هەروەها حەسەنی بەسری ئەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَٰنَكُمْ﴾ واتە: خوای گەورە موحەمەد و ڕو وەرچەرخەندنتان لەگەڵیدا نافەوتێنێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ واتە: خوا بەبەزەیی و میهرەبانە لەگەڵ خەڵکیدا.

هەروەها لە(صحیح)دا هاتوەکە پێغەمبەری خوا ئافرەتێکی دیلی بینی کە لەمنداڵەکەی جیاکرابویەوە، هەرکات منداڵێکی دیلی دەبینی لەباوەشی دەکردو تاسەی منداڵەکەی خۆی دەکرد. هەتاوەکو دۆزیەوە و لەباوەشی گرت و مەمکی خستە دەمیەوە، پێغەمبەری خواش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أترون هذه طارحة ولدها فی النار وهي تقدر على أن لا تطارحه))؟ قالوا: لا يارسول الله. قال: ((فوالله لله أرحم بعباده من هذا بولدها)).

واتە: ئایا پێتان وایە ئەم ئافرەتە منداڵەکەی دەخاتە ئاگرەوە لەکاتێکدا کەتوانای ئەوەی هەبێت کە نەیخانە ناویەوە؟ وتیان: نەخێر، ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: سوێند بەخوا خوا بەرامبەر بە بەندەکانی لەوئافرەتە بۆ منداڵەکەی بەبەزەی و میهرەبان ترە.

﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٤٤﴾﴾

عەلی کوڕی ئەبی تەلْحە لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: یەکەم شتێك کە لەقورئان (نسخ) کرا قیبلە بوو، ئەمەش کاتێك بوو کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) کۆچی کرد بۆ مەدینە و زۆینەی خەڵکەکەی جولەکە بوون، خوای گەورەش فەرمانی پێکرد کەڕووبکاتە (بیت المقدس)، جولەکەش بەوە دڵخۆش بوون، پێغەمبەری خواش (درودی خوای لێ بێت) دە و ئەوەندە مانگ ڕوی تێکرد، بەڵام حەزی بەقیبلەی ئیبراهیم دەکرد، ئەوەبوو لەخوا دەپاڕایەوە و سەیری ئاسمانی دەکرد. خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ﴾ هەتاوەکو فەرمایشتی ﴿فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ﴾ ئەوەبوو جولەکە کەوتنە گومانەوە و وتیان: ﴿مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِي كَانُواْ عَلَيْهَاۚ قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُۚ﴾ [البقرة:١٤٢]. هەروەها ﴿فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِۚ﴾ و﴿وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِي كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِۚ﴾ [البقرة:١٤٣].

هەروەها ئیبن مەردەوەیە لەفەرموودەی قاسم ئەلعومەریەوە لە عەبیدوڵڵای کوڕی عومەری مامیەوە لە داودی کوڕی حوصەینەوە لە عیکریمەوە لە ئیبن عەباسەوە، ئەفەرموێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەگەر لەنوێژەکانیدا ڕوەو (بیت المقدس) سڵاوی بدایەتەوە سەری بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان، خوای گەورەش ﴿فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِۚ﴾ ی بۆ ناردەخوارەوە واتە: ڕوبکەرە کەعبە و ڕوەو(میزاب) وپلوسك جبریلیش ئیمامەتی بۆ دەکرد.

حاکمیش لە (مستدرك)دا لەفەرمووی شەعبەوە لە یەعلای کوڕی عەتاوە لە یەحیای کوڕی قەتەوە ئەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی عەمرم بینی لای مزگەوتی (حرام) - کەعبە - دانیشتبوو لەنزیك میزابەوە - پلوسکەوە - ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَاۚ﴾ ئەڵێ: ڕوەو پلوسکی کەعبە، پاشان وتی: سەنەدەکەی (صحیح)ە بەڵام تەخریجیان نەکردوە. هەروەها (ئیبن ئەبی حاتەم لە حەسەنی کوڕی عەرفەوە لە هیشامەوە لە یەعلای کوڕی عەتاوە گێڕاویەتیەوە. ئەمەش یەکێکە لەدوو (قول)و ڕای شافیعی (ڕەزای خوای لێ بێت): مەبەست پێکانی خودی قیبلەیە، ڕاکەی تریش کەزۆرینە لەسەرینی: مەبەست

پێی ڕوبەڕو وەستانە، وەك حاكم لەفەرموودەی موحەمەدی كوڕی ئیسحاق لە عومەیری كوڕی زیادی كیندیەوە لە عەلی كوڕی ئەبی تالیبەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ شطرە واتە: ڕوەو مزگەوتی حەرام، پاشان ئەڵێ: سەنەدی (صحیح)ە بەڵام بوخاری و موسلیم تەخریجیان نەكردوە، ئەمەش ڕای ئەبی عالیە و موجاهید و عیكریمە و سەعیدی كوڕی جوبەیر و قەتادە و ڕەبیعی كوڕی ئەنس و خەڵكی تریشە. هەروەك پێشتر لەفەرموودەیەكی تردا ئاماژەمان پێدا ((ما بين المشرق والمغرب قبلة)) .

هەروەها قورتوبی ئەڵێ: ئیبن جورەیج لە عەتاەوە لە ئیبن عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) كە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((البيت قبلة لأهل المسجد والمسجد قبل لأهل الحرم والحرم قبلة لأهل الأرض في مشارقها ومغاربها من أمتي)).

واتە: كەعبە قیبلەیە بۆ خەڵكی مزگەوتی حەرام، مزگەوتی حەرامیش قیبلەیە بۆ خەڵكی حەرەم و حەرەمیش قیبلەیە بۆ خەڵكی سەرزەوی.

هەروەها ئەبو نوعەیم فەزڵی كوڕی دوكینیش ئەڵێ: زوهەیر لە ئەبی ئیسحاقەوە لەبەڕائەوە كە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) شازدە یان حەڤدە مانگ ڕوەو -بیت المقدس- نوێژی كرد، حەزیشی لەوە دەكرد كە قیبلەی كەعبە بوایە، ئەوەبوو جارێك نوێژی عەسری كرد و كۆمەڵێكیش نوێژیان لەگەڵدا كرد، پیاوێكیش لەوانەی كەنوێژیان لەگەڵدا كرد ڕۆشت و بەلای خەڵكی مزگەوتدا تێپەڕی لەكاتێكدا كەلەڕكوع دابوون وتی: سوێند بەخوا ڕوو بەمەككە نوێژم لەگەڵ پێغەمبەری خوادا كرد ئەوانیش ڕوەو مەككە ڕویان وەرچەرخاند.

هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێت: ئیسرائیل لە ئەبی ئیسحاقەوە لە بەڕائەوە ئەڵێت: كاتێ كەپێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) هاتە مەككە ماوەی شازدە یان حەڤدە مانگ بەرەو (بیت المقدس) نوێژی كرد، هەروەها پێغەمبەری خوا حەزی دەكرد ڕویە كەعبە نوێژبكات، هەتاوەكو ئایەتی ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا﴾، ئەوەبوو قیبلە گۆڕا بەكەعبە.

هەروەها نیسائی لە ئەبی سەعیدی کوڕی موعەلاوە ئەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لێ بێت) بەیانیان دەچوین بۆ مزگەوت و نوێژمان دەکرد، ئەوەبوو ڕۆژێکیان چوینە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و لەوکاتەدا لەسەر مینبەر دانیشتبوو، منیش وتم: ئەبێ شتێك ڕوی دابێ و خێرا دانیشتم، پێغەمبەری خواش (درودی خوای لێ بێت) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا﴾ منیش بەهاوڕێکەم وت: وەرە با دوو ڕکات بکەین پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) دابەزێت، بۆئەوەی یەکەم کەسبین کەنوێژی کردوە، ئەوەبوو خۆمان شاردەوە و دوو ڕکاتەکەمان کرد، پاشان پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دابەزی و نوێژی نیوەڕۆی کرد بۆ خەڵك.

هەروەها ئیبن مەردەویە لە ئیبن عومەرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەگێڕێتەوە: یەکەم نوێژێك کە پێغەمبەری خوا کردی ڕو بەکەعبە نوێژی نیوەڕۆبوو کە نوێژی -وسطی-یە، بەڵام ئەوەی بەناوبانگە ئەوەیە کە یەکەم نوێژێك ڕو بەکەعبە کرا نوێژی عەسر بوو، هەربۆیە ئەم هەواڵە دوا کەوت لەخەڵکی (قباء) هەتاوەکو نوێژی بەیانی.

حافز ئەبوبەکری کوڕی مەردەوەیە ئەڵێ: سولەیمانی کوڕی ئەحمەد لە حسەین کوڕی ئیسحاق تەسەتوریەوە لە ڕەجائی کوڕی موحەمەد سەقتیەوە لە ئیسحاقی کوڕی ئیدریسەوە لە ئیبراهیمی کوڕی جەعفەرەوە لەباوکیەوە لەداپیرەیەوە دایکی نوەیلەی کچی موسلیم ووتی: نوێژی نیوەڕۆ یان عەسرمان کرد لەمزگەوتی بەنی حارسە) ئەوەبوو ڕومان کردە مزگەوتی (ئیلیاء) و دوڕکاتمان کرد، پاشان کەسێك هاتو باسی بۆکردین کە پێغەمبەری خوا ڕوی کردوەتە مزگەوتی حەرام، ئەوەبوو ژنان و پیاوان شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد و پاشان ئەو دوو ڕکاتەمان کرد کەمابوو ڕوو بە کەعبە، پیاوێك لە(بەنی حارسە) بۆی گێڕامەوە کەپێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أولئك رجال يؤمنون بالغيب)). واتە: ئەوانە پیاوانێکن باوەڕیان بەغەیب هەیە.

هەروەها ئیبن مەردەویە ئەڵێ: موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی دەحیم لە ئەحمەدی کوڕی حازمەوە لە مالیکی کوڕی ئیسماعیلی هیندییەوە لە قەیسەوە

لە زیادی کوڕی عەلامەوە لە عەمارەی کوڕی ئەویسەوە ئەڵێ: لەکاتێکدا کە ئێمە لەنوێژدا ڕوبە -بیت المقدس- لە ڕکوع دابووین، ئەوەبوو بانگەواز کەرێك لەبەر دەرگادا هاواری کرد: قیبلە گۆڕا بۆ کەعبە، ئەڵێ: شایەتی دەدەم کە پێش نوێژەکەمان لەگەڵ پیاوان و منداڵان دا لەکاتی ڕکوع دا ڕوەو کەعبە ڕوی وەرچەرخاند.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ﴾ لێرەدا خوای گەورە فەرمانی کردوە کە لەهەموو شوێنێکی سەر زەوی دا ڕوو بکەنە قیبلە، هیچ نوێژێکیش لەمە بەدەر نییە جگە لەنوێژی سونەت لەسەفەردا کەبۆی هەیە هەرچۆنێك بێت بیکات بەمەرجێ دڵی لای کەعبەبێت، هەروەها لەکاتی ڕوبەڕوبونەوە لەکوشتاردا ڕو بەهەر شوێنێك بیەوێت نوێژ دەکات، هەروەها کەسێك کە نەزانێت قیبلە لە کوێیە، ئەوە بەپێی ئیجتیهادی خۆی نوێژ دەکات، ئەگەرچی هەڵەشی کردبێت، چونکە خوای گەورە بەپێی توانا تەکلیف لەمرۆڤەکان دەکات.

[مەسەلەیەك] ماليكيەكان ئەم ئایەتەیان کردوە بەبەڵگە لەسەر ئەوەی کە نوێژخوێن سەیری بەردەمی خۆی دەکات نەك سەیری شوێنی سوجدە بردنی وەك شافیعی و ئەحمەد و ئەبوحەنیفە دەڵێن، ماليكيەكان ئەڵێن: ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ ئەگەر سەیری شوێنی سوجدە بردنی بکات، ئەوە ناچارە زۆر لەخۆی بکات و بەجۆرێك خۆی بچەمێنێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی بەپێوە وەستانە، هەندێکیشیان ئەڵێن: نوێژخوێن، لەکاتی وەستانیدا سەیری سنگی دەکات، شورەیکی قازیش ئەڵێت: لەکاتی وەستانیدا سەیری شوێنی سوجدە بردنی دەکات وەك زۆرینە دەڵێن، چونکە ملکەچی و خشوعی زیاتری تیایە و فەرموودەشی لەبارەوە هاتوە، سەبارەت بە حاڵەتی ڕکوعیش ئەوە سەیری شوێنی پێکانی دەکات، لەحاڵەتی سوجدە بردنیشدا سەیری شوێنی دانانی لوتی دەکات، لە حاڵەتی دانیشتنیشدا سەیری باوەشی خۆی دەکات.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ﴾ واتە: ئەو جولەکانەی کە نکولی ڕوو وەرچەرخاندنتان لە -بیت

المقدس- دەکەن، دەزانن کە خوای گەورە ئەوکارە دەکات و لە کتێبەکانیاندا نوسراوە و سیفەتی پێغەمبەر و ئوممەتەکەی و ئەو شەریعەتە تێر و تەواوەی کە خوای گەورە بەتایبەت پێی بەخشیون باس کراوە بۆیان، بەڵام ئەهلی کیتاب ئەوە لە نێو خۆیاندا بەنهێنی دەهێڵنەوە لە ئێرەیی و بێ باوەڕی و سەرسەختیانەوە، هەربۆیە خوای گەورە هەرەشەیان لێدەکات و ئەفەرموێت: ﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ﴾.

﴿وَلَئِنۡ أَتَيۡتَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٖ مَّا تَبِعُواْ قِبۡلَتَكَۚ وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٖ قِبۡلَتَهُمۡۚ وَمَا بَعۡضُهُم بِتَابِعٖ قِبۡلَةَ بَعۡضٖۚ وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِۙ إِنَّكَ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٤٥﴾

خوای گەورە هەواڵ لەبارەی بێ باوەڕی و سەرسەختی و دژایەتی کردنی جولەکە بۆ ئەوەی کە دەیزانن سەبارەت بە پێغەمبەری خوا دەدات، کە ئەگەر هەموو بەڵگەیەکی راست و دروستیشیان بۆ بێنێت ئەوان شوێنی ناکەون و دەستبەرداری ئارەزوی خۆیان نابن، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتۡ عَلَيۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ ٩٦ وَلَوۡ جَآءَتۡهُمۡ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ ٩٧﴾ [يونس: ٩٦ ـ ٩٧]

﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمۡۖ وَإِنَّ فَرِيقٗا مِّنۡهُمۡ لَيَكۡتُمُونَ ٱلۡحَقَّ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ١٤٦ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ ١٤٧﴾

خوای گەورە رایدەگەیەنێت کە زانایانی ئەهلی کیتاب، ڕاستی ئەوە دەزانن کە لەلایەن پێغەمبەرەوە بۆیان هاتوە وەك چۆن یەکێك لەوان کوڕەکەی خۆی دەناسێت، عەرەبیش نموونەیان بەم شێوە دەهێنایەوە بۆ راستی شتێك، وەك لەفەرموودەدا هاتوە: کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) بەپیاوێکی وت کە منداڵێکی لەگەڵدا بوو: ئەمە کوڕتە؟ وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا شایەتی پێ دەدەم. فەرمووی: ((أما انه لايجني عليك ولا تجني عليه)).

واتە: ئەو زیان بەتۆ ناگەیەنێت و تۆ زیان بەو ناگەیەنیت.

قورتوبی: لە عومەرەوە دەیگێڕێتەوە کە بە عەبدوڵڵای کوڕی سەلامی وت: ئایا موحەمەد وەك منداڵەکەت دەناسیت؟ وتی: بەڵی لەوە زیاتریش، ئەمینی ئاسمان دابەزی بۆلای ئەمینی زەوی بەوەسفی خۆی و منیش ناسیم، بەڵام کوڕەکەم نازانم دایکی چی لێی ڕوی داوە (ئەڵێم) لەوانەشە مەبەست ﴿يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ﴾ کەس گومان و هەڵە ناکات لەناسینەوەی کوڕەکەیدا لە نێوان کوڕی خەڵکیدا، پاشان خوای گەورە هەواڵی داوە کە لەگەڵ ئەو دڵنیا بون و زانینە زانستیەدا: ﴿لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ﴾ واتە: ئەوەی کە لەبارەی سیفەتی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) لە کتێبەکانیاندا هاتووە لە خەڵکی دەشارنەوە، ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ واتە: بەباشیش دەیزانن، پاشان خوای گەورە پێغەمبەر و باوەڕداران دامەزراوتر دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە هاتووە (درودی خوای لێ بێت) حەقە و هیچ گومانێکی تیادا نییە و فەرمووی: ﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١٤٧﴾﴾.

﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ أَيْنَ مَا تَكُونُوا۟ يَأْتِ بِكُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٤٨﴾﴾

عەوفی لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێ: ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا﴾ مەبەستی خاوەن ئاینە جیاوازەکانە، ئەڵێ: هەموو تیرەیەك قیبلەیەکیان هەیە کە بەلایانەوە پەسەندە، هەروەها ڕوگەی پەروەردگاریش ئەوەیە کە باوەڕداران ڕوی تێ دەکەن کە قیبلەیە، هەروەها ئەبو عالیە ئەڵێ: جولەکە ڕێگەیەکیان هەیە کە خۆیان هەڵیان بژاردوە و گاوریش بەهەمان شێوە، ئێوەشی ئەی ئومەتی پێغەمبەر هیدایەت داوە بۆ ڕێگەیەکی تایبەت کە قیبلەیە.

هەروەها موجاهید و عەتا و زەحاك و ڕەبیعی کوڕی ئەنس و سەدیش هاوشێوەی ئەمەیان گێڕاوەتەوە.

موجاهیدیش لەڕیوایەتێکی تردا و حەسەنی ئەڵێن: فەرمانی کردوە بە هەموو هۆز و تیرەیەك کە ڕوبکەنە کەعبە، هەروەها ئیبن عەباس و ئەبو جەعفەری باقر و ئیبن عامر بە ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا﴾ خوێندوەتەوە ئەم

ئایەتەش لە فەرمایشتی: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا﴾ [المائدة: ٤٨] دەچێت، لێرەشدا فەرموویەتی: ﴿أَيْنَ مَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ واتە: توانای کۆکردنەوەتانی هەیە لە زەوی دا ئەگەر چی جەستە و لاشەشتان لە شوێنی جیاجیادا بێت.

﴿وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٤٩﴾﴾

ئەمە سێیەم فرمانە لە خوای گەورەوە بۆ روکردنە مزگەوتی حەرام لە هەموو شوێنێکی سەرزەویەوە، زانایانیش جیاوازن سەبارەت بە حیکمەتی ئەم دوبارە بونەوەیە، هەندێك وتویانە: دوپاتکردنەوەیە چونکە یەکەم نەسخکەرێکە کە لە ئیسلامدا هاتوە، ئەمە قسەی ئیبن عەباس و خەڵکی تریشە، وتراویشە، بەڵکو بەچەندجارێك دابەزیوە، جاری یەکەم بۆ کەسێك بوە کە کەعبەی بینیوە، جاری دوەمیش بۆ کەسێك لە مەکەدایە بەڵام لەکەعبەدانیە، سێیەمیش بۆ ئەو کەسانەی کە لەوڵاتانی تردان، فەخرەدینی ڕازی ڕای بەم شێوەیە لێکی داوەتەوە.

قورتوبیش ئەڵێت: یەکەم بۆ کەسێکە کە لە مەککەدایە، دووەمیش بۆ کەسانێك کە لە شوێنەکانی تردان، سێیەمیش: بۆ ئەوکەسانەی کە چونەتە سەفەر، قورتوبی ئەم وەڵامەی پێ باشترە.

وتراویشە: بۆیە ئەوە باسکراوە چونکە پەیوەندی بەپێش و پاشی ئایەتەکەوە هەیە، لەیەکەم جار دا فەرموویەتی: ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا﴾ [البقرة: ١٤٤] هەتاوەکو فەرمایشتی ﴿وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ باسی ئەوەی کردوە کە وەڵامی داواکاریەکەی دراوەتەوە و فەرمانی کردوە بەشوێنکەوتنی ئەو قیبلەیەی کە ئەویست ڕوی تێ بکات، لە دووەم جاریشدا ئەفەرموێت:

﴿وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ

فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْهُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِى وَلِأُتِمَّ نِعْمَتِى عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٠﴾

باسی ئەوەی کردوە کە ئەمە حەقە و لەخواوەیە و لەپلەی یەکەم دا دێت، چونکە بە ئارەزوو و ویستی پێغەمبەر بووە (درودی خوای لێ بێت)، هەربۆیە خوای گەورە ئەمە بەحەق دەزانێت و پێی ڕازیە، لەجاری سێیەمیشدا حیکمەتی نەهێشتنی بەڵگەی پێچەوانەکانی لە جولەکە باس کردوە کە بەڵگەیان بەوە دەهێنایەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ڕوودەکاتە قیبلەی ئیبراهیم واتە: کەعبە، بەهەمان شێوە هاوەڵگەرانی عەرەبیش بەڵگەیان نەما کاتێ کە پێغەمبەری خوا ڕوی لە قیبلەی جولەکەکان وەرچەرخاند بۆ قیبلەی ئیبراهیم کە پیرۆزترە، چونکە ئەوان کە عەبەیان بەگەورە دەزانی و سەرسام بوون بەڕوگە و قیبلە بونی، ئەمەو چەندین شتی تر وتراوە سەبارەت بە حیکمەتی دووبارە بونەوەی و ڕازی و غەیری ئەویش باسیان کردوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ﴾ واتە: هەتاوەکو ئەهلی کیتاب بەڵگەیان بەسەرتانەوە نەمێنێت، چونکە ئەوان دەزانن کە یەکێك لە سیفەتەکانی ئەم ئوممەتە ڕوکردنە کەعبەیە، جا ئەگەر ئەو سیفەتەیان بەدی نەکرد ئەوە دەیکەنە بەڵگە بەسەر موسڵمانانەوە، هەروەها هەتاوەکو هاوڕابونی موسڵمانان لەگەڵیاندا لە قیبلەدا نەکەنە بەڵگە. ئەمەش بەهێزترە.

ئەبو عالیە ئەڵێ: ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ﴾ مەبەستی پێی ئەهلی کیتابە کاتێك وتیان: موحەمەد ڕوی وەرچەرخاند بۆ کەعبە، هەروەها وتیان: بیری ماڵی باوکی و ئاینی هۆزەکەی کردۆتەوە، بەڵگەشیان بەسەرپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) ڕووەرچەرخاندن بوو بۆ کەعبە و ئەیانوت: هەروەك چۆن گەڕایەوە بۆ قیبلەمان بەوشێوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردینەکەشمان.

ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێتك هەروەها لە موجاهید و عەتا و زەحاك و ڕەبیعی کوڕی ئەنس و قەتادە و سەدیشەوە هاوشێوەی ئەمە گێڕدراوەتەوە، هەروەها ئەوانە لەبارەی فەرمایشتی: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مِنْهُمْ﴾ مەبەستی هاوەڵگەرانی عەرەبە.

هەندێکیش بەڵگەیەکی ستەمکارانەیان هێناوە و وتویانە: ئەم پیاوە لانی ئەوە لێ دەدات کە لەسەر ئاینی ئیبراهیمە، ئیتر بۆ لێی پاشگەز دەبێتەوە، وەڵامیش ئەوەیە کە خوای گەورە لەسەرەتای روکردنە (بیت المقدس)ی بۆ دەست نیشان کردوە لەبەر حیکمەتێك کە خۆی دەیزانێت و ئەویش بەگوێی پەروەردگاری کرد، پاشان داوای ڕوو وەرگێڕانی کرد بۆ قیبلەی ئیبراهیم کە کەعبەیە و ئەویش گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بوو، کەواتە ئەو لەهەموو حاڵەتێکدا گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگار بووە و ئوممەتەکەشی شوێن ئەو دەکەون.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي﴾ واتە: لەو ستەمکارە کەللەڕەقانە مەترسن و تەنها لە من بترسن، چونکە تەنها پەروەدگار شایستەی لێ ترسانە، ﴿وَلِأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ﴾ (عطف)ە لەسەر ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ﴾ واتە: هەتاوەکو نیعمەتی خۆمتان بەسەردا بڕژم لەوەدا کەبۆم بڕیارداون لە ڕوکردنە قیبلە، هەتاوەکو شەریعەت لەهەموو ڕوویەك تێرو تەواو بێت ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ واتە: بەڵکو ڕێنمونی بکرێن بۆ ئەوەی کە ئوممەتانی پێشوو ڕێیان تێ نەبردوە لە ڕوکردنە کەعبە، هەتاوەکو شەریعەت لەهەموو ڕوویەکەوە تێر و تەواو بێت ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ واتە: بۆ ئەو شتانەی کە ئوممەتان ڕێیان تێ نەبردوە و تایبەتمان کردوە بە ئێوە، هەربۆیە ئەم ئوممەتە بەڕێزترین و باشترینی ئوممەتەکانە.

﴿كَمَآ أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِّنكُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا۟ تَعْلَمُونَ ﴿١٥١﴾ فَٱذْكُرُونِيٓ أَذْكُرْكُمْ وَٱشْكُرُوا۟ لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴿١٥٢﴾﴾

خوای گەورە ئەو نیعمەتە یادی بەندە باوەڕدارەکانی دەخاتەوە کە خۆی لەناردنی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) موحەمەد دا دەبینێتەوە، هەتاوەکو ئایەتەکانی خوایان بەڕونی بۆ بخوێنێتەوە و تەزکیە و پاڵفتەیان بکات لەڕەوشتە ناپەسەند و کارە نەشیاوەکان و لەتاریکیەوە دەریان بهێنێت بۆ ڕوناکی و فێری قورئان و سوننەت و شتانێکیان بکات کە پێشتر نەیان دەزانی، ئەوە بوو

ئەوان لەنەفامی دا گاڵتەیان بە ئەقڵە گەورەکان دەکرد، بەهۆی بەرەکەتی پەیامەکەی ئەوە وە گەشتنەحاڵی ئەولیا و ئاکاری زانایان، بەم پێیەش بوونە کاریگەرترین و چاکترین و ڕاستگۆترین و میهرەبانترین مرۆڤ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ﴾ [آل عمران: ١٦٤].

واتە: خوای گەورە منەت دەکات بەسەر باوەڕداران دا کە لەخۆیان پێغەمبەرێکی بۆ ناردون هەتاوەکو ئایەتەکانی ئەویان بۆ بخوێنێتەوە و پاڵفتەیان بکات.

هەروەها لۆمەی کەسانێکی کردوە کە قەدری ئەم نیعمەتەیان نەزانیوە، هەروەك دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا۟ قَوْمَهُمْ دَارَ ٱلْبَوَارِ﴾ [إبراهيم: ٢٨].

ئیبن عەباس دەفەرموێت: مەبەستی لە ﴿فَٱذْكُرُونِىٓ أَذْكُرْكُمْ وَٱشْكُرُوا۟ لِى وَلَا تَكْفُرُونِ ﴿١٥٢﴾﴾ موجاهید لەبارەی فەرمایشتی: ﴿كَمَآ أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِّنكُمْ﴾ ئەڵێت: وەك چۆن ئەوکارەم کردوە ئێوەش یادم بکەن، عەبدوڵڵای کوڕی وەهەب ئەڵێت: لە هیشامی کوڕی سەعدەوە لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە کە موسا (سڵاوی خوای لێ بێت) فەرمووی: خوایە چۆن سوپاست بکەم؟ پەروەردگاریش پێی وت: ((یادم دەکەیت و لەبیرم ناکەیت، جا هەرکات یادت کردم ئەوە سوپاست کردوم، ئەگەر لبیریشت کردم ئەوە بێ باوەڕ بوویت پێم)). حەسەنی بەسری و ئەبوعالیە و سەدی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس ئەڵێن: خوای گەورە یادی کەسێك دەکات کە یادی خودا بکات و ڕۆزی کەسێکیش زیاد دەکات کە سوپاسی بکات، سزا و ئەشکەنجەی کەسێکیش دەدات کە بێ باوەڕبێت پێی.

هەندێ لە (سَلَف)یش لەبارەی فەرمایشتی: ﴿حَقَّ تُقَاتِهِۦ﴾ [آل عمران:١٠٢] ئەڵێن: ئەوەیە کە بەگوێی بکرێت و سەرپێچی نەکرێت، یادی بکرێت و لەیاد نەکرێت و سوپاس بکرێت و بێ ئەمەکی بەرامبەر نەکرێت.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم لە حەسەنی کوڕی موحەمەدی کوڕی

سەباحەوە لە یەزیدی کوڕی هارونەوە لە عەمارەی سەیدەلانیەوە لە مەکحولی ئەزدیەوە ئەڵێ، بە ئیبن عومەرم وت. ئایا ئەگەر پیاوکوژ و مەی خۆر و دز و زیناکەر یادی خوا بکەن حوکمیان چۆنە؟ لەکاتێکدا کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ﴾؟ وتی: ئەگەر ئەمانە یادی خوایان کرد، ئەوە خوای گەورە یادیان دەکات بە نەفرەت لێ کردنیان هەتاوەکو بێدەنگ دەبن.

هەروەها حەسەنی بەسری لەبارەی ﴿فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ﴾ ئەڵێت: واتە یادم بکەن بەئەنجام دانی ئەوەی کە لەسەرم فەرزکردون، منیش یادتان دەکەم بە ئەنجامدانی ئەوەم کە لەسەر خۆم فەرزکردوە بۆتان. هەروەها لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە: یادم بکەن بە گوێڕایەڵیکردنم یادتان دەکەن بە لێخۆشبونتان، لەڕیوایەتێکیشدا بەڕەحم پێ کردنتان، هەروەها ئیبن عەباس دەربارەی: ﴿فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ﴾ ئەڵێ: یادی خوا بۆ ئێوە گەورەترە لە یادی ئێوە بۆ ئەو.

هەروەها لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتوە: هەر کەس لەدەرونی خۆیدا یادم بکات، ئەوە منیش لای خۆم یادی دەکەم، هەرکەسیش لەناو کۆمەڵێکدا یادم بکات لەناو کۆمەڵێکی لەوان باشتردا یادی دەکەم.

پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە لە قەتادەوە لە ئەنەسەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: خوای گەورە فەرمووی: ((يا ابن آدم، إن ذكرتني في نفسك ذكرتك في نفسي، إن ذكرتني في ملأ ذكرتك في ملأ من الملائكة - أو قال - في ملأٍ خير منه - وان دنوت مني شبراً دنوت منك ذراعاً، وان أتيتني تمشي أتيتك هرولة)) سەنەدی (صحیح)ە و بوخاری لە فەرموودەی قەتادەوە تەخریجی کردوە، لای ئەویش قەتادە وتویەتی: خوای گەورە نزیکترە بۆ ڕەحمکردن.

واتە: ئەی ئادەمیزاد، ئەگەر لای خۆت یادم بکەیت، لای خۆم یادت دەکەم، ئەگەر لەناو کۆمەڵێکدا یادم بکەیت، ئەوە لەناو فریشتەکاندا یان کۆمەڵێکی باشتردا یادت دەکەم، ئەگەر بستێك لێم نزیك ببیتەوە، باڵێك لێت نزیك دەبمەوە، ئەگەر بەڕۆشتن بەرەو لام بێیت بەپەلە و بەخێرایی بەرەو لات دێم.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَٱشۡكُرُواْ لِي وَلَا تَكۡفُرُونِ﴾ خوای گەورە فەرمانی داوە بە سوپاسگوزاربون بۆی و مژدەشی داوە کە لەبەرامبەر سوپاسگوزاریدا خێر و بەخششی زیاتر بڕژێت: ﴿وَإِذۡ تَأَذَّنَ رَبُّكُمۡ لَئِن شَكَرۡتُمۡ لَأَزِيدَنَّكُمۡۖ وَلَئِن كَفَرۡتُمۡ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٞ﴾ [إبراهيم: ٧]. هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: ڕوح لە شوعبەوە لە فوزەیلی کوڕی فەزالەوە - پیاوێکە لەهۆزی قەیس- لە ئەبو ڕەجای عەتاردیەوە ئەڵێ: عیمرانی کوڕی حسەین هاتە لامان و پۆشاکێکی ئاوریشمی لەبەردا بوو هەرگیز شتی وامان لەبەریدا نەبینیبوو، ووتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((مَن أنعم الله عليه نعمة فإن الله يحب أن يرى أثر نعمته على خلقه)) ڕوح ئەڵێت: یان وتی (على عبده).

واتە: هەر کەس خوای گەورە نیعمەتێکی پێ بەخشی ئەوە پێی خۆشە ئاسەواری ئەو نیعمەتەی پێوە ببینێت. (ڕوح) ئەڵێت: وتی: بەبەندەکەیەوە ببینێت.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَعِينُواْ بِٱلصَّبۡرِ وَٱلصَّلَوٰةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ١٥٣ وَلَا تَقُولُواْ لِمَن يُقۡتَلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتُۢۚ بَلۡ أَحۡيَآءٞ وَلَٰكِن لَّا تَشۡعُرُونَ ١٥٤﴾

کاتێ پەروەردگار لە فەرماندان بە سوپاسگوزاری بویەوە، دەستی کرد ڕونکردنەوەی ئارامگرتن و ڕێنمونی کردن و پشت بەستن بە ئارامگرتن و نوێژ، چونکە بەندە یان لە نیعمەتێکدایە کە پێویستە سوپاسی خوای لەسەر بکات، یاخود لە بەڵا و ناڕەحەتیەکدایە کە پێویستە ئارام بگرێت لەسەری. وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە: ((عجباً للمؤمن لا يقضي الله له قضاءً الّا كان خيراً له: إن أصابته سراء فشكر كان خيراً له وإن أصابته ضراء فصبر كان خيراً له)).

واتە: کاری باوەڕدار سەرسوڕهێنەرە خوای گەورە توشی هەرقەزایەکی بکات دەبێتە خێر بۆی، ئەگەر توشی خۆشی هات سوپاسی خوا دەکات و دەبێتە خێر بۆی، ئەگەر توشی زیانیش هات ئارامدەگرێت و دەبێتە خێر بۆی.

هەروەها خوای گەورە ڕونی دەکاتەوە کە باشترین شتێك کە پشتی پێ ببەسترێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی موسیبەتەکان ئارامگرتن و نوێژە وەك پێشتر لە فەرمایشتی: ﴿وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾﴾ [البقرة: ٤٥]. دا ئاماژەمان پێدا. هەروەها لە فەرموودەشدا هاتووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) هەرکات توشی خەم و دڵتەنگی ببوایە نوێژی دەکرد، سەبر و ئارامگریش دوو جۆرە: سەبر و ئارامگرتن لەسەر دورکەوتنەوە لە حەرامکراو و گوناهەکان و ئارامگرتن لەسەر ئەنجامدانی کارە چاك و پەرستشەکان، دووەمیش پاداشتی زیاترە، چونکە مەبەستی سەرەکی ئەوە، هەرچی جۆری سێیەمی سەبر و ئارامگریشە ئەوە بریتیە لە ئارامگرتن لەسەر موسیبەت و نەهامەتیەکان.

ئەمەش پێویستە وەك داوای لێخۆشبون کردن لە کەم و کوڕیەکان، وەك عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێت: ئارامگرتن دووجۆرە: ئارامگرتن بۆ خوا لەسەر ئەو شتانەی کە پێی خۆشە باقورسیش بێت لەسەر دەروون، هەروەها ئارامگرتن بۆ خوا لەسەر ئەو شتانەی کە پێی ناخۆشە، هەرچەندە ئارەزوشت لێی بێت، جا هەرکەسێك بەم شێوەیە بوو ئەوە لە ڕیزی ئەو ئارام گرانەدایە کە لەڕۆژی دواییدا سڵاویان لێ دەکرێت. (انشاء الله).

هەروەها عەلی کوڕی حسەین زەینولعابدین ئەڵێت: کاتێ خوای گەورە پێشینان و پاشینانی کۆکردەوە، بانگەوازکەرێك بانگەواز دەکات: کوان ئارامگران بۆ ئەوەی پێش لێپرسینەوە بچنە بەهەشت؟ وتیان : بەڵێ، وتیان: ئێوە کێن؟ وتیان: ئارامگرانین. وتیان: ئارامگرتنەکەتان چی بوە؟ وتیان: ئارامگربووین لەسەر تاعەت کردن و گوناهـ نەکردن هەتاوەکو خوای گەورە تەمەنی پێ داین، وتیان: ئێوە بەو شێوە بوون کە وتتان، فەرمون بۆ بەهەشت کە پاداشتێکی باشە بۆ خاوەن کردەوە باشەکان.

(ئەڵێم) فەرمایشتی: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ [الزمر:١٠] گەواهی بۆ ئەمەدەدا، سەعیدی کوڕی جوبەیریش ئەڵێ: (ئارامگرتن) دانپیادانانی مرۆڤە بەوەی کە لەخواوە دەستی کەوتوە و هیوابونە بە پاداشتی پەروەردگار.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَن يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ﴾ خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە شەهیدەکان لەبەرزەخدا زیندون و ڕۆزی دەدرێت وەك لە (صحیح)ی موسلیمدا هاتوە: روحی شەهیدەکان لە سیقەتۆرە و جیقڵدانی باڵندەی سەوزدا لەبەهەشت بەئارەزوی خۆیان دێن و دەڕۆن پاشان دەچنە ناو چەندچرایەك کە لەژێر عەرشدا هەڵواسراون، خوای گەورەش خۆیان پیشان دەدات و دەفەرموێت: چیتان دەوێت؟ دەڵێن: دەبێ چیمان بوێت لەکاتێکدا کە تۆ شتانێکت پێداوین کە بەکەست نەداوە؟ پاشان خوای گەورە داواکەی دووبارە کردەوە، کاتێ ئەوانیش زانیان کە دەبێ داوایەك بکەن، وتیان: ئەمانەوێ بمانگێڕیتەوە بۆ ژیانی دونیا هەتاوەکو لەپێناوی تۆدا بجەنگێین و جارێکی تر شەهید ببین - لەبەر ئەو پاداشتە گەورەی کە بۆ شەهیدی دانراوە - پەروەردگاریش فەرمووی: من نووسیومە کە کەس ناگەڕێتەوە بۆ دنیا.

هەروەها لەو فەرموودەدا کە پێشەوا ئەحمەد لە پێشەوا شافیعی و پێشەوا مالیکەوە لە زوهریەوە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە لە باوکیەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((نسمة المؤمن طائر يحلق في شجر الجنة حتى يرجعه الله الى جسده يوم يبعهه)).

واتە: گیانی باوەڕدار باڵندەیەکە بەدرەختی بەهەشتەوە هەڵواسراوە هەتا ئەوکاتەی خوای گەورە دەیگێڕێتەوە بۆ ناو جەستەی لە کاتی زیندوکردنەوەدا، ئەمەش بەڵگەی تیایە بۆ باوەڕداران بەگشتی، بەڵام تایبەتکردنی شەهیدان لە قورئاندا لەڕوی ڕێزلێنان و پلەوپایە بۆ بڕیاردان و بەگەورە زانینەوەیە.

﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ ۗ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ ﴿١٥٥﴾ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾﴾

خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەو بەندەکانی تاقی دەکاتەوە وەك

دەفەرموویت: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ﴾ [محمد: ٣].

ئەم تاقیکردنەوەش جارێك بەخۆشی و جارێك بەناخۆشی دەبێت وەك ترس و برسێتی وەك ئەفەرموویت: ﴿فَأَذَٰقَهَا ٱللَّهُ لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ﴾ [النحل: ١١٢]. چونکە: برسی و ترساو ئەوەی پێوە دیارە، هەربۆیە فەرموویەتی: ﴿لِبَاسَ ٱلْجُوعِ وَٱلْخَوْفِ﴾ واتە: پۆشاکی برسێتی و ترس، لێرەشدا دەفەرموویت: ﴿بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ﴾ واتە: بەکەمێك لەو دوانە ﴿وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ﴾، واتە: بە نەمان و لەدەستچونی هەندێکی ﴿وَٱلْأَنفُسِ﴾ وەك مردنی هاوڕێ و خزم و دۆست ﴿وَٱلثَّمَرَٰتِ﴾ واتە: باخ و کێڵگەکان وەك عادەتی خۆیان بەروبومیان نەبێت. هەندێك لە (سَلَف) ئەفەرمون: هەندێ جار خورما تەنها یەك دنك خورمای دەگرت، هەموو ئەمانە و هاوشێوەکانیشی لەو شتانەن کە خوای گەورە بەندەکانی پێ تاقی دەکاتەوە، جا هەر کەس ئارامی گرت پاداشتی دەداتەوە، هەرکەسیش بێزاری دەربڕی سزای دەدات، هەربۆیە دەفەرموویت: ﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ هەندێ لە موفەسیرەکانیش وتویانە کە مەبەست لە (خوف) و ترس لێرەدا ترسە لەخوا، مەبەست لە برسێتی و (جوع)یش برسێتی رەمەزانە، مەبەست لە کەم بونەوەی ماڵ زەکاتە و کەمبونەوەی نەفسیش نەخۆشیە و کەم بونەوەی بەروبومیش منداڵە، ئەوەش جێی تێبینیە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

پاشان خوای گەورە ئاماژە بە ئارامگران دەکات و دەفەرموویت: ﴿ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓا۟ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾﴾ واتە: بە وتنی (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) ئارامی و دڵنەواییان بۆ دێت لەبەرامبەر ئەو موسیبەتەدا کە توشی بوون، چونکە دەزانن کە ئەوان موڵکی پەروەردگارن و ئەویش مافی خۆیەتی هەرچۆنێك بیەوێت لەگەڵیاندا بکات، هەروەها دەزانن کە هێندەی میسقالە زەرەیەك لە رۆژی قیامەتدا مافیان نافەوتێت، ئەمەش هۆکاری دان نانیانە بە بەندایەتیء گەڕانەوەیان بۆلای لەرۆژی دواییدا. هەربۆیە خوای گەورە پاداشتەکانیانمان بۆ دەخاتە ڕوو و دەفەرموویت: ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ﴾، واتە: ئەوانە لەلایەن پەروەردگارەوە ستایش و سڵاو و

میهرەبانیان پێش دەکرێت، سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەفەرموێت: واتە پارێزراون لەسزا و ئەشکەنجە: ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ﴾، ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب ئەڵێ: باشترین دادوەری و باشترین (عـلاوە) و سـەربـارە ﴿أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ﴾ ئـەمـە دوو دادوەریەکەیە ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ﴾، ئەمەش زیادە و سەربارەکەیە سەربار و (علاوە)ش ئەوەیە کە وەك زیادەیەك دەخرێتە سەربار، ئەوانیش بەوشێوەن پاداشتی خۆیان وەرگرتوە و ئەم زیادەشیان پێدراوە.

هەروەها سەبارەت بە پاداشتی (استرجاع)یش کەوتنی ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ﴾ە لەکاتی موسیبەتدا چەندین فەرموودە هاتووە: لەوانە ئەو فەرموودەی کە پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە: یونسی کوڕی موحەمەد لە لەیسی کوڕی سەعدەوە لە یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوسامەی کوڕی هادەوە لە عەمری کوڕی ئەبی عەمرەوە، لە موتەلیبەوە لە ئوم سەلەمەوە فەرموی: قسەیەکم لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) بیست کەپێی دڵخۆش بووم، فەرمووی: ((لا يصيب أحدٌ من المسلمين مصيبةٌ فيسترجع عند مصيبته ثم يقول: اللهم أجرني في مصيبتي واخلف لي خيراً منها، الا فعل ذالك به)) واتە: هەرموسڵمانێك توشی موسیبەتێك ببێت و لەکاتی موسیبەتەکەیدا بڵێت: (إنا لله وإنا اليه راجعون)، پاشان بڵێ: پەروەردگار پاداشتم لەبری ئەم موسیبەتە بدەرەوە و باشتری بەدوادا بێنە، ئەوە ئەو کارەی لەگەڵدا دەکرێت.

پاشان لەدڵی خۆمدا وتم: لەکوێ باشتر لە ئەبو سەلەمەم دەست دەکەوێت؟ کاتێ (عدّە)م بەسەرچوو و پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) مۆڵەتی لێ وەرگرتم و سەردانی کردم و لەوکاتەدا پێستەم خۆشە دەکرد، ئەوەبوو دەستم شت و مۆڵەتم داو ڕاخەرێکم بۆ ڕاخست کە ناوەکەی ڕیشاڵ بوو، ئەویش لەسەری دانیشت و داخوازی کردم، کاتێ لە قسەکانی بویەوە وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) وەنەبێت من حەزم بەهاوسەرگیری لەگەڵ تۆدا نەبێت، بەڵام من ئافرەتێکم غیرەم زۆرە و ئەترسم شتێکم لێ ببینی و خوای گەورە بەهۆیەوە سزام بدات، هەروەها من

ئافرەتێکی بەساڵاچووم ء منداڵیشم زۆرە، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((فأمّا الغيرة فسوف يذهبها الله عنك وأما ماذكرت من السن قد أصابني مثل الذي أصابك وأما ماذكرت من العيال فانّما عيالك عيالي)).

واتە: هەرچی غیرەیە ئەوە خوای گەورە نایهێڵێت، هەرچی تەمەنیشە ئەوە منیش وەك تۆ بەتەمەنم، سەبارەت بە منداڵیش ئەوە منداڵی تۆ منداڵی منە، ئەوە بوو منیش رازی بووم، دایکی سەلەمە ئەڵێ: پاش هاوسەرگیری وتم: خوای گەورە لە ئەبو سەلەمە باشتری پێ بەخشیم، پێغەمبەری خوا.

هەروەها لە (صحیح)ی موسلیمدا لە دایکی سەلەمەوە هاتوە کە فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ئەیفەرموو: ((مامِن عبدٍ تصيبه مصيبة فيقول: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ﴾ اللهم أجرني في مصيبتي واخلف لي خيراً منها إلا آجره الله في مصيبته وأخلف له خيراً منها)) قالت: فلما توفي أبو سلمة قلت : كما أمرني رسول الله ﷺ فأخلف الله لي خيراً منه رسول الله ﷺ))

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێ: یەزید و عەبادی کوڕی عەباد ئەڵێن: هیشامی کوڕی ئەبی هیشام لە عەبادی کوڕی زیادەوە لە دایکیەوە لە فاتیمەی کچی حسەینەوە لە باوکیەوە حسەینی کوڕی عەلی لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) ئەفەرموویت: ((ما من مسلم ولا مسلمة يصاب بمصيبةٍ فيذكرها وان طال عهدها -وقال عباد قدم عهدها- فيحدث لذلك استرجاعاً إلّا جدّد الله له عن ذالك فأعطاه مثل أجرها يوم أصيب)) ئیبن ماجە لە (سنن)ەکەیدا لە ئەبی بەکری کوڕی ئەبی شەیبەوە لە وەکیعەوە لە هیشامی کوڕی زیادەوە لە دایکیەوە لە فاتیمەی کچی حسەینەوە لە باوکیەوە گێڕاویەتیەوە.

واتە: هەرموسڵمانێك ژن یاخود پیاو توشی موسیبەتێك ببێت و یادی بکەوێتەوە ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریشی بەسەردا تێپەڕ بوبێت و ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيۡهِ رَٰجِعُونَ﴾ بکات، ئەوە خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە وەك یەکەم ڕۆژ کە توشی ئەو موسیبەتە بوە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێ: یەحیای ئیسحاقی سلحینی لە حەمادی کوڕی سەلەمەوە لە ئەبی سینانەوە ئەڵێ: منالێکی خۆمم بەخاك سپارد و هێشتا لەسەر گۆڕەکەی بووم، ئەوە بوو ئەبوتەلحەی خولانی دەستی گرتم و هێنامیە دەرەوە و پێی وتم: ئایا مژدەت پێ نەدەم؟ وتم: بەڵێ ووتی: زەحاکی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عرزب لە ئەبی موسا)وە وتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((قال الله : ياملك الموت قبضت ولد عبدى؟ قبضت قرة عينه وثمرة فؤاده قال:نعم، قال: فما قال؟ قال: حمدك و استرجع قال: ((ابنوا له بيتاً في الجنة و سموه بيت الحمد)) لە عەلی کوڕی ئیسحاقەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها ترمزی لە سوەیدی کوڕی نەسرەوە لە ئیبن موبارکەوە گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: فەرموودەیەکی (حسن و غریب)ە و ناوی ئیبی سینان عیسای کوڕی سنانە.

﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ ۖ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا ۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ﴿١٥٨﴾﴾

پێشەوا ئەحمەد ئەڵێ: سولەیمانی کوڕی داودی هاشمی لە ئیبراهیمی کوڕی سەعدەوە لە زەهریەوە لە عوروە لە عائیشەوە، کە عوروە وتی: ئایا سەرنجی فەرمایشتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ ۖ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا ۚ﴾؟ سوێند بەخوا کەس گوناهی ناگات ئەگەر تەوافیان نەکات، عائیشەش فەرمووی: خراپت وت برازا، ئەگەر بەو شێوە بوایە کە تۆ لێکی دەدەیتەوە ئەوە دەبوو بیفەرموایە: ((فلا جناح أن عليه لايطوف بهما)).

بەڵکو ئەوە کاتێك دابەزی کە هێشتا ئەنسار موسڵمان نەبوبون تەهلیلیان دەکرد بۆ (مەنات) لە کاتی نەفامی دا، کاتێ کە لای (المشلل) دەیانپەرست، ئەوە بوو لەو کاتەدا تەنگاودەبوون تەوافی سەفا و مەڕوە بکەن، هەتاوەکو لەو بارەوە پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) و وتیان: ئەی

پێغەمبەری خوا ئێمە تەنگاو دەبوین لەوەی کە تەواف بەدەوری سەفا و مەروەدا بکەین لەنەفامی دا، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا﴾ عائیشە ئەفەرموێت: پاشان پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) تەواف کردنی بەدەوری سەفا و مەروەدا بڕیاردا و کەواتە بۆ کەس نییە کە واز لە تەواف کردن بەدەوریاندا بێنێت. لە (صحیحین)دا تەخریجیان کردوە.

هەروەها لە ریوایەتێکیشدا لە زوهریەوە فەرموویەتی: ئەم فەرموودەم بۆ ئەبوبەکری کوڕی عەبدولڕەحمانی حارسی کوڕی هیشام گێڕایەوە، ئەویش وتی: ئەم زانستەم نەبیستوە، گوێم لە پیاوانێك بوو لە ئەهلی عیلم ئەیانوت: خەڵکی -جگە لەوانەی عائیشە باسی کردون- ئەیانوت: تەوافمان لە نێوان ئەم دووبەردەدا لەکردەوەی سەردەمی نەفامیە، کۆمەڵێکی تریش لە ئەنسار ئەیانوت: ئێمە تەنها فەرمانی تەوافکردنمان بەدەوری بەیت دا پێ کراوە نەك تەواف کردن لەنێوان سەفا و مەروەدا، ئەوە بوو خوای گەورە: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ﴾. (ئەبوبەکری کوڕی عەبدولڕەحمان) ئەڵێ: لەوانەیە دەربارەی ئەو دوو کۆمەڵە دابەزیبێت.

هەروەها بوخاری لە فەرموودەی مالیکەوە لە هاشمی کوڕی عوروەوە لە باوکیەوە لە عائیشەوە بەهەمان شێوە گێڕاویەتیەوە.

پاشان بوخاری فەرموویەتی: موحەمەدی کوڕی یوسف لە سویفانەوە لە عاصمی کوڕی سولەیمانەوە وتی: پرسیارم کرد لە ئەنەس سەبارەت بە(الصفا و المروة) ئەویش فەرمووی: ئێمە وامان دەزانی کە ئەوە لەکارەکانی سەردەمی نەفامیە، کاتێ ئیسلام هات وازمان لەو کارە هێنا، هەتاوەکو خوای گەورە فەرمایشتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ﴾ی نارده خوارەوە.

هەروەها قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێت: شەیتانەکان لەنێوان سەفا و مەروەدا بەشەودا دابەش دەبوون، لەنێوانیشیاندا چەندین بت هەبوو، کاتێ ئیسلام هات، پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا سەبارەت بە تەواف کردن لە نێوانیاندا، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند.

هەروەها شەعبی دەڵێ: (إساف) بەسەر سەفاوە بوو و (نائلة)ش بەسەر مەروەوە بوو، خەڵکیش باوەشیان پیادا دەکردن، بەڵام پاش موسڵمان بوون تەنگاو دەبوون بە تەواف کردن لەنێوانیاندا، هەتاەکو ئەم ئایەتە دابەزی، (ئەڵێم) موحەمەدی کوڕی ئیسحاق لە کتێبی (السیرة)دا باسی ئەوەی کردوە کە (إساف و نائلة) دوو مرۆڤ بوون و لەناو کەعبەدا زینایان کرد و خوای گەورەش کردنی بە بەرد و قورەیشیش ڕوبەڕوی کەعبە داینابون هەتاوەکو خەڵکی پەندیان لێ وەربگرێت، بەڵام پاش تێپەڕبونی ماوەیەکی زۆر بەسەریاندا خەڵك هەستا بە پەرستنیان، پاشان برانە سەر سەفا و مەڕوە و لەوێ دانران، جا هەر کەس تەوافی بکردایە بەدەوری سەفا و مەڕوەدا دەستی لێ دەدان، هەربۆیە ئەبو تالیب لە هۆنراوە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: [الطويل]

وحيثُ يُنِيخُ الأشعَرُونَ ركابهم

بِمُفْضَىٰ السُّيول مِنْ إسافٍ ونائل

هەروەها لە (صحيح)ی موسلیمدا لەفەرموودەی درێژی جابرەوە هاتوە کە پێغەمبەری خوا کاتێ لە تەواف کردن بەدەوری بەیت بویەوە گەڕایەوە بۆ روکنء دەستی لێ دا و پاشان لەدەروازەی سەفاوە چوە دەرەوە و ئەیفەرموو: ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ﴾ پاشان فەرمووی: ((أبدأ بما بدأ الله به)).

واتە: لەوەوە دەست پێ دەکەم کە خوای گەورە لێیەوە دەستی پێکردوە، لەڕیوایەتێکیشدا ((إبداو بما بدأ الله به)). واتە: بەوە دەست پێ بکەن کە خوای گەورە پێی دەستی پێ کردوە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێ: شورەیح لە عەبدوڵڵای کوڕی مئەممەلەوە لە عەتای کوڕی ئەبی ڕەباحەوە لە سەفیەی کچی شەیبەوە لە حەبیبەی کچی ئەبی تیجراتەوە ئەڵێن: پێغەمبەری خوام بینی بەدەوری سەفا و مەروەدا تەوافی دەکرد و خەڵکیش لەبەردەمی دابوون و ئەویش لەدوایانەوە بوو و بەپەلە ئەڕۆشت، تەنانەت هەردوو ئەژنۆیم ئەبینی لەبەر خێرایی ڕۆشتنی جلەکانی هەڵدەدرانەوە و ئەیفەرموو: ((اسرعوا فإن الله كتب عليكم السعي)).

واتە: خێرا بڕۆن چونکە خوای گەورە (سعي) و خێرا ڕۆشتنی لەم شوێنە دا لەسەر پێویست کردون.

پاشان پێشەوا ئەحمەد لە عەبدولڕەزاقەوە گێڕاویەتیەوە و ئەڵێ: موعەممەر لە واسیلی خزمەتگوزاری ئەبی عویەینە لە موسای کوڕی عویەیدەوە لە سەفیەی کچی شەیبەوە، کە ئافرەتێك ئاگاداری کردۆتەوە کە گوێی لە پێغەمبەر بووە کە لەنێوان سەفا و مەڕوەدا فەرموویەتی: ((كُتِبَ عليكم السعي فاسعَوا)).

ئەم فەرموودەیەش کراوە بە بەڵگە بۆ مەزهەبی ئەوانەی کە پێیان وایە سەعی نێوان سەفا و مەڕوە روکنە لە حەجدا، وەك مەزهەبی شافیعی و هاوڕایانی، هەروەها ئەمەش لە ڕیوایەتێکدا لە ئەحمەدەوە هاتووە ئەمەش بەناوبانگە لە مالیکەوە، وتراویشە ئەمە واجبە نەك روکن، ئەگەر بەئەنقەست یان بەنەزانین نەیکرد ئەوە دەبێ قوربانیەك لە جیاتی بکات، ئەمەش لە ئەحمەدەوە گێڕدراوەتەوە و رای کۆمەڵێکیشی لەسەرە، وتراویشە (مستحب) و خوازراوە، ئەمەش بۆچونی ئەبو حەنیفە و سەوری و شەعبی و ئیبن سیرینە و لە ئەنەس و ئیبن عومەر و ئیبن عەباسیشەوە گێڕدراوەتەوە، هەروەها لە (العتبية)دا لە مالیکەوە گێڕدراوەتەوە. قورتوبی ئەڵێت: هەروەها بەڵگەیان بە فەرمایشتی پەروەردگار: ﴿وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا﴾ هێناوەتەوە، بەڵام ڕای یەکەم بەهێزترە، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) تەوافی لەنێوانیاندا کردوە و فەرموویەتی: ((لتأخذوا عني مناسككم)) واتە: بۆ ئەوەی مەناسیکەکانتان - کارەکانی حەج- لە منەوە وەربگرن، بۆیە هەرشتێك لەو حەجەیدا کردبێتی پێویستە و دەبێ لەحەجدا ئەنجام بدرێت، جگە لەوەی کە بەهۆی بەڵگەیەکەوە ڕەت بکرێتەوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

پێشتریش ئاماژەمان بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) کرد کە ئەفەرموێت: ((إسعوا فان الله كتب عليكم السعي)). لێرەدا خوای گەورە ڕونی دەکاتەوە کە تەواف کردن لەنێوان سەفاو مەروەدا یەکێکە لە دروشمەکانی پەروەردگار، واتە: لەو دروشمانەی کە خوای گەورە بۆ ئیبراهیمی بڕیارداوە، پێشتریش لە فەرموودەی ئیبن عەباس دا ئاماژەمان پێدا، ئەسڵی ئەمەش

لەتەوافی هاجەرە و هاتوچۆکردنی لەنێوان سەفا و مەروەدا بۆ پەیدا کردنی ئاو بۆ منداڵەکەی هاتوە لە کاتێکدا کە ئاو و خۆراکیان لێبڕا، دوای ئەوە ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێ بێت) جێی هێشتن، بێ ئەوەی کەسیان لەدەوردا بێت، ئەوەبوو کاتێ مەترسی لەدەست دانی منداڵەکەی هەبوو، هەستاو داوای یارمەتی لە خوای گەورە کرد و بەردەوام لەم خاکە پیرۆزەی نێوان سەفا و مەروەدا دەهات و دەچوو و بەترس و لەرز و هەژاریەوە، هەتاوەکو خوای گەورە بەدەمیەوە هاتوو دەروی لێ کردەوە و زەمزەمی بۆ هەڵقوڵاند، کە ئاوەکەی ((طعام طعم وشفاء سقم)) واتە خواردنی دەرمان و شیفای نەخۆشیە، کەواتە ئەو کەسەی کە (سعي)دەکات ئەبێ هەژاری و زەلیلی و پێویستی بۆ خوا بخاتە ڕوو لەهیدایەت دانی دڵ و باشبونی حاڵ و لێخۆشبونی تاوان و پەنابەرێت بۆ خوا بۆ نەهێشتنی ئەو کەم و کوڕیانە و ڕێنمایی کردنی بۆ ڕێگەی ڕاست و دامەزراوکردنی هەتاوەکو مردن و گۆڕینی حاڵی لەتاوان و گوناهەوە بۆ لێخۆش بوون و دامەزراوی وەك لەگەڵ هاجەردا کردی.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا﴾ واتە تەوافی زیاتر بکات لەڕادەی پێویست، هەشت یان نۆجار، وتراویشە لەحەجی سوننەت یاخود عومرەی سوننەت دا تەواف لەنێوانیان دا بکات، وتراویشە مەبەست زیاتر لە فەرزەکان ئەنجام بدات لەسەرجەم پەرستشەکاندا، ڕازی گێڕاویەتیەوە، ڕای سێیەمیش دراوەتە پاڵ حەسەنی بەسری و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾ واتە: پاداشتی کەم بەزۆر دەداتەوە، زانایە بەئەندازەی پاداشت بۆیە پاداشتی کەس زایە ناکات، ﴿لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ٤٠].

واتە: میسقاڵە زەرەیەك ستەم ناکات ئەگەر چاکەش بکات پاداشتی بەزیاتر دەداتەوە و پاداشتی گەورە لەلایەن خۆیەوە دەبەخشێت.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلْهُدَىٰ مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَٰبِ أُو۟لَٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ﴿١٥٩﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ

تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَبَيَّنُوا۟ فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٦١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿١٦٢﴾

ئەمە هەڕەشەیەکی توندە بۆ کەسێك کە ئەو بەڵگە ڕونانە و ئەو ڕێنماییە بەسودانە بشارێتەوە کە خوای گەورە لەو کتێبانەدا خستویەتیە ڕوو کە بۆ پێغەمبەرەکانی دابەزاندوە.

ئەبوعالیە ئەڵێت: دەربارەی -ئەهلی کیتاب- دابەزیوە، سیفەتی موحەمەدیان (درودی خوای لێ بێت) شاردەوە، پاشان ڕونی کردۆتەوە کە ئەو لەهەموو شتێکدا نەفرەتیان لێ دەکات لەسەر ئەو کارەیان، جا هەروەك چۆن هەموو شتێك داوای لێ خۆشبون بۆ زانا دەکات، تەنانەت (حوت) لەدەریادا و باڵندە لە ئاسماندا، ئەوە ئەوان بەپێچەوانەی زانایانن، هەربۆیە خودا و نەفرەتکاران نەفرەتیان لێ دەکەن، هەروەها لەو فەرموودەوە کە لەچەند ڕێگەیەکەوە (إسناد) و پاڵپشت کراوە کە بەهەموویان سەنەدێکی بەهێز پێك دەهێنن لە ئەبی هورەیرە و غەیری ئەوەوە لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من سئل عن علم فكتمه، ألجم يوم القيامة بلجام من نار)) واتە: هەر کەس دەربارەی زانستێك پرسیاری لێکراو شاردیەوە، ئەوە بەلغاوی ئاگر لغاودەکرێت.

ئەوەش لە (صحیح)دا لە ئەبو هورەیرەوە هاتوە کە فەرموویەتی: ئەگەر لە بەرئایەتێك نەبوایە کە لە قورئاندا هاتوە، یەك وشەم بۆ کەس نەدەگێڕایەوە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلْهُدَىٰ﴾ ئایەتەکە.هەوەرها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: حەسەنی کوڕی عەرەفە لە عەمارەی کوڕی موحەمەدەوە لە لەیسی کوڕی ئەبی سەلیمەوە لە مینهالی کوڕی عەمرەوە، لە زادانی کوڕی عەمرەوە لە بەڕائی کوڕی عازبەوە، ئەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوین لە بەخاکسپاردنی تەرمێکدا، فەرمووی: ((إن الكافر يضرب ضربة بين عينيه، فيسمع صوته كل دابة غير الثقلين، فتلعنه كل دابة سمعت

صوتە، فذلك قولە اللە تعالى ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ﴾ مەبەستی گیانەوەرانی زەویە.

واتە : دەدەن بە نێوچەوانی بێ باوەڕدا، لێدانێك کە هەموو گیانلەبەرێك دەنگی هاواری دەبیستێت جگە لە مرۆڤ و جنۆکە، هەر گیانلەبەرێکیش دەنگی ببیستێت نەفرەتی لێدەکات، ئەمەیە کە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ﴾.

هەروەها ئیبن ماجە لە موحەمەدی کوڕی سەباح لە عامری کوڕی موحەمەدەوە گێڕاویەتیەوە و عەتای کوڕی ئەبی ڕەباحیش ئەڵێت: هەموو گیانلەبەرێك و مرۆڤ و جنۆکە، موجاهیدیش ئەڵێت: کاتێ زەوی وشك و قاتی دەبێت، گیانلەبەران دەڵێن: ئەمە بەهۆی گوناهکارانی بەنی ئادەمەوەیە، نەفرەت لە گوناهکارانی بەنی ئادەم، ئەبوعالیە و ڕەبیعی کوڕی ئەنس و قەتادەش ئەڵێن: ﴿وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ﴾ واتە: فریشتەکان و باوەڕداران نەفرەتیان لێ دەکەن، لە فەرموودەشدا هاتوە کە هەموو شتێك داوای لێخۆش بوون بۆ زاناەکات، تەنانەت نەهەنگەکانیش لەدەریادا، لەم ئایەتەشدا هاتوە کە ئەو کەسەی زانست دەشارێتەوە خوا و فریشتەکان و هەموو خەڵکی و نەفرەتکاران نەفرەتی لێ دەکەن، کە هەموو زمانپاراو و بیانیەك دەگرێتەوە، ج بەزمانی حاڵ بێت یان بە قسە و وتن، سزای قیامەتیشی بابوەستێت. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

پاشان خوای گەورە ئەو کەسانە جیادەکاتەوە کە لێیان خۆش بوە و فەرموویەتی ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَبَيَّنُواْ﴾ واتە: پاشگەز دەبنەوە لەوەی کە لەسەری بوون و کارەکانیان باش دەکەن، ئەوەی کە دەیانشاردەوە بۆ خەڵکی رونی بکەنەوە. ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بانگەوازکەر بۆبێ باوەڕیی یاخود بیدعە ئەگەر تەوبە بکات، ئەوە خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، وەك لە نەتەوەکانی تریشەوە هاتووە تەوبەیان لەم جۆرە کەسانە قبوڵ نەکردوە، چونکە ئەمە تایبەتە بەشەریعەتی پێغەمبەری تەوبە و بەزەیی (درودی خوای لێ بێت) .

پاشان خوای گەورە باسی ئەو کەسانە دەکات کە بێ باوەڕ بون پێی و

هەتاوەکو مردن لەو حاڵەتەدا ماونەتەوە کە: ﴿عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٦١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، واتە بەزیندوویی لەو نەفرەتەدا دەمێننەوە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، پاشان دەچنە دۆزەخەوە کە ﴿لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ﴾ واتە لەوەی کە تیایدان کەمتر ناکرێتەوە. ﴿وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ﴾ واتە: یەك سەعات لێیان دورناخرێتەوە و ناگۆڕدرێت: بەڵکو هەمیشە بەردەوامە، خوا پەنامان بدات لێی، ئەبوعالیە و قەتادە ئەڵێن: بێ باوەڕ لە ڕۆژی قیامەتدا دەوری دەدات، پاشان خودا نەفرەتی لێدەکات و پاشان فریشتەکان و پاشان خەڵکی بەگشتی.

(فصل) (بەش)جیاوازی نییە لەسەر دروستی نەفرەت کردن لە بێ باوەڕان، عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت)و پێشەوایانی پاش ئەو لە قنوت دا نەفرەتیان لە بێ باوەڕان دەکرد، هەرچی بێ باوەڕی دیاریکراویشە، ئەوە کۆمەڵێك لەزانایان پێیان وایە کە نەفرەتی لێ ناکرێت، چونکە نازانین سەرەنجامی چۆن دەبێت، هەندێکیش بەڵگەیان بەم ئایەتە هێناوەتەوە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٦١﴾﴾ کۆمەڵێکی تریش وتویانە: دروستە نەفرەت لە بێ باوەڕی دیاریکراو بکرێت، زانا ئەبو بەکری کوڕی عەرەبی مالیکی ئەمەی هەڵبژاردوە، بەڵام پشتی بە فەرموودەیەك بەستوە کە لاوازی تێدایە، غەیری ئەویش ئەو فەرموودەیان کردوە بەبەڵگە کە پیاوێك بەهۆی سەرخۆشیەوە دەهێنرا و داری حەددی لێ دەدرا، ئەوە بوو پیاوێك وتی: نەفرەتی خوای لێ بێت، چەند زۆر دەیهێنن، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا تلعنه فانه يحب الله ورسوله)) واتە: نەفرەتی لێ مەکە چونکە ئەوە خوا و پێغەمبەری (درودی خوای لێ بێت) خۆش دەوێ ئەمەش، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەرکەسێك خوا و پێغەمبەری خۆش نەوێت نەفرەتی لێ دەکرێت و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾

خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی کە خوایەتی تەنها شایستەی

ئەوە و هیچ شەریك و هاوشانێکی نییە، بەڵکو ئەو خودای تاك و بەدەسەڵات و توانایە و هیچ خوایەکی تر نییە جگە لەئەو، هەروەها بەخشندە و میهرەبانە تەفسیرەی هەردوو ناوی (الرحمن الرحیم)یش لەسەرەتای فاتیحەدا باسکرا، لەفەرموودەشدا لە شەهری کوڕی حەوشبەوە لە ئەسمائی کچی یەزیدی کوڕی سەکەنەوە لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((اسم الله الأعظم في هاتين الآيتين ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾ و﴿الٓمٓ ﴿١﴾ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ﴾ [آل عمران: ١ ـ ٢].

واتە: ناوی گەورەی پەروەردگار لەم دوو ئایەتەدایە.

پاشان بەڵگە دەخاتە ڕوو لەسەر تایبەتمەندبونی بەخوایەتی و بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی کە تیایاندایە لەو هەموو دروستکراوانەی کە بەڵگەن لەسەر تاك و تەنهایی خوا و ئەفەرموێت:

﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿١٦٤﴾﴾

لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ واتە: لەدروستکردنی ئاسمانەکاندا لەبەرزی و جوانی و فراوانی و ئەستێرە گەڕۆك و جێگیرەکانی و سوڕانەوەی خولگەکانی، ئەم زەویەش بەچڕی و نزمی و چیا و شاخ و ڕوبار و دەشت و ئاوەدانیەکانیەوە و ئەو سود و بەرژەوەندیەی کە تیایدایە و جیاوازی شەو و ڕۆژ، ئەمەیان دێت و دەڕوات و ئەوی تر جێی دەگرێتەوە و چرکەیەك لێی دواناکەوێت، وەك دەفەرموێت: ﴿لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾﴾ [یس: ٤٠].

واتە: ڕۆژ و خۆر بۆی نییە بگاتەوە بەمانگدا و شەویش پیش مانگ ناکەوێت و هەریەکەیان لەخولگەیەکدا دەسوڕێنەوە.

هەروەها هەندێ جار ئەمەیان و هەندێ جار ئەوی تریان درێژ دەبێت وەك دەفەرموێت: ﴿يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيْلِ﴾ [الحديد: ٦].

واتە: لەم زیاد دەکات بۆ ئەو و لەوی تریش زیاد دەکات بۆ ئەم.

﴿وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِي تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ﴾ واتە: ژێر بارخستنی دەریا بە هەڵگرتنی کەشتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەپێناو بەرژەوەندی خەڵك دا ﴿وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾ وەك دەفەرموێت: ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلْأَرْضُ ٱلْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَٰهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ ﴿٣٣﴾﴾ إلى قوله ﴿وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ﴾ [يس: ٣٣ ـ ٣٦].

﴿وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ﴾ واتە: هەموو جۆرە گیانلەبەرێکی تیادا بڵاو کردۆتەوە بە جیاوازی شێوە و ڕەنگ و سود و گەورە و بچوکی، ژمارەی هەموو ئەمانەشی دەزانێت و ڕۆزیشیان دەدان و هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە، وەك دەفەرموێت: ﴿۞ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٦﴾﴾ [هود: ٦].

واتە: هەموو گیانەوەرێك لەزەوی دا نییە کەڕۆزی لەسەر پەروەردگار نەبێت و شوێنی مانەوە و دانانی دەزانێت و هەریەکەیان لە تۆمارێکی ڕون دا تۆمار کراوە.

﴿وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ﴾ واتە: جارێك ڕەحمەت دێنێت و جارێك سزا و جارێك وەك مزگێنی هەور دێنێت و جارێك کۆکەرەوە و جارێك بڵاوەپێکەر و جارێك لەباشورەوە دێت و پێی دەوترێت (شامیە)و جارێك لەلای یەمەنەوە هەڵدەکات و جارێك بای سەبایە کە ئەو باڕۆژهەڵاتیەیە کە بەر کەعبە دەکەوێت، جارێکیش دەبورە کە ئەو باڕۆژئاواییەیە کە لەپشتی کەعبەوە دێت، خەڵکیش لەبارەی با و باران و کەش و هەواوە کتێبی زۆریان نوسیوە کە پەیوەستە بە زمان و حوکمەکانیانەوە و باسکردنی لێرەدا گونجاو نیە. خوای گەورەش باشتر دەزانێت.

﴿وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ واتە هەموو ئەو شتانەی کە

لەنێوان ئاسمان و زەویدان، ژێربار خراوە بۆ ئەو هەموو شوێنەی کە خوا ویستی لێیەتی، بەو شێوە هەورەکان دەگێڕێت، لەمانەشدا ﴿لَآيَٰتٍ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ﴾ واتە: لەم شتانەدا چەندین بەڵگە هەیە لە سەر تاقانەیی پەروەردگار، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٠ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ [آل عمران: ١٩٠ ـ ١٩١].

هەروەها حافز ئەبوبەکری کوڕی مەردەویە لە موحەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمەوە لە ئەبو سەعیدی دەشتەکییەوە ئەڵێت: باوکم لە باوکیەوە گێڕاویەتیەوە لە ئەشعەسی کوڕی ئیسحاقەوە لە جەعفەری کوڕی ئەبی موغیرەوە لە سوعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە، فەرموی: قورەیش هاتن بۆلای موحەمەد و وتیان: ئەی موحەمەد، ئەمانەوێ داوا لەخواکەت بکەیت کە سەفامان بۆ بکات بە زێڕ و ئێمەش بەپارەکەی ئەسپ و چەك بکڕین، ئەوسا باوەڕت پێ دەهێنین و لەگەڵتدا دەجەنگێین، فەرمووی: ((أو ثقوا لي لئن دعوت ربي فجعل لكم الصفا ذهباً لتؤمنن بي)).

واتە: بەڵێنم پێ بدەن ئەگەر دوعام کرد و سەفاتان بۆ بوو بەزێڕ باوەڕم پێ بێنن، ئەوانیش بەڵێنیان پێ دا، ئەویش دوعای کرد، ئەوەبوو جبریل هاتە لای و فەرمووی:

پەروەردگاری تۆ سەفایان بۆ دەکات بە زێڕ بەمەرجێك ئەگەر باوەڕیان بەتۆ نەهێنا، ئەوە سزایەکیان دەدات کە سزای کەسی بەوشێوە نەدابێت، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: نەخێر، خوایە وازیان لێ بێنە هەموو رۆژێك بانگەوازیان دەکەم، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلۡفُلۡكِ ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ﴾.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم لەڕێگەیەکی ترەوە لە جەعفەری کوڕی ئەبی موغیرەوە ئەگێڕێتەوە و لەکۆتاییەکەیدا ئەمەی زیادکردوە ((وكيف يسألونك

الصفا وهم يرون في الآيات ما هو أعظم من الصفا)) واتە: چۆن داوای سەفات لێ دەکەن لەکاتێکدا کە بەڵگەی لەوەگەورەتریان بەبەرچاوەوەیە.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: باوکم لە ئەبو حوزەیفەوە لە شبلەوە لە ئیبن ئەبی نوجەیحەوە لە عەتاوە ووتی: ئایەتی: ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾. لەمەدینەدا بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دابەزی، بێ باوەڕانی قورەیشیش لە مەککەدا وتیان: چۆن یەك خوا بەشی خەڵکی دەکات؟ خوای گەورەش (درودی خوای لێ بێت) فەرمایشتی ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ﴾ تافەرمایشتی: ﴿لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾. دابەزاند، بەم شێوەیەش زانیان کە ئەو یەك خوایەو بەدیهێنەری هەموو شتێکە.

هەروەها وەکیعی کوڕی جەراح ئەڵێ: سوفیان لە باوکیەوە، لە ئەبی زوحاوە، ئەڵێ: کاتێ ئایەتی ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾ هاتە خوارەوە، هاوەڵگەران وتیان: ئەگەر بەم شێوەیە بێت، ئەوە باثایەتێکمان بۆ بێنێت خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ تافەرمایشتی: ﴿يَعْقِلُونَ﴾. دابەزاند، ئادەمی کوڕی ئیاس لە ئەبی جەعفەری ڕازییەوە لە سەعیدی کوڕی مەسروقی باوکی سوفیانەوە لە ئەبی زوحاوە گێڕاویەتیەوە.

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ ۖ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ ﴿١٦٥﴾ إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُوا مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا وَرَأَوُا الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا مِنَّا ۗ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ ۖ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ ﴿١٦٧﴾﴾

خوای گەورە باسی حاڵی هاوەڵگەران دەکات لە دونیا و سەرەنجامیان لە ڕۆژی دوایدا، کە هاوەڵ و هاوبەشیان بۆ بڕیارداوە و لەگەڵ خوادا

دەپەرستن و وەك ئەو خۆشیان دەوێت، لەکاتێکدا کە ئەو خوای بێ هاوەڵ و تەنهایە و دژ و هاوشان و هاوەڵی نییە، لە (صحیحین)دا لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە هاتوە، ئەفەرموێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، کام تاوان گەورەترە؟ فەرمووی: ((أن تجعل لله نداً وهو خلقك)).

واتە: هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدەیت لەکاتێکدا کە دروستی کردویت.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِۗ﴾ واتە: باوەڕداران زیاتر خوایان خۆش دەوێت و لەبەر خۆشەویستی وناسینی تەواویان بۆی وڕێزگرتنیان لێی و بەتاکو تەنها ناسینی، هاوەڵی بۆ بڕیار نادەن، بەڵکو بەتەنها دەیپەرستن و پشتی پێ دەبەستن وپەنای بۆ دەبەن لەهەموو کارویارێکدا، پاشان خوای گەورە هەڕەشە لە هاوەڵگەران دەکات کەستەمیان لەخۆیان کردوە و بەو هۆیەوە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾ هەندێکیان ئەفەرمون: تەقدیری قسەکەی بەم شێوەیە: ئەگەر سزا و ئەشکەنجە ببینن ئەوکات دەزانن کە هێز و دەستەڵات تەنها بۆ خوایە و هەموو شتەکان لەژێر دەستەڵات و هێزی ئەودان.

﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ﴾ وەك فەرموویەتی: ﴿فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٥﴾ وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُۥٓ أَحَدٌ ﴿٢٦﴾﴾ [الفجر: ٢٥ ـ ٢٦]، ئەفەرموێت: ئەگەر بزانن چی دەبینن لەڕۆژی دوای داو چ ڕوداوێکی ترسناك و گەورە چاوەڕێیان دەکات لەسەر شیرك و هاوەڵگەری و گومڕابونیان، ئەوە دەست لەو کارانە هەڵدەگرن کەلەسەرینی، پاشان باسی بێباوەڕبونیان بە بتەکانیان و بێبەری بونی سەرانیان لەشوێن کەوتوانیان دەکات و دەفەرموێت: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ﴾ واتە: فریشتەکان بێبەری بوونی خۆیان ڕادەگەیەنن لێیان کەلافی پەرستنیان لەدنیادا لێدەدا و فریشتەکان دەڵێن: ﴿تَبَرَّأْنَآ إِلَيْكَۖ مَا كَانُوٓاْ إِيَّانَا يَعْبُدُونَ﴾ [القصص: ٦٣]، واتە: ئێمە پەنا دەگرین بەتۆ و بێ بەرین لەوکارەیان ئەوان ئێمەیان نەدەپەرست.

هەروەها دەڵێن: ﴿سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم بَلْ كَانُواْ يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ﴾ [سبأ: ٤١] هەروەها جنۆکەش بێبەری بوونی خۆیان لێیان ڕادەگەیەنن، وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا

يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾﴾ [الأحقاف: ٥ ـ ٦].

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لِّيَكُونُوا۟ لَهُمْ عِزًّا ﴿٨١﴾ كَلَّا ۚ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا ﴿٨٢﴾﴾ [مريم: ٨١ ـ ٨٢].

هەروەها ئیبراهیم بەهۆزەکەی دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ﴾ [العنكبوت:٢٥] واتە: ئەوەی ئێوە لەجیاتی خوا دەتانپەرست تەنها بت و پەیکەربوو لەبەر خاتری یەکتر و ڕێزدانانتان بۆ یەکترە لەژیانی دنیادا دواجار لەڕۆژی دواییدا یەکتر کافر دەکەن و یەخەی یەکتر دەگرن و نەفرین لە یەکتر دەکەن سەرەنجامی شوێن و پێگەی دیاری کراوتان ناو ئاگرە و هیچ کەسیش ناتوانێت ڕزگارتان بکات.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ ٱلْقَوْلَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لَوْلَآ أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ ﴿٣١﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوٓا۟ أَنَحْنُ صَدَدْنَٰكُمْ عَنِ ٱلْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَآءَكُم ۖ بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ بَلْ مَكْرُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَآ أَن نَّكْفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَجَعَلْنَا ٱلْأَغْلَٰلَ فِىٓ أَعْنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٣﴾﴾ [سبأ: ٣١ ـ ٣٣].

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلشَّيْطَٰنُ لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى ۖ فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم ۖ مَّآ أَنَا۠ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ ۖ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ﴾ [إبراهيم: ٢٢].

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ﴾ واتە: کاتێ ئازار و ئەشکەنجەیان بینی و هیچ چارە و پاساوێکیان نەماو بواری دەربازبوونیان لەدەست دا، عەتا لە ئیبن عەباسەوە ﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ﴾،

واتە: خزمایەتی و خۆشەویستیان لەدەست دا، موجاهیدیش هەمان شتی وتوە لەڕیوایەتی ئیبن ئەبی نەجیح دا.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا﴾، واتە: ئەگەر گەڕانەوەمان دەبوو بۆ دونیا هەتاوەکو خۆمان بێبەری بکەین لەپەرستنی ئەوانە و سوکایەتیان پێ بکەین و تەنها خودای تاکو تەنها بپەرستین، هەربۆیە دەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ﴾ واتە: کردەوەکانیان دەڕوات ونامێنێت ﴿وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾﴾ [الفرقان:٢٣].

هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ أَعْمَٰلُهُمْ كَرَمَادٍ ٱشْتَدَّتْ بِهِ ٱلرِّيحُ فِى يَوْمٍ عَاصِفٍ﴾ [ابراهيم:١٨] هەروەها فەرمایشتی ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَعْمَٰلُهُمْ كَسَرَابٍۭ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ ٱلظَّمْـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمْ يَجِدْهُ شَيْـًٔا وَوَجَدَ ٱللَّهَ عِندَهُۥ فَوَفَّىٰهُ حِسَابَهُۥ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ﴾ [النور: ٣٩] هەربۆیە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ﴾.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُوا۟ مِمَّا فِى ٱلْأَرْضِ حَلَٰلًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٦٨﴾ إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ وَٱلْفَحْشَآءِ وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٦٩﴾﴾

کاتێ خوای گەورە ڕونی کردەوە کەهیچ خوایەك نییە جگە لەئەو وتەنها ئەو بونەوەری بەدی هێناوە، دێتە سەرباسی ئەوەی کە ئەو ڕۆزی دەری هەموو دروستکراوەکانیەتی، بۆیە وەك منەت کردنێ ئاماژە بەوە دەکات کەئەو ڕێی پێداون لەو بەروبومە بخۆن کەلە زەویدایە بەمەرجێك حەلاڵ و پاکبێت - واتە: زیان بەخش نەبێت بۆ جەستە و عەقڵ - هەروەها نەهی کردوە لە شوێن کەوتنی هەنگاوەکانی شەیتان -مەبەست ڕێبازو ڕێچکەکانیەتی - کە بەهۆیەوە سەر لە شوێن کەوتوەکانی دەشێوێنێت لەو شتانەی کەلە نەفامیدا بۆی ڕازاندبونەوە. وەك لەفەرموودەی عیازی کوڕی حەماد کەلە (صحیحی) موسلیم دا هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((إنّ كل ما منحته عبادي فهو لهم حلال - وفيه - واني خلقت عبادي

حنفاء، فجاءتهم الشياطين فاجتا لتهم عن دينهم، وحرمّت عليهم ما أحللت لهم))

واتە: هەرچیم بەخشیوە بەبەندەکانم ئەوە بۆیان حەلاڵە -تیاشیدا هاتوە- هەروەها من بەندەکانم بەپاکی دروست کرد، بەڵام شەیتانەکان هاتن ولە ئاینەکەیان لایان دان ئەو شتانەیان لەسەر حەرام کردن کەبۆیان حەلاڵ کرابوو.

هەروەها (حافز ئەبوبەکری کوڕی مەردەویە ئەڵێ: سولەیمانی کوڕی ئەحمەد لە موحەمەدی کوڕی عیسای کوڕی شوعبەی میسریەوە، لە حسەینی کوڕی عەبدولڕەحمانی ئیحتیاتیەوە، لە ئەبو عەبدوڵڵای جوزجانیەوە هاوڕێی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم لە ئیبن جەریرەوە لە عەتاوە لە ئیبن عەباسەوە، ئەفەرموێت: ئەم ئایەتەم لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) خوێندەوە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ حَلَٰلٗا طَيِّبٗا﴾ ئەوەبوو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس هەستایەوەو فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا، داوا بکە لەخوا کە نزاکانم گیرا بکات، فەرمووی: ((يا سعد أطب مطعمك، تكن مستجاب الدعوة، والذي نفس محمدٍ بيده، إن الرجل ليقذف اللقمة الحرام في جوفه ما يتقبّل منه اربعين يوماً، وأيّما عبد نبت لحمه من السحت والربا فالنار أولى به)).

واتە: ئەی سەعد، خواردن وڕۆزی حەلاڵ پەیدا بکە دوعات گیرا دەبێ، سوێند بەو کەسەی گیانی موحەمەدی بەدەستە، کەسێك بەهۆی پارویەکی حەرامەوە چل شەو دوعای گیرا نابێت، هەر بەندەیەکیش گۆشتی بەحەرام وسوو لێ پەیدابێت ئەوە ئاگر لەپێشترە بۆی.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٌ﴾ ئەمە وریایی دان و ئاگاداركردنەوەیە لە شەڕ و خراپەی شەیتان، وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ۝٦﴾ [فاطر:٦].

واتە: شەیتان دوژمنی سەرسەختی ئێوەیە، ئێوەش بەدوژمنی خۆتانی بزانن، ئەو کۆمەڵەکەی بانگ دەکات هەتاوەکو ببنە هاوەڵی دۆزەخ.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِي وَهُمۡ لَكُمۡ عَدُوُّۢ بِئۡسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلٗا﴾ [الكهف:٥٠].

هەروەها قەتادە و سەدی سەبارەت بەفەرمایشتی: ﴿وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ﴾ ئەڵێ: هەموو سەرپێچیەك بەشێكە لە هەنگاوەكانی شەیتان، عیكریمەش ئەڵێ: وەسوەسەی شەیتانە، موجاهیدیش دەڵێ: هەنگاو و تاوانەكانیەتی، ئەبوموجلیزیش ئەڵێ: بریتیە لە نەزر كردن بۆ ئەنجامدانی تاوان.

شەعبیش دەڵێ: پیاوێك نەزری كرد كە كوڕەكەی بكاتە قوربانی، مەسروقیش فتوای بۆدا كە بەرانێك لەبری سەرببڕێت، ئەمەش نموونەی (خطوات)و هەنگاوەكانی شەیتانە.

هەروەها ئەبو زوحا لە مەسروقەوە ئەڵێت: عەبدوڵڵای كوڕی مەسعود گوان و خوێی هێناو دەستی كرد بەخواردنی، ئەوەبوو پیاوێك خۆی دور گرت و عەبدوڵڵاش ووتی: بەشی ئەویش بدەن، وتی: نامەوێ، فەرمووی: بەڕۆژوی؟ وتی: نەخێر، فەرمووی: ئەی چیتە؟ وتی: من گوانم لەسەر خۆم حەرام كردوە، ئیبن مەسعودیش وتی: ئەمە لەهەنگاوەكانی شەیتانە، بخۆو كەفارەتی سوێندەكەت بدە. ئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە.

هەروەها دەڵێ: باوكم لە حەسانی كوڕی عەبدوڵڵای میسری لە سولەیمانی تەیمی لە ئەبی ڕافیعەوە، ئەڵێ: ڕۆژێكیان توڕەبوم لەهاوسەرەكەم، ئەویش وتی: ئەو ڕۆژێك جولەكە و ڕۆژێك گاورە، هەموو كۆیلەكانی ئازادبن ئەگەر هاوسەرەكەت تەڵاق نەدەیت، منیش چومە خزمەت عەبدوڵڵای كوڕی عومەر و ئەویش فەرمووی: ئەمە لەهەنگاوەكانی شەیتانە، زەینبی كچی ئوم سەلەمەش هەمان شتی وت، كە لەو ڕۆژەدا زاناترین ئافرەت بوو لەمەدینەدا، هەروەها چومە لای عاسمی و ئیبن عومەر و ئەوانیش هەمان شتیان وت.

هەروەها عەبدی كوڕی حەمید ئەڵێ: ئەبو نوعەیم لە شەریكەوە لە عەبدولكەریمەوە لە عیكریمەوە لە ئیبن عەباسەوە ئەفەرموێت: هەر سوێند و نەزرێك لەكاتی توڕەیدا بكرێت، ئەوە بەشێكە لەهەنگاوەكانی شەیتان، كەفارەتەكەشی كەفارەتی سوێند خواردنە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿إِنَّمَا يَأۡمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ وَٱلۡفَحۡشَآءِ وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا

لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٦٩﴾ واتە: شەیتانی دوژمنتان تەنها فەرمان بەکاری خراپە دەکات، بەڵکو لەوە خراپتریش فەرمان بەزیناو هاوشێوەکانی دەکات، تەنانەت قسەکردن لەبارەی خواوە بەبێ زانست، ئەمە هەم و بێباوەڕ و بیدعە چیەکیش دەگرێتەوە.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۗ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ۚ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٧١﴾﴾

پەروەردگار دەفەرموێت: ئەگەر بەو بێ باوەڕە هاوەڵگەرانە بوترێت: شوێن ئەوە بکەون کە خوا ناردویەتی و واز لەو گومڕایی و نەفامیە بێنن کەلەسەرینی، لەوەڵامدا ئەڵێن: بەڵکو دوای ئەوە دەکەوین کەباو باپیرانمانی لەسەری بوە، کەبت پەرستی و هاوەڵگەریە، خوای گەورەش سەرزەنشتیان دەکات ودەفەرمووی: ﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ﴾ واتە: ئەی ئەگەر ئەوانەی کە شوێنیان دەکەون ﴿لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ هیچ تێگەیشتنێکی دروست و ڕێنمونیەکی ڕاستیان نەبوبێت.

هەروەها ئیبن ئیسحاق لە موحەمەدی کوڕی ئەبی موحەمەدەوە لە عیکریمە یان سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە: کە ئەمە سەبارەت بەکۆمەڵێك لە جولەکەکان دابەزیوە کەپێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بانگی کردون بۆ ئیسلام، ئەوانیش وتیان: نەخێر شوێن ئاینی باو باپیرانمان دەکەوین، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند.

پاشان پەروەردگار نموونەیەکی بۆ هێنانەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوْءِ﴾ [النحل:٦٠]. واتە: سیفەت و ناونیشان و نموونەی نزم شایستەی ئەوانەیە کەباوەڕ بەقیامەت ناکەن.

هەروەها فەرمووی: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾ واتە: نموونەی ئەو گومڕای ونەزانی و سەر لێ شێواویەی کە تیایدان وەك ئاژەڵی بەرەڵا کراون کەلەهیچ

تێناگەن، مەگەر شوانەکەیان هاواریان لێ بکات، واتە: تەنها دەنگ دەبیستن ولەهیچ تێ ناگەن، هەروەها لە ئیبن عەباس و ئەبی عالیە و موجاهید و عیکریمە و عەتا و حەسەن و قەتادە و عەتای خوراسانی و ڕەبیعی کوڕی ئەنسەوە هاوشێوەی ئەمە گێڕدراوەتەوە.

وتراویشە: ئەمە نموونەیەکە هێنراوەتەوە بۆیان لەهاوارکردنیان بۆ بتەکانیان کە هیچ نابینێ و هیچ نابیستێت و ئەقڵی هیچ نابڕێت، ئەمەش هەڵبژێردراوی ئیبن جورەیرە بەڵام ڕای یەکەم بەهێزترە، چونکە بت هەرخۆی نابیستێ و نابینێ و گیانی تیادانیە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿صُمٌّۢ بُكۡمٌ عُمۡيٞ﴾ واتە: کەڕن بەرامبەر بەبیستنی ڕاستی و لاڵن لەوتنی و کوێرن بەرامبەر بەبینینی ڕێباز و ڕێچکەی ﴿فَهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ﴾ واتە: هیچ نازانن ولێی تێناگەن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ١٧٢ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيۡرِ ٱللَّهِۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٧٣﴾

خوای گەورە فەرمان دەکات بەبەندە باوەڕدارەکانی کەلە خواردنە پاك و حەڵاڵەکان بخۆن و سوپاسی بکەن لەسەری، ئەگەر خۆیان بەبەندەی ئەو دەزانن، خواردنی حەڵاڵیش هۆکارێکە بۆ قبوڵ بوونی نزا و پەرستش. هەروەك چۆن خواردنی حەرام ڕێگرە لە قبوڵ بوونی دوعا و پەرستش، وەك لەو فەرموودەدا هاتووە کە پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە: ئەبو نەزر لە فوزەیلی کوڕی مەرزوقەوە لە عەدی کوڕی سابتەوە لە ئەبی حازمەوە، لە ئەبی هورەیرەوە ئەفەرموێت: ((أيها الناس الله طيب لايقبل الّا طيبا وان الله امر المؤمنين بما أمربه المرسلين، فقال ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ إِنِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٌ ٥١﴾ [المؤمنون: ٥١] وقال: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ﴾ پاشان باسی کەسێکی کرد کە سەفەری درێژ

دەکات قژئالۆسکاو و تۆزاوی، پاشان دەست هەڵدەبڕێت بۆ ئاسمان و ئەڵێ: پەروردگار، پەروەردگار لەکاتێکدا کە خواردن و خواردنەوە و پۆشاکی حەرامە و بەحەرام گۆش کراوە ئیتر چۆن نزای گیرا دەبێت؟ هەروەها موسلیم لە(صحیح)ەکەیدا و ترمزیش لەفەرموودەی فوزەیلی کوڕی مەرزوقەوە.

کاتێ خوای گەورە منەتی ڕۆزی بەسەردا کردن و ڕێنمونی کردن بۆ خواردن لەشتە باش وچاکەکان، باسی ئەوە دەکات کە ئەو هیچ شتێکی لەسەر حەرام نەکردون جگە لە مردارەوەبوو، کە ئەو گیان لەبەرەیە کە لەخۆیەوە دەمرێت بەبێ سەربڕین ئیتر مردنەکەی بەهەر شێوەیەك بێت. یاخود بەدەستی دڕندەیەك کوژرابێت، بەڵام زۆرینەی زانایان مردارەوەبوی دەریایان جیا کردوەتەوە بەبەڵگەی فەرمایشتی پەروەردگار: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ ٱلْبَحْرِ وَطَعَامُهُۥ﴾ [المائدة: ٩٦]. واتە: ڕاو و شکاری دەریا و خواردنیتان بۆ حەڵاڵ کراوە.

هەروەها فەرموودەی عەنبەر لە(صحیح ومسند وموطأ وسنن)دا کەتیایدا پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەربارەی دەریا دەفەرموێت: ((هو الطهور ماؤه الحل میتته)). واتە: ئاوەکەی پاکەو مردارەوەبوی حەڵاڵ. هەروەها شافیعی و ئەحمەد و ئیبن ماجە و دارقوتنی لە فەرموودەی ئیبن عومەرەوە بە(مرفوعی) دەگێڕنەوە: ((أحل لنا میتتان ودمان السمك والجراد والكبد والطحال)) باسکردنی ئەمەش لە سورەتی(مائدة)دا دێت. انشاء الله.

واتە: دوو مردارەوەبوو ودوو خوێنمان بۆ حەڵاڵ کراوە (ماسی و کوللە و جگەر و سپڵ).

(مەسەلەیەك) شیری مردارەوەبوو و ئەوهێلکە کەداینەناوە پیسن لای شافیعی و غەیری ئەویش، چونکە بەشێکن لێی، هەروەهامالیکیش لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ: خۆی پاکە بەڵام بەهۆی بون و مانەوەی لە مردارەوە بوەکەدا پیس دەبێت، هەروەها هەوێن پەنیری مردارەوەبوش ناکۆکی لەسەرە وڕای بەناویانگ لایان ئەوەیە کەبەپیسی دەزانێت، بەڵگەیەکیان دژ بەخۆیان هێناوەتەوە کە ئەویش خواردنی پەنیری ئاگر پەرستەکانە لەلایەن هاوەڵانەوە، قورتوبی لەتەفسیریدا ئەڵێ: ئەوەی کەلێرەدا تێکەڵی شیرەکە دەبێت کەمە و لەکەمی شتی پیسیش خۆش دەبین ئەگەر تێکەڵ بەشلەیەکی زۆربوو.

هەروەها ئیبن ماجە لەفەرموودەی سەیفی کوڕی هارونەوە لە سولەیمانی تەمیمییەوە لە ئەبی عوسمانی هیندییەوە، لەسەلمانەوە (ڕەزای خوای لێ بێت): پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) پرسیاری لێکرا سەبارەت بەڕۆن وپەنیر وکەرە و فەروە، ئەویش فەرمووی: ((الحلال ما احل الله في كتابه، والحرام ما حرم الله في كتابه وما سكت عنه فهو مما عفا عنه)) واتە: حەڵاڵ ئەوەیە کەخوای گەورە لەکتێبەکەیدا حەڵاڵی کردوە و حەرامیش ئەوەیە کە خوای گەورە لەکتێبەکەیدا حەرامی کردوە، لەهەر شتێکیش بێدەنگ بوبێت ئەوە لێ خۆش بووە.

هەروەها گۆشتی بەرازی لێ حەرام کردون چ سەربڕدراوبێ یاخود مردار بوبێتەوە، بەزەکەشی حوکمی گۆشتەکەی هەیە، چ لەڕوی زاڵ بونەوەبێت یاخود بەوپێیەی کەگۆشت بەز و چەوریش دەگرێتەوە یان بەهۆی قیاس کردنیەوە، هەروەها هەرشتێك کە بۆ غەیری خوا سەر ببڕدرێت یاخود ناوی غەیری خوای لەسەر هێنرابێت حەرامە. وەك سەربڕین بۆ گۆڕ و مەرقەد و بتەکان کەلە نەفامی دا دەیانکرد.

هەروەها قورتوبی لە ئیبن عەتیەوە کەلە حەسەنی بەسرییەوە گێڕاویەتیەوە: کەپرسیاری لێ کراوە سەبارەت بە ئافرەتێك کەشایی بۆ بوکەڵەیەکی کردوە و ئاژەڵێکی تیادا سەر بڕیوە؟ فەرمووی: خواردنی گۆشتی دروست نییە، چونکە بۆ بت سەر بڕدراوە، قورتوبیش لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) هێناویەتی: کەپرسیاری لێکراوە سەبارەت بەوەی کە عەجەمەکان سەری دەبڕن بۆ جەژنەکانیان و دیاریان لێ دەدا بەموسڵمانان، ئەویش فەرمووی: ئەوەی بۆ ئەو ڕۆژە سەربڕدرا ئەوە لێی مەخۆن، بەڵکو لەدرەختەکانیان بخۆن.

پاشان خوای گەورە لەکاتی پێویستدا واتە: لەکاتی نەبونی خواردنێکی تردا حەڵاڵی کردوە وەك ئەفەرموویت: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ﴾ واتە: هەرکەس ناچاربوو بەبێ زیادە ڕەوی و سنور بەزاندن ﴿فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ﴾ واتە: هیچی لەسەر نییە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ هەروەها موجاهید ئەڵێ: هەر کەس ناچار بوو بەبێ زیادە ڕەوی و لادان لەڕێ و جیابونەوە لەکۆمەڵی

موسڵمانان یاخود دەرچون بۆ تاوان. ئەوە ڕوخسەتی بۆ هەیە، هەرکەسێکیش بەزیادە ڕەوی وەدەست درێژ دەرچوو، ئەوە مۆڵەتی پێ نادرێت، با پێویستیشی پێ هەبێت. ئەمەش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە گێڕدراوەتەوە، هەروەها سەعید لەڕیوایەتێکدا لێیەوە و لە موقاتلی کوڕی حەیانەوە ئەڵێ: ﴿غَيْرَ بَاغٍ﴾ واتە: بەحەڵاڵی نەزانێت، سەدییش ئەڵێت: حەزی لەخواردنی نەبێت، ئادەمی کوڕی ئەبی ئیاسیش دەڵێ: زەمرە لە عوسمانی کوڕی عەتای خوراسانییەوە، لەباوکیەوە، دەربارەی فەرمایشتی: ﴿غَيْرَ بَاغٍ﴾ ئەڵێت: گۆشتی مردارەوەبوو نەبرژێنێت و نەکوڵێنێت بەهۆی حەزیەوە لێی، هیچی لێ نەخوات جگە لە(علقە) و یەك زەرو، بەڵکو هێندەی لێ بخوات کە پێویستیەتی، هەرکات حەڵاڵیشی دەس کەوت فڕێی بدات، هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَا عَادٍ﴾ واتە: بەهۆیەوە لە حەڵاڵ لانەدات، ئیبن عەباسیش دەفەرموێت: لێی تێر نەبێت، سەدییش بەدەست درێژی لێکی داوەتەوە، لە ئیبن عەباسیشەوە ﴿غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ﴾ ئەڵێ ﴿غَيْرَ بَاغٍ﴾ لەمردارەوە بوەکەدا و زیادە ڕەویش نەکات لەخواردنیدا، قەتادە ئەڵێ: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ﴾ واتە: زیادە ڕەوی لە خواردنی مردارەوە بوەکەدا لە حەڵاڵەوە تێپەڕ بکات بۆ حەرام لەکاتێکدا کە بتوانێ ئەو کارە نەکات هەروەها قورتوبی لە موجاهیدەوە دەگێڕێتەوە: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ﴾ واتە: زۆری لێ بکرێت بەبێ ویستی خۆی.

[مەسەلەیەك] ئەگەر کەسی ناچار و پێگیراو مردارەوەبوو و خواردنی کەسێکی دۆزیەوە، ئەوە پێویستە لەسەری خواردنی کەسەکەی تر بخوات بەبێ ناکۆکی -ئەمەی وتوە- پاشان دەڵێ: ئەگەر لەم حاڵەتەدا خواردی، ئایا دەی بژێرێت یان نا؟ دوو ڕای تیایە کە دوو ڕیوایەتن لەمالیکەوە، پاشان لە(سنن)ی ئیبن ماجە فەرموودەیەکی هێناوە لە شوعبەوە لە ئەبی ئیاسی جەعفەری کوڕی ئەبی وحشی یەوە ئەڵێ: گوێم لە عەبادی کوڕی شورەحبیلی غەبرییەوە بوو ووتی: ساڵێك توشی قاتوقڕی بوین، منیش هاتم بۆ مەدینە و چومەلای بێستانێکەوە و گوڵە گەنمێکم برد و پرواندم و خواردم و هەندێکیشم لێ کردە ناو جلەکانمەوە، ئەوەبوو خاوەن بێستانەکە هات و

جلەکانی گرتم ولێی دام، منیش چومە خزمەت پێغەمبەری خوا و ئاگادارم کردەوە، ئەویش بەکابرای فەرموو: ((ما أطعمته اذ كان جائعاً، لاساغيا ولاعلمته اذ كان جاهلاً)) واتە: ئەو برسی بوو و تۆ خواردنت پێ نەدا، نەزانیش بوو و تۆ فێرت نەکرد. پاشان فەرمانی کرد بەگێڕانەوەی جلەکانی بۆی و پێدانی بارێك یاخود نیو بار پێی، سەنەدەکەی (صحيح و قوي)وباشە و هاوشێوەی زۆری هەیە، لەوانە فەرموودەی عەمری کوڕی شوعەیب لەباوکیەوە لەباپیر یەوە: کە پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لێ بێت) پرسیاری لێکرا دەربارەی بەروبومی هەڵواسراو، ئەویش فەرمووی: ((من أصاب منه من ذي حاجة بفيه غير متخذ خبنة، فلا شيءٌ عليه)). واتە: هەرکەسێك کەپێویستی پێی بێت و بەدەم لێی بکاتەوە بەبێ ئەوەی شتێك بخاتە ژێر پێی ئەوە هیچی لەسەر نیە.

هەروەها موقاتیلی کوڕی حەیان سەبارەت بەفەرمایشتی: ﴿فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾ واتە: گوناهی لەسەر نییە بۆ هەرشتێك کە بەناچاری بیخوات، هەروەها پێمان گەیشتوە، پەروەردگاریش باشتر دەزانێت، کەنابێت لەسێ پارو زیاتر بێت، سەعیدی کوڕی جوبەیریش ئەڵێت: لێخۆش بوە بۆ ئەوەی کەبە حەرامی خوراوە، میهرەبانە کاتێ حەرامی بەهۆی پێویستیەوە بۆ حەلاڵ کردوە، هەروەها وەکیع ئەڵێ: ئەعمەش لە ئەبی زوحاوە، لە مەسروقەوە، ئەڵێ: هەر کەس ناچاربوو بەڵام هیچی نەخواردو نەخواردەوە و بەهۆیەوە مرد، ئەوە دەچێتە دۆزەخ، ئەمەش دەخوازێت کە خواردنی مردارەوەبوو بۆ کەسی پێگیرا و عەزیمەتە نەك ڕوخسەت. ئەبوحەسەنی تەبەری لە(الاشتغال)دا ئەڵێت: ئەمە بەلای ئێمەوە ڕاستە، وەك ڕۆژوو شکاندن بۆ نەخۆش و هاوشێوەکانی.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَشۡتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنٗا قَلِيلًاۙ أُوْلَٰٓئِكَ مَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ إِلَّا ٱلنَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٤﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡعَذَابَ بِٱلۡمَغۡفِرَةِۚ فَمَآ أَصۡبَرَهُمۡ عَلَى ٱلنَّارِ ﴿١٧٥﴾

ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِى ٱلْكِتَٰبِ لَفِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿١٧٦﴾

خـوای گـەورە ئـەفـەرمـوویـت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ﴾ مەبەستی جولەکەیە کە سیفەت و ناونیشانی محەمەدیان لەکتێبەکانیاندا شاردوەتەوە، هەتاوەکو سەرۆکایەتی خویان لەدەست نەدەن، کە بەهۆیەوە دیاریەکی زۆریان لەعەرەبەوە وەردەگرت. بۆیە دەترسان ئەگەر ئەوە بخەنەڕو خەڵکی شوێنی موحەمەد (درودی خوای لێ بێت) بکەون و واز لەوان بێنن، هەر بۆیە ئەوەیان گۆڕیەوە بەڕێنمایی و شوێن کەوتنی ڕاستی و باوەڕهێنان بەخودا و پێغەمبەرەکەی، ئەمەش سەرشۆڕی هەردوو دونیای پێبەخشین، هەرچی دونیایە ئەوە خوای گەورە ڕاست گۆیی پێغەمبەرەکەی بەبەڵگەی یەك لاکەرەوە خستەڕو خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن وبون بەپاڵپشت بۆی لەبەرامبەر کوشتارکردنی ئەواندا بەم شێوەیەش هەموو شتێکیان دۆڕاند و خوای گەورەش لەچەندین شوێندا بەخراپە باسیان دەکات، وەك ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَشْتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ مەبەست پێی شتومەکی دنیاییە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ إِلَّا ٱلنَّارَ﴾ واتە: ئەوەی کە دەی خۆن لەبەرامبەر شاردنەوەی حەقدا دەی خۆن، ئەوە دەبێتە ئاگرێکی بڵێسەدار لەڕۆژی دوایدا. وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾﴾ [النساء: ١٠] هەروەها لەفەرموودەی (صحيح)دا لەپێغەمبەری خواوە هاتوە کە فەرموویەتی: ((الذي يأكل أو يشرب في آنية الذهب والفضة إنما يجر جر في بطنه نار جهنم))

واتە: ئەوەی کەلە دەفری زێڕ و زیودا دەخوات و دەخواتەوە ئەوە ئاگری دۆزەخ لەسکی وەردەدات.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ چونکە خوای گەورە توڕەیە لێیان، بەهۆی شاردنەوەی ئەو حەقەی کە دەیزانن، شایستەی توڕەبوون بونن، هەربۆیە ستایشیان ناکات

بەڵکو سزایەکی سەختیان دەدات، ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن مەردەوەیهیش لێرەدا فەرموودەی ئەعمەش لە ئەبی حازمەوە لە ئەبی هورەیرە دێنن کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((ثلاثة لايكلمهم الله، ولاينظر اليهم ولا يزكيهم، ولهم عذاب أليم: شيخ زان، وملك كذاب، وعائل وستكبر)). واتە: سێ کەس خوای گەورە قسەیان لەگەڵدا ناکات و سەیریان ناکات و ستایشیان ناکات و سزایەکی سەختی بۆ ئامادە کردون: پیرێکی داوێن پیس و پاشایەکی درۆزن و هەژارێکی خۆ بەزل زان.

پاشان خوای گەورە هەواڵ دەدات لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلۡهُدَىٰ﴾ واتە: ڕێنمایمان گۆڕیوەتەوە بە گومڕایی، مەبەستی شاردنەوەی ئەو وەسفەی پێغەمبەرە (درودی خوای لێ بێت) کەلە کتێبەکانیاندا هاتوە لەگەڵ مژدەی هاتن و داوای شوێن کەوتنی، گۆڕینەوەی ئەمە بەگومڕایی کەخۆی لەبەدرۆ خستنەوە و بێباوەڕبون پێی وشاردنەوەی سیفەتەکانی لەکتێبەکانیاندا ﴿وَٱلۡعَذَابَ بِٱلۡمَغۡفِرَةِۚ﴾ واتە: لێخۆش بونیان گۆڕیوەتەوە بەسزا و ئەشکەنجە بەهۆی گرتنەبەری هۆکارەکانی.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَمَآ أَصۡبَرَهُمۡ عَلَى﴾ خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەوان لەسزای سەخت دان، چونکە خوای گەورە کتێبەکانی بۆ پێغەمبەرانی ترو بۆ موحەمەدیش ناردوە بۆ چەسپاندنی حەق وبەتاڵ کردنەوەی بەتاڵ، بەڵام ئەوان ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەدرۆ خستەوە بەڵکو گاڵتەیان پێ دەکرد، لەکاتێکدا کە کتێبەکەیان فەرمانی پێ کردون بەخستنە ڕوی زانست و بڵاو کردنەوەی، بەڵام ئەمان پێچەوانەی جوڵانەوە و بەدرۆیان خستەوە، ئەوەتا دوایەمین پێغەمبەر بانگەوازیان دەکات بۆلای خوا و فەرمان دەکات بەچاکە و نەهی دەکات لەخراپە، بەڵام ئەوان بەدرۆی دەخەنەوەو پێچەوانەی دەجوڵێنەوە و سیفەتەکانی دەشارنەوە هەربۆیە شایستەی سزا و ئەشکەنجەن، خوای گەورەش لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ١٧٦﴾.

﴿لَّيۡسَ ٱلۡبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ قِبَلَ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ

بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾.

ئەم ئایەتە چەندین ڕستەی گەورە و بنەمای گشتگیر و بیروباوەڕی ڕاست لەخۆ دەگرێت، وەك ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: باوکم لەعوبەیدی کوڕی هیشامی حەلەبیەوە لە عوبەیدوڵڵای کوڕی عوورووە لە عامری کوڕی شفیەوە لە عەبدولکەریمە لە موجاهیدەوە لە ئەبی زەڕەوە: کە پرسیاری کردوە لەپێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) ، باوەڕچیە؟ ئەویش ئایەتی ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ﴾ هەتاوەکو کۆتای ئایەتەکە، ئەڵێ: پاشان دووبارە پرسیاری لێ کردەوە ئەویش دووبارە بۆی خوێندەوە، پاشان پرسیاری لێ کردەوەن ئەویش فەرمووی: ((إذا عملت حسنة أحبها قلبك وإذا عملت سيئة أبغضها قلبك)). واتە: ئەگەر چاکەیەکت کرد، ئەوەدڵت پێی خۆشبێت وئەگەر تاوانێکت ئەنجامدا، پێی بێتاقەت ببیت. ئەم فەرموودەیەش (منقطع) وبچڕاوە، چونکە موجاهید ئەبو زەڕی نەبینیوە. چونکە پێشتر کۆچی دوای کردوە. مەسعودیش ئەڵێت: قاسمی کوڕی عەبدولڕەحمان وتی: پیاوێك هاتە لای ئەبوزەڕ و وتی: باوەڕ چیە؟ ئەویش ئەم ئایەتی بۆ خوێندەوە: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ﴾ هەتاوەکو کۆتایی، پیاوەکەش وتی: سەبارەت بە(البر)وچاکە پرسیارم لێ نەکردیت. ئەبو زەڕیش وتی: پیاوێك هاتەلای پێغەمبەری خوا و پرسیارم لێ نەکردیت. ئەبو زەڕیش وتی: پیاوێك هاتەلای پێغەمبەری خوا و هەمان ئەم پرسیارەی تۆی لێ کرد و ئەویش: ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە، بەڵام ئەو بەو وەڵامە ڕزای نەبو، وەك چۆن تۆ ڕازی نەبویت، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لێ بێت) بەدەستی ئاماژەی کرد و پێی فەرمووی: ((المؤمن اذا عمل حسنة سرته ورجا ثوابها، واذا عمل سيئة أحزنته وخاف عقابها)) ئیبن مەردەوەیە گێڕاویەتیەوە، ئەمەش دیسانەوە بچڕاوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

واتە: باوەڕدار ئەگەر چاکەیەکی ئەنجامدا پێی دڵخۆش دەبێت و هیوای بەپاداشتی دەبێت و ئەگەر خراپەیەکی کرد دڵتەنگ دەبێت و لەسەرئەنجامەکەی دەترسێت.

سەبارەت بەڕافەی ئەم ئایەتەش ئەوە خوای گەورە کاتێك سەرەتا فەرمانی کرد بەباوەڕداران بەڕوکردنە (بیت المقدس)و پاشان ڕوگەی گۆڕین بۆ (کەعبە) ئەمەبەلای هەندێك لە ئەهلی کیتاب و موسڵمانانەوە قورس بوو، خوای گەورەش حیکمەتی ئەم کارەی بۆ ڕون کردنەوەن کەمەبەست پێی گوێڕایەڵی پەروەردگار و ملکەچ کردنە بۆی و ڕوکردنە هەرشوێنێك کە ئەو دیاری دەکات و شوێنکەوتنی شەرعە، ئەمەیە چاکە و پارێزکاری وباوەڕی تەواو، نەك خۆ پەیوەست کردن بەڕوکردنە ڕۆژهەڵات یاخود ڕۆژئاوا یان گوێڕایەڵیەك کەبۆ فەرمانی خوا نەبێت هەربۆیە دەفەرمووێت: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ وەك سەبارەت بە قوربانی ودیاریەکانی دەڵێت: ﴿لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ﴾[الحج:٣٧] واتە: گۆشت و خوێنەکەی بەخودا ناگات بەڵکو تەنها پارێزکاری ئێوەی پێ دەگات.

هەروەها عەوفی لە ئیبن عەباسەوە دەڵێت: واتە: چاکە و خواناسی بەنوێژ کردن وخواناسی نییە، ئەمە کاتێك بوو کە کۆچکردن لەمەککەوە بۆ مەدینە و فەرز و حەددەکان دابەزین، خوای گەورەش فەرمانی کرد بەفەرزەکان وکارپێ کردنیان، هاوشێوەی ئەمە لە زەحاك و موقاتیلیشەوە گێڕدراوەتەوە، ئەبو عالیەش دەڵێ: جولەکە ڕویان دەکردە ڕۆژئاوا و گاورەکانیش ڕویان دەکردە ڕۆژهەڵات، خوای گەورەش فەرمووی: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ﴾ ئەڵێت: ئەمە باوەڕی تەواوە و کردەوەش ناوەڕۆکەکەیەتی.

هەروەها لە حەسەن و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە هاوشێوەی ئەمە گێڕدراوەتەوە، موجاهید دەڵێ: (برّ) و چاکە ئەو گوێڕایەڵی و ملکەچییە کەلەدڵدا جێگیر ببێت. زەححاکیش ئەڵێت: بەڵکو (البر والتقوی) ئەوەیە کە فەرزەکان وەکو خۆی ئەنجام بدەن. سەوریش ئەڵێت: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ

﴿ٱللَّهِ﴾ ئەڵێ: ئەمە هەموو جۆرەکانی چاکەیە، ڕاستیشی فەرموە (لەحەقی خوای لێ بێت)، چونکە هەر کەس ئەم ئایەتەی تیادا بەدی بێت ئەوە هەموو ئیسلامی تیادا کۆبوەتەوە و هەمو جۆرە خەیرێکی کۆ کردوەتەوە، کەباوەڕبون بەخوای تاکوتەنها و فریشتەکان کە باڵوێزی نێوان خودا و پێغەمبەرەکانین. (والكتاب) کە (إسم الجنس)ەوە هەموو ئەو کتێبانە دەگرێتەوە کەدابەزێنراون بۆ پێغەمبەران، هەتاوەکو دوایەمین وپیرۆزترینیان کەقورئانی پیرۆزە کەهەموو خێر و بەختەوەریەکی لەخۆیدا کۆکردوەتەوە وهەموو کتێبەکانی پێش خۆی سڕیوەتەوە و باوەڕی بەسەرجەم پێغەمبەران هێناوە لە یەکەم پێغەمبەرەوە هەتاوەکو دوایەمینیان کە موحەمەدە درودو سڵاوی خوا لەسەر هەموویان بێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ﴾ واتە: پارە ببەخشێت لەگەڵ خۆشەویستیدا بۆی، ئیبن مەسعود و سەعیدی کوڕی جوبەیر خەڵکانی تریش لەسەلەف و خەڵەف ئەمەیان فەرموە، لە(صحيحين)یشدا لەفەرموودەی ئەبو هورەیرەوە بە(مرفوع)ی هاتوە: ((أفضل الصدقة أن تصدق وانت صحيح شحيح، تأمل الغنى وتخشى الفقر)).

واتە: باشترین خێر و بەخشین ئەوەیە کە ببەخشیت لەکاتی لەش ساغی و دەستکورتیدا، کاتێك بەهیوای دەوڵەمەندیت و ترسی هەژاریشت هەیە.

هەروەها حاکم لە(المستدرك)دا لەفەرموودەی شوعبە و سەوری لە مەنسورەوە، لە ئیبن مەسعودەوە ئەفەرموێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ﴿وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ﴾ واتە: ببەخشیت لەکاتێکدا کەلەش ساغ ودەست کورتیت، هیوات بەژیان ترسیشت لەهەژاری هەیە)) پاشان، دەڵێ: ئەم فەرموودەیە (صحيح)ە بەپێی مەرجی (شیخین) بەڵام تەخریجیان نەکردوە.

ئەڵێم هەروەها وەکیع لە ئەعمەش و سوفیان لە زوبەید، لە موڕە لە ئیبن مەسعودەوە بە(موقوف)ی گێڕاویەتیەوە، ئەمەش ڕاست ترە پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾﴾ [الإنسان: ٨-٩].

هەروەها دەفەرموویت: ﴿لَن تَنَالُواْ ٱلۡبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَۚ﴾ [آل عمران: ٩٢] هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ﴾ [الحشر: ٩]. ئەمەش پلەیەکی بەرزترە کەشتانێکیان بەخشیوە کەزۆر ئاتاجن پێی.

هەروەها فەرمایشتی ﴿ذَوِي ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾ واتە: خزمی پیاو کە یەکەم کەسانێکن کەخێریان پێ دەدرێت، وەك لەفەرموودەدا هاتوە: ((الصدقة على المساكين صدقة، وعلى ذي الرحم إثنتان: صدقة وصلة، فهم أولى الناس بك وببرّك وإعطائك)).

واتە: خێرکردن بەهەژار سەدەقەیە، بەڵام بۆ خزم دووجار خێرە: هەم خێر وهەم خزمایەتیە، چونکە ئەوان لەپێشترن بۆ تۆ و چاکەو بەخشینت.

﴿وَٱلۡيَتَٰمَىٰ﴾ ئەوانەن کەکاسب کاریان نییە و باوکیشیان لەدەست داوە، لە حاڵێکدا کە منداڵی بچوك ولاوازن و هێشتا باڵغ نەبون و توانای کاسپیان نییە، عەبدولڕەزاق ئەڵێ: موعەمەر لە جوەیبرەوە بۆی باسکردین کە زەحاك لە نەزالی کوڕی سبرەوە، لە عەلییەوە لەپێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا يُتم بعد حلم)). واتە: پاش باڵغ بوون هەتیوی نامێنێت.

﴿وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾ ئەوانەن کە ئەوەندەیان نییە کەبەشیان بکات چ خواردن بێت یان پۆشاك یاخود خانوو، ئەوە هێندەیان پێ دەدرێت کەپێویستیان پڕبکاتەوە، لە(صحیحین)دا لە ئەبی هورەیرەوە هاتوە کەپێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((ليس المسكين بهذا الطواف الذي ترده التمرة والتمرتان واللقمة واللقمتان، ولكن المسكين الذي لايجد غِنىً يغنيه ولا يفطن له فيتصدّق عليه)). واتە: هەژار کەسێك نییە کە دنکێك یان دوو دنك خورما، یاخود پارویەك یان دوو پارو بەشی بکات، بەڵکو هەژار - مسکین - کەسێکە کەئەوەندە پارەی نییە کەبەشی بکات وخەڵکیش پێی نازانن هەتاوەکو خێری پێبکەن.

﴿وَٱبۡنَ ٱلسَّبِيلِ﴾ ئەو ڕێبوارەیە کەپارەی لێبڕاوە، ئەویش هێندەی پێ

دەدرێت کەبیگەیەنێتە وڵاتی خۆی، هەروەها کەسێك کەدەیەوێ سەفەرێکی دروست و حەڵاڵ بکات، هێندەی پێ دەدرێت کەپێی بڕوات و بێتەوە، بەهەمان شێوە میوانیش، وەك عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە کەفەرموویەتی: ﴿وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ﴾ ئەو میوانەیە کە دێتە لای موسڵمانان، هەروەها موجاهید وسەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەبو جەعفەری باقر و حەسەن وقەتادە و زەحاك و زەهری و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و موقاتیلی کوڕی حەیانیش هەمان شتیان وتوە.

﴿وَٱلسَّآئِلِينَ﴾ ئەو کەسانەن کە داوا دەکەن -سواڵ دەکەن- ئەمانەش لەخێر و زەکات بەشیان دەدرێت، وەك پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: وەکیع و عەبدولڕەحمان وتیان: سوفیان لە موسعەبی کوڕی موحەمەدەوە، لە ئەبی یەعلای کوڕی ئەبی یەحیاوە، لە فاتمەی کچی حسەینەوە، لەباوکیەوە، ئەڵێ: عەبدولڕەحمان حسەینی کوڕی عەلی وتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((للسائل حق وإن جاء على فرس)) (ئەبو داود) گێڕاویەتیەوە.

واتە: داواکار - سواڵ کەر - مافی هەیە ئەگەر لەسەر ئەسپێکیشەوە بێت.

﴿وَفِي ٱلرِّقَابِ﴾ ئەو کۆیلانەن کە هیچیان نییە بۆ خۆ ئازاد کردن، پاشتریش قسەلەسەر ئەم دەستە و تاقمانە بەوردی دەکەین کەلە ئایەتی (الصدقات)ی سورەتی (توبة)دا هاتوە. ئیبن ئەبی حاتەمیش دەڵێ: باوکم لە یەحیای کوڕی عەبدولحەمیدەوە لە شورەیکەوە لە ئەبی حەمزەوە لە شەعبیەوە، کە فاتمەی کچی قەیس بۆی باسکردوە و وتویەتی: پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کردوە: ئایا لەپارەدا مافی تر هەیە جگە لەزەکات؟

ئەڵێ: پێغەمبەریش ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ﴾ هەروەها ئیبن مەردەویە لە فەرموودەی ئادەمی کوڕی ئییاس و یەحیای کوڕی عەبدولحەمیدەوە ئەڵێ: شورەیك لە ئەبی حەمزەوە لە شەعبیەوە لە فاتمەی کچی قەیسەوە بۆی باسکردین، کە وتویەتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((في المال حق سوى الزكاة)) واتە: ماڵ وسامان مافی تری بەسەرەوەیە جگە لەزەکات. پاشان فەرمایشتی: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ

ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ﴾ هەتاوەکو ﴿وَفِي ٱلرِّقَابِ﴾ ئیبن ماجە و ترمزی تەخریجیان کردوە و (ئەبو حەمزە) مەیمونی ئەعوەری بەلاواز داناوە، هەروەها سەییار و ئیسماعیلی کوڕی سالم لە شەعبییەوە گێڕاویانەتەوە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ﴾ واتە: هەموکارەکانی نوێژی لە ڕکوع و سجود و خشوع بەتەواوی ئەنجامداوە بەو شێوە شەرعیە پەسەندەی کەخوازراوە، هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ﴾ لەوانەیە مەبەست پێی پاککردنەوەی نەفس و ڕزگارکردنی لەڕەوشتی ناپەسەندە وەك فەرمایشتی: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ۝٩ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠﴾ [الشمس: ٩ ـ ١٠]. واتە: بەڕاستی سەرفرازە ئەوەی کە پاك ڕای بگرێت و بێ هیوا کەسێکە کە پیسی بکات.

هەروەها فەرمایشتی موسا بۆ فیرعەون: ﴿هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ۝١٨ وَأَهْدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخْشَىٰ ۝١٩﴾ [النازعات: ١٨ ـ ١٩]، هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ ۝٦ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ [فصلت: ٦ ـ ٧]. لەوانەشە مەبەست پێی زەکاتی ماڵ وسامانبێت، وەك سەعیدی کوڕی جوبەیر و موقاتلی کوڕی حەیان دەڵێن: مەبەست لەباسکردنی ئەم تاقمانە و بەخشینی ماڵ پێیان خێر و چاکە و خزمایەتی بێت، هەربۆیە لەفەرموودەی فاتمەی کچی قەیس دا هاتبوو: کەماڵ و سامان جگە لە زەکات مافی تری تێدایە، پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟﴾ وەك فەرمایشتی: ﴿ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ ٱلْمِيثَٰقَ﴾ [الرعد: ٢٠]، ئەوانەی کە پابەندن بە بەڵێنەکانیان پێچەوانەی ئەم سیفەتەش دوڕوییە وەك لەفەرموودەی (صحیح)دا هاتووە: ((آية المنافق ثلاث: اذا حدث كذب، واذا وعد أخلف، واذا ائتمن خان)).

واتە: بەڵگە و نیشانەی دووڕوو سێ شتن: ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات و ئەگەر بەڵێنی دا نایباتە سەر و ئەگەر ئەمانەتی پێ سپێردرا خیانەتی لێ دەکات.

هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە: ((واذا حدث كذب، واذا عاهد غدر، واذا خاصم فجر)) هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ﴾ واتە: ئەوانەی ئارام دەگرن لەکاتی هەژاری و نەخۆشی ﴿فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ﴾ ﴿وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ﴾ لەکاتی کوشتار و جەنگ و ڕوبەڕوبونەوەی دوژمندا، ئیبن مەسعود و ئیبن عەباس و ئەبوعالیە و مورە هەمەدانی و موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و حەسەن و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و سەدی و موقاتلی کوڕی حەیان و ئەبومالیك و زەحاك و غەیری ئەوانیش ئەمەیان وتوە.

هۆی (نصب)کردنی ﴿ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ بۆ ستایش کردن وهاندانە بۆ ئارامگرتن لەم حاڵەتانەدا لەبەر قورسی و گرانی، خوای گەورەش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ﴾ واتە: ئەوانەی کە ئەم سیفەتانەیان تیادایە ئەوانە ڕاست دەکەن لەباوەڕیاندا، چونکە باوەڕی دڵیان بەقسە و کردەوە سەلماندوە و خۆیان لە حەرامکراوەکان پاراستوە و پەرستشەکانیان ئەنجام داوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ فَمَنۡ عُفِيَ لَهُۥ مِنۡ أَخِيهِ شَيۡءٞ فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيۡهِ بِإِحۡسَٰنٖۗ ذَٰلِكَ تَخۡفِيفٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَرَحۡمَةٞۗ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٧٨ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧٩﴾

خوای گەورە ئەفەرموویت: دادگەریتان لەتۆڵە سەندنەوەدا لەسەر نوسراوە ئەی باوەڕداران، ئازادتان بەئازاد و کۆیلەتان بەکۆیلە و ژن بەرامبەر بەژن، دەستدرێژی وزیادە ڕەوی مەکەن وەك ئەوانەی پێش ئێوە زیادە ڕویان کرد و حوکمی خوایان لەوبارەیەوە گۆڕی، هۆی ئەمەش (بني قريظة و بنو النضير)ە، ئەوەبوو (بنو النضير) لەنەفامیدا هێرشیان کردە سەر (قريظة) و

بەسەریاندا زاڵ بووبوون، جاکاتێك کەسێك لە(بنوالنضير) یەکێکی لە(بني قريظة) دەکوشت، نەدەکوژرایەوە لەتۆڵەیدا، بەڵکو سەدبار خورما فیدیەی دەدا، بەڵام ئەگەر کەسێکی (بني قريظة) کەسێکی (بنوالنضير)ی بکوشتایە ئەوە دەکوژرایەوە، ئەگەر فیدیەشیان بدایە دەبوو دوسەد بار خورمابدەن واتە دوو هێندەی فیدیەی (بني قريظة)، ئەوەبوو خوای گەورە فەرمانی کرد بە دادگەری لەتۆڵە سەندنەوەدا، نەوەك شوێنی ڕێبازی ئەو خراپە کارە لادەرانە بکەون کەڕێبازی خوایان شێواندوە، خوای گەورە فەرمووی: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ﴾. سەبارەت بەهۆکاری دابەزینیشی ئەوە پێشەوا موحەمەدی کوڕی ئەبو حاتەم لە ئەبوزەرعەوە لە یەحیای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی بەکیرەوە لە عوبدوڵڵای کوڕی لەهیعەوە لە عەتای کوڕی دینارەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە کە دەربارەی فەرمایشتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ﴾ واتە: ئەگەر بەئەنقەست بوو ئەوە ئازاد بەرامبەر بەئازاد، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەبوو کە دوو تیرەی عەرەب لەنەفامی بەشەڕ هاتبوون کوشت و کوشتار لەنێوانیاندا ڕوی دابوو تەنانەت کۆیلە و ژنیشیان کوشتبوو، ئەوەبوو ئەو مەسەلە لەنێوانیاندا مایەوە هەتاوەکو ئیسلام هات، یەکێك لەو دوو هۆزەش خۆی هەڵدەکێشا بەسەر هۆزەکەی تردا لەکەرەستە و ساماندا، ئەوانیش سوێندیان خوارد کە ڕازی نەبن هەتاوەکو کۆیلەی ئێمە ئازادی ئەوان و ژنی ئێمە پیاوی ئەوان نەکوژێت، هەتاوەکو فەرمایشتی: ﴿ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ﴾ دابەزی کەدواتر ئەمەش (نسخ)کرا بەفەرمایشتی ﴿ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ﴾ [المائدة: ٤٥] واتە:گیان بەرامبەر بەگیانە. هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تەلحە لە ئیبن عەباسەوە دەڵێ: ﴿وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ﴾ ئافرەت لەبری ئافرەت، چونکە ئەوان لەبری ئافرەت پیاویان نەدەکوشتەوە، بەڵکو لەبری پیاو پیاو لەبەری ژن ژنیان دەکوشت، خوای گەورەش: ﴿ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ﴾ واتە: نەفس لەبەرامبەر نەفسدایە و یەکسانن و چاویش بەچاوە. بەم پێیەش هەموو کەسە ئازادەکانی یەکسان کرد لە تۆڵە سەندنەوەدا لێیان، هەروەها کۆیلەکانیشی یەکسان کرد لە تۆڵە لێ سەندنەوەدا پیاوبن یاخود ئافرەت، هەروەها لە ئەبی مالیکەوە

گێڕدراوەتەوە کە ئەمە (نسخ) کراوەتەوە بەفەرمایشتی ﴿النَّفْسَ بِالنَّفْسِ﴾.

(مەسەلەیەك) ئەبوحەنیفە پێی وایە کە ئازاد لەبری کۆیلە دەکوژرێتەوە، بە بەڵگەی گشتی بونی ئایەتەکەی سورەتی(مائدة)، ئەمەش ڕای سەوری و ئیبن ئەبی لەیلا وداود و عەلی و ئیبن مەسعود و سەعیدی کوڕی موسەیب و ئیبراهیم نەخعی و قەتادە و حەکەمە، بوخاری و عەلی کوڕی مەدینی و ئیبراهیم نەخعی و سەوریش لەڕایەکدا ئەفەرمون: گەورە لەبری کۆیلەکەی دەکوژرێتەوە، بەبەڵگەی فەرموودەی حەسەن لە سەمرەوە: ئەوەی بەندەکەی بکوژێت دەیکوژینەوە، ئەوەی لوتی بەندەکەی ببڕێت لوتی دەبڕین، ئەوەش بەندەکەی بخەسێنێت دەی خەسێنین، بەڵام جمهور زۆرینە هاوڕانین لەگەڵیاندا ودەڵێن: کەسی ئازاد لەبری کۆیلە ناکوژرێتەوە، چونکە کۆیلە شتومەکە و ئەگەر بەهەڵە بکوژرێت، دیەی پێنادرێت، بەڵکو نرخ و بەهاکەی دەدرێت، هەروەها لەبەر ئەوە کەتۆڵە بۆلەدەست دانی ئەندامی ناکرێتەوە، کەواتە بۆگیانیشی ناکرێتەوە، هەروەها (جمهور) پێیان وایە کەموسڵمان لەبری بێباوەڕ ناکوژرێتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی کە لە(صحیح) ی بوخاری دا هاتووە لە عەلیەوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا یقتل مسلمٌ بکافر)) واتە: موسڵمان لەبری بێ باوەڕ ناکوژرێتەوە، هەر فەرموودە و لێکدانەوەیەکیش کە پێچەوانەی ئەمە بێت (صحیح)نیە.

هەرچی ئەبو حەنیفەشە ئەوە پێی وایە کە لەبری دەکوژرێت بەبەڵگەی ئایەتەکەی سورەتی (مائیدە).

(مەسەلەیەك) حەسەن و عەتا دەڵێن: پیاو لەبری ئافرەت ناکوژرێتەوە بەبەڵگەی ئەم ئایەتە، بەڵام جمهور پێچەوانەی ئەمان بیردەکەنەوە بەبەڵگەی ئایەتەکەی (مائیدە) و فەرموودەی: (المسلمون تتکافأ دماؤهم) واتە: موسڵمانان خوینیان وەك یەکە.

لەیس ئەفەرموێت: ئەگەر پیاوێك هاوسەرەکەی کوشت، ئەوە تەنها لەبری ئەو پیاوەکە ناکوژرێتەوە.

(مەسەلەیەك) مەزهەبی چوار ئیمامەکە و(جمهور) ئەوەیە کە کۆمەڵێك

لەبری کەسێك دەکوژرێنەوە، عومەر دەربارەی غولامێك وتی: ئەگەر خەڵکی (صنعاء) هەموو بەشدار بوبن لەکوشتنیدا ئەوە هەموویان لەجیاتی دەکوژمەوە، لەو سەردەمەشدا نەبیستراوە هیچ هاوەڵێك ڕای پێچەوانەی ئەو بوبێت ئەمەش وەك(إجماع)وایە، هەروەها لەپێشەوا ئەحمەد ڕیوایەتێك گێڕدراوەتەوە: کەکۆمەڵێك لەبری کەسێك ناکوژرێنەوە و لەبری کەسێك تەنها یەك کەس دەکوژرێتەوە، ئیبن مونزیر لە موعاز و ئیبن زوبەیر و عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان و زوهری و ئیبن سیرین و حەبیبی کوڕی ئەبی سابت گێڕدراویەتیەوە، پاشان ئیبن مونزیر ئەڵێت: ئەمە ڕاستترە، هیچ بەڵگەیەکیش نییە بۆ ئەو کەسانەی کە کوشتنی کۆمەڵیان لەبری کەسێك بەباش زانیوە، ئەمەش لە ئیبن زوبەیرەوە گێڕدراوەتەوە، ئەگەر هاوەڵان ناکۆك بوون، ئەوە پێویستی بەپێداچونەوەهەیە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَمَنْ عُفِيَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍ﴾(عفو) واتە: (دیە) قبوڵ بکات لەکوشتنی ئەنقەست دا، هەمان ڕاش لە ئیبن عالیە و ئەبی شەعسا و موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر وعەتا و حەسەن و قەتادە و موقاتیلی کوڕی حەیانەوە گێڕدراوەتەوە، زەحاکیش لەئیبن عباسەوە دەگێڕێتەوە: ﴿فَمَنْ عُفِيَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ﴾ واتە: هەر کەس لەلایەن براکەیەوە لەدیەدان بەخشرا پاش ساغ بونەوەی مافی خوێن، ئەو (عفو) ولێخوشبونە.﴿فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ ئەفەرموویت: لەسەر داواکار پێویستە کە چاکەی لەگەڵدا بکات ئەگەر دیەی قبوڵ کرد ﴿وَأَدَآءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍ﴾ واتە: بکوژ بەباشی دیەکەی ڕادەست بکات بەبێ کێشمەکێش.، هەروەها حەکەم لە فەرموودەی سوفیان لە عەمرەوە لە موجاهیدەوە لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ئەوەی کەپێویستە بەباشی دەیدات. هەروەها سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەبوشەعسا و جابری کوڕی زەید و حەسەن و قەتادە و عەتای خوراسانی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و سەدی وموقاتیلی کوڕی حەیانیش هەمان شتیان وتوە.

(مەسەلەیەك) مالیك ڕەحمەتی خوای لێبێت لەڕیوایەتی ئیبن قاسم دا، ئەمەش بەناو بانگە، ئەبو حەنیفە و هاوەڵانی، شافیعی و ئەحمەد لەیەکێك

لەڕاکانیدا وتویانە: بۆ سەرپەرشتیاری خوێنەکە نییە کەلە دیە خۆش بێت بەڕەزامەندی بکوژەکە نەبێت.

(مەسەلەیەك) کۆمەڵێك لەسەلەف پێیان وایە کە لێخۆش بوون بۆ ژنان نییە، لەوانە حەسەن و قەتادە و زەهری و ئیبن شبرمە و لەیس و ئەوزاعی بەڵام ئەوانی تر پێچەوانەی ئەم ڕایەن.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿ذَٰلِكَ تَخۡفِيفٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَرَحۡمَةٞۗ﴾ خوای گەورە ئەفەرموێت: دیەی بۆ داناون لەکوشتنی بەئەنقەست دا وەك ئاسانکاری و ڕەحمەتێك بۆتان، چونکە پێشتر و لەسەر ئوممەتەکانی تر دووشت پێویست کرابوو کوشتن یاخود لێخۆش بوون، وەك سەعیدی کوڕی مەنسور ئەڵێ: سوفیان لە عەمری کوڕی دینارەوە لە موجاهیدەوە لە ئیبن عەباسەوە ئەفەرموێت: کوشتنەوە لەبری کوشتن لەسەر (بني إسرائيل) نوسرابوو و لێخۆشبونیان بۆ نەبوو، خوای گەورەش بەم ئوممەتەی فەرموو: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ٱلۡحُرُّ بِٱلۡحُرِّ وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ وَٱلۡأُنثَىٰ بِٱلۡأُنثَىٰۚ فَمَنۡ عُفِيَ لَهُۥ مِنۡ أَخِيهِ شَيۡءٞ﴾ کەواتە: لێخۆش بون ئەوەیە کەدیە وەرگرێت لەکوشتنی ئەنقەست دا، ئەمەش لەلایەن زیاتر لە کەسێکەوە لە عەمرەوە گێڕدراوەتەوە و ئیبن حەبانیش لە(صحیح)ەکەیدا لە عەمری کوڕی دینارەوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها کۆمەڵێك لە موجاهیدەوە لە ئیبن عەباسەوە هاوشێوەی ئەمەیان گێڕاوەتەوە. قەتادەش ئەڵێ: ﴿ذَٰلِكَ تَخۡفِيفٞ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ خوای گەورە ڕەحمی کردوە بەم ئوممەتەو (دیەی بۆداناون) کە پێشتر بۆکەس حەڵاڵ نەبوە، چونکە شوێنکەوتوانی تەورات تەنها تۆڵەسەندنەوە یاخود لێخۆشبونیان بۆ هەبوو، شوێن کەوتوانی ئینجیلیش: تەنها لێخۆشبونیان بۆ هەبوو، بەڵام بۆ ئەم ئوممەتە کوشتنەوە و لێخۆشبوون و دیەشیان بۆ هەیە، ئەمەش لە سەعیدی کوڕی جوبەیر و موقاتیلی کوڕی حەیان و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ﴾ پەروەردگار ئەفەرموێت: هەر کەس پاش وەرگرتن و قبوڵ کردنی دیە کوژرا، ئەوە سزایەکی سەخت و توندی بۆ بڕیار دراوە لەلایەن پەروەردگارەوە، بەم شێوەیەش لە ئیبن عەباس و موجاهید و عەتا و عیکریمە و حەسەن و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و

سەدی و موقاتیلی کوڕی حەیانەوە گێڕدراوەتەوە کە ئەو دەکوژرێتەوە پاش وەرگرتنی دیە، وەك موحمەدی کوڕی ئیسحاق لە حارسی کوڕی فوزەیلەوە لە سوفیانی کوڕی ئەبی عەوجاوە لە ئەبی شەریح ی خوزاعیەوە گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((مَن أصيب بقتلٍ أو خبلٍ فانه يختار إحدى ثلاث: إما أن يقتصّ، وإمّا أن يعفوَ، وإمّا أن يأخذ الديةَ، فان أراد الرابعة، فخذوا على يديه، ومن اعتدى بعد ذلك فله نار جهنم خالداً فيها)) (ئەحمەد) گێڕاویەتیەوە.

واتە: هەر کەس کەسێکی لێ کوژرا یاخود شێت بوو ئەوە لەنێوان سێ شتدا سەرپشك دەکرێت: یان تۆڵە دەکاتەوە، یاخود لێی خۆش دەبێت، یان دیە وەردەگرێت، ئەگەر ڕێگەی چوارەمی هەڵبژارد ئەوە دەستی بگرن، هەرکەسیش پاش ئەوە دەست درێژی بکات ئەوە سزایەکی سەختی بۆهەیە.

هەروەها سەعیدی کوڕی ئەبو عروبە لە قەتادەوە لە حەسەنەوە لە سەمرەوە ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا أعافي رجلاً قتل بعد أخذ الدية)) واتە: هەرکەسێك پاش وەرگرتنی دیە کەسێك بکوژێتەوە دەی کوژمەوە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ﴾ پەروەردگار ئەفەرمووێت: لەدانانی تۆڵە سەندنەوەدا بۆتان، کە کوشتنەوەی بکوژە حیکمەتێکی گەورە هەیە کەپاراستنی گیانی مرۆڤە، چونکە بکوژ ئەگەر زانی دەکوژرێتەوە دەست هەڵدەگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستن و گێڕانەوەی گیان و ژیان بۆ مرۆڤەکان. لەکتێبەکانی پێشودا هاتوە: (القتل أنفى للقتل) واتە: کوشتن کۆتایی هێنەرە بەکوشتن، ئەم دەستەواژەیەش لەقورئاندا بەشێوەیەکی جوانتر و ڕەوانبێژانەتر هاتوە: ﴿وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ﴾ ئەبو عالیە ئەڵێت: خوای گەورە کوشتنەوەی بەژیان داناوە، چونکە چەندین کەس هەیە دەیەوێ خەڵك بکوژێت، بەڵام لەترسی کوشتنەوە ئەو کارە ناکات، ئەمەلە موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەبی مالیك و حەسەن و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و موقاتیلی کوڕی حەیانیشەوە گێڕدراوەتەوە.

﴿يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ ئەفەرمووێت: ئەی خاوەن ژیری

وتیگەیشتن ودڵەکان، بەڵکو دەست هەڵگرن و واز لە بەزاندنی سنوری خودا و گوناهکردن بێنن، (تقوی)ش ناوێکی کۆکەرەوەیە، بۆ ئەنجامدانی چاکە و واز هێنان لەخراپە.

﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٨٠﴾ فَمَنْ بَدَّلَهُۥ بَعْدَمَا سَمِعَهُۥ فَإِنَّمَآ إِثْمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٨١﴾ فَمَنْ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨٢﴾﴾

ئەم ئایەتە پیرۆزە فەرمان بە وەسیەت کردن لەلایەن دایك و باوك و خزمانەوە لەخۆ دەگرێت، ئەمەش پێش دابەزینی ئایەتی میرات لەسەر ڕاستترینی دووڕا واجب بووە، کاتێ ئایەتی (فرائض) دابەزی ئەم ئایەتەی (نسخ) کرد، میرات و بەشە دیاری کراوەکان لەلایەن پەروەردگارەوە فەرزێکرا لەلایەن خواوە کەخاوەنەکانی بەبێ وەسیەت و هەڵگرتنی منەتی وەسیەت کار، هەربۆیە لەو فەرموودەدا کەلە(سنن)و شوێنی تریشدا لە عەمری کوڕی خاریجەوە هاتووە ئەڵێ: گوێم لەپێغەمبەری خوابو وتاری ئەداو ئەی فەرمو: ((إن الله قد أعطى كل ذي حقٍّ حقهُ، فلا وصية لوارث)). واتە: خوای گەورە مافی هەمو خاوەن مافێکی داوە، کەواتە میراتبەر پێویستی بە وەسیەت نییە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێ: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عولیەوە لە یونسی کوڕی عوبەیدەوە لە موحەمەدی کوڕی سیرینەوە، ئەڵێن: ئیبن عەباس دانیشت و سورەتی (بقرة)ی خوێند هەتاوەکو گەیشتە ئایەتی: ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ﴾و فەرمووی: ئەم ئایەتە نەسخ کراوە، بەهەمان شێوە سەعیدی کوڕی مەنسور لە هەشیمەوە لە یونسەوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها حاکم لە(مستدرك)دا گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: (صحیح)ە بەپێی مەرجی بوخاری و موسلیم، عەلی کوڕی ئەبی تەلحەش لە

ئیبن عەباسەوە سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ﴾ ئەفەرموویت: پێشتر لەگەڵ دایك و باوکدا کەس میراتی نەدەبرد مەگەر وەسیەت بوایە بۆ خزمان، پاشان خوای گەورە ئایەتی میراتی دابەزند و میراتی دایك و باوکی ڕون کردەوە و وەسیەتیشی بۆخزمان لەسنوری سێ یەکدا پەسەند کرد.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: حەسەنی کوڕی موحەمەدی کوڕی سەباح لە حەججاجی کوڕی موحەمەدەوە، لە ئیبن جەریرەوە لە عوسمانی کوڕی عەتاوە لە ئیبن عەباسەوە، دەربارەی فەرمایشتی: ﴿ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ﴾ ئەڵێت: ئەم ئایەتە نەسخی کردوە ﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ۝٧﴾ [النساء:٧]. پاشان ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت لە ئیبن عومەر و ئەبی موسا و سەعیدی کوڕی موسەییب و حەسەن و موجاهید وعەتا و سەعیدی کوڕی جوبەیر و موحەمەدی کوڕی سیرین و عیکریمە و زەیدی کوڕی ئەسلەم و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و قەتادە و سەدی و موقاتیلی کوڕی حەیان و تاوس و ئیبراهیم نەخعی و شورەیح و زەحاك و زەهری گێڕدراوەتەوە کە وتویانە: ئەم ئایەتە بەئایەتی میرات نەسخ کراوە. ئەوەی کەسەر سوڕهێنەرە لێرەدا ئەوەیەکە ئەبی عەبدوڵڵا موحەمەدی کوڕی عومەری ڕازی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، کەلە تەفسیرەکەی دا لە ئەبی موسلیمی ئەسفەهانیەوە دەیگێڕێتەوە کە گوایا ئەم ئایەتە نەسخ نەکراوە، بەڵکو ڕاڤە کراوە بەئایەتی (میرات)، ماناکەشی ئەوەیە: ئەوەی کە خوای گەورە داوای کردوە لە میراتدان بەدایك و باوك و خزمان لەسەرتان نوسراوە لەفەرمایشتی ﴿يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِىٓ أَوْلَٰدِكُمْ﴾ [النساء:١١] ئەڵێت: ئەمە فەرمایشتی زۆرینەی موفەسیر و زانا و ناودارەکانە، ئەڵێ: هەندێکیشیان وتویانە: ئەم ئایەتە نەسخ کراوە بۆ ئەو کەسەی کە میرات دەبات و ماوە و کاری پێدەکرێت بۆ کەسێك کە میرات نابات، ئەمەش بۆچونی ئیبن عەباس و حەسەن و مەسروق و تاوس و زەحاك و موسلیمی کوڕی یەسار و عەلای کوڕی زیادە ئەڵێم: هەروەها سەعیدی کوڕی جوبەیر و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و قەتادە و موقاتیلی کوڕی حەیانیش هەمان شتیان وتوە، بەڵام بەپێی قسەی ئەوانە بەمە ناوترێت

(نسخ) لەزاراوەی ئەم دواییانەدا، چونکە ئایەتی میرات تەنیا حوکمی هەندێ لەو تاکانەی هەڵگرتوە کە ئایەتی وەسیەت باسی لێوە کردوە. چونکە خزمە نزیکەکان گشتگیر ترە لەوانەی کە میرات ئەبەن یاخود نایبەن، بۆیە حوکمی ئەو کەسانەی هەڵگرتوە کەمیرات دەبەن لەبەرامبەر ئەوەدا کەبۆی دیاری کراوە ئەوانی تریش بەو شێوەیە ماونەتەوە کە ئایەتی یەکەم دیاری کردوە. ئەمەش بەپێی ڕای ئەو کەسانەی کە دەڵێن: وەسیەت لەسەرەتای ئیسلامدا سونەت بوو پاشان نەسخ کرا. ئەوانەش کەدەڵێن واجب بوە وەك لەڕواڵەتی ئایەتەکەدا دەردەکەوێت، ئەوە دەخوازێت نەسخ کرابێت بەئایەتی میرات وەك زۆربەی موفەسیر و زانا ناودارەکان دەڵێن، چونکە واجب بونی وەسیەت بۆ دایك و باوك و میراتگرە نزیکەکان نەسخ کراوە بەکۆی دەنگی زانایان، بەڵکو نەهی لێکراوە بەبەڵگەی فەرموودەی پێشو: ((إن الله قد اعطى كل ذي حق فلا وصية لوارث)) کەواتە ئایەتی میرات حوکمێکی سەربەخۆی هەیە و لەلایەن پەروەردگارەوە فەرز کراوە بۆ خاوەن (فروض و عصبات) حوکمی ئەمەی بەتەواوی پێ هەڵگیراوە و ئەو خزمانە ماونەتەوە کە میرات نابەن، ئەوانیش واباشە کەلەسنوری سێ یەکدا وەسیەتیان بۆ بکات. بەبەڵگەی ئەوەی کەلە (صحیحین)دا لە ئیبن عومەردا هاتووە، فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ما حق امرئٍ مسلم له شيء يوصي فيه يبيت ليلتهن إلّا ووصيته مكتوبة عنده)) واتە: مافی موسڵمانێك نییە کەشتێکی هەبێت وەسیەتی تیادا بکات و دوو شەو بمێنێتەوە و وەسیەت نەکات. ئیبن عومەر دەڵێت: لەو کاتەوە هیچ شەوێك بەسەرمدا تێنەپەڕیوە وەسیەتم ئامادە نەبوبێت ئایەت و فەرموودەکانیش لەبارەی فەرمان کردن بەچاکە و باشبوون لەگەڵ خزماندا زۆر و زەبەندەیە. هەروەها عەبدی کوڕی حەمید لە(مسند)ە کەیدا ئەڵێت: عەبدوڵڵا لە موبارەکی کوڕی حەسسانەوە، لە نافیعەوە ئەڵێ: عەبدوڵڵا وتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی، خوای گەورە دەفەرموێت: ((يا ابن آدم ثنتان لم يكن لك واحدة منهما: جعلت لك نصيباً في مالك حين أخذت بكظمك لأطهرك به وأزكيك، وصلاة عبادي عليك بعد انقضاء أجلك)).

واتە: ئەی نەوەی ئادەم دووشت هەیە کە تۆ یەکێکیانت نەبوو: پشکم

بۆدانایت لەسامانەکەت دا هەتاوەکو بەهۆیەوە پاك ببیتەوە، دوعای بەندەکانیشم بۆت پاش مردنت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا﴾ واتە: ئەگەر سامانی لێ بەجێما، ئەمەش وتەی ئیبن عەباس و موجاهید و عەتا و سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەبوعالیە و عەتیەی عەوفی و زەحاك و سەدی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و موقاتیلی کوڕی حەیان و قەتادە و خەڵکانی تریشە.

هەروەها هەندێکیشیان وتویانە وەسیەت بۆ حاڵەتێکە کە پارەیەکی زۆری جێ هێشتبێت، پاشان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر بڕەکەی، لەم بارەیەوە ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدی موقری لە سوفیانی کوڕی هیشامی کوڕی عوروەوە لەباوکیەوە، ئەڵێت: بەعەلیبان وت (ڕەزای خوای لێ بێت) پیاوێك لەقورەیش مرد و سێ یان چوارسەد دیناری جێهێشت و وەسیەتی نەکرد؟ فەرمووی ئەوە هیچ نییە، خوای گەورە فەرموویەتی ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا﴾ واتە: بڕێکی زۆر. هەروەها دەڵێ: هارونی کوڕی ئیسحاقی هەمەدانی لە عەبدەی کوڕی سولەیمانەوە لە هیشامی کوڕی عوروەوە لەباوکیەوە کە پێشەوا عەلی سەردانی پیاوێکی کرد بەبۆنەی نەخۆشیەوە و کابراش وتی: وەسیەت بکەم؟ فەرمووی: خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا﴾ تۆشتێکی کەمت هەیە جێی بهێڵە بۆ منداڵەکانت.

حاکمی کوڕی ئەبان لە عیکریمەوە لە ئیبن عەباسەوە ﴿إِن تَرَكَ خَيْرًا﴾ ئیبن عەباس دەفەرموێت هەر کەس شەست دیناری جێ نەهێشتبێت ئەوا ﴿خَيْرًا﴾ نایگرێتەوە، (تاووس) ئەڵێ: ئەوەی هەشتا دیناری جێ نەهێشتبێت ﴿خَيْرًا﴾ نایگرێتەوە، هەروەها قەتادە ئەڵێ: هەزار و بەرەو ژور هەروەها فەرمایشتی ﴿بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ واتە: بەچاکە، وەك (ئیبن ئەبی حاتەم) دەڵێت: حەسەنی کوڕی ئەحمەد لە ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی بەشارەوە لە سروری کوڕی موغیرەوە لە عبادی کوڕی مەنسورەوە لە حەسەنەوە ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ﴾ فەرمووی: بەڵێ وەسیەت حەقە لەسەر هەموو موسڵمانێك کەوەسیەت بکات لەکاتی سەرەمەرگیدا بەچاکە نەك

بەخراپە، مەبەست لە (معروف) ئەوەیە کەوەسیەتێك بکات بۆ خزمەکانی کە زیان بەمیراتگرەکانی نەگەیەنێت و زیادەڕەوی و چروکیشی تیادا نەبێت، وەك لە(صحیحین)دا هاتوە کە سەعد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا من ماڵ و سامانێکم هەیە و تەنیا کچێکم هەیە کە میراتم لێ ببات ئایا دوو لەسەر سێ ی ماڵەکەم وەسیەت بکەم بۆی؟ فەرمووی:(لا) واتە: نەخێر، وتی ئەی نیوەی؟ فەرمووی: (لا) واتە: نەخێر، وتی: ئەی سێ یەك؟ فەرمووی: (الثلث، والثلث کثیر، إنّك إن تذر ورثتك أغنیاء خیر من ان تدعهم عالة یتکففون الناس).

واتە: سێ یەك، سێ یەکیش زۆرە، تۆ ئەگەر منداڵەکانت بەدەوڵەمەندی جێبهێڵێت باشترە لەوەی کە هەژاربن و دەست لە خەڵکی پان بکەنەوە.

هەروەها لە(صحیح)ی بوخری دا هاتوە کە ئیبن عەباس فەرمووی: خۆزگە خەڵکی لەسێ یەکەوە دەیانکرد بەچوار یەك، چونکە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: (الثلث، والثلث کثیر)) واتە: سێ یەك سێ یەکیش زۆرە، هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە ئەبی سەعیدی خزمەتگوزاری بەنی هاشمەوە لە زیادی کوڕی عوتبەی کوڕی حەنزەلەی کوڕی جوزیمی کوڕی حەنیفەوە: کە حنیفەی باپیری وەسیەتی کرد بۆ هەتیوێك کە لای دەژیا بەپێدانی سەد حوشتر، بەڵام ئەمە بەلای کوڕەکانیەوە قورس بوو، کاتێ کێشەکەیان بردە خزمەت پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) حەنیفەوتی: من وەسیەتم کردوە سەد حوشتر بدرێت بەهەتیوێك کە لای خۆم دەژی، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا، لا، لا، الصدق خمسٌ وإلّا فعشر وإلا فخمس عشرة وإلا فعشرون وإلا فخمس وعشرون وإلا فثلاثون وإلا فخمسٌ وثلاثون فإن کثرت فأربعون)) فەرموودەکە بەدرێژی دەهێنێت.

واتە: (نەخێر، نەخێر، نەخێر، خێر پێنج یان دە یان پازدە... هەتاوەکو ئەگەر زۆربوون با چل بێت)).

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ بَعۡدَمَا سَمِعَهُۥ فَإِنَّمَآ إِثۡمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ١٨١﴾ پەروەردگار ئەفەرموێت: هەر کەس وەسیەت بگۆڕێت

یاخود دەسکاری بکات بەزیاد کردن بۆی یاخود کەمکردنەوە لێی، بێگومان ئەمە شاردنەوەشی دەگرێتەوە ﴿فَإِنَّمَآ إِثۡمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓۚ﴾ ئیبن عەباس دەڵێ: ئەوە پاداشتی مردوەکە لای خوایە و تاوانەکەش لەئەستۆی ئەوانەدایە کە دەستکاریان کردوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ واتە: خوای گەورە بە ئاگایە لەو وەسیەتەی کە مردوەکە کردویەتی و ئەو دەستکاریەش کە وەسیەت بۆ کراوەکان کردویانە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَمَنۡ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوۡ إِثۡمٗا﴾ ئیبن عەباس و ئەبوعالیە و موجاهید و زەحاك و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و سەدی ئەڵێن: (الجنف) واتە: هەڵە، ئەمەش هەموو جۆرە هەڵەیەك دەگرێتەوە، وەك ئەوەی کە میرات گرێك زیادبکەن، یاخود وەسیەت بکات بەفرۆشتنی فلانە شت وەك لایەن گریەك، یاخود وەسیەت بۆ کچەزاکەی بکات کەپشکی زیاد بکرێت، یان بەهەر شێوەیەکی تر. یاخود بەهەڵە و بەبێ مەبەست یان بەهۆی سۆز و بەزەییەوە بەبێ مەبەست و ئاگایی. ئەوە بۆ سەرپەرشتیاری وەسیەت هەیە کە مەسەلەکە ڕاست بکاتەوە بەجۆرێك کەڕەچاوی لایەنی شەرعی تیادا بکرێت و واز لەوە بێنێت کە مرد و کردویەتی و کار بەشتێك بکات کەنزیك بێت لێیەوە بەڵام دروست و شەرعی بێت، ئەمەش چاکسازی و گونجاندنە نەك گۆڕین ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: عەباسی کوڕی وەلیدی کوڕی مەزید قەرائە لەباوکیە، لە ئەوزاعیەوە، ئەڵێ: زوهری وتی: عوروە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) بۆی گێڕامەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((یردّ من صدقة الجانف في حياته مايردّ من وصية المجنف عند موته)) ئەبوبەکری کوڕی مەردەویەیهیش بەم شێوە لەفەرموودەی عەباسی کوڕی وەلیدەوە گێڕاویەتیەوە. واتە: ئەوەی کەلە خێری هەڵەکردوو دەگێڕدرێتەوە لەکاتی ژیانیدا، لەوەسیەتیشی دەگێڕدرێتەوە لەکاتی مردنیدا. ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: وەلیدی کوڕی یەزید هەڵەی کردوە لەمەدا، چونکە ئەمە قسەی عوروەیە نەك پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ، وەلیدی کوڕی موسلیمیش لە ئەوزاعیەوە گێڕاویەتیەوە لە عوروە تێنەپەڕیوە. ئیبن مەردەویەیهش دەڵێ: موحەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە ئیبراهیمی کوڕی یوسفەوە لە

هیشامی کوڕی عەممارەوە لە عومەری کوڕی موغیرەوە لە داودی کوڕی ئەبی هیندەوە لە عیکریمەوە لە ئیبن عەباسەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((الجنف في الوصية من الكبائر)). واتە: لاری لێدان لە وەسیەتدا لە گوناهە گەورەکانە. بەرز کردنەوەی ئەمەش بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) جێی تێبینیە.

باشترین شتێکیش کە لەم بوارەدا هاتبێت ئەوەیە کە عەبدولڕەزاق وتویەتی: موعەمەر لە ئەشعەسی کوڕی عەبدوڵڵاوە لە شەهر کوڕی حەوشەبەوە، لە ئەبو هورەیرەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إن الرجل ليعمل بعمل أهل الخير سبعين سنة، فاذا أوصى حاف في وصيته، فيختم له بشر عمله فيدخل النار، وان الرجل ليعمل بعمل الشر سبعين سنة، فيعدل في وصيته، فيختم له بخير عمله، فيدخل الجنة) أبو هريرة.

ئەڵێ ئەگەر ئەتانەوێت ئایەتی ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾ بخوێننەوە

واتە: کەسێك حەفتا ساڵ کاری چاکە و خێردەکات بەڵام کاتی وەسیەت لاری لێدەدات و لەسەر ئەو کردەوە خراپە دەمرێت ودەچێتە دۆزەخ، کەسێکیش حەفتا ساڵ کاری خراپ دەکات، بەڵام لەوەسیەت دا دادگەر دەبێت و بەو کارەباشەوە دەمرێت و دەچێتە بەهەشت.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ أَيَّامٗا مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥۚ وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١٨٤﴾﴾

خوای گەورە لێرەدا ڕوی گوتاری دەکاتە باوەڕداران و فرمانیان پێ دەکات بەڕۆژوو گرتن، کەبریتیە لەخۆگرتنەوە لەخواردن و خواردنەوە و جوت بوون، بەنیەتێکی پاك بۆ خوا بەهۆی ئەو پاکبونەوە و پاڵفتەکردنە دەرونیەی

کەلە خۆی دەگرێت، هەروەها ڕونی کردوەتەوە کەئەو ڕۆژووی لەسەر ئەوان فەرز کردوە وەك چۆن لەسەر ئوممەتەکانی پێش ئەویش فەرز کراوە، کەواتە پێشینە و پێشەنگیان هەیە لەو بارەیەوە حەقیشە ئەمان هەوڵبدەن باشتر لەخەڵکانی تر ئەنجامی بدەن، وەك پەروەردگار ئەفەرموێت: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ﴾ [المائدة:٤٨] هەربۆیە لێرەدا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾﴾.

چونکە ڕۆژوو تەزکیە و پاڵفتەکردنی دەرون و بەرتەسك کردنەوەی ڕێچکەکانی شەیتانە، هەربۆیە لە(صحیحین)دا هاتوە: ((یا معشر الشباب من استطاع منکم الباءة فلیتزوج ومن لم یستطع فعلیه بالصوم فانّه له وجاء)). واتە: ئەی کۆمەڵی لاوان: هەر کەس لەئێوە توانای هەبوو باهاوسەر گیری بکات ئەگەر نەیتوانی ئەوە باڕۆژوو بگرێت، چونکە ئەوە دەیپارێزێت.

پاشان ڕادە و بڕی ڕۆژوو دیاری دەکات کە هەموو ڕۆژێك نییە، هەتاوەکو گران نەبێت لەسەر بەندەکان و توانای ئەنجامدانیان هەبێت، ئەمەش لەسەرەتای ئیسلامدابوو، کەلە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژو دەبون، پاشان ئەمە نەسخ کرا بەڕۆژوی مانگی ڕەمەزان وەك دواتر ڕونی دەکەینەوە.

گێڕدراوەتەوە کە ڕۆژوو یەکەم جار بەو جۆرە بوە کەئوممەتەکانی پێش ئێمە گرتویانە. واتە: لەهەرمانگێکدا سێ ڕۆژ، لە موعاز و ئیبن مەسعود و ئیبن عەباس و عەتا و قەتادە و زەحاکی کوڕی موزاحیمەوە وتویانە: ئەم شێوازە لەسەردەمی نوحەوە پەیڕەو کراوە هەتاوەکو بەگرتنی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزانەوە نەسخ کرا، عەبادی کوڕی مەنسور لە حەسەنی بەسرییەوە ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ﴾ فەرمووی: بەڵێ، سوێند بەخوا ڕۆژوی لەسەر هەموو ئوممەتەکانی پێشوو نوسی بوو، وەك چۆن یەك مانگی تەواو لەسەر ئێمەی نوسیوە ﴿أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ﴾ واتە: چەند ڕۆژێکی دیاری کراو،

هاوشێوەی ئەمە لە سەدیشەوە گێڕدراوەتەوە، هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم لەفەرموودەی ئەبی عەبدولڕەحمانی موقریەوە، لە سەعیدی کوڕی ئەیوبەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی وەلیدەوە لە ئەبی ڕەبیعەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((صيام رمضان كتبه الله على الأمم قبلكم)) لە فەرموودەیەکی درێژدا کە ئەوەندەی لێ باسکراوە.

واتە: ڕۆژی ڕەمەزان خوای گەورە لەسەر ئوممەتەکانی پێش ئێوەشی نوسیوە.

هەروەها ئەبو جەعفەری ڕازی لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە لەوکەسەوە کەلە ئیبن عومەرەوە بۆی گێڕاوەتەوە، کە وتویەتی: ئایەتی ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ هاتە خوارەوە، لەسەریان نوسراوە ئەگەر یەکێکیان نوێژی عیشای کرد و خەوت ئەوە خواردن و خواردنەوە و جیماعی لێ حەرام دەبوو هەتاوەکو هەمان کاتی ڕۆژی دواتر، ئیبن ئەبی عالیە و عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا و موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و موقاتیلی کوڕی حەیان و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و عەتای خوراسانی ئەمەیان وتوە، عەتای خوراسانیش لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: ﴿كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ مەبەستی ئەهلی کیتابە، هەروەها لە شەعبی و سەدی وعەتای خوراسانیشەوە هاوشێوەی ئەمە گێڕدراوەتەوە پاشان حوکمی ڕۆژوو ڕون دەکاتەوە بەو شێوەی کەلەسەرەتای ئیسلامدا هەبووە و دەفەرموێت:

﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ واتە: نەخۆش و ڕێبوار لەکاتی سەفەردا بەڕۆژوونابن، لەبەرئەو زەحمەتەی کە دوچاریان دەبێت، لەبەر ئەوە ڕۆژوو دەشکێنن ودواتر دەیگڕنەوە، سەبارەت بەلەشساغی نیشتەجێ کەتوانای ڕۆژوو گرتنی هەیە، ئەوە سەرپشك کرابوو لەنێوان ڕۆژوو گرتن و هەژار تێرکردندا، ئەگەر ویستی بەڕۆژو دەبێت و ئەگەرنا دەی شکێنێت و لەبری هەر ڕۆژێك نانی هەژارێك دەدا، ئەگەر زیاتر لەهەژارێکی تێر کرد لەبری هەر ڕۆژێك ئەوە باشترە، بەڵام ئەگەر بەڕۆژو

بوایە ئەوە لەخواردن بەخشین باشتر بوو، ئیبن مەسعود و ئیبن عەباس و موجاهید و تاوس و موقاتیلی کوڕی حەیان و خەڵکانێکی تر لەسەلەف ئەمەیان فەرموە.

هەربۆیە فەرموویەتی ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ ۚ وَأَن تَصُومُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾

پێشەوا ئەحمەد لە ئەبونەزرەوە لە مەسعودییەوە، لە عەمری کوڕی موڕرەوە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلاوە لە موعازی کوڕی جەبەل (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەفەرموێت: نوێژ بەسێ حاڵەت و ڕۆژو بەسێ حاڵەت دا تێپەڕین، هەرچی حاڵەتەکانی نوێژە، ئەوە کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) هاتە مەدینە حەڤدە مانگ ڕوەو (بیت المقدس) نوێژی کرد، پاشان خوای گەورە فەرمایشتی: ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِى ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ﴾ [البقرة: ١٤٤]. ئەوە بوو خوای گەورە ڕوگەی گۆڕی بۆ قیبلە، ئەڵێ: ئەوەبوو کۆ دەبونەوە یەکتریان بۆ نوێژ ئاگادار دەکردەوە، هەتاوەکو زەنگیان لێدا یاخود خەریك بوو زەنگیان لێدەدا، پاشان پیاوێك لە(ئەنسار) کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی زەیدبوو هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا من لەخەومدا بینیم، هەرچەندە ئەگەر بڵێم نەخەوتبووم ئەوە ڕاست دەکەم، لەخەومدا پیاوێکم بینی کە دوو پۆشاکی سەوزی لەبەردابوو، ئەوەبوو ڕوی کردە قیبلە و وتی: (الله اکبر الله اکبر أشهد أن لا إلٰه إلّا الله) - دووجار - هەتاوەکو کۆتایی بانگ، پاشان ماوەیەك بێدەنگ بوو، پاشان هاوشێوەی ئەوەی وت کە وتی، بەڵام ئەمەی بۆزیاد کرد: (قد قامت الصلاة) دوجار، پێغەمبەریش فەرمووی: (علمّها بلالاً فلیؤذن لها) واتە: فێری بیلالی بکە با بیفەرموێت، ئەوەبوو بیلال یەکەم کەس بوو کە بانگی بەم شێوەیەدا، ئەڵێ پاشان عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتوو فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەی کە ئەو بینی منیش لەخەودا بینیم، بەڵام ئەو پێش من کەوت. ئەمە دووحاڵەت، ئەڵێ ئەوەبوو دەهاتن بۆ نوێژ بەڵام پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) پێشیان دەکەوت، هەربۆیە لەیەکتریان دەپرسی چەند ڕکاتی کردوە؟ ئەوانیش ئەیان وت: یەك

یان دوان، ئەوانیش دەیانکرد و پاشان لەگەڵ ئەواندا دەچوە نوێژەوە، ئەڵێ ئەوەبوو موعاز هات و وتی: ئەوم لەهەر حاڵەتێکدا بینیبێت خۆشم هەمان شتم کردوە پاشان ئەوەم قەزاکردەوە کەپێش من کردبوی، ئەڵێ: ئەوەبوو هات بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) هەندێکی کردبوو، ئەڵێ: لەگەڵیدا مایەوە، کاتێ پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) لێبویەوە ئەویش هەستا و بەقەزا گێڕایەوە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((انه قد سن لكم معاذ فهكذا فاصنعوا)) واتە: موعاز ئەمەی بۆ کردن بەسونەت، ئێوەش هەروابکەن، ئەمە هەرسێ حاڵەتەکە، هەرچی حاڵەتەکانی ڕۆژوشە، ئەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) لەهەرمانگێك سێ ڕۆژ و عاشوراش بەڕۆژوو دەبوو، پاشان خوای گەورە ڕۆژوی لەسەر فەرز کرد و فەرمووی.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ﴾ إلى قوله: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ﴾ ئەوەبوو هەر کەس بیویستایە بەڕۆژو دەبو ئەوەش بیویستایە هەژارێکی تێر دەکرد و ئەمە شوێنی ڕۆژوەکەی بۆ دەگرتەوە، پاشان خوای گەورە ئایەتەکەی تری بۆ دابەزاند ﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ﴾ [البقرة:١٨٥] هەتاوەکو ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ﴾ [البقرة:١٨٥] ئەوەبوو پەروەردگار ڕۆژوی لەسەر نیشتەجێ و لەشساع فەرز کرد و نەخۆش و ڕێبواریشی مۆڵەتدا و هەژار تێرکردنیشی بۆئەو بەساڵاچوە جێگیر کرد کەتوانای ڕۆژو گرتنی نەماوە، ئەمەش دوو حاڵەت، ئەڵێ: ئەوەبوو هەتاوەکو نەخەوتنایە دەیان خوارد و دەیان خواردەوە و دەچونە لای ئافرەت، بەڵام کاتێ دەخەوتن وازیان دەهێنا، پاشان پیاوێك لە ئەنسار کەپێیان دەوت (صرمة)، بەزمانی بەڕۆژوەوە کاری دەکرد هەتاوەکو ئێوارە، ئەوەبوو ئێوارە هاتەوە بۆ ماڵ و نوێژی عیشای کرد پاشان خەوت و نان و ئاوی نەخوارد هەتاوەکو بەیانی و بەیانیش بەڕۆژوو بوو، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لێ بێت) بینی لەوپەڕی ماندوبون و هیلاکی دایە بۆیە فەرمووی: ((مالي أراك جهدت جهداً شديداً؟)) واتە: بۆچی ئەوەندە هیلاك بویت؟ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من دوێنێ ئیشم کرد و درەنگ هاتمەوە، خۆم دابەزەویدا خەوتم و بەیانیەکەشی بەڕرژوو بووم،

ئەڵێ: عومەریش شەو پاش خەوتن چوبوە لای خێزانەکەی ئەوەبوو هاتە خزمەت پێغەمبەر و بۆی باس کرد، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ إلى قوله: ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ﴾ [البقرة: ١٨٧]. واتە: لەشەوگاری ڕەمەزاندا تێکەڵ بونتان لەگەڵ هاوسەرانتاندا حەڵالکراوە، ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان، خوای گەورە دەیزانی کە ئێوە خۆتان دەخەڵەتاند، بەڵام خوای میهرەبان تەوبەی لێوەرگرتن و لێتان خۆش بوو، کەوابوو لەئێستا بەدواوە نزیکیان بکەن و ئەوە داوابکەن خوا بۆی بڕیار داون، دەبخۆن و بخۆنەوە هەتاوەکو بەڕونی بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ دەردەکەوێت و تاشەو بەردەوام بن.

هەروەها ئەبو داود لە(سنن)ەکەیدا و حاکم لە(مستدرك)دا لەفەرموودەی مەسعوودیەوە، هەروەها بوخاری و موسلیم لەفەرموودەی زوهری لە عوروەوە لە عائیشەوە کە فەرموویەتی: ڕۆژی عاشورا ڕۆژوی تیادا دەگیرا، کاتێ ڕەمەزان فەرز بوو هەر کەس بیویستایە بەڕۆژو دەبوو هەر کەس نەی ویستایە بەڕۆژوو نەدەبوو بوخاریش لە ئیبن عومەر و ئیبن مەسعودەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕایەوە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ وەك موعاز (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لەسەرەتادا ئەوەی بیویستایە بەڕۆژو دەبو ئەوەی نەی ویستایە نەیدەگرت و لەبری هەر ڕۆژێك هەژارێکی تێر دەکرد بوخاریش بەهەمان شێوە لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە ئەیگێڕێتەوە کەوتویەتی: کاتێ فەرمایشتی ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾: هاتە خوارەوە ئەوەی ڕۆژوی نەگرتایە فیدیەی دەدا هەتاوەکو ئایەتی پاش ئەو دابەزی و(نسخ)ی کرد، هەروەها لەفەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی نافیعەوە لە ئیبن عومەرەوە گێڕدراوەتەوە، ئەڵێن: ئەم ئایەتە نەسخ کراوە، سەدیش لە موڕەوە لە عەبدوڵڵاوە، ئەڵێن کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ ئەڵێ ئەیوت: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ﴾ واتە: ئەوانەی کە ناڕەحەت دەبن فیدیە بدەن کە تێرکردنی هەژارێکە. عەبدوڵڵا ئەڵێ: ئەوەی بیویستایە بەڕۆژو دەبوو، ئەوەشی بیویستایە بەڕۆژوو نەدەبوو و

لەجیاتی هەژارێکی تێر دەکرد. ﴿فَمَن تَطَوَّعَ﴾ ئەڵێت: هەژارێکی تری تێر بکات ﴿فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ وَأَن تَصُومُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ ئەوەبوو بەو شێوە بوون هەتاوەکە ئایەتی ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ نەسخی کرد.

هەروەها بوخاری دەڵێت: ئیسحاق، لە ڕوحەوە لە زەکەریای کوڕی ئیسحاقەوە لە عەمری کوڕی دینارەوە لە عەتاوە: کە گوێی لە ئیبن عەباس بوو ئایەتی ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ی دەخوێندەوە، ئیبن عەباس وتی: ئەمە نەسخ نەکراوە، مەبەست پیاو و ئافرەتی بەساڵا چوون کەناتوانن ڕۆژو بگرن، لەبری ئەوە هەمو ڕۆژێك هەژارێك تێر دەکەن، هەروەها ئەمە لەزیاتر لەکەسێکەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویانەتەوە.

هەروەها ئەبوبەکری کوڕی ئەبی شەیبە ئەڵێت: عەبدولڕەحیمی کوڕی سولەیمان لە ئەشعەسی کوڕی سوارەوە، لە عیکریمەوە لە ئیبن عەباسەوە، فەرمووی: ئەم ئایەتە ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ سەبارەت بەپیر و بەساڵاچو هاتە خوارەوە کە توانای ڕۆژوو گرتنی نەماوە، پاشان زیاتری کرد و ڕوخسەتی دا کەلەبری هەر ڕۆژێك هەژارێك تێربکات.

هەروەها حافظ ئەبوبەکری کوڕی مەردەوەیە لە موحەمەدی کوڕی ئەحمەدەوە لە حسەینی کوڕی بەهرامی مەخزومی لە وەهەبی کوڕی بەقیە لە خالیدی کوڕی عەبدوڵڵاوە لە ئیبن ئەبی لەیلاوە ئەڵێت: لەمانگی ڕەمەزاندا چومە لای عەتاو لەوکاتەدا نانی دەخوارد، وتی ئیبن عەباس فەرمووی: کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ئەوەبوو ئەوەی بیویستایە بەڕۆژوو دەبوو ئەوەی نەیویستایە ڕۆژوی نەدەگرت و لەجیاتی ئەوە هەژارێکی تێر دەکرد، پاشان یەکەم نەسخ کرا بۆ پیری بەساڵاچوو کەلەبری هەر ڕۆژێك هەژارێك تێر دەکات.

پوختەی باس ئەوەیە کەنەسخ کردنەکە بۆ کەسی نیشتەجێ ی لەش ساغ بەدی هاتوە بە فەرزبوونی ڕۆژوو لەسەری بەفەرمایشتی ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ هەرچی پیاوی پیریشە کەتوانای ڕۆژو گرتنی نییە، ئەوە بۆی هەیە ڕۆژو نەگرێت و گێڕانەوەشی لەسەر نییە، چونکە دواتریش توانای

گرتنەوەی ڕۆژووی نییە، بەڵام ئایا ئەگەر ڕۆژوی نەگرت پێویست دەبێ لەسەری کە لەبری هەر ڕۆژێك هەژارێك تێر بکات، ئەگەر توانای هەبوو، دوو ڕای لەسەرە یەکەمیان: تێرکردنی هەژارێکی لەسەر پێویست نییە، چونکە توانای ئەوەی نییە بەهۆی بەساڵاچونیەوە، بۆیە فیدیەی لەسەر پێویست نییە وەك منداڵ، چونکە خوای گەورە بەپێی توانا تەکلیف دەخاتە سەر شانی مرۆڤ، ئەمەش یەکێکە لەدوو ڕاکەی شافیعی. ڕای دووەمیش: کە ڕاست ترە و زۆرینەی زانایانی لەسەرە، فیدیە پێویستە لەسەری بۆ هەر ڕۆژێك، وەك ئیبن عەباس و غەیری ئەویش ڕاڤەی دەکەن، بەپشت بەستن بەخوێندنەوەی ئەو کەسەی کە بەمشێوە دەیخوێنێتەوە ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ﴾ واتە: بەرگەی ناگرن. وەك ئیبن مەسعود و غەیری ئەویش وتویانە و ئەمە ڕای بوخاریشە کە وتویەتی: هەرچی پیاوی بەساڵاچوە، ئەگەر توانای ڕۆژو گرتنی نەبوو، ئەوە ئەنەس پاش بەساڵاچونی بۆ ماوەی ساڵێك یان دووساڵ لەبری هەر ڕۆژێك هەژارێکی تێر کرد و نانوگۆشتی پێدان و ڕۆژوی نەگرت، ئەمەش کە بوخاری وتویەتی حافظ ئەبو یەعلای موسڵی لە(مسند)ەکەیدا داویەتە پاڵ عەبدوڵڵای کوڕی موعاز لەباوکیەوە، لە عیمرانەوە لە ئەیوبی کوڕی ئەبی تەمیمەوە ئەڵێ: ئەنەس توانای ڕۆژو گرتنی نەما و مەنجەڵێك تریتی کرد و سی هەزاری بانگ کرد و تێری کردن. عەبدی کوڕی حەمید لە ڕوحی کوڕی عیبادەوە لە عیمرانەوە لە ئەیوبەوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها عەبد لەفەرموودەی شەش کەس لە هاوەڵانی ئەنەسەوە ماناکەی لە ئەنەسەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها ئافرەتی سکپڕ و شیردەریش هەمان حوکمیان هەیە ئەگەر مەترسی لەسەر خۆیان یان منداڵەکەیان هەبوو، ئەم دووانە ناکۆکیەکی زۆریان لەسەرە لەنێوان زانایاندا، هەندێکیان وتیانە: ڕۆژو ناگرن، بەڵکو فیدیە دەدەن و ڕۆژوەکەش دەگێڕنەوە، وتراویشە: تەنها فیدیە دەدەن و گێرانەوەیان لەسەر نییە، وتراویشە: پێویستە بیگرنەوە بەبێ فیدیەدان. هەروەها وتراوە: ڕۆژو ناگرن و نەفیدیە دەدەن و نەدەیگێڕنەوە. ئەم مەسەلەیەشمان لە(کتاب الصیام)دا ڕێ کردوەتەوە و سوپاس و ستایشیش هەربۆ پەروەردگارە.

﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ

مِنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ ۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا۟ ٱلْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٨٥﴾

پەروەردگار ستایشی مانگی ڕۆژوو دەکات لەنێو هەموو مانگەکاندا بەهەڵبژاردنی بۆ ناردنە خوارەوەی قورئان تیایدا، هەروەك لەفەرموودەشدا هاتوە کەڕەمەزان ئەو مانگەیە کەکتێبە ئاسمانیەکان تیایدا بۆ پێغەمبەران هاتونەتە خوارەوە، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت: ئەبو سەعیدی خزمەتگوزاری بەنی هاشم لە عیمران ئەبوعەوامەوە لە قەتادەوە لە ئەبی مەلیحەوە، لەوائیلهی کوڕی ئەسقەعەوە: کەپێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أنزلت صحف ابراهيم في اول ليلة من رمضان، وانزلت التوراة لِستٍ مضين من رمضان، والإنجيل لثلاث عشرة خلت من رمضان، وأنزل الله القرآن لأربع وعشرين خلت من رمضان)).

واتە: (صُحُف) و پەڕاوەکانی ئیبراهیم لەیەکەم شەوی ڕەمەزاندا هاتەخوارەوە، تەوراتیش لەشەشەم ڕۆژی ڕەمەزاندا و ئینجیلیش لە سیانزەهەمینی ڕەمەزاندا و قورئانیش خوای گەورە لەبیست و چوارەمین ڕۆژی ڕەمەزاندا دای بەزاند.

هەروەها لەفەرموودەی جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە گێڕدراوەتەوە و تیایدا هاتوە: زەبور لەدوانزەی ڕەمەزان و ئینجیل پاش هەژدە ڕۆژ لەڕەمەزان هاتەخوارەوە، پاشماوەکەشی بەهەمان شێوەی پێشو. ئیبن مەردەویە گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە(صحف وتوزاة وإنجيل وزبور) ئەوە بەیەك جار هاتونەتە خوارەوە بۆ ئەو پێغەمبەرەی کە بۆی هاتون، بەڵام قورئان تەنها بۆ(بيت العزة) لە ئاسمانی دنیا بەیەکجار دابەزیوە، ئەمەش لەمانگی ڕەمەزانداو لەشەوی قەدردابوو، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ﴾ [القدر: ١]، واتە: ئێمە لەشەوی قەدردا ناردمانە خوارەوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ﴾ [الدخان:٣] پاشان

بەبەش بەش کراوی بەپێی ڕوداوەکان هاتەخوارەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەمە لەچەندین ڕێگەوە لە ئیبن عەباسەوە گێڕدراوەتەوە، وەك ئیسرائیل لە سەدی لە موحەمەدی کوڕی ئەبی موجالید ئەوە لە موقسیم لە ئیبن عەباسەوە دەڵێت: کە پرسیاری کردوە لە عەتیەی کوڕی ئەسوەد ئەویش وتویەتی: گومانم بۆ دروست بووە، خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ﴾ هەروەها فەرمایشتی: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ﴾ هەروەها دەفەرموویت: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ﴾ [القدر:١] لەکاتێکدا کەلەمانگی شەوال و زیلقیعد و زیلحیجە و موحەڕەم و سەفەر و ڕەبیع دا هاتوەتە خوارەوە، ئیبن عەباسیش فەرمووی: لەڕەمەزاندا لەشەوی قەدر و شەوێکی موبارەکدا بەیەك جار هاتوەتە خوارەوە، پاشان بەپێی ڕوداوەکان لەڕۆژ و مانگەکاندا دەهاتە خوارەوە. ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن مەردەوەیە گێڕاویانەتەوە. هەروەها لەڕیوایەتی سەعیدی کوڕی جوبەیردا لە ئیبن عەباسەوە فەرموویەتی: قورئان لەنیوەی مانگی ڕەمەزاندا هاتە خوارەوە بۆ ئاسمانی دونیا لە(بیت العزە)دا دانرا پاشان بەبیست ساڵ نێردرایە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا (درودی خوای لێ بێت) لەوەڵامی قسەی خەڵکیدا. هەروەها لەڕیوایەتیعیکریمە لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێت: قورئان لەمانگی ڕەمەزاندا لەشەوی قەدردا بەیەك جار هاتە خوارەوە بۆ ئاسمانی دونیا، پاشان خوای گەورە چی بویستایە دەی ناردە خوارەوە، هاوەڵگەرانیش هەر بەندێکیان بۆ مشتومڕ بهێنایە، ئەوە خوای گەورە وەڵامی بۆ دەناردنەخوارەوە، ئەمەش وەك فەرمایشتی ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ ٱلْقُرْءَانُ جُمْلَةً وَٰحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَٰهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢﴾ وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا ﴿٣٣﴾﴾ [الفرقان: ٣٢ ـ ٣٣].

هەروەها دەفەرمویت: ﴿هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ﴾ ئەمە ستایش کردنی ئەو قورئانەیە کە خوای گەورە دای بەزاندوە وەك ڕێنمونکارێك بۆ دڵی بەندەکانی، ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوە و شوێن ڕێبازەکەی کەوتون ﴿وَبَيِّنَٰتٍ﴾ واتە: بەڵگەی ڕون و ئاشکرا بۆ کەسێك کەلێی تێبگات و لێی ڕابمێنێت، ڕون کەرەوە و جیاکەرەوەی حەق و ڕاستیە لەبەتاڵ.

هەروەها لەهەندێ لەسەلەفەوە گێڕدراوەتەوە: کە پێیان باشنەبوە بوترێت ڕەمەزان، بەڵکو پێویستە بوترێت مانگی ڕەمەزان، ئیبن ئەبی حاتەم لەباوکیەوە، لە موحەمەدی کوڕی بەکاری کوڕی ڕەیانەوە لە ئەبو مەعشەرەوە لە موحەمەدی کوڕی کەعب قەرزیەوە لە سەعیدی مەقبەریەوە لە ئەبی هوڕەیڕەوە فەرمووی: مەڵێن ڕەمەزان چونکە ڕەمەزان ناوێکە لەناوەکانی پەروەردگار، بەڵکو بڵێن مانگی، ڕەمەزان ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێ: ئەمە لە موجاهید و موحەمەدی کوڕی کەعبیشەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵام ئیبن عەباس و زەیدی کوڕی سابت مۆڵەتی ئەم کارەیان داوە.

(ئەڵێم) ئەبو مەعشەر (نوجەیحی کوڕی عەبدلڕەحمان موداني) پێشەوای (مغازی وسیر) غەزا و ژیاننامەکان. بەڵام لاوازیەکی تێدایە، هەروەها موحەمەدی کوڕیشی لێیەوە گێڕاویەتیەوە و بەرزی کردوەتەوە بۆ ئەبو هوڕەیڕە، بەڵام حافز ی کوڕی عەدی نکۆڵی کردوە، لەڕاستیشدا شایستەی نکۆڵی کردنە، چونکە قسەی گوێ بۆ نەگیراوە، بەرز کردنەوەی ئەم فەرموودەیەشی جۆرە خەیاڵ کردنێکە، بوخاریش ڕەحمەتی خوای لێبێت لەکتێبەکەی دا ئەم بۆچونەی سەرخستوە و ئەڵێت: دەروازە ئەوترێت ڕەمەزان، چەند فەرموودەیەکیشی هێناوە لەویارەیەوە وەك ((من صام رمضان إيماناً واحتساباً، غفر له ماتقدّم من ذنبه)) لێرەدا ناوی ڕەمەزان هێنراوە، کەواتە دروست و ئاسایە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ﴾ ئەمە فەرزە لەسەر هەرکەسێك کە هیلالی مانگی ڕەمەزان ببینێت، واتە: نیشتەجێ بێت لەوڵاتدا لەکاتی هاتنی مانگی ڕەمەزاندا، بەمەرجێك ساغ و تەندروست بێت، ئەم ئایەتەش ئایەتی مۆڵەتدانی بەلەش ساغ و نیشتەجێ بۆ بەڕۆژوو نەبون سڕیەوە، کاتێکیش کە بەڕۆژوبونی فەرز کرد دوبارە باسی مۆڵەتدان بە نەخۆش و ڕێبواری کردەوە کە بۆی هەیە ڕۆژوو بشکێنێت بەمەرجی قەزاکردنەوە. لەم بارەیەوە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ﴾ مانای ئەوەیە: هەرکەسێك نەخۆشیەك لەجەستەی دا هەبێت کە بەڕۆژوبونی زەحمەت بکات، یاخود لەسەر سەفەربێت، ئەوە بۆی

هەیە ڕۆژوو بشکێنێت، ئەگەر ڕۆژووی شکاند ئەوە لەسەری پێویستە ئەو ڕۆژانە بگێڕێتەوە، کەبەهۆی سەفەرەوە نەیگرتون، هەر بۆیە دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾ واتە: تەنها مۆڵەتی ڕۆژوو نەگرتنی بۆ حاڵەتی نەخۆشی و سەفەر داوە، ئەمەش وەك ئاسانکاری و بەزەییەك بەرامبەرتان. لێرەشدا چەند مەسەلەیەك هەن کە پەیوەندیان بەم ئایەتەوە هەیە [یەکەمیان] کۆمەڵێك لەسەلەف بۆچونیان وایە کە هەر کەسێك لەسەرەتای مانگدا نیشتەجێ بێت پاشان لەماوەی مانگەکەدا سەفەربکات، ئەوە بۆی نییە ڕۆژو بشکێنێت بەپاساوی سەفەرکردن، بەبەڵگەی فەرمایشتی: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ کەواتە ڕۆژوو نەگرتن بۆ ڕێبوارێک کەلەسەرەتای مانگەوە لەسەفەردا بێت، ئەم ڕایەش سەیر و نامۆیە، ئەبو موحەمەدی کوڕی حەزم لە(المحلّی)دا لەکۆمەڵێك لەهاوەڵان و شوێنکەوتوانەوە گێڕاویەتیەوە، بەڵام تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی کە گێڕاویەتیەوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت. چونکە لەسوننەت دا هاتوە کەپێغەمبەری خوا لەمانگی ڕەمەزاندا دەرچوو بۆ فەتحی مەککە، ئەوەبوو ڕۆشت هەتاوەکو گەشتە (الکدید) پاشان ڕۆژوی شکاند و فەرمانی ڕۆژو شکاندنیشی کرد بەخەڵکی، (شەیخان) تەخریجیان کردوە [دووەم] کۆمەڵێك لەهاوەڵان و شوێنکەوتوان پێیان وایە کەپێویستە لەسەفەردا ڕۆژو نەگیرێت، بەبەڵگەی فەرمایشتی: ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ بەڵام ئەوەی کە ڕاستە قسە و ڕای (جمهور)و زۆرینەیە و ئەمر و فرمانکردن لێرەدا بۆ (تخییر)و سەرپشك کردنە نەك فەرزبون، چونکە ئەوان لەمانگی ڕەمەزاندا لەگەڵ پێغەمبەردا (درودی خوای لێ بێت) دەچونە دەرەوە و ئەڵێ: هەبوو بەڕۆژوو دەبوو هەشبوو دەی شکاند و هیچ یەکێکیان ڕەخنەیان لەوی تریان نەدەگرت، جا ئەگەر ڕۆژوو شکاندن پێویست بوایە ئەوە ڕێی نەدەدا بەڕۆژوو گرتن، بەڵکو ئەوەی کە لەپێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) هاتووە بەڕۆژوو بونە لەم حاڵەتەدا، بەبەڵگەی ئەوەی کەلە(صحیحین)دا لە ئەبی دەردائەوە هاتووە ئەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا لەمانگی ڕەمەزاندا لەکاتی گەرمایەکی زۆردا چوینە دەرەوە، تەنانەت لەبەر گەرما دەستمان دەخستە سەر سەرمان و هیچ کەسێکمان

بەڕۆژوو نەبو جگە لە پێغەمبەری خوا و (درودی خوای لێ بێت) عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە .

[سێیەم]: کۆمەڵێك کەلەناویاندا شافیعی هەیە وتویانە: ڕۆژوو گرتن لەسەفەردا لەشکاندنی باشترە بەبەڵگەی بەڕۆژوو بونی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەفەرموودەی پێشودا. کۆمەڵێکیش وتویانە: ڕۆژوو نەگرتن باشترە، لەپێناو قبوڵ کردنی ڕوخسەتدا و بەبەڵگەی ئەوەش کەلەپێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) هاتووە کە کاتێ پرسیاری لێکرا سەبارەت بەڕۆژوو گرتن لەسەفەردا، فەرمووی: (مَن أفطر فحسنٌ ومن صام فلا جناح عليه). واتە: هەر کەس بیشکێنێت ئەوە باشە، هەرکەسیش بیگرێت ئەوە هیچی لەسەر نیە. هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا فەرموویەتی: (عليكم برخصة الله التي رخص لكم). واتە: ئەو ڕوخسەتەی پەروەردگار قبوڵ بکەن کەبۆی داناون.

کۆمەڵێکیش وتویانە: هەردووکیان یەکسانن بەبەڵگەی فەرموودەی عائیشە کە حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من ڕۆژووی زۆر دەگرم ئایا لەسەفەردا ڕۆژو بگرم؟ فەرمووی: ((إن شئت فصم وإن شئت فأفطر)) ئەمەش لە(صحيحين)دا هاتوە.

واتە: ئەگەر ئەتەوێت بەڕۆژوبە و ئەگەر ئەشتەوێت بەڕۆژوو مەبە، وتراویشە: ئەگەر بەڕۆژوو بوون زەحمەت بوو ئەوە شکاندنی باشترە، بەبەڵگەی فەرموودەی جابر کە پێغەمبەری خوا پیاوێکی بینی سێبەری بۆ کرابوو، فەرمووی: (ما هذا؟) واتە: ئەمە چیە؟ وتیان: بەڕۆژووە، فەرمووی: (ليس من البرّ الصيام في السفر) (شيخان) تەخریجیان کردوە.

واتە: بەڕۆژووبوون لەسەفەردا خواناسی نیە.

بەڵام ئەگەر پەیڕەوی لەسونەت نەکرد و پێی وابوو ڕۆژوو شکاندن باش نیە بۆی، ئەوە شکاندنی ڕۆژووەکەی لەسەر پێویست دەبێت و بەڕۆژوو بوون بۆی حەرامە، بەبەڵگەی ئەوەی کەلە(مسند)ی ئەحمەد و غەیری ئەویش لە ئیبن عومەر وجابرەوە هاتوە: هەر کەس مۆڵەت و ڕوخسەتی پەروەردگار قبوڵ نەکات ئەوە هێندەی چیاکانی عەرەفە گوناهی دەگات.

[چوارەم]: گێڕانەوەی ڕۆژو ئایا پێویستە بەدوای یەکدا بێت یاخود پێویستە نێوانی بکەوێت، دوڕای لەسەرە:(یەکەم) پێویستە بەدوای یەکدا بگیرێت چونکە قەزاکردنەوە لاسایی کردنەوەی گرتنی ڕاستەو خۆیە، (دووەم) بەدوای یەکدا گرتنی پێویست نییە، بەڵکو دەتوانێت بەسەر یەکەوە یاخود بەجیاجیا بیگرێتەوە. ئەمەش ڕای زۆرینەی سەلەف و خەلەفە، بەڵگەکانیش پاڵپشتی دەکەن، چونکە بەدوای یەکدا گرتن لەمانگی ڕەمەزاندا بەهۆی بەسەریەکەوە بوونی مانگەکەیە، هەربۆیە پاش کۆتای هاتنی ڕەمەزان پێویست ناکات، چونکە مەبەست گرتنەوەی چەند ڕۆژێکە کەلێی خوراوە، هەربۆیە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ پاشان دەفەرموێت: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾.

پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: ئەبو سەلەمەی خوزاعی لە ئیبن هیلالیەوە لە حەمیدی کوڕی هیلالی عەدەویەوە لە ئەبی قەتادەوە لەو عەرەبە دەشتەکیەوە کە گوێی لە پێغەمبەری خوابوو (درودی خوای لێ بێت) ئەی فەرموو: ((إن خير دينكم أيسره، إن خير دينكم أيسره)).

واتە: باشترینی دینەکەتان ئاسان ترینیەتی.

هەروەها ئەحمەد ئەڵێت: یەزیدی کوڕی هارون لە عاسمی کوڕی هیلالەوە لە غازیرەی کوڕی عوروەی فەقیمیەوە، لە ئەبی عوروەوە، ئەڵێ: کاتێك ئێمە چاوەڕوانی پێغەمبەرمان (درودی خوای لێ بێت) دەکرد، پیاوێك هاتە دەرەوە کەئاو لەسەری دەتکا بەهۆی دەستنوێژ یان خۆشتنەوە، پاشان نوێژی کرد، کاتێك لەنوێژەکەی بویەوە خەڵکی لێیان پرسی: هیچمان لەسەرە لەو مەسەلەیەدا؟ پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إن دين الله يسر)) -ئلاثاً يقولها- هەروەها پێشەوا ئەبوبەکری کوڕی مەردەویە لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا لەفەرموودەی موسلیمی کوڕی ئیبراهیمەوە لە عاسمی کوڕی هیلالەوە گێڕاویەتیەوە.

واتە: ئاینی خوا ئاسانە، سێ جار فەرمووی.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: موحەمەدی کوڕی جەعفەر لە

شوعبەوە ئەڵێ: ئەبو تەیاح گوێی لە ئەنەسی کوڕی مالیك بوو، ئەیوت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((یسّروا ولا تعسّروا وسکنوا ولا تنفّروا)). لە(صحیحین)دا تەخریج کراوە.

واتە: ئاسان کاربن و سەخت گیر مەبن و هێمنکەرەوە بن وخەڵك مەتۆرێنن.

هەروەها لە(صحیحین)دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) بە موعاز و ئەبی موسای وت: کاتێ ناردنی بۆ یەمەن: ((بشّروا ولا تنفروا ویسّروا ولا تعسّروا وتطاوع ولا تختلفا)). واتە: مژدەدەربن و تۆرێنەر مەبن و ئاسانکاربن و سەختگیر مەبن و هاوکاری یەك بکەن و ناکۆك مەبن.

هەروەها لەکتێبی(سنن ومسانید)دا هاتووە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((بعثت بالحنیفیة السمحة)). واتە: بەئاینێکی یەکتا پەرست و لێبوردەوە نێردراوم.

هەروەها حافز ئەبوبەکری کوڕی مەردەویە لەتەفسیرەکەیدا ئەڵێ: عەبدوڵڵای کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم لە یەحیای کوڕی ئەبی تالیبەوە لە عەبدولوەهابی کوڕی عەتاوە لە ئەبو مەسعودی حەریریەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی شەفیقەوە، لەمحجزنی کوڕی ئەزروعەوە کەپێغەمبەری خوا پیاوێکی بینی نوێژی ئەکرد، ماوەیەك لێی ڕاما و پاشان فەرمووی: (أتراه یصلي صادقاً؟)) واتە: پێت وایە بەڕاستی نوێژ دەکات؟ ئەڵێ: وتم، ئەمە لەهەموو خەڵکی مەدینە نوێژی زیاترە، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لاتسمعه فتهلکة)) واتە: بانەی بیستێت هەتاوەکو لەخۆی بای نەبێت و تیانەچێت. هەروەها فەرمووی: ((إن الله انّما أراد بهذه الامّة الیسر ولم یریدبهم العسر)). واتە: خوای گەورە ئاسان کاری بۆ ئەم ئوممەتە ویستوە نەك سەخت گیری.

مانای فەرمایشتی ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾ واتە: ڕوخسەتی پێداون بۆ ڕۆژوو شکاندن بەهۆی نەخۆشی و سەفەر و پاساوەکانی تری هاوشێوەیانەوە، چونکە دەیەوێ کار ئاسانیتان بۆ بکات،

فرمانکدنیشی بەقەزا کردنەوەی بۆ تەواوکردنی ڕۆژووی مانگەکەیە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلِتُكَبِّرُوا ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ﴾ واتە هەتاوەکو پاش لێبونەوە لە پەرستشەکەتان یادی خوا بکەن، وەك دەفەرمووێت: ﴿فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَٱذْكُرُوا ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا﴾ [البقرة:٢٠٠] هەروەها: ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُوا فِى ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُوا مِن فَضْلِ ٱللَّهِ وَٱذْكُرُوا ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٠﴾﴾ [الجمعة:١٠] هەروەها ﴿وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ ٱلشَّمْسِ وَقَبْلَ ٱلْغُرُوبِ ﴿٣٩﴾ وَمِنَ ٱلَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَٰرَ ٱلسُّجُودِ ﴿٤٠﴾﴾ [ق: ٣٩ ـ ٤٠]. هەربۆیە لەسونەتدا تسبیح و تەحمید - الحمدالله کردن - وتەکبیر - الله اکبر - کردن پش نوێژە فەرزەکان بە (مستحب)و خوازراو و دانراوە، ئیبن عەباسیش ئەڵێت: نەمان دەزانی پێغەمبەری خوا کەی لەنوێژ دەبێتەوە بە-الله أکبر- کردندا نەبێت، لێرەشەوە زۆرێك لەزانایان (الله اکبر) کردنیان لەجەژنی ڕەمەزاندا بەدروست زانیوە بەبەڵگەی ئەم ئایەتە: ﴿وَلِتُكْمِلُوا ٱلْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ﴾ تەنانەت داودی کوڕی عەلی ئەسەبهانی زاهیری بە(واجب)ی داناوە لەجەژنی ڕەمەزاندا، بەبەڵگەی ئەو (ئەمر)ە ڕواڵەتیەی کە لە ﴿وَلِتُكْمِلُوا ٱلْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ﴾دا هاتووە. لەبەرامبەر ئەمەشدا مەزهەبی ئەبوحەنیفە هەیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە(تکبیر) بەدروست نازانێت لەجەژنی ڕەمەزاندا، ئەوانی تریش بە(مستحب)ی دەزانن، لەگەڵ جیاوازی لەهەندێ لق دا لەنێوانیاندا، هەروەها دەفەرمووێت ﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ واتە: ئەگەر هەستان بەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردون بەئەنجام گەیاندنی فەرزەکانی و وازهێنان لەحەرامکراوەکانی و پاراستنی سنورەکانی، ئەوە بەڵکو بەهۆی ئەوەوە لەڕیزی سوپاسگوزاراندا هەژمار بکرێن.

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِى وَلْيُؤْمِنُوا بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾﴾

ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێ: باوکم لە یەحیای کوڕی موغیرەوە، لە جەریری کوڕی عەبدەی کوڕی ئەبی بەرزەی سجستانی لە سولبی کوڕی حەکیمی

کوڕی موعاویەی کوڕی حیدەی قوشەیری لە باوکیەوە لەباپیریەوە، کە عەرەبێکی دەشتەکی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا پەروەردگاری ئێمە نزیکە هەتاوەکو ڕاز و نیازی لەگەڵدا بکەین یاخود دوورە و پێویستە هاواری لێبکەین؟ پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) بێدەنگ بوو، ئەوەبوو پەروەردگار فەرمایشتی: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾ نارده خوارەوە، ئەگەر فەرمانیان پێ بکەم داوام لێ بکەن و ئەوانیش بیکەن ئەوە وەڵامیان دەدەمەوە، ئیبن جوریر لە موحەمەدی کوڕی حەمیدی ڕازی لە جەریرەوە و ئیبن مەردەویە و ئەبو شەیخی ئەسبەهانی لە فەرموودەی موحەمەدی کوڕی ئەبی حەمیدەوە لە جەریرەوە. هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێت: عەبدولوەهابی کوڕی عەبدولمەجیدی سەقەفی لە خالیدی حزائەوە لە ئەبی عوسمانی نەهدیەوە لە ئەبی موسا ئەشعەریەوە، ووتی: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لێ بێت) بووین لەغەزایەکدا، هەرکاتێ بەبەرزاییەکدا سەرکەوتینایا یاخود دابەزینایە دۆڵێك دەنگمان بەرز دەکردەوە و (الله اکبر)مان دەکرد، ئەڵێ: ئەویش لێمان نزیك بویەوە و فەرمووی: ((یاأیها الناس أربعوا علی أنفسکم فانکم لاتدعون أصماً ولاغائباً، إنّما تدعون سمیعاً بصیرا، إنّ الذي تدعون أقرب الی أحدکم من عنق راحلته، یا عبدالله بن قیس، ألا أعلمك کلمة من کنوز الجنة (لاحول ولا قوة الا بالله)) لە(صحیحین)دا تەخریجیان کردوە و پێشەوایانی تریش لەفەرموودەی ئەبی عوسمانی هیندیەوە کە ناوی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەلیە هاوشێوەی ئەمەیان گێڕاوەتەوە.

واتە: ئەی خەڵکینە، لەسەرخۆ هاوار بکەن چونکە ئێوە هاوار لە کەڕ و نادیار ناکەن، بەڵکو بانگ لە بیسەر و بینەر دەکەن، ئەوەی کە بانگی دەکەن، لێتانەوە نزیکترە لە ملی و لاخەکەتان، ئەی عەبدوڵڵای کوڕی قەیس، ئایا وشەیەکت فێرنەکەم لەگەنجینەکانی بەهەشت (لاحول ولا قوة الا بالله).

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموویت: سولەیمانی کوڕی داود لە شوعبەوە لە قەتادەوە لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((یقول الله تعالی أنا عند ظن عبدي بي

وأنا معه إذا دعاني)) واتە: من لەگەڵ گومانی بەندەکەم دام بەرامبەرم و لەلاشی ئامادەم ئەگەر داوام لێ بکات.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموویت: عەلی کوڕی ئیسحاق لە عەبدوڵڵاوە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدی کوڕی جابرەوە لە ئیسماعیلی کوڕی عەبدوڵڵا لە کەریمەی کچی خەشخاشی موزەینەوە، ئەڵێ: ئەبی هورەیرە بۆی گێڕاینەوە کە گوێی لەپێغەمبەر بووە (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((قال الله تعالى أنا مع عبدي ما ذكرني وتحرّكت بي شفتاه)).

واتە: من لەگەڵ بەندەکەمدام هەتاوەکو یادم بکات و لەسەر لێوی بم.

(ئەڵێم) ئەمەش وەك فەرمایشتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ١٢٨﴾ [النحل:١٢٨] هەروەها فەرمایشتی بۆ موسا و هارون (سڵاوی خوایان لێ بێت) ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ﴾ [طه:٤٦] مەبەست ئەوەیە کەخوای گەورە نزاکەر نائومێد ناکات و هیچ دوعایەك پشت گوێ ناخات. بەڵکو ئەو بیسەری نزایە، ئەمەش هاندانە بۆ نزاکردن و دڵنیا کردنەوەی لەوەی نزا بەزایە ناچێت، وەك پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: یەزید لەپیاوێکەوە: گوێی لە ئەبو عوسمانی هیندی بوە کە لە سەلمانی فارسیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە، لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((إن الله ليستحي أن يبسط العبد اليه يديه يسأله فيها خيراً فيردهما خائبتين)). یەزید ئەڵێ: ناوی ئەو پیاوەشیان پێ وتم ووتیان: جەعفەری کوڕی مەیمون. ئەمەش لەلایەن ئەبوداود و ترمزی و ئیبن ماجەوە گێڕدراوەتەوە لەفەرموودەی جەعفەری کوڕی مەیمونەوە، ترمزیش وتویەتی: فەرموودەیەکی (حسن وغەریب)ە، هەروەها هەندێکیش گێڕاویانەتەوە بەڵام بەرزیان نەکردوەتەوە، شێخی حافز ئەبوحاجی مزی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە(أطراف)دا دەڵێت: ئەبو هەمام موحەمەدی کوڕی زبرقان لە سولەیمانی تەمیمی و ئەبی عوسمانی هیندیەوە بەدواداچونی بۆ کردووە.

واتە: خوای گەورە دەفەرموویت: خوای گەورە شەرم دەکات کە بەندەکەی دەستی درێژ بکات و داوای خێری لێ بکات و ئەویش بەنائومێدی بیانگێڕێتەوە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموویت: ئەبو عامر لە عەلی کوڕی دواد ئەبی موتەوەکیلی ناجیەوە لە ئەبی سەعیدەوە: کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ما مِن مسلم يدعو الله عزّ وجل بدعوة ليس فيها إثمٌ ولا قطيعة رحم، إلّا أعطاه الله بها إحدى ثلاث خصال: إمّا أن يعجل له دعوته، وإما أن يدخرها له في الأخرى، وإما أن يصرف عنه من السوء مثلها)) قالوا: إذاً نكثر؟ قال:((الله أكثر)).

واتە: هەرموسڵمانێك داوایەك لەخوا بکات کەتاوان و بچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی تیادا نەبێت، ئەوە خوای گەورە لەبری ئەو نزایە سێ شتی پێ دەدات: یان داواکەی بۆ پێشدەخات، یاخود دوای دەخات بۆ ڕۆژی دوای، یان بەئەندازەی نزاکەی خراپە و شەڕی لێ دوردەخاتەوە. وتیان: کەواتە دوعای زۆر دەکەین. فەرمووی: خوا زۆرتری لایە.

هەروەها عەبدڵڵای کوڕی پێشەوا ئەحمەد لە ئیسحاقی کوڕی مەنسوری کەسجەوە، لە موحەمەدی کوڕی یوسفەوە لە ئیبن سەویانەوە، لە باوکیەوە، لە مەکحولەوە، لە جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە: کە عوبادەی کوڕی سامت بۆی باسکردون: کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ما على ظهر الأرض من رجل مسلم يدعو الله عزوجل بدعوة الا آتاه الله إياها، أو كف عنه من السوء مثلها مالم يدع بإثم أو قطيعة رحم)) هەروەها ترمزی لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولڕەحمانی دارمیەوە، لە موحەمەدی کوڕی یوسفی فەریابیەوە، لە ئیبن سەویانەوە کە عەبدولڕەحمانی کوڕی سابتی کوڕی سەویان ووتی: فەرموودەیەکی: (حسن وصحيح وغريب)ە لەم ڕێگەوە.

واتە: هەرپیاوێکی موسڵمان لەسەر ڕوی زەوی نزایەك بکات، ئەوە خوای گەورە بۆی گیرا دەکات، یاخود بەئەندازەی نزاکە بەڵای لێ لادەدات، ئەگەر دوعاکەی بۆ تاوان یاخود بچڕانی پەیوەندی خزمایەتی نەبێت.

هەروەها پێشەوا مالیك لە ئیبن شەهابەوە، لە ئەبی عوبەیدی خزمەتگوزاری ئیبن ئەزهەر، لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((يُستجاب لأحدكم مالم يعجّل، يقول دعوت فلم يستجب لي)) واتە: وەڵامی نزای یەکێکتان دەدرێتەوە ئەگەر پەلە نەکات،

بڵێت دوعام کرد و وەڵامی نەبوو. لە(صحیحین)دا لەفەرموودەی مالیکەوە هاتوە، ئەمەش (لفظ)ی بوخاریە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

هەروەها موسلیم لە(صحیح)ەکەیدا دەڵێت: ئەبو تاهیر لە ئیبن وەهابەوە، لە ئەبی هورەیرەوە لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((لا یزال یستجاب للعبد مالم یدع بإثم أو قطیعة رحم مالم یستعجل، قیل: یارسول الله، وما الاستعجال؟ قال: ((یقول قد دعوت وقد دعوت، فلم أر یستجاب لی، فیستحسر عند ذلك ویدع الدعاء)).

واتە: بەردەوام وەڵامی بەندە دەدرێتەوە ئەگەر دوعاکەی بۆ گوناه یاخود بچڕاندنی ڕەحم نەبێت، ئەگەر پەلە نەکات، وترا: پەلەکردن چۆنە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: بڵێ دوعام کرد و گیرا نەبوو ئینجا خەفەت بخوات و واز لەدوعا بێنێت.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: عەبدولسەمەد لە ئەبو هیلالەوە، لە قەتادەوە، لە ئەنەسەوە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا یزال العبد بخیر مالم یستعجل)) قالوا: وکیف یستعجل؟ قال: ((یقول قد دعوت ربي فلم یستجب لي)).

ئەبو جەعفەر تەبەری لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێ: یونسی کوڕی عەبدولئەعلا لە ئیبن وەهەبەوە لە ئەبو سەخرەوە: کە یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی قەسیت لە عوروەی کوڕی زوبەیرەوە، لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت)، کەفەرموویەتی: هەر بەندەیەکی باوەڕدار دوعایەك بکات، ئەوە یان بۆی پێش دەخرێت بۆ دونیا، یاخود بۆی پاش دەخرێت بۆ ڕۆژی دوایی، ئەگەر پەلە نەکات یاخود بێ هیوا نەبێت. عوروە ئەڵێت: وتم: پەلەکردن و نائومێدبون چۆنە؟ ووتی: بڵی: دوعام کرد و گیرا نەبوو.

ئیبن قەسیت ئەڵێ: گوێم لە سەعیدی کوڕی موسەییب بوو هەمان قسەی عائیشەی دەکرد.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: حەسەن لە ئیبن هیعەوە لە بەکری کوڕی عەمرەوە لە ئەبی عەبدولڕەحمانی حەبلاوە لە عەبدوڵڵای کوڕی

عەمرە: کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((القلوب أوعية، وبعضها أوعى من بعض، فاذا سألتم الله أيها الناس، فاسألوه وأنتم موقنون بالإجابة، فانه لايستجيب لعبد دعاه عن ظهر قلب غافل)).

واتە: دڵەکان وەك دەفر وان، هەندێکیان زیاتر دەگرن لەوانی تر، یاخود زوتر تێ دەگەن، ئەگەر داواتان لەخوا کرد خەڵکینە، ئەوە دڵنیابن لەوەڵامەکەی، چونکە خوای گەورە وەڵامی بەندەیەك ناداتەوە کە دوعاکەی لەدڵێکی بێ ئاگاوەبێت.

هەروەها ئیبن مەردەویە ئەڵێ: موحەمەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئەیوب، لە ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئوبەی کوڕی نافیعی کوڕی مەعدیکەربەوە لە ئوبەی کوڕی نافیعەوە لە نافیعی کوڕی مەعدیکەربەوە، ئەڵێ: من و عائیشە پرسیارمان کرد لەپێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) دەربارەی ئایەتی ﴿أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ﴾ فەرمووی: ((يارب مسألة عائشة)) واتە: پەروەردگار وەڵامی پرسیارەکەی عائیشە، ئەوەبوو جبریل دابەزی وفەرمووی: ((الله يقرؤك السلام هذا عبدي الصالح بالنية الصادقة وقلبه نقى يقول: يارب فأقول لبيك فأقضي حاجته)) ئەمەش فەرموودەیەکی (غریب)ە لەم ڕێگەوە.

واتە: پەروەردگار سڵاوت لێ دەکات و ئەمە بەندەی باشی منە بەنیەتێکی پاك و دڵێکی خاوێنە وە ئەڵێت: پەروەردگار، منیش ئەڵێم: گوێم لێتە بەندەکەم، پاشان پێویستیەکەی جێ بەجێ دەکەم.

هەروەها ئیبن مەردەویە لەفەرموودەی کەلبیەوە لە ئەبی سالحەوە، لە ئیبن عەباسەوە، لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە: کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ئایەتی: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ﴾ خوێندەوە، پاشان فەرمووی: ((اللهم أمرت بالدعاء وتوكلت بالإجابة، لبيك اللهم لبيك، لبيك لاشريك لك لبيك إن الحمد والنعمة لك والملك لاشريك لك، أشهد أنك فردٌ أحدٌ صمد لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد، وأشهد أن وعدك حق، ولقاءك حق، والجنة حق، والنار حق، والساعة آتية لاريب فيها، وانت تبعث من في القبور)).

واتە: پەروەردگار تۆ فرمانت کردوە بە دوعا کردن و وەڵام دانەوەشت لەئەستۆ گرتوە..... هتد)).

هەروەها حافظ ئەبویەکری بەزار ئەڵێ: حەسەنی کوڕی یەحیای ئەزدی و موحەمەدی کوڕی یەحیای قەتعی وتیان: حەجاجی کوڕی مینهال لە سالحی مودیەوە لە حەسەنەوە لە ئەنەسەوە لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((يقول الله تعالى ياابن آدم واحدة لك وواحدة لي وواحدة فيما بيني وبينك، فأما التي لي فتعبدني لا تشرك بي شيئا وأما التي لك فما عملت من شيء وفيتكه وأما الذي بيني وبينك، فمنك الدعاء وعلي الإجابة)).

واتە: پەروەردگار دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم یەکێك بۆمن و یەکێکیش بۆ تۆ و یەکێکیش لەنێوان هەردووکماندایە، ئەوەی کە بۆ منە ئەوەیە بم پەرستیت و هاوەڵم بۆ بڕیار نەدەیت، ئەوەش کە بۆ تۆیە ئەوەیە کە هەرکارێك بکەیت بەتەواوی پاداشت بدەمەوە، ئەوەش کە لەنێوانماندایە ئەوە لەتۆ دوعا و لەمن وەڵامدانەوەیە.

هێنانی ئەم ئایەتە کە باس لەدوعاکردن ئەکات لەنێو حوکمەکانی ڕۆژودا، ڕێنمونیە بۆ خۆ ماندو کردن لە دوعادا پاش لێبونەوە لەڕۆژوی ڕەمەزان، بەڵکو لەکاتی هەموویەربانگ کردنەوەیەکدا. وەك پێشەوا ئەبوداودی تەیالیسی لە(مسند)ەکەیدا ئەیگێڕێتەوە: ئەبوموحەمەدی مەلیك لە عەمری کوڕی موحەمەدی کوڕی عەمرە، لەباوکیەوە، لەباپیریەوە، ئەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو (درودی خوای لێ بێت) ئەیفەرموو: ((للصائم عند إفطاره دعوة مستجابة)) واتە: ڕۆژوەوان لەکاتی بەربانگ کردنەوەدا دوعایەکی گیرای هەیە. ئەڵێ: هەربۆیە هەرکاتێ عەبدوڵڵای کوڕی عەمر بەربانگی بکردایەتەوە خێزان ومنداڵەکانی بانگ دەکرد و دوعای دەکرد.

هەروەها ئەبوعەبدوڵڵا موحەمەدی کوڕی یەزیدی کوڕی ماجە لە(سنن)ەکەیدا ئەڵێ: هاشمی کوڕی عەمارەوە، لە وەلیدی کوڕی موسلیمەوە، لە ئیسحاقی کوڕی عەبدوڵڵا مەدەنیەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی مەلیکەوە ئەڵێ: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمربوو لەکاتی بەربانگدا ئەی ووت:

پەروەردگار من داوات لێ دەکەم بەو میهرەبانیەت کەهەموو شتێکی گرتوەتەوە کە لێم خۆش ببیت.

هەروەها لە(مسند)ی پێشەوا ئەحمەد و(سنن ترمزی و نیسائی و ئیبن ماجە)دا لە ئەبی هورەیرەوە، فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ثلاث لاترد دعوتهم: الإمام العادل، والصائم حتى يفطر، ودعوة المظلوم، يرفعها الله دون الغمام يوم القيامة وتفتح لها أبواب السماء، يقول بعزتي لأنصرنك ولو بعد حين)).

واتە: سێ کەس هەن کە دوعایان رەت ناکرێتەوە: پێشەوایەکی دادگەر، ڕۆژووان هەتاوەکو بەربانگ دەکاتەوە، دوعای ستەم لێکراو، خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە تا خوار هەورەکان لە ڕۆژی دواییدا و دەرگاکانی ئاسمانی بۆ دەکاتەوە و دەفەرموێت: بەشکۆمەندی و گەورەیم سەرت دەخەم ئەگەر چی پاش ماوەیەکیش بێت.

﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ ۚ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ۗ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ ۖ فَٱلْـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ وَلَا تُبَـٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَـٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَـٰجِدِ ۗ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَـٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٨٧﴾﴾

ئەمە ڕوخسەتێکە لە پەروەردگارەوە بۆ موسڵمانان هەروەها هەڵگرتنی ئەو بارەیە کەلەسەرەتای ئیسلامدا هەبوو، چونکە ئەوان ئەگەر یەکێکیان بەربانگی بکردایەتەوە ئەوە تەنها خواردن و خواردنەوە و جیماعی بۆ حەڵاڵ دەبوو هەتاوەکو نوێژی عیشای دەکرد یان دەخەوت، جا هەرکاتێ خەوت یانوێژی عیشای کرد، ئەوە خواردن و خواردنەوە و جیماعی لێ حەرام دەبوو هەتاوەکو شەوی داهاتوو، ئەمەش توشی ناڕەحەتیەکی زۆری کردن، مەبەست

لە(الرفث)یش لێرەدا جیماعە، ئەمە وتەی ئیبن عەباس وعەتا و موجاهید و سەعید کوڕی جوبەیر و تاوس و سالم ئین عەبدوڵلا و عەمری کوڕی دینار و حەسەن و قەتادە و زەهری و زەحاك و ئیبراهیمی نەخعی و سەدی و عەتای خوراسانی و موقاتیلی کوڕ حەیانە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ ئیبن عەباس و موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و حەسەن و قەتادە و سەدی و موقاتیلی کوڕی حەیان دەڵێت: واتە ئەوان سوکنان بۆ ئێوە و ئێوەش سوکنان بۆئەوان، هەروەها ڕەبیعی کوڕی ئەنەس دەڵێن: ئەوان پێخەون بۆ ئێوە و ئێوەش پێخەون بۆ ئەوان، پوختەکەشی ئەوەیە: کە پیاو و ژن هەریەکێکیان تێکەڵی ئەوی تر دەبێت وسەرجێگەی لەگەڵدا دەکات، بۆیە گونجاوە کە ڕوخسەتیان پێ بدرێت بۆ جوت بوون لەشەوی ڕەمەزاندا، هەتاوەکو ئەمە نەبێتە زەحمەت بۆیان و تەنگاو بین، شاعیر ئەڵێ: [المتقارب]

إذا مـا الـضَّـجِـيـعُ ثَـنَـى جِـيـدَهـا
تَـداعَـتْ فَـكـانَـتْ عَـلَـيْـهِ لِـبـاسـا

هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتەش وەك پێشتر لەفەرموودە درێژەکەی موعازدا باسکرا. هەروەها ئەبو ئیسحاق لە بەڕائی کوڕی عازبەوە ئەڵێ: هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەگەر یەکێکیان بەڕۆژوو بوایە و پێش بەربانگ کردن بخەوتایە ئەوەنانی دەخوارد هەتاوەکو هەمان کاتی ڕۆژی داهاتو، هەروەها قەیسی کوڕی سرمەی ئەنساری بەڕۆژو بوو ئەو ڕۆژە لەزەویەکەیدا ئیشی دەکرد، کاتێ کاتی بەربانگ هات چوەلای هاوسەرەکەی و وتی: هیچ خواردنێکت لایە؟ وتی: نەخێر، بەڵام ئەڕۆم بۆت داوادەکەم، ئەوەبوو خەو زۆری بۆ هێنا و خەوت پێش ئەوەی بەربانگ بکاتەوە، پاشان هاوسەرەکەی هاتەوە، کاتێك بینی خەوتوە ووتی: نائومێد بووم خەوتوی؟ کاتێك ڕۆژ نیوە بوو لەهۆش خۆی چوو، ئەمەشیان بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) باس کرد، ئەوەبوو ئایەتی: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ إلـى قـولـه: ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ هاوەڵانیش بەمە زۆر دڵخۆش بوون.

بوخاریش لە ئەبی ئیسحاقەوە ئەڵێ: گوێم لە بەڕائبوو، فەرمووی کاتێك باسی ڕۆژوی ڕەمەزان دابەزی، لەسەراپای مانگی ڕەمەزاندا نزیکی ئافرەت نەدەکەوتنەوە بەڵام پیاوان فێڵیان لەخۆیان دەکرد، خوای گەورەش ئایەتی ﴿عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ﴾ نـاردە خوارەوە. هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێ: موسڵمانەکان لەمانگی ڕەمەزاندا ئەگەر نوێژی عیشایان بکردایا ئەوە ژن و خواردنیان لێ حەرام دەبوو هەتاوەکو هەمان کاتی شەوی داهاتو، پاشان خەڵکانێك لەموسڵمانان پاش نوێژی عیشا چوبونە لای هاوسەرەکانیان و نانیان خواردبوو، لەوانە عومەری کوڕی خەتتاب ئەوەبوو لای پێغەمبەری خوا سکاڵایان کرد، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَٱلْـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ﴾ ئایەتەکە عەوفیش هەمان شتی لە ئیبن عەباسەوە گێڕاوەتەوە.

هەروەها موسای کوڕی عوقبەی کوڕی کەریب لە ئیبن عەباسەوە، ئەفەرموێت: خەڵکی پێش دابەزینی ئەوەی کەلەبارەی ڕۆژوەوە دابەزی نان و ئاویان دەخوارد و ئافرەتیشیان بۆ حەڵاڵ بوو، بەڵام ئەگەر یەکێکیان بخەوتایە ئەوە بۆی نەبوو خواردن و ئاو بخوات و بچێتە لای هاوسەرەکەی هەتاوەکو هەمان شەوی داهاتوو. ئەوەبوو بۆیان گێڕاینەوە کە عومەری کوڕی خەتاب پاش ئەوەی کەخەوت و ڕۆژوەکەی دامەزرابوو، چوبوە لای خێزانەکەی، پاشان هات بۆلای پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: لای پەروەردگار و لای تۆ سکاڵادەکەم بەدەست ئەو کارەی کە کردومە. پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((وما صنعت؟)) واتە: چیت کردوە؟ وتی: نەفسم زۆری بۆ هێنام و پاش خەوتن چومە لای خێزانەکەم لەکاتێکدا کە مەبەستی ڕۆژووم هەبوو. ئەڵێن پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ماکنت خليقاً ان تفعل)) واتە: ئەو کارە شیاوی تۆ نەبوو. پاشان ئایەتی ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ هەروەها سەعدی کوڕی ئەبی عروبە لە قەیسی کوڕی سەعدەوە لە عەتای کوڕی ئەبی ڕەباحەوە لە ئەبی هوڕەیڕەوە، دەربارەی فەرمایشتی پەروەردگار: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ

نِسَآئِكُمْ﴾ إلى قوله: ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى الَّيْلِ﴾، ئەڵێ: موسڵمانەکان پێش دابەزینی ئەم ئایەتە ئەگەر نوێژی عیشایان بکردایە، خواردن و خواردنەوە و ئافرەتیان لێ حەرام دەبوو هەتاوەکو بەربانگیان دەکرد، تەنانەت عومەری کوڕی خەتتاب چوبوە لای خێزانەکەی پاش نوێژی عیشا و سرمەی کوڕی قەیسی ئەنساریش پاش نوێژی مەغریب خەو بردبویەوە بێ ئەوەی خواردن بخوات و بەخەبەر نەهات هەتاوەکو پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) نوێژی عیشای کرد پاشان هەستاو نانی خوارد، کاتێك ڕۆژ بویەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و ئاگاداری کردەوە، خوای گەورەش ئایەتی ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ مەبەست لە(الرفث) چونە لای هاوسەرە ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ﴾ واتە: دەچونە لای خێزان و خواردنتان دەخوارد پاش عیشا ﴿فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ﴾ واتە: بچنە لایان و جیماع بکەن ﴿وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ﴾ مەبەستی منداڵە ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى الَّيْلِ﴾ ئەمەش لێبوردن و ڕەحمەتێك بوو لەلایەن پەروەردگارەوە.

هەشیم کوڕی حوصەینی کوڕی عەبدولڕەحمان لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلاوە ووتی: عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) هەستاو فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا من دوێنێ شەو چومە لای خێزانەکەم، ئەویش ووتی: ئەو خەوتبوو کاتێکی زانی لەگەڵیدا جوت بوە. ئەوەبوو لەبارەی عومەرەوە ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ هاتە خوارەوە. شوعبەش لە عەمری کوڕی مورەوە لە ئیبن ئەبی لەیلاوە بەهەمان شێوە گێڕاویەتیەوە.

هەروەها ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر دەڵێ: موسەنا لە سوەیدەوە، لە ئیبن موبارەکەوە، لە ئەبی لوهەیعە، لە موسای کوڕی جوبەیری خزمەتگوزاری بەنی سەلەمەوە، کەگوێی لە عەبدوڵڵای کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە لەباوکیەوە دەی گێڕایەوە: خەڵکی لە ڕەمەزاندا ئەگەر یەکێکیان ڕۆژوی بگرتایە و ئێوارە بهاتایە و بخەوتایە، ئەوە خواردن و خواردنەوە و

ئافرەتی لێ حەرام دەبوو، هەتاوەکو سبەینێ بەربانگی دەکردەوە، ئەوەبوو شەوێکیان عومەری کوڕی خەتاب لای پێغەمبەر گەڕابویەوە و بینی بووی ژنەکەی خەوتوە، ئەویش چوبوە لای، هاوسەرەکەشی وتبوی من خەوتووم. عومەریش وتبوی: نەخەوتوی پاشان چوبوەلای، کەعبی کوڕی مالیکیش هەمان کاری کردبوو، ئەوەبوو بەیانی عومەر چووە خزمەت پێغەمبەر و ئاگاداری کردەوە، خوای گەورەش ئایەتی ﴿عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ ۖ فَٱلْـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ﴾ نارده خوارەوە، بەهەمان شێوەش لە موجاهید وعەتای و عیکریمە و قەتادە و غەیری ئەوانیش هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە گێڕدراوەتەوە کەسەبارەت بە عومەری کوڕی خەتتاب و سرمەی کوڕی قەیس بوە، خوای گەورەش جیماع و خواردن و خواردنەوەی لەهەموو شەودا حەڵاڵ کرد وەك بەزەیی و ڕوخسەت و دەرویەك.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ ئەبو هوڕەیرە و ئیبن عەباس و شورەیحی قازی و موجاهید و عیکریمە و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عەتا و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و سەدی و زەیدی کوڕی ئەسلەم و حەکەمی کوڕی عوتبە و موقاتیلی کوڕی حەیان و حەسەنی بەسری و زەحاك وقەتادە و غەیری ئەوانیش وتویانە: مەبەست منداڵە، عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمیش وتویەتی: ﴿وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ مەبەست: جیماعە، عەمری کوڕی مالیکی بەکریش لە ئەبی جەوزائەوە لە ئیبن عەباسەوە ﴿وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ مەبەست: شەوی قەدرە، ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن جەریر گێڕاویانەتەوە، عەبدولڕەزاقیش ئەڵێت: موعەممەر ئەڵێ: قەتادە ووتی: بەدوای ئەو ڕوخسەتەدا بگەڕێن کە خوای گەورە بۆی بڕیاردراون، ئەڵێت ﴿مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ واتە: ئەوەی کە بۆی حەڵاڵ کردون.

هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێت: ئیبن عویەینە لە عەمری کوڕی دینارەوە لە عەتای کوڕی ئەبی ڕەباحەوە، وتی: وتم بە ئیبن عەباس: چۆن ئەم ئایەتە دەخوێنیتەوە ﴿وَٱبْتَغُوا۟ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾؟ فەرمووی: بەهەرکامیان کە دەتەوێت، پابەند بە بەخوێندنەوەی یەکەمەوە، ئیبن جەریریش پێی وایە کە ئایەتەکە لەهەموو ئەمە گشتگیر ترە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ﴾ خـوای گـەورە مـۆڵـەتـی داوە بەخواردن و خواردنەوە و جیماع لەهەر کاتێکی شەودا بیەوێت، هەتاوەکو دەرکەوتنی سپێدەی بەیان، ئەمەشی بەم شێوەیە دەر بڕیوە ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ﴾ واتە: هەتاوەکو دەزوی سپی لەڕەش جیا دەکرێتەوە، لێکچونیشی بە ﴿مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ ڕون کردوەتەوە واتە: لەسپێدە و بەیانی، وەك لەو فەرموودەیەدا هاتوە کە پێشەوا بوخاری دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: ئیبن ئەبی مریەم لە ئەبوغەسسان موحەمەدی کوڕی مەترەفەوە، لە ئەبو حازمەوە، لە سەهلی کوڕی سەعدەوە، ئەڵێت: ئایەتی ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ﴾ هاتە خوارەوە بەبێ ﴿مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ هەربۆیە کەسانێك هەبوون کاتێ دەیان ویست ڕۆژو بگرن، دەزوی ڕەش و سپیان لەقاچیان دەبەست تانیان دەخوارد هەتاوەکو جیا کردنەوەیان لەیەکتری بەباشی بۆ دەردەکەوت، خوای گەورەش ﴿مِنَ ٱلْفَجْرِ﴾ی دابەزاند ئینجا زانیان کەمەبەست جیاکردنەوەی شەو وڕۆژە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد دەڵێت: هیشام لە حوصەینەوە لە شەعبیەوە، لە عەدی کوڕی حاتەمەوە ئەڵێت: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ﴾ دوو گوریسم هێنا یەکێکیان سپی وئەوی تریان ڕەش، ئەڵێ: خستمە ژێر سەرینەکەم و سەیرم دەکردن، هەتاوەکو ڕەش و سپیم بۆ جیا بویەوە، پاشان ئیمساکم کرد، کاتێ ڕۆژ بویەوە چومە خزمەت پێغەمبەری خوا و ئاگادارم کردەوە لەوەی کە کردم، ئەویش فەرمووی: ((إن وسادك اذاً لِعريض إنما ذلك بياض النهار من سواد الليل)) لە (صحيحين) لەچەند ڕێگەیەکەوە لە عەدییەوە گێڕاویەتیەوە.

واتە: بەڕاستی سەرینەکەت پانە ئەوە ڕوناکی ڕۆژ و تاریکی شەوە.

مانای: (إن وسادك لعريض) واتە: سەرینەکەتان پانە چونکە ئەو ڕوناکی و تاریکیە لەڕۆژ هەڵاتەوە تاوەکو ڕۆژئاوا درێژ دبێتەوە.

بەم شێوەیەش لەڕیوایەتەکەی بوخاری دا هاتوە: موسای کوڕی

ئیسماعیل لە ئەبوعوانەوە لە حوصەینەوە، لە شەعبیەوە، لە عەدیەوە، ئەڵێ: عەدی گوریسێکی ڕەش و گوریسێکی سپی هێنا، کاتێ هەندێ لەشەو مابوو سەیری کرد، بەڵام بۆی جیا نەدەکرانەوە، کاتێ ڕۆژ بویەوە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لەژێر سەرینەکەمدا دامنان، فەرمووی: ((إن وسادك لعريض، إن كان الخيط البيض والأسود تحت وسادتك)) واتە: بەڕاستی سەرینەکەت فراوانە، ئەگەر هێڵی ڕوناکی و تاریکی ڕۆژ و شەوی لەژێردا جێبێتەوە.

لەهەندێ ڕیوایەتیشدا هاتوە: ((إنّك لعريض القفا)) هەندێك بەگێلی لێکیان داوەتەوە، ئەمەش لاوازە، چونکە ئەگەر سەرینەکەی گەورە بێت ئەوە مانای گەورەیە، پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها ڕیوایەتی بوخاری ڕاڤەی دەکات و دەڵێت: قوتیبە لە جەریرەوە لە مەترەفەوە لە شەعبیەوە لە عەدی کوڕی حاتەمەوە ئەڵێ: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا، (الخيط الابيض من الخيط الأسود) چیە؟ ئایا دەزوون؟ فەرمووی: ((إنك لعريض القفا، إذا أبصرت الخيطين، ثم قال: لا بل هو سواد الليل وبياض النهار)).

هەروەها ڕێگەدان بەنان خواردن هەتاوەکو هەڵهاتنی سپێدەی بەیان، بەڵگەیە لەسەر (مستحب)و خوازراو بوونی پارشێو کردن، چونکە ئەوە ڕوخسەتە و وەرگرتنی خوازراوە. لە(صحيح)دا لە ئەنەسەوە، ووتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((تسحّروا فانَّ في السحور بركة)). واتە: پارشێو بکەن چونکە پارشێو کردن بەرەکەتی تێدایە. ((إن فصل مابين صيامنا وصيام أهل الكتاب أكلة السحور)) واتە: جیاوازی نیوان ڕۆژوی ئێمە و ئەهلی کیتاب پارشێو کردنە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێ: ئیسحاقی کوڕی عیسا ناسراو بە ئیبن تباع لە عەبدولڕەحمانی کوڕی زەید لەباوکیەوە، لە عەتای کوڕی یەسارەوە، لە ئەبی سەعیدەوە ئەڵێت: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((السحور أكلة بركة فلا تدعوه، ولو أن أحدكم تجرع جرعة ماء فإنّ الله وملائكته يصلّون على المتسحّرين)).

واتە: پارشێو خواردنێکی بەبەرەکەتە، وازی لێ مەهێنن ئەگەر یەکێکتان تەنیا قومێك ئاویش بخوات ئەوە خوای گەورە و فریشتەکان درود بۆ پارشێو کەران ئەنێرن.

هەروەها سەبارەت بە هاندان بۆ پارشێو کردن چەندین فەرموودە هاتوە، ئەگەر چی بەقومێك ئاویش بێت، بەڵام باشتر وایە دوا بخرێت بۆ کاتی سپێدە و بەرەبەیان، وەك لە(صحیحین)دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە لە زەیدی کوڕی سابتەوە هاتوە کە وتویەتی: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لێ بێت) پارشێومان کرد، پاشان هەستاین بۆ نوێژ، ئەنەس ئەڵێ: بە زەیدم وت: ماوەی نێوان پارشێو وبانگ چەند بوو؟ وتی: بەئەندازەی پەنجا ئایەت.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد دەڵێ: موسای کوڕی داود لە ئیبن لوهەیعەوە لە سالمی کوڕی غەیلانەوە لە سولەیمانی کوڕی ئەبی عوسمانەوە لە عەدی کوڕی حاتەمی حیمسیەوە، لە ئەبی زەڕەوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لاتزال أمتي بخير ما عجّلوا الإفطار وأخّروا السحور)).

واتە: ئوممەتی من سەلامەتن هەتاوەکو زوو بەربانگ بکەنەوە و درەنگ پارشێو بکەن.

هەروەها چەندین فەرموودە لەپێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) هاتووە کە تیایدا بە خواردنی پیرۆز ناوی بردوە، هەروەها لەو فەرموودەیەدا کە پێشەوا ئەحمەد و نیسائی و ئیبن ماجە لەڕیوایەتی حەمادی کوڕی سەلەمەوە لە عاسمی کوڕی بەهدەلەوە لە زەڕی کوڕی حەبیشەوە، لە حوزەیفەوە گێڕاویانەتەوە، ئەفەرموێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لێ بێت) پارشێوم کرد، لەکاتێکدا کەڕۆژ بوبویەوە بەڵام خۆرهەڵنەهاتبوو ئەمەش فەرموودەیەکە کەتەنها لە عاسمی کوڕی ئەبی نجودەوە هاتوە، نیسائی ئەمەی وتوەو بەو شێوە ڕاڤەی کردوە کە مەبەست نزیکی ڕۆژ بونەوەیە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِيٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ واتە: ئەگەر لەتەواوبونی (عیددة) نزیك بونەوە، ئەوە یان بەچاکی لای خۆتان بهێڵنەوە یاخود لێیان جیا ببنەوە، ئەمەش کە وتویەتی

شیاوە بۆ ئەوەی فەرموودەکەی لەسەر ڕاڤە بکرێت واتە: پارشێویان کردوە بەلام دڵنیا نەبوون لە هەڵاتنی سپێدە، تەنانەت هەندێکیان وایان زانیوە کە هەڵاتووە و هەندێکیشیان وایان زانیوە کە هەڵنەهاتووە.

هەروەها لەکۆمەڵێکی زۆر لە(سەلەف)ەوە گێڕدراوەتەوە کە چاوپۆشیان کردوە لەکاتی نزیك بوونەوەی سپێدە و(فجر)دا. ئەمەش لە ئەبی بەکر و عومەر و عەلی و ئیبن مەسعود و حوزەیفە و ئەبو هورەیرە و ئیبن عومەر و ئیبن عەباس و زەیدی کوڕی سابت و لەکۆمەڵێکی زۆر لە(تابعین)و شوێن کەوتوانیش وەك موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی حسەین و ئەبو موجلز و ئیبراهیمی نەخعي و ئەبو زوحا و ئەبو وائل و چەندین کەسی تر لەهاوەڵانی ئیبن مەسعودەوە گێڕدراوەتەوە. هەروەها عەتا و حەسەن وحاکمی کوڕی عویەینە و موجاهید و عوروەی کوڕی زوبەیر و ئەبوعەشأ و جابری کوڕی زەید، هەروەها ئەوەش بۆچونی ئەعمەش و جابری کوڕی ڕاشیدە، سەنەدی ئەمانەشمان لەکتێبی(الصیام المفرد)دا نوسیوەتەوە. سوپاس و ستایشیش هەر بۆ پەروەردگارە.

هەروەها ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر لەتەفسیرەکەیدا لەهەندێکیانەوە گێڕاویەتیەوە: کە ئیمساك و خۆگرتنەوە لەخواردن و خواردنەوە لەهەڵاتنی خۆرەوە پێویست دەبێت وەك چۆن بەربانگ کردنەوە بەئاوابوونی خۆر پێویست دەبێت. (ئەڵێم)ئەم وتەیەش وانازانم هیچ کەسێك لەئەهلی عیلم ڕای لەسەربێت لەبەر پێچەوانە بوونی لەگەڵ دەقی قورئاندا لەفەرمایشتی: ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ﴾.

هەروەها لە(صحیحین)دا لەفەرموودەی قاسم لە عائیشەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا يمنعكم أذان بلال عن سحوركم، فإنه ينادي بليل فكلوا واشربوا حتى تسمعوا آذان ابن مكتوم فإنه لا يؤذن حتى يطلع الفجر)) ئەم ڕیوایەتە لای بوخاری هاتووە.

واتە: بانگی بیلال لە پارشێوتان نەکات، چونکە ئەو بەشەودا بانگ دەدات، بخۆن و بخۆنەوە هەتاوەکو بانگی (ئیبن مەکتوم) دەبیستن، چونکە ئەو بانگ نادات هەتاوەکو سپێدەی بەیان هەڵنەیەت.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێ: موسای کوڕی داود لە موحەمەدی کوڕی جابرەوە لە قەیسی کوڕی تەڵقەوە لەباوکیەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ليس الفجر المستطيل في الأفق ولكن المعترض الأحمر)) (ترمزی) گێڕاویەتیەوە. ((كلوا واشربوا لايهيدنكم الساطع المصعد فكلوا واشربوا حتى يعترض لكم الأحمر)).

واتە: سپێدەی بەیان ئەو هێڵە ڕاستە نییە لەئاسۆوە، بەڵکو ئەو سورایەیە کە پەیدا دەبێت.

هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێ: موحەمەدی کوڕی موسەننا لە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدیەوە لە شوعبەوە شێخێکی بەنی قوشەیرەوە ئەڵێ: گوێم لە سەمرەی کوڕی جوندوب بوو ئەی ووت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەیفەرمو: ((لا يغرّنكم نداء بلال وهذا البياض حتى ينفجر الفجر أو يطلع الفجر)). پاشان لەفەرموودەی شوعبە و غەیری ئەوەوە لە سەوادی کوڕی حەنزەلەوە، لە سەمرەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا يمنعكم من سحوركم آذان بلال ولا الفجر المستطيل ولكنه الفجر المستطير في الأفق)). هەروەها یەعقوبی کوڕی ئیبراهیمەوە لە ئیبن عولیەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی سوادەی قوشەیری لە باوکیەوە، لە سەمرەی کوڕی جوندبەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا يغرّنكم أذان بلال ولا هذا البياض - لعمود الصبح - حتى يستطير)) موسلیم لە صحیحەکەیدا لە زوهەیری کوڕی حەربەوە لە ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمەوە گێڕاویەتیەوە.

هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: ئیبن حەمید لە ئیبن موبارەکەوە، لە سولەیمانی تەیمیەوە، لە ئەبی عوسمانی هیندیەوە، لە ئیبن مەسعودەوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا يمنعنّ أحدكم أذان بلال عن سحوره، أو قال نداء بلال، فان بلال يؤذن بليل، أو قال ينادى لينبه نائمكم وليرجع قائمكم، وليس الفجر أن يقول هكذا وهكذا حتى يقول هكذا)) هەروەها لەڕێگەی تریشەوە لە تەیمی یەوە گێڕاویەتیەوە هەروەها حەسەنی کوڕی زبرقانی نەخعی لە ئەبوئوسامەوە لە موحەمەدی کوڕی ئەبی

زیتبەوە، لە حارسی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە، لە موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە ((وانما هو المستطير الذي يأخذ الافق فانه يحل الصلاة ويحرم الطعام)) ئەمەش (مرسل وجيد)ە.

هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێ: ئیبن جورەیج لە عەتاوە بۆی باسکردین وتی: گوێم لە ئیبن عەباس بوو ئەی فەرموو: دوو سپێدەی بەیانن، جا ئەوەیان کەلە ئاسماندا ئەدرەوشێتەوە، ئەوە هیچ حەڵاڵ یاخود حەرام ناکات، بەڵام سپێدە ئەوەیە کە لوتکەی چیاکان ڕوناك دەکاتەوە، ئەمە خواردن و خواردنەوە حەرام دەکات.

هەروەها عەتا دەڵێ: ئەگەر لەئاسماندا درەوشایەوە، درەوشانەوەشی ئەوەیە کە بەدرێژی بەئاسماندا بڕوات، ئەوە خواردن و خواردنەوەی ڕۆژووانی پێ حەرام نابێت ونوێژی پێ ناکرێت وحەجی پێ نافەوتێت، بەڵام ئەگەر بەدرێژای لوتکەی چیاکاندا بڵاو بویەوە ئەوە ئەوە خواردن و خواردنەوەی پێ حەرام دەبێت و حەجی پێ دەفەوتێت. ئەمەش سەنەدێکی (صحيح)ە بۆ ئیبن عەباس و عەتا، هەربەم شێوەیەش لەچەندین کەس لە(سَلَفَ) گێڕدراوەتەوە.

(مەسەلەیەك) بەڵگە لەسەر ئەوەی کە سپێدەی بەیان کاتی دیاری کراوە بۆ خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و جیماع ئەوەیە کە هەرکەس لەش گرانی بەسەردا بێت، ئەوە باخۆی بشوات و درێژە بەڕۆژوەکەی بدات و هیچی لەسەر نیە. ئەمەش مەزهەبی هەرچوار ئیمامەکە وزۆرینەی زانایانی سەلەف وخەلەفە، بەبەڵگەی ئەوەی کە بوخاری و موسلیم لەفەرموودەی عائیشە و ئوم سەلەمەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کەوتویانە: پێغەمبەری خوا لەشگران دەبوو بەهۆی جیماعەوە بەبێ ئیحتیلام پاشان نوێژی دەکرد و بەڕۆژوش دەبوو، هەروەها لەفەرموودەی ئوم سەلەمە لە(صحيحين)دا نە ڕۆژوی دەشکاند و نە دەی گێڕایەوە، لە(صحيح)ی موسلیمیش دا لای عائیشە: کە پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا: هەندێ کات لەکاتی نوێژی بەیانی دا لەشم گرانە ئایا بەڕۆژوو ببم؟ پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((وأنا تدركني الصلاة وأنا جنب فاصوم)). واتە: منیش لە کاتی

نوێژدا لەشم گرانە و ڕۆژوش دەگرم. پیاوەکەش وتی: تۆ وەك ئێمە نیت ئەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) . تۆ خوای گەورە لەگوناهی پێش و پاشت خۆش بووە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((والله إني لأرجو أن أكون أخشاكم لله و أعلمكم بما أتقي)).

واتە: سوێند بەخوا من ئومێد ئەکەم لەخواترسترین و زاناترینیان بم بەوەی کە پێویستە خۆمی لێ بپارێزم.

هەرچی ئەو فەرموودەیەشە کە پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە: عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە لە هەمامەوە لە ئەبی هورەیرەوە لەپێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لێ بێت) کە فەرموویەتی: ((إذا نودي للصلاة صلاة الصبح و أحدكم جنب فلا يصم يومئذٍ)). واتە: ئەگەر بانگدرا بۆنوێژی بەیانی و یەکێك لەئێوە لەش گران بوو، ئەوە با ئەو ڕۆژە بەڕۆژو نەبێت. ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی (جید)ە لەسەر مەرجی (شیخین). لە(صحیحین)یشدا لە ئەبی هورەیرەوە، لە فەزڵی کوڕی عەباسەوە، لەپێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لێ بێت) هاتوە. هەروەها لە(سنن النسائي)دا لە ئەبی هورەیرەوە لە ئوسامەی کوڕی زەید و فەزڵی کوڕی عەباسەوە، بەڵام بەرزی نەکردوەتەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ، هەندێ لەزانایان ئەمەیان بەقسەی فەزڵ زانیوە و هەندێکیشیان ڕایان لەسەریەتی، ئەمەش لە ئەبی هورەیرە و سالم و عەتا و هیشامی کوڕی عوروە و حەسەنی بەسریەوە، گێڕدراوەتەوە، هەندێکیش جیاوازیان کردوە لەنیوان ئەوەی کە بەیانی بەلەش گرانیەوە خەبەری ببێتەوە ئەوە هیچی لەسەر نییە بەبەڵگەی فەرموودەی عائیشە و ئوم سەلەمە و ئەوەی کە بەئارەزووی خۆی لەشی گران بوبێت، ئەوە ڕۆژەکەی دروست نییە، بەبەڵگەی فەرموودەی ئەبو هورەیرە، ئەمەش لە عوروە و تاوس و حەسەنەوە گێڕدراوەتەوە، هەندێکیش جیاوازیان کردوە لەنێوان فەرزدا کە دەیگرێت و پاشان قەزای دەکاتەوە، بەڵام بۆ سونەت هیچ زیانێکی نییە، سەوری ئەمەی لە مەنسور لە ئیبراهیم نەخعیەوە گێڕاوەتەوە. هەروەها ڕیوایەتێکیشە لە حەسەنی بەسریەوە. هەندێکیش لافی (نسخ) بونی فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە یان لێ داوە بەفەرموودەکەی ئوم سەلەمە و

عائیشە، بەڵام مێژووی ئەم دوو فەرموودەیە دیاری نییە، ئیبن حەزمیش لافی ئەوەی لێداوە کەبەم ئایەتە نەسخ کراوە ئەمەش دورە. چونکە مێژوویان دیارنیە، بەڵکو ئەوەی کە دیارە پێچەوانەکەیەتی، هەندێکیش فەرموودەکەی ئەبو هورەیرەیان بە نەفی کردنی تەواویەتی ڕۆژووەکە لێك داوەتەوە، کەواتە ڕۆژووەکەی دروست نییە، بەبەڵگەی فەرموودەی عائیشە و ئوم سەلەمە کە بەڵگە فەرموودەی عائیشە و ئوم سەلەمە کەبەڵگەن لەسەر دروست بونی، ئەم بۆچونەش نزیك ترین و کۆکەرەوە ترینی ڕاکانە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

﴿ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى الَّيْلِ﴾ بەربانگ کردنەووە لەکاتی خۆرئاوابوندا پێویستی بە حوکمێکی شەرعی هەیە، وەك لە (صحیحین)دا هاتوە لەپێشەوای باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتابەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە فەرموویەتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((إذا أقبل الليل من هاهنا، وأدبر النهار من هاهنا فقد أفطر الصائم)) واتە: ئەگەر شەو لێرەوە هات و ڕۆژ لێرەوە پشتی هەڵکرد ئەوە ڕۆژوی ڕۆژووەوان تەواو بوە.

هەروەها لە سەهەلی کوڕی سەعدی ساعدیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا يزال الناس بخير ما عجلوا الفطر)). واتە: خەڵکی سەلامەتن هەتاوەکو خێرا بەربانگ بکەن. (شیخین) تەخریجیان کردوە، پێشەوا ئەحمەدیش ئەڵێت: وەلیدی کوڕی موسلیم لە ئەوزاعیەوە لە قورەی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە، لە زوهریەوە، لە ئەبی سەلەمەوە، لە ئەبی هورەیرەوە لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت): ((يقول الله عزّ وجل إنّ أحب عبادي إليّ أعجلهم فطرا)). هەروەها ترمزی لەزیاتر لە ڕێگەیەکەوە گێڕاویەتیەوە لە ئەوزاعیەوە وتویەتی: ئەمە فەرموودەیەکی (حسن وغریب)ە.

واتە: خوای گەورە ئەفەرموویت بەڕستی خۆشەویست ترین بەندەم بەلامەوە، ئەوەیە کە زوتر بەربانگ دەکاتەوە. هەروەها ئەحمەد ئەڵێت: عەفان لە عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادەوە، لە ئیادی کوڕی لەقیتەوە، لە لەیلای هاوسەری بەشیری کوڕی خەساسیەوە وتویەتی: ویستم دوو ڕۆژ بەسەر یەکەوە

بەڕۆژو بم بەڵام بەشیر ڕێی پێ نەدام ووتی: پێغەمبەری خوا نەهی لێ کردوە و فەرمووی: ((يفعل ذلك النصارى، ولكن صوموا كما أمركم الله﴿ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى الَّيْلِ﴾ فإذا كان الليل فافطروا)). واتە: گاورەکان ئەو کارە دەکەن، بەڵکو ئێوە بەو شێوە ڕۆژوو بگرن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردون هەر کەشەو هات ئەوە ڕۆژوەکەتان بشکێنن.

هەربۆیە لەفەرموودە صحیحەکاندا نەهی کراوە لەبەسەر یەکەوە بەڕۆژو بون(وصال) واتە: دوو ڕۆژ ڕۆژوو بەسەر یەکەوە بە ڕۆژوو بێت هیچ لەنێوانیاندا نەخوات، پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە لە زەهریەوە، لە ئەبی سەلەمەوە، لە ئەبی هورەیرەوە گێڕاویەتیەوە و ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا تواصلوا)). واتە: دووڕۆژ بەسەر یەکەوە بەڕۆژوو مەبن، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ وادەکەیت؟ فەرمووی: ((إني لست مثلكم إني أبيت يطعمني ربي ويسقيني)). واتە: من وەکو ئێوە نیم، من خوای گەورە تێرم دەکات و تینوێتیم دەشکێنێ. ئەڵێ: ئەوەبوو وازیان لێ نەهێنا و پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) دوو شەو و دوو ڕۆژ بەسەر یەکەوە ڕۆژووی پێ گرتن پاشان هیلال و مانگیان بینی، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لو تأخر الهلال لزدتكم)) واتە: ئەگەر هیلال دوا بکەوتایە بۆم درێژ دەکردنەوە، وەك سزایەك بۆتان.

هەروەها لە(صحیحین)دا لە فەرموودەی زوهریەوە تەخریجیان کرد و بەهەمان شێوە نەهی کردن لەدرێژ کردنەوەی ڕۆژوو یان لە ئەنەس و ئیبن عومەر و عائیشەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) تەخریجیان کردوە، عائیشە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا نەهی کردوە لە درێژ کردنەوەی ڕۆژوو وەك بەزەییەك بۆیان، وتیان: بەڵام تۆ درێژەی پێ دەدەیت. فەرمووی: ((إني لست كهيئتكم إني يطعمني ربي ويسقيني)) واتە: من وەکو ئێوە نیم، من خوای گەورە تێرم دەکات و تینوێتیم دەشکێنێ.

هەروەها (نهي) کردن لەچەندین ڕێگەوە ساغ بوەتەوە و دەرکەوتوە کە ئەوەتایبەت مەندی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بووە کە خوای گەورە یارمەتی دەدا بۆ ئەو کارە، ڕاست تریش ئەوەیە کە ئەو خواردن و خواردنەوە

بەمەعنەوی بووە نەك ماددی و بەرجەستە چونکە ئەگەر بەڕاستی خواردنی بخواردایە و تێربکرایە ئەوە بەڕۆژوو بۆی حساب نەدەکرا، بەڵکو بەو شێوەبوە کە شاعیر دەڵێت:

لها أحاديثُ مِنص ذِكراكَ تَشْغَلها
عَنِ الشَّرابِ وتُلْهيها عَنِ الزادِ

واتە: قسە و گوفتارێکی هەیە کە خواردن و خواردنەوەی لەبیر دەباتەوە.

هەرکەسێکیش کەبیەوێ پاش خۆرئاوابوون هەتاوەکو پارشێو بەڕۆژوو بێت، ئەوە ئەتوانێت، وەك لەفەرموودەی ئەبی سەعیدی خدریەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتووە، ئەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا تواصلوا فأيكم أراد يواصل فليواصل الى السحر)).

واتە: ڕۆژوو درێژ مەکەنەوە، بەڵام هەر کەس ویستی درێژی بکاتەوە، ئەوە با تاپارشێو درێژی بکاتەوە. وتیان: بەڵام تۆ درێژی دەکەیتەوە، فەرمووی: ((إني لست كهيئتكم، إني أبيت لي مطعم وساق يسقيني)) لە(صحيحين)دا تەخریج کراوە.

هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: ئەبو کەریب لە ئەبو نوعەیمەوە، لە ئەبو ئیسرائیلی عەبسیەوە، لە ئەبو بەکری کوڕی حەفسەوە، لەدایکی منداڵی حاتبی کوڕی ئەبی بەلتەعەوە، کە بەلای پێغەمبەری خوادا تێپەڕی لەکاتێکدا کە خەریکی پارشێو کردن بووە، ئەوەبوو بانگهێشتی کرد بۆ نان خواردن، ئەویش وتی: من بەڕۆژوم. فەرمووی: چۆن بەڕۆژو دەبیت؟ ئەویش ئەمەی باسکرد بۆ پێغەمبەر، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أين أنت من وصال آل محمد من السحر الى السحر)).

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەبدولڕەزاق لە ئیسرائیلی کوڕی عەبدولئەعلاوە، لە موحەمەدی کوڕی عەلیەوە، لە عەلیەوە: کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەپارشێوەوە بۆ پارشێو بەڕۆژوو دەبوو.

هەروەها ئیبن جەریر لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و خەڵکانی تری سەلەفەوە ئەگێڕێتەوە کە: چەند ڕۆژێك بەسەر یەکەوە بەڕۆژوو بوون و

ئەمەشیان وەك وەرزشێك كردوە نەك پەرستش. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت. لەوانەشە وا لە(نەهی) كردنەكە گەشتبن كە بۆ ڕێنماییە وەك بەزەییەك، وەك لەفەرموودەی عائیشەدا هاتووە: ((رحمةً لهم)) واتە: وەك بەزەییەك بۆیان. ئەوەبوو (ئیبن زوبەیر و ئیبن عامر)و هاوشێوەكانیان ئەمەیان دەكرد، چونكە توانایان هەبوو لێشیانەوە گێڕدراوەتەوە كە سەرەتا بە ڕۆن و كاڵەك ڕۆژوییان دەشكاند، هەتاوەكو خواردن نەچێتە ڕیخۆڵەیانەوە، هەروەها لە ئیبن زوبەیریشەوە گێڕدراوەتەوە كە حەوت ڕۆژ بەسەر یەكەوە بەڕۆژو بوە و لەڕۆژی حەوتەمدا زۆر بەهێز و خۆڕاگر بووە.

هەروەها ئەبوعالیە ئەڵێ: خوای گەورە ڕۆژوی تەنها بەڕۆژدا فەرز كردوە، جا هەر كە شەو هات ئەوا هەر كەس ئارەزوی لێ بوو نان دەخوات و هەر كەس ئارەزوی لێ نەبوو نایخوات.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ﴾ عەلی كوڕی ئەبی تەلحە لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێت: ئەمە سەبارەت بەپیاوێكە كەلە مزگەوتدا ئیعتیكاف دەكات لە ڕەمەزان یان مانگی تردا. خوای گەورە ئافرەتی لەسەر حەرام كردوە هەتاوەكو ئیعتیكافەكەی تەواو دەبێت. زەحاك ئەڵێت: پیاو كاتێ ئیعتیكافی دەكرد، ئەگەر لەمزگەوت دەرچوایە بۆی هەبو جیماع بكات. خوای گەورەش فەرمووی: ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ﴾ واتە: نزیكیان مەكەونەوە هەتا ئەو كاتەی ئیعتیكافتان بەردەوام بێت چ لەمزگەوتدا بێت یان لەشوێنی تردا. موجاهید و قەتادە و زیاتر لەكەسێك وتویانە: كە ئەوان ئەو كارەیان دەكرد هەتاوەكو ئەم ئایەتە دابەزی، ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: لە ئیبن مەسعود و موحەمەدی كوڕی كەعب و موجاهید و عەتا و حەسەن و قەتادە و زەحاك و سەدی و ڕەبیعی كوڕی ئەنەس و موقاتیل كە وتویانە: نابێت نزیكی بكەوێتەوە لەكاتێكدا كە لە ئیعتیكافدایە. ئەمەش كەلەوانەوە گێڕدراوەتەوە زانایان لەسەری كۆكن كە نزیك كەوتنەوە لەئافرەت حەرامە بۆ موعتەكیف لەمزگەوتدا، ئەگەر ڕۆشتەوە بۆ ماڵ بۆ كارێك یان دەست بەئاو گەیاندنێك، ئەوە بۆی نییە پاش ئەنجامدانی كارەكەی بمێنێتەوە، چ بۆ نان خواردن بێت یاخود دەست بەئاو گەیاندن، هەروەها بۆی نییە

هاوسەرەکەی ماچ بکات یاخود باوەشی پیادا بکات، یاخود هەرکارێك ئەنجام بدات جگەلە کاری ئیعتیکاف کردنەکەی، تەنانەت بۆی نییە سەردانی نەخۆشیش بکات، بەڵام دەتوانێت بەدەم ڕێگاوە هەواڵی بپرسێت.

هەروەها ئیعتیکاف چەندین حوکمی دور و درێژی هەیە، کە هەندێکیان کۆدەنگی زانایان و هەندێکیان ناکۆکی لەسەرە، ئێمە هەندێکمان لەکۆتای(کتاب الصیام)دا باس کردوە و سوپاس و ستایشیش هەربۆ زاتی پەروەردگارە. هەر بۆیە زانایانی نوسەر و کتێب دانەر بەدوای باسی ڕۆژودا باسی ئیعتیکاف دێنن وەك لاسای کردنەوەیەك بۆ قورئانی پیرۆز، چونکە ئاگاداری کردوینەتەوە لەباس کردنی ئیعتیکاف پاش باسکردنی ڕۆژوو. لەباسکردنی ئیعتیکافیش دا پاش ڕۆژوو ڕێنمای و ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئیعتیکاف کردن لە ڕۆژوو دا یاخود لەکۆتایی مانگی ڕۆژودا. وەك لەسونەت هاتوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەدە ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزاندا ئیعتیکافی دەکرد هەتاوەکو کۆچی دوایی کرد، پاشان هاوسەرەکانی پاش خۆی ئیعتیکافیان دەکرد، (شیخان) لەفەرموودەی عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) تەخریجیان کردوە، هەروەها لە(صحیحین)دا هاتوە کە سەفیهی کچی حویەیی سەردانی پێغەمبەری کرد لەکاتێکدا کەلە مزگەوتدا ئیعتیکافی کردبوو، ئەوەبوو ماوەیەك قسەی لەگەڵدا کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئەمەش لەشەودابوو، هەربۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵیدا ڕۆشت هەتاوەکو بیگەیەنێتە ماڵەوە، ماڵەکەشی لەماڵی ئوسامەی کوڕ زەید دا بوو لەقەراغی مەدینەوە، ئەوەبوو لەڕێگەدا توشی دوو پیاو لە(أنصار)هات، کاتێ پێغەمبەریان بینی (درودی خوای لێ بێت) بەپەلە ڕۆشتن، لەڕیوایەتێکیشدا خۆیان شاردەوە، چونکە شەرمیان لە پێغەمبەر دەکرد، چەنکە هاوسەرەکەی لەگەڵدابوو، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) پێی وتن: ((على رسلكما إنّها صفية بنت حُيي)) واتە: پەلە مەکەن و وریابن ئەوە سەفیەی کچی حویەیە، وتیان: (سبحان الله) ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إن الشّيطان يجرى من ابن آدم مجرى الدم، وانى خشيت أن يقذف في قلوبكما شيئاً، أو قال: شراً)) واتە:

شەیتان وەك خوێن بەدەمارەكانی مرۆڤدا دەگەڕێت، منیش ترسام شتێك لەدڵتاندا دروست بكات. شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەفەرموێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) مەبەستی ئەوەبوو كە ئومەمەتەكەی فێری خۆ دورگرتن لەتۆمەت بكات لەشوێنی خۆیدا، هەتاوەك نەكەونە كارێكی نەخوازراوەوە. چونكە ئەو دوو هاوەڵە لەوە پارێزگارتربوون كەگومانی خراپ بەپێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بەرن. خوای گەورەش باشتر دەزانێت.

پاشان مەبەست لە(مباشرة) بریتیە لەجیماع و جوت بوون و هۆكارەكانی وەك ماچ كردن ودەست لەمل كردن و هاوشێوەكانی، بەڵام شت پێدان هیچی تێدانیە، هەروەك لە(صحیحین)دا لە عائیشەوە هاتووە كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) سەر و قاچی لێ نزیك دەكردمەوە لەكاتێكدا كە من لە حەیزدا بووم، نەش دەهاتە ماڵەوە بۆ دەست بەئاو گەیاندن نەبوایە، هەروەها دەفەرموێت: نەخۆش لەماڵەوە دەكەوت، هەواڵیم نەدەپرسی مەگەر بەدەم ڕێگاوە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەوانەی كە ڕونمان كردەوە و فەرز و دیاریمان كرد لە ڕۆژوو و حوكمەكانی و ئەوەی كە حەڵاڵ یان حەرامان كرد تیایدا، ئەمانە سنور و شەرعی پەروەردگارن و خودی خۆی ڕونی كردونەتەوە، ﴿فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾ واتە: نزیكی مەكەون ولێی تێپەڕ مەبن، زەحاك و موقاتیلیش سەبارەت بە فەرمایشتی: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ ئەڵێن: مەبەستی چونە لای هاوسەرە لە ئیعتیكاف دا.

هەروەها عبدولڕەحمانی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم ئەڵێت: مەبەستی ئەم چوار سنورەیە، پاشان ئایەتی ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ هەتاوەكو ﴿ثُمَّ أَتِمُّوا ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ﴾ دەخوێندەوە و ئەی وت: باوكم و غەیری ئەویش لەشێخ و مامۆستایانمان ئەمەیان دەوت و بۆیان دەخوێندینەوە ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ﴾ واتە: هەروەك چۆن ڕۆژوو حوكم و یاسا و وردەكاریەكانی ڕون كردوەتەوە، بەهەمان شێوە حوكمەكانی تریشتان لەسەر زمانی بەندە و پێغەمبەرەكەی بۆ ڕون دەكاتەوە ﴿لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ واتە: بەڵكو بزانن چۆن خۆیان بپارێزن و چۆن هیدایەت وەرگرن

و گوێ ڕایەڵبن، وەك دەفەرموویت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبْدِهِۦٓ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ لِّيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ [الحديد: ٩].

﴿وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٨﴾﴾

عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە: لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە: کە ئەمە سەبارەت بە کەسێکە کە پارەیەك قەرزارە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، ئەویش نکۆڵی دەکات و کێشەکە دەباتە لای دادوەر، لەکاتێکدا ئەزانێت لەسەر حەق نییە و گوناه بار و حەرام خۆرە. هەروەها لە موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عیکریمە و حەسەن و قەتادە و سەدی و موقاتیلی کوڕی حەیان و عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمیشەوە گێڕدراوەتەوە، کەوتویانە: مشتومڕ و کێشە ساز مەکە لەکاتێکدا کەدەزانیت ستەم کاریت. هەروەها لە(صحیحین)دا لە ئوم سەلەمەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ألا إنّما أنا بشر وإنما يأتيني الخصم فلعلّ بعضكم أن يكون ألحن بحجة من بعض فأقضي له، فمن قضيت له بحق مسلم، فانما هي قطعة من نار فيلحملها أو ليذرها)). واتە: منیش وەك ئێوە مرۆڤم لەوانەیە دوو خاوەن کێشە بێنە لام و یەکێکیان زمان و بەڵگەی لەوی تر بەهێزتربیت و منیش لەبەرژەوەندی ئەو حوکم بدەم، جاهەرکەس مافی کەسێکم بەناڕەوا بۆ بچڕی، ئەوە پارچەیەك لەئاگرم بۆبچڕیەوە ئیتر ئازادە دەیبات یا نایبات.

ئەم ئایەت و فەرموودە پیرۆزە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە حوکمی حاکم هیچ لە حەقیقەتی شتەکە ناگۆڕێت، نە حەرام حەڵاڵ و نە حەڵاڵ حەرام دەکات، دواتریش دادوەر پاداشتی خۆی و ستەمکاریش تاوانی خۆی لەئەستۆ دەگرێت. هەربۆیە پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَلَا تَأْكُلُوٓا۟ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُوا۟ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا۟ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٨﴾﴾، واتە: لەکاتێکدا کە دەزانن ئەوەی کە دەیڵێن درۆ و ناڕەوایە.

(قەتادە) ئەڵێ: بزانە ئەی نەوەی ئادەم کە حوکمی دادوەر حەرامت بۆ

حەڵاڵ ناکات و ناڕەوات بۆ ناکات بە ڕەوا، بەڵکو دادوەر بەپێی تێڕوانینی خۆی و شایەتی شایەتەکان بڕیار دەدات، بۆیە هەندێ جار هەڵەدەکات و هەندێ جاریش ڕاستی دەپێکێت، بشزانن ئەوەی کە دادوەر بەناحەق شتێکی بۆ بڕیار دەدات ئەوە دادوەری لەڕۆژی دوایدا دوبارە دەکرێتەوە ماف دەگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی و تۆڵە لەستەمکار دەسێنرێتەوە.

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ۗ وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿١٨٩﴾﴾

(عوفي) لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێت: خەڵکی پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لێ بێت) کرد سەبارەت بە (أهلة)، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ﴾ ئەفەرموێت: واتە وادە و کاتێکە کە خەڵکی بە هۆیەوە کاتی قەرز و سوڕی مانگانەی خێزان و کاتی حەج دەزانن، هەروەها ئەبو جەعفەر لە ڕەبیعەوە، لە ئەبی عالیەوە ئەڵێ: پێمان گەشتوە کە وتویانە: ئەی پێغەمبەری خوا -أهلة- بۆچی دروست کراوە، مەبەست مانگ و هیلالە، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ﴾ واتە: خوای گەورە کردویەتی بە وادە بۆ ڕۆژوو بەربانگی موسڵمانان و عیددەی هاوسەرەکانیان و کات و وادەی قەرزەکانیان. هەروەها هاوشێوەی ئەمە لە عەتا و زەحاك و قەتادە و سەدی و ڕەبیعی کوڕی ئەنسیشەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها عەبدولڕەزاق لە عەبدولعەزیزی کوڕی ڕەوادەوە، لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە ئەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((جعل الله الأهلة مواقيت للناس، فصوموا لرؤيته، وأفطروا لرؤيته، فان غم عليكم فعدوا ثلاثين يوماً)). حاکم لە(مستدرك)دا لە فەرموودەی (ئیبن ئەبی ڕەواد)ەوە گێڕاویەتیەوە و فەرموویەتی: پیاوێکی متمانە پێکراو و خواناس و پەرستش کار و خاوەن ڕەچەڵەك بوو کەواتە سەنەدەکەی (صحیح)ە هەرچەندە (شیخان) تەخریجیان نەکردوە.

واتە: پەروەردگار هیلال و مانگی کردوە بەواده و کات بۆ خەڵکی، ئیوەش بەبینینی مانگ ڕۆژوو بگرن و بەبینینیشی بەربانگ بکەنەوە، ئەگەر هەور بوو و دەر نەکەوت ئەوە سی ڕۆژ بژمێرن.

هەروەها موحەمەدی کوڕی جابر لە قەیسی کوڕی تەلەقەوە لەباوکیەوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((جعل الله الأهلة مواقيت للناس، فصوموا لرؤيته، وأفطروا لرؤيته، فان غم عليكم فعدوا ثلاثين يوما)) هەروەها لەفەرموودەی ئەبی هورەیرە و وتەی عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە گێڕدراوەتەوە هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا﴾ بوخاری دەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی موسا لە ئیسرائیلەوە، لە ئەبی ئیسحاق لە بڕائەوە، دەڵێت: ئەگەر لە نەفامی دا ئیحرامیان بکردایە، لەپشتەوە ئەهاتن بۆ کەعبە، خوای گەورەش ئایەتی ﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا﴾ هەروەها ئەبو داود تەیالیسی، لە شوعبەوە لە ئەبی ئیسحاقەوە، لە بڕائەوە ووتی: ئەنسار ئەگەر لە سەفەرەوە بهاتنایەوە لە دەرگاوە نەدەچونە ژورەوە.

هەروەها ئەعمەش لە ئەبی سوفیان لە جابرەوە ئەڵێت: بەقورەیش دەوترا -حمس- واتە: ئازا، و لەکاتی ئیحرامدا لەدەرگاوە دەچونە ژورەوە، (أنصار)و عەرەبەکانی تریش لە ئیحرامدا لەدەرگاوە نەدەچونە ژورەوە، ئەوەبوو لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا لە بێستانێکدابوو، لەدەرگاکەیەوە هاتە دەرەوە و قوتبەی کوڕی عامریش لە ئەنسار لەگەڵیدا هاتە دەرەوە، ئەوانیش وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، قوتبەی کوڕی عامر پیاوێکی بازرگانە و لەگەڵتدا لە دەرگاکەوە هاتە دەرەوە، ئەویش پێی وت: بۆ ئەو کارەت کرد؟ ووتی: بینیم تۆ وات کرد، منیش وەك تۆم کرد. فەرمووی: من (أحمس)م واتە: قورەیشیم، ووتی: دەی ئاینی تۆ ئاینی منیشە، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ ۗ وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا﴾ نارده خوارەوە ئیبن ئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە، هەروەها(عوفی) لە ئیبن عەباسەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە، هەروەها لە

موجاهید و زوهری و قەتادە و ئیبراهیم نەخعی و سەدی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسیشەوە گێڕدراوەتەوە.

حەسەنی بەسریش دەڵێت: خەڵکانێك لە نەفامیدا ئەگەر بیان ویستایە سەفەر بکەن و لەماڵ دەرچونایە بەمەبەستی سەفەر، پاشان ڕای بگۆڕایەوە پەشیمان ببوایەتەوە، ئەوە لە دەرگاوە نەدەچوەوە ماڵی خۆی، بەڵکو لەدیواری پشتەوە دەچوە ژورەوە. خوای گەورەش فەرمووی: ﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا﴾. هەروەها موحەمەدی کوڕی کەعب دەڵێ: ئەگەر کەسێك ئیعتیکافی بکردایە، ئەوە لەدەرگاوە نەدەچوە ماڵەوە، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە.

هەروەها عەتای کوڕی ئەبی ڕباح دەڵێت: خەڵکی (یثرب) ئەگەر لە جەژنەکانەوە بگەڕایە نەوە، ئەوە لەپشتەوە دەچونە نێو ماڵەکانیان و وایان دەزانی کە ئەوە نزیکترە لە چاکە و خواناسیەوە. خوای گەورەش فەرمووی: ﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا﴾ هەروەها فەرمووی: ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ واتە: لەخوا بترسن و ئەو کارە بکەن کە خوا فەرمانی پێ کردون و وازبێنن لەوەی کە نەهی لێ کردون ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ بەڵکو سەرفرازبن کاتێ کە سبەینێ ڕادەوەستێنرێن لە بەردەمی دا و پاداشتتان دەداتەوە بە تێر و تەواوی.

﴿وَقَٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١٩٠﴾ وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمْ فِيهِ ۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمْ فَٱقْتُلُوهُمْ ۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٩١﴾ فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٩٢﴾ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ ۖ فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَلَا عُدْوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٩٣﴾﴾

ئەبو جەعفەری ڕازی لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە، لە ئەبی عالیەوە سەبارەت بەفەرمایشتی ﴿وَقَٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ﴾ ئەڵێ: ئەمە

یەکەم ئایەتە کە سەبارەت بە(قتال) و کوشتار لەمەدینەدا دابەزی، کاتێ دابەزێ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) جەنگی دەکرد لەگەڵ ئەوانەی کە جەنگیان لەگەڵ دەکرد و وازی دەهێنا لە هەرکەسێك کە وازی لێ بێنێت، هەتاوەکو سورەتی (براءة) دابەزی، هەروەها عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمیش هەمان شت دەڵێ، هەتا ئەوەی کە دەڵێ: ﴿فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ﴾ [التوبة:١]. ئەمەش جێی ڕەخنەیە. چونکە فەرمایشتی ﴿ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ﴾ تەنها بۆ وروژاندن و هاندانە کوشتارکردنی ئەو دوژمنانەی کە دەیانویست دژ بەئیسلام و موسڵمانان بجەنگێن، واتە وەك چۆن ئەوان دژ بەئێوە دەجەنگێن ئێوەش لەدژیان بجەنگێن، وەك دەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمْ كَآفَّةً﴾ [التوبة:٣٦] هەربۆیە لە ئایەتەکەدا دەفەرموێت: ﴿وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ﴾ واتە: هەتاوەکو ورە و هیممەتتان بەرزبێت بۆ کوشتاریان، وەك چۆن ئەوان هیممەتیان بەرزە بۆ کوشتارتان، هەروەها بۆ دەرکردنیان لە وڵاتەکەیان وەك تۆڵەیەك بەرامبەر بەهەستانیان بەدەرکردنتان لە وڵاتی خۆیان.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ﴾ واتە: لەپێناو خوادا بجەنگێن، بەڵام دەستدرێژی مەکەن و تاوان ئەنجام مەددەن، وەك حەسەنی بەسری ئەڵێت: لە لوت و گوێ بڕین و پێنواندن و کوشتنی ئافرەت و منداڵ و پیر، کە هیچ ڕا و بۆچونێکیان نییە و کوشتنیان ڕەوانیە، بەهەمان شێوە ڕاهیب و خاوەن (صومعە)کان واتە: پیاوانی ئاینی گاور و جولەکە، هەروەها بڕینی درەخت و کوشتنی ئاژەڵ بەبێ هیچ بەرژەوەندیەك، وەك ئیبن عەباس و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و موقاتیلی کوڕی حەیان و غەیری ئەوانیش، هەربۆیە لە(صحیحی مسلم)دا لە بوریدەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا ئەی فەرمو: ((إغزوا في سبيل الله وقاتلوا من كفر بالله، غزوا ولا تغلوا و لاتغدروا ولا تمثلوا ولا تقتلوا الولد ولا أصحاب الصوامع)) پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە.

واتە: غەزا بکەن لەپێناو خوادا و کوشتاری ئەو کەسانە بکەن، غەزا بکەن و دزی و تاڵانی مەکەن و غەدر مەکەن و تۆڵە مەکەنەوە و منداڵ و

پیاوی کلێساکان مەکوژن، هەروەها لە ئیبن عەباسەوە: پێغەمبەری خوا ئەگەر سوپای بەڕێ بکردایە ئەی فەرموو: ((اخرجوا بسم الله قاتلوا في سبيل الله من كفر بالله لاتعتدوا ولاتغلوا ولا تمثلوا ولا تقتلوا الولد ولا أصحاب الصوامع)) پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە ئەبو داودیش لە ئەنەسەوە بەبەرزکراوەیی هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە.

هەروەها لە(صحيحين)دا لە ئیبن عومەرەوە هاتوە کە فەرموویەتی: ئافرەتێکم بینی لە هەندێ لە غەزاکانی پێغەمبەردا کوژرابوو، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لێ بێت) سەرکۆنەی کوشتنی ئافرەت و منداڵی کرد.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: موسعەبی کوڕی سەلام لە ئەجلەحەوە لە قەیسی کوڕی ئەبی موسلیمەوە، لە ڕەبیعی کوڕی حەیاشەوە، ئەڵێ: گوێم لە حوزەیفە بوو ئەیوت: پێغەمبەری خوا: یەك و سێ و پێنج و حەوت و نۆ و یازدە نموونەی بۆ هێناینەوە، ئەوەبوو نموونەیەکیانی بۆ هێناینەوە و وازی لەوانی تر هێنا. فەرمووی: ((إن قوماً كانوا أهل ضعف ومسكنة قاتلهم أهل تجبر وعداوة، فأظهر الله أهل الضعف عليهم، فعمدوا الى عدوهم فستعملوهم وسلّطوهم، فاسخطوا الله عليهم الى يوم القيامة)) ئەمەش فەرموودەیەکی (صحيح)ە لەڕوی سەنەدەوە. ماناکەشی ئەوەیە، کە ئەو لاوازانە کاتێك زاڵبوون بەسەر بەهێزەکاندا هەستان بەچەوساندنەوە و لەکۆمەڵەکارێکدا بەکاریان هێنان کە شایستەی ئەوان نەبوو، ئەمەش پەروەردگاری توڕە کرد و لێیان ڕەنجا هەتاوەکو ڕۆژی دوای، فەرموودە و (أثر)یش لەم بوارەدا زۆرە.

لەبەر ئەوەی کە جیهاد کردن کوشتن و لەناو بردنی تیایە، خوای گەورە هۆشداری داوە کە ئەو بێ باوەڕی و هاوەڵگەری و دژایەتی کردنەی ئاینی خوا کە ئەوان لەسەرینی لە کوشتن خراپترە، هەربۆیە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ﴾ ئەبو مالیك ئەڵێت: واتە: ئەوەی کە ئێوە لەسەرینی لە کوشتن گەورەترە، هەربۆیە فەرموویەتی ﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ﴾ واتە: هاوەڵگەری لە کوشتن خراپترە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَا تُقَٰتِلُوهُمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾ وەك لە (صحيحين)دا هاتووە: ((إن هذا البلد حرمه الله يوم خلق السماوات

والأرض فهو حرام بحرمة الله الى يوم القيامة، ولم يحل ساعة من نهار وانها ساعتي هذه، حرام بحرمةالله الى يوم القيامة، لايعضد شجرة، ولا يختلى خلاه، فان احد ترخص بقتال رسول الله، فقولوا ان الله اذن رسوله ولم يأذن لكم)).

واتە: ئەم وڵاتە خوای گەورە حەرامی کردوە لەو ڕۆژەدا کە ئاسمان و زەوی دروست کردوە، کەواتە هەمووشتێکی حەرامە لەلایەن پەروەردگارەوە هەتاوەکو ڕۆژی دوایی، حەڵاڵ نابێت تەنها یەك کاتژمێر لە ڕۆژدا نەبێت، کە ئەم کاتژمێرەی منە، هەموو شتێکی حەرامە، درەختی نابڕدرێت و خەڵکی وەدەر نانرێت جا ئەگەر کەسێك ڕێی بە خۆیدا کە کوشتاری پێغەمبەری خوا بکات، ئەوە بڵێن خوای گەورە مۆڵەتی بە پێغەمبەرەکەی داوە نەك بەئێوە.

مەبەستی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەم فەرموودەیە کوشتاری خەڵکی مەککە بوو لەفەتحی مەککەدا، چونکە مەککە بەهێز و شەڕ ئازاد کراو خەڵکانێکیان لە(خندمة) لێ کوژرا، وتراویشە بە سوڵح ئازاد کراوە بەبەڵگەی فەرموودەی: ((من أغلق بابه فهو آمن، ومن دخل المسجد فهو آمن، ومن دخل دار أبي سفيان فهو آمن)).

واتە: هەر کەس دەرگاکەی لەسەر خۆی دابخات ئەوە پارێزراوە، هەر کەس بچێتە مزگەوت ئەوە پارێزراوە، هەر کەس بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان ئەوە پارێزراوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۚ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ خوای گەورە ئەفەرموویت: لای (مسجد الحرام)دا کوشتاریان مەکەن مەگەر ئەوان دەسپێشخەری بکەن بۆ کوشتارتان، ئەوکات بۆتان هەیە کوشتاریان بکەن، وەك چۆن پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بەیعەتی دا بەهاوەڵەکانی لە حودەیبیە لەژێر درەختەکەدا لەسەر کوشتار، کاتێ کە تیرە و هۆزەکانی قورەیش و هاوپەیمانەکانیان لە (سەقیف) و حەبەشیەکان لەدژی کۆبونەوە، پاشان خوای گەورە ئەو جەنگەی لێ دورخستنەوە وفەرمووی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي كَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ عَنۡهُم بِبَطۡنِ مَكَّةَ مِنۢ بَعۡدِ أَنۡ أَظۡفَرَكُمۡ عَلَيۡهِمۡۚ﴾[الفتح: ٢٤]. هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَوۡلَا رِجَالٞ مُّؤۡمِنُونَ وَنِسَآءٞ مُّؤۡمِنَٰتٞ لَّمۡ

تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَـُٔوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌۢ بِغَيْرِ عِلْمٍ لِّيُدْخِلَ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ لَوْ تَزَيَّلُوا۟ لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴾ [الفتح: ٢٥]، هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٩٢﴾﴾ واتە: ئەگەر وازیان هێنا لە کوشتار لەناو حەرەمدا و گەڕانەوە بۆ ئیسلام و تەوبەیان کرد، ئەوە خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت با کوشتاری موسڵمانانیشیان کردبێت، چونکە هیچ گوناهێك لەلێخۆشبونی خوا گەورەترنیە، بۆ کەسێك کەتەوبە بکات لەو تاوانە. پاشان خوای گەورە فەرمانی کرد بەکوشتارکردنی بێباوەڕان ﴿حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾ واتە: هەتاوەکو هاوەڵگەری نەمێنێت، ئیبن عەباس وئەبوعالیە و موجاهید و حەسەن و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و موقاتیلی کوڕی حەیان و سەدی و زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەمەیان وتوە .﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ﴾ واتە ئاینی خوا ببێتە ئاینی سەرکەوتوو و باڵادەست بەسەر ئاینەکانی تردا، وەك لە (صحیحین)دا لەفەرموودەی ئەبی موسا ئەشعەریەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) پرسیاری لێکرا لەبارەی کەسێکەوە کە بۆ دەمارگیری یاخود بۆ ڕیا یان بۆ خۆنواندن جیهاد و کوشتاری کافران دەکات، ئایا ئەوە بۆ خوایە؟ پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من قاتل لتكون كلمه الله هي العليا فهو في سبيل الله)). واتە: هەر کەس لەپێناو بەرز ڕاگرتنی وشەی خودا بجەنگێت، ئەوە لەپێناو خوادایە.

هەروەها لە (صحیحین)دا هاتوە: ((أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله، فاذا قالوها عصموا منى دماء هم وأموالهم إلّا بحقّها وحسابهم على الله)).

واتە: فرمانم پێکراوە کە کوشتاری خەڵك بکەم هەتاوەکو دەڵێن (لا إله إلا الله) ئەگەر وتیان، ئەوا خوێن و ماڵیان لەسەر من حەرام دەبێت و حسابیشیان لەسەر خوایە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَإِنِ ٱنتَهَوْا۟ فَلَا عُدْوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ واتە: ئەگەر وازیان هێنا لەو هاوەڵگەری و کوشتارەی موسڵمانان کەتیایدان، ئەوە هەر کەس کوشتاریان بکات ستەم کارە، ئەمەش مانای قسەی موجاهیدە کە ئەفەرموێت: تەنها کوشتاری کەسێك بکرێت کە کوشتار دەکات، یاخود

ماناکەی بەم شێوە دەبێت، ئەگەر دەستیان هەڵگرت و وازیان لەستەم هێنا کە هاوەڵگەریە، ئەوە نابێت دەست درێژیان بکرێتە سەر. مەبەستیش لە دەست درێژی لێرەدا کوشتار و سزا دانە، وەك دەفەرموویت: ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ [البقرة: ١٩٤] هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا﴾ [الشورى: ٤٠] ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ﴾ [النحل: ١٢٦] هەربۆیە عیکریمە و قەتادە ئەفەرمون: ستەم کار ئەو کەسەیە کە ئامادە نییە بڵێت (لا إله إلا الله) هەروەها بوخاری دەڵێت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾ ئایەتەکە، لە موحەمەدی کوڕی بەشار ەوە، لە عەبدولوەهابەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە، فەرمووی: دوو کەس لە ئاژاوەکەی سەردەمی ئیبن زوبەیر دا هاتنە لای و وتیان: خەڵکی ئەمانەتیان فەوتاند و تۆش کوڕی عومەریت و هاوەڵی پێغەمبەریت، ئیتر بۆ هەڵوێست ناگریت؟ فەرمووی: چونکە خوای گەورە خوێنی براکەمی لەسەر من حەرام کردوە، وتیان: مەگەر خوای گەورە نەیفەرموە: ﴿وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾؟ فەرمووی: ئێمە کوشتارمان کرد هەتاوەکو هاوەڵگەری نەمێنێت و باڵادەستی تەنیا بۆ ئاینی خوابێت، بەڵام ئێوە بۆ دروست کردنی (فیتنة) شەڕدەکەن، هەتاوەکو ئاین بۆ غەیری خوابێت.، عوسمانی کوڕی ئەبی ساڵح زیاتر دەیگێڕێتەوە و ئەڵێ: ئیبن وەهەب لەفلانەوە لە حەیوەی کوڕی شورەیحەوە، لە بەکری کوڕی عومەر موعافیریەوە، لە بەکیری کوڕی عەبدوڵڵاوە، لە نافیعەوە، کە پیاوێك هاتە لای ئیبن عومەر و ووتی: ئەی باوکی عەبدولڕەحمان چی وای لێکردوی کەساڵێك حەج بکەیت و ساڵێك دابنیشیت و واز لەجیهادکردن بێنیت، ئایا فەرمایشتی پەروەردگارت نەبیستوە کە دەفەرموێت: ﴿وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُواْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَا فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَٰتِلُواْ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ﴾ [الحجرات: ٩] ﴿وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ﴾؟ ئەویش فەرمووی: ئەو کارەمان لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا کرد لەکاتێکدا کە موسڵمانان کەم بوون، ئەوەبوو ئەشکەنجە دەدراین لەپێناو ئاینەکەماندا، یان دەکوژراین یاخود ئازاریان دەداین، هەتاوەکو ئیسلام زۆربوو ئەشکەنجەدان نەما. ووتی: ئەی ڕات چیە سەبارەت بە عەلی

و عوسمان؟ فەرمووی: سەبارەت بە عوسمان ئەوا خوای گەورە لێی خۆش بووبوو، بەڵام ئێوە پێتان ناخۆش بوو کە لێی خۆش ببێت، هەرچی عەلیشە ئەوە ئامۆزای پێغەمبەری خوا و زاوای بوو، پاشان بەدەستی ئاماژەی کرد و وتی: ئەوەماڵەکەیەتی کە ئەیبینن .

﴿ٱلشَّهْرُ ٱلْحَرَامُ بِٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْحُرُمَٰتُ قِصَاصٌ ۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩٤﴾﴾

عیکریمە ئەڵێت: لە ئیبن عەباس و زەحاك و سەدی و قەتادە و موقسەم و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و عەتا و غەیری ئەوانیشەوە هاتوە وتویانە: کاتێك پێغەمبەری خوا لەساڵی شەشەمی کۆچیدا ڕۆشت بۆ عەمرەو بێباوەڕەکان ڕێیان پێنەدا لەمانگی زیلقیعدەدا بچێتە مەککە و بگاتە کەعبە لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی کە لەگەڵیدا بوون، هەتاوەکو ڕێك کەوتن لەسەر ئەوە کە لەساڵی داهاتودا بێتەوە بۆ عەمرە و ئەوەبوو لەساڵی داهاتوو لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی کەلەگەڵیدابوون عەمرەی کرد و خوای گەورە تۆڵەی بۆ کردەوە، لەم بارەشەوە فەرمایشتی ﴿ٱلشَّهْرُ ٱلْحَرَامُ بِٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْحُرُمَٰتُ قِصَاصٌ﴾ دابەزی.

پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: ئیسحاقی کوڕی عیسا لە لەیسی کوڕی سەعدەوە، لە ئەبی زوبەیرەوە، لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە، فەرمووی پێغەمبەری خوا لەمانگی حەرامدا غەزای نەدەکرد، مەگەر هێرشی بۆ بکرایە و ئەویش وەڵامی بدایەتەوە، هەرکات بهاتایە بۆ غەزا دەمایەوە هەتاوەکو کۆتای پێ دەهات.

ئەمەش سەنەدێکی (صحیح)ە هەربۆیە کاتێ کە پێغەمبەر خێوەتی لە حودەیبیەدا هەڵدابوو بیستی کە عوسمان کوژراوە دیارە پێشتر خۆی ناردبوی بۆلای هاوەڵگەرانی مەککە، کاتێ ئەو هەواڵەی بیست، لەژێر درەختەکەدا بەیعەتی دا بە هاوەڵانی لەسەر کوشتاری بێباوەڕان، کاتێ ئاگادار کرایەوە کە عوسمان نەکوژراوە، وازی لەو کارە هێناو صوڵح و ئاشتەوای کرد، ئەوەبوو ئەوەی کە ڕویدا ڕویدا، هەروەها کاتێك لە کوشتاری (هوازن) بویەوە لە غەزای (حونەین)دا و سوپاکەیان پەنای بردە بەر (تائیف)، پێغەمبەر (دروودی

خوای لێ بێت) گەمارۆی دان و لەمانگی زیلقیعدەش دا گەمارۆی دان بەمەنجەنیق و بەردەوام بوو هەتاوەکو چل ڕۆژی خایاند وەك لە (صحیحین)دا لە ئەنەسەوە هاتوە کاتێ کە خەڵکێکی زۆر لەهاوەڵانی کوڕان بەجێی هێشتن و بۆی ڕزگار نەکرا، پاشان گەڕایەوە بۆ مەککە و لە (جعرانة) دەستی کرد بە عەمرە و هەر لەوێش دەستکەوتەکانی (حونەین)ی دابەش کرد، ئەم عەمرەیەشی لە زیلقیعدەی ساڵی هەشتەمی کۆچیدابوو.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ فەرمانی کرد بەدادگەری تەنانەت لەگەڵ هاوەڵگەرانیشدا، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا۟ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِۦ﴾ [النحل:١٢٦] هەروەها ﴿وَجَزَٰٓؤُا۟ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا﴾ [الشورى:٤٠] هەروەها لە عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە و ئیبن عەباسەوە فەرمایشتی ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ لەمەککەدا دابەزی کە هیچ هێز و جیهاد کردنێك نەبوو، پاشان بەئایەتی (قیتال) وکوشتار لەمەدینەدا نەسخ کرا، بەڵام ئیبن جەریر ئەم وتەیەی ڕەت کردوەتەوە و وتویەتی: ئەم ئایەتە لەمەدینە پاش عومرەی قەزا هاتەخوارەوە، ئەمەشی داوەتەپاڵ موجاهید هەروەها فەرمایشتی ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ فەرمانی کردوە بە گوێڕایەڵی پەروەردگار و ترسان لێی و ئاگاداری کردونەتەوە کە خوای گەورە لەگەڵ پارێزگاراندایە لەسەرخستن و پشتیوانی کردن لە دنیا و دواڕۆژدا.

﴿وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوٓا۟ ۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾﴾

بوخاری ئەفەرموێت: ئیسحاق لە نەزرەوە، لە شەعبەوە، لە سولەیمانەوە، ئەڵێت گوێم لە ئەبو وائیل بوو لە حوزەیفەوە ئەیوت: ﴿وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ﴾ لەبارەی بەخشینەوە دابەزی، هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم لە حەسەنی کوڕی محەمەدی کوڕی سەباحەوە، لە ئەبی موعاویەوە لە ئەعمەشەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە ئەڵێ: هاوشێوەی ئەمە لە ئیبن عەباس و موجاهید و عیکریمە و سەعیدی کوڕی جەبیر و عەتا

و زەحاك و حەسەن و قەتادە و سەدی و موقاتیلی کوڕی حەیان گێڕدراوەتەوە هەروەها لەیسی کوڕی سەعد لە یەزیدی کوڕی ئەبی حەبیبەوە، لە ئەسلەمی کوڕی ئەبی عیمرانەوە ئەڵێ: پیاوێك لەکۆچ کەران لە(قوستەنتینیە) هێرشی کردە سەر ڕیزەکانی دوژمن و کەلێنی تێ کرد، لەو کاتەشدا ئەبو ئەیوبی ئەنساریمان لەگەڵدابوو ئەوەبو خەڵکانێك وتیان بەدەستی خۆی خۆی لەناو برد (ألقى بيده الى التهلكة)، ئەبو ئەیوبیش فەرمووی: ئێمە شارەزاترین سەبارەت بەم ئایەتە، چونکە لەناو ئێمەدا دابەزی، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ژیاین و لەهەموو غەزاکاندا شان بەشانی بەشداریمان کرد و سەرمان خست، کاتێ ئیسلام سەرکەوت و بڵاو بویەوە، وەك ئەنسار بەنهێنی کۆبوینەوە و ووتمان: خوای گەورە شەرەف مەندی کردین بەهاوەڵێتی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و سەرخستنی هەتاوەکو ئیسلام سەرکەوت و بڵاو بویەوە، ئێمە ئیسلاممان پێش ماڵ و منداڵ و خزممان خستبوو، کاتێکیش جەنگ کۆتای پێ ئەهات ئەگەڕاینەوە ناو ماڵ و منداڵمان و لەناویاندا دەماینەوە، ئەوەبوو لەبارەمانەوە فەرمایشتی: ﴿وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ مەبەست لە(تهلكة) مانەوە لەناو ماڵ و منداڵ و وازهێنان لە جیهاد و تێکۆشان بوو لەپێناو خوادا ئەبو داود لە ترمزی و نەسائیی و عەبدی کوڕی حەمید - لەتەفسیرەکەیدا - و ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن جەریر و ئیبن مردویە و حافظ ئەبو یەعلا لە - مسند - ەکەیدا و ئیبن حەبان لە(صحیح)ەکەیدا و هەموویان لەفەرموودەی یەزیدی کوڕی ئەبی حەبیبەوە گێڕاویانەتەوە.

ترمزیش ئەڵێت: فەرموودەیەکی (حسن و صحیح و غریب)ە، حاکمیش لەسەر مەرجی (شیخین) بەڵام ئەمانە تەخریجیان نەکردوە. ئەبو داودیش لە ئەسلەمەوە، لە ئەبی عیمرانەوە ئەڵێت: ئێمە لە(قوستەنتینیە)دا بووین بەرپرسی میسریش لەو کاتەدا عەقەبەی کوڕی عامربوو، ئەمیری شامیش پیاوێك بوو فوزالەی کوڕی عوبەیدی ئەویست، ئەوەبوو کۆمەڵێکی زۆر لەڕۆمەکان لەوشارە دەرچون، ئێمەش لە بەرامبەریاندا ڕیز بوین و پیاوێك لەموسڵمانەکان هێرشی کردە سەر ڕۆمەکان و چوەناویانەوە، پاشان هاتە دەرەوە و خەڵکیش وتیان: (سبحان الله) بەدەستی خۆی خۆی لەناو برد،

ئەبو ئەیوبیش فەرمووی: خەڵکینە ئێوە ئەم ئایەتە بەجۆرێکی تر لێکدەدەنەوە، کەوەك لێکدانەوەی ڕاستەقینەی خۆی نییە، چونکە ئەمەسەبارەت بە ئێمەی ئەنسار دابەزی، کاتێك کە خوای گەورە ئاینەکەی سەرخست و لایەنگری زۆر بوو، لەنێوان خۆماندا وتمان: ئەگەر خەمێکی ماڵ و منداڵمان بخواردایە، ئەوەبوو خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند.

هەروەها ئەبو بەکری کوڕی عەیاش لە ئەبی ئیسحاق سەبیعیەوە، ئەڵێ: پیاوێك بە بەڕائی کوڕی عازبی وت: ئەگەر بەتەنها هێرش بکەمە سەر دوژمن و بمکوژن، ئایا بەدەستی خۆم خۆمم لەناو بردوە؟ فەرمووی: نەخێر، خوای گەورە بەپێغەمبەرەکەی فەرموو: ﴿فَقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفۡسَكَۚ﴾ [النساء:٨٤] ئەمە سەبارەت بە بەخشینە: ئیبن مردویە گێڕاویەتیەوە وحاکم لە(مستدرك)دا تەخریجی کردوە لەفەرموودەی ئیسرائیل لە ئەبی ئیسحاقەوە ووتویەتی: (صحیح)ە بەپێی مەرجی (شیخین) بەڵام تەخریجیان نەکردوە. هەروەها ترمزی و قەیسی کوڕی ڕەبیع لە ئەبی ئیسحاقەوە، لە بەڕائەوە گێڕاویەتیەوە و پاشان ﴿لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفۡسَكَۚ﴾ وتویەتی: بەڵام (تهلكة) ئەوەیە کە پیاو تاوانێك بکات و تەوبە نەکات و بەدەستی خۆی خۆی لەناو بەرێت.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: باوکم، لە ئەبوسالحی نوسەری لەیسەوە، لە لەیسەوە، لە عەبدولڕەحمان ی کوڕی خالیدی کوڕی موسافرەوە، لە ئیبن شیهابەوە، لە ئەبی بەکری کوڕی نەمیری کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی حارسی کوڕی هاشمەوە، کە عەبدولڕەحمان ئەسوەدی کوڕی عەبد یەغوس بۆی باسکردوە کەکاتێ گەمارۆی دیمەشقیان داوە، پیاوێك لە ئەزد شنوئە بەتەنها پەلاماری دوژمنی دا، موسڵمانەکانیش ڕەخنەیان لێ گرت و لای عەمری کوڕی عاس باسیان کرد، ئەویش بانگی کرد و گەڕاندیەوە و فەرمووی: خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِۛ﴾.

هەروەها عەتای کوڕی سائیب لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە، دەربارەی فەرمایشتی: ﴿وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِۛ﴾ ئەڵێ: ئەوە لەبارەی کوشتارەوە نەبوو، بەڵکو سەبارەت بەبەخشین

بوو، لەرێی خوادا ماڵت ببەخشیت و بەدەستی خۆت خۆت نەفەوتێنێت.

هەروەها حەمادی کوڕی سەلەمە لە داودەوە، لە شەعبیەوە، لە زەحاکی کوڕی ئەبی جوبیرەوە، ئەڵێ: ئەنسار ماڵیان دەبەخشی و خێریان دەکرد، هەتاوەکو ساڵێك کەوتنە ناڕەحەتی و وازیان لەبەخشین هێنا، ئەوەبوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

حەسەن بەسری ئەفەرموویت: ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ مەبەست: چروکی و ڕژدیە.

هەروەها سەماکی کوڕی حەرب لە نوعمان کوڕی بەشیرەوە، دەربارەی فەرمایشتی: ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ ئەڵێت: ئەوەیە مرۆڤ تاوانێك بکات و بڵێت: خوا لێم خۆش نابێ، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾﴾ دابەزاند. ئیبن مردویە گێڕاویەتیەوە.

ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: هەروەها لە عوبەیدەی سەلمانی و حەسەن و ئیبن سیرین و ئەبی قولابەشەوە، هەمان شێوەی ئەو ڕایەی پێشوو گێڕدراوەتەوە. مەبەستی وەك وتەکەی نوعمانی کوڕی بەشیرە، کەسێك تاوان بکات و وابزانێت خوا لێی خۆش نابێت وبەم شێوەیە بەدەستی خۆی خۆی بفەوتێنێت، لێرەشەوە عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتیەوە: (تهلكة) واتە: سزای پەروەردگار.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن جەریر ئەڵێن: لە یونسەوە، لە ئیبن وەهەبەوە، لە ئەبو سەخرەوە، لە قەرزی موحەمدی کوڕی کەعبەوە، کەسەبارەت بەم ئایەتە ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾ ئەیوت: خەڵکی هەموو لەپێناو خوادا دەیانبەخشی، ئەوەبوو هەندێکیان لەوانی تر باشتربوون، هەژارەکان هێندەیان دەبەخشی هەتاوەکو هیچیان بەدەستەوە نەدەما، ناچار دڵخۆشی خەڵکیان دەدایەوە، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە.

هەروەها ئیبن وەهەب ئەڵێت: عەبدوڵلای کوڕی عەیاش لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا

﴿بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ﴾ ئاگاداری کردمەوە کە خەڵکانێك لەو وەفدانەدا دەچونە دەرەوە کە پێغەمبەر دەیناردن بەبێ خەرجی، ئەوەبوو یان دەبوو بەپێ بڕۆن، یان ببن بەبار بەسەر خەڵکیەوە، خوای گەورەش فەرمانی کرد کە پارەیان پێ بدرێت بۆ ڕێگا، بە دەوڵەمەندەکانیشی فەرموو: ﴿وَأَحْسِنُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾.

ناوەڕۆکی ئایەتەکەش فەرماندانە بە بەخشین لەپێناو خوادا، لەهەموو بوارەکانی خێر و چاکەدا، بەتایبەت خەرج کردنی ماڵ بۆ کوشتاری دوژمنان و بەهێزکردنی موسڵمانان لەبەرامبەریاندا، هەروەها هەوڵدان لەوەی کە وازهێنان لەو کارانە دەبێتە هۆی تیاچون بۆ کەسێك کە بیکاتە نەریت، پاشان فەرمانی کردوە بە چاکە کردن و ئیحسان کە بەرزترین پلەی پەرستشە و فەرموویەتی: ﴿وَأَحْسِنُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾.

﴿وَأَتِمُّواْ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ ۚ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ ۖ وَلَا تَحْلِقُواْ رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْهَدْيُ مَحِلَّهُۥ ۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِۦٓ أَذًى مِّن رَّأْسِهِۦ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ۚ فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلْعُمْرَةِ إِلَى ٱلْحَجِّ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ ۚ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِى ٱلْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ ۗ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ۗ ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُۥ حَاضِرِى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٩٦﴾﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار باسی لە ئەحکامی ڕۆژو کرد و بەدوایدا باسی جیهادی هێنا، دەستی کرد بەڕونکردنەوەی مەناسیك و کارەکانی حەج و فەرمانی کرد بە تەواوکردنی حەج و عەمرە، ڕواڵەتی ئایەتەکەش تەواو کردنی کردارەکانی حەج و عەمرە دەگەیەنێت پاش دەست پێ کردنیان، هەربۆیە دواتر فەرموویەتی: ﴿فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ﴾ واتە: ڕێگریتان لێکرا بۆ گەیشتنتان بە کەعبە، و ڕێنەدرا کارەکانی تەواو بکەن. هەربۆیە زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە تەواوکردنی حەج و عەمرە پاش دەست پێکردنی فەرزە، چ عەمرە بە فەرز بزانین یان بە سوننەت، ئەم دوو حوکمەشمان بەبەڵگەکانیانەوە لە

کتێبی (الأحكام)دا باسکردوە و سوپاس وستایشیش هەربۆ پەروەردگارە.

هەروەها شوعبە دەڵێ: لە عەمری کوڕی موڕەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلەمەوە، لە عەلیەوە، کە دەربارەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: ﴿وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ واتە: لەماڵەکەی خۆتەوە ئیحرام بکەیت، ئیبن عەباس و سەعیدی کوڕی جوبەیر و تاوسیش هەمان شتیان فەرموە، سوفیان سەوریش دەربارەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: تەواوکردنیان واتە لەماڵەکەی خۆتدا ئیحرام بکەیت و مەبەستت تەنیا حەج و عەمرە بێت و لە(میقات)و شوێنەکانی ئیحرامیشەوە (لبيك اللهم) بکەیت، مەبەستت دەرچون بۆ بازرگانی یان کارێکی تر نەبێت، خۆ ئەگەر لەنزیك مەککە بڵێیت، با نیەتی حەج یان عومرە بێنم و ئەنجامیان بدەم، ئەوە دروستە، بەڵام تەواوتر ئەوەیە کەتەنها مەبەستت ئەوەبێت نەك شتێکی تر. هەروەها مەکحول دەڵێت: تەواوترینی حەج و عەمرە دەستپێکردنیەتی لە(میقات)ەوە، عەبدولڕەزاقیش ئەڵێ: موعەمەر لە زەهریەوە ئەڵێ: بیستومانە کە عومەر سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ فەرموویەتی: تەواوترینیان جیاکردنەوەیانە لە لەیەکتری و ئەنجامنەدانی عەمرەیە لەمانگەکانی حەج دا. خوای گەورە دەفەرمووێت: حەج چەند مانگێکی دیاریکراوە، هەروەها هیشام لە ئیبن عەونەوە وتویەتی: گوێم لە قاسمی کوڕی موحەمەدبوو ئەیوت: عەمرە لەکاتی حەجدا تەواونیە، وترا: ئەی عەمرە لەکاتی موحەڕڕەم دا؟ وتی: بەتەواویان دەزانی. بەهەمان شێوە لە قەتادەی کوڕی دەعامەشەوە گێڕدراوەتەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

بەڵام ئەم وتەیە جێی تێبینیە، چونکە سەلماوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) چوار عەمرەی کردوە، کە هەموویان لەمانگی زیلقیعدەدا بوون، عەمرەی حودەیبیە لەمانگی زیلقیعدەی ساڵی شەشەمی کۆچیدا و عەمرەی قەزا لەمانگی زیلقیعدەی ساڵی حەوتەمی کۆچیدا، عەمرەی (جعرانە) لەمانگی (زیلقیعدە)ی ساڵی هەشتەمی کۆچیدا، هەروەها ئەو عەمرەیەی کەلەگەڵ حەج دا ئەنجامی داو پێکەوە ئیحرامی بۆ بەستن لەمانگی(زیلقیعدە)ی ساڵی دەیەمی کۆچی و جگە لەمانە لەپاش کۆچکردن هیچ عەمرەیەکی تری نەکردوە. بەڵام بە ئوم هانیی فەرموو: ((عمرة في

رمضان تعدل حجة معي)). واتە: عەمرەیەك لە ڕەمەزاندا یەکسانە بەحەجێك لەگەڵ مندا.

هۆی ئەم فەرموودەیەش ئەوەبوو کە ئوم هانی بڕیاری دابو کە حەج لەگەڵ پێغەمبەردا بکات (درودی خوای لێ بێت) بەڵام بۆی نەکرابو بەبۆنەی پاك نەبونەوە وەك لای بوخاری ئاماژەی پێکراوە و سەعیدی کوڕی جوبەیریش دەڵێ لەسەر ئەوە هێناوە کە ئەوە لەتایبەتمەندیەکانی ئوم هانی بوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها سەدی سەبارەت بەفەرمایشتی ﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ واتە: ئەنجامی بدەن بۆ خوا، عەلی کوڕی ئەبی تەڵحەش لە ئیبن عەباسەوە ئەفەرموێت: ﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ هەر کەس ئیحرامی کرد بۆ حەج یان عەمرە ئەوە بۆی نییە ئیحرام بشکێنێت، هەتاوەکو هەردووکیان بەتەواوی ئەنجام نەدات، لەڕۆژی قوربانی کردن ئەگەر بەردی هاویشت بۆ (جمرة العقبة) و تەوافی دەوری کەعبە و سەفا و مەروەی ئەنجامدا، ئەوە ئیحرامی شکاندوە. هەروەها قەتادە لە زورارەوە ئەڵێت: ئیبن عەباس فەرمووی: حەج عەرەفەیە، عەمرەش تەوافە، هەروەها ئەعمەش لە ئیبراهیمەوە لە عەلقەمەوە سەبارەت بەفەرمایشتی: ﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ ئەڵێت: ئەوە (قراءة)و خوێندنەوەی عەبدوڵڵای کوڕی عەباسە. هەروەها سوفیان لە ئەعمەشەوە، لە ئیبراهیمەوە، لە عەلقەمەوە کە وتویەتی: حەج و عەمرە بۆ کەعبە ئەنجام بدەن، شەعبیش ووشەی ﴿وَالْعُمْرَةَ﴾ بەمرفوعی خوێندوەتەوە (العمرةُ)و وتویەتی: فەرزنیە، پێچەوانەی ئەمەشی لێ گێڕدراوەتەوە.

هەروەها فەرموودەی زۆر لەڕێگای جۆراوجۆرەوە لە ئەنەس و کۆمەڵێك لەهاوەڵانەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لە ئیحرامێکدا حەج و عەمرەی پێکەوە کۆکردەوە، هەروەها لە (صحیح)یشدا هاتووە کە بەهاوەڵەکانی فەرموە: ((من كان معه هدي فليهل بحج وعمرة)). واتە: هەر کەس ئاژەڵی قوربانی پێیە ئەوە بانیەتی حەج وعەمرە بێنێت. هەروەها لە(صحیح)دا دەفورموێت: ((دخلت العمرة في الحج الى يوم القيامة)). واتە: عەمرە چوە ناو حەجەوە هەتاوەکو ڕۆژی دوایی.

هەروەها پێشەوا ئەبو محەمەدی کوڕی ئەبو حاتەم لەبارەی هۆی دابەزینی ئەم ئایەتەوە فەرموودەیەکی (غریب)و نامۆی گێڕاوەتەوە و وتویەتی: عەلی کوڕی حسەین لە ئەبو عەبدوڵلا هەرەویەوە، لە غەسانی هەرەویەوە، لە ئیبراهیمی کوڕی تهمانەوە، لە عەتاوە، لە سەفوانی کوڕی ئومەیەوە، وتویەتی: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) کە زاڤەرانی لەخۆی دابوو و جبەیەکی لەبەردابوو و وتی: چی بکەم لە عەمرەدا ئەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) ؟ خوای گەورەش ئایەتی ﴿وَأَتِمُّوا۟ ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ی نارده خوارەوە. پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أين السائل عن العمرة؟)) کوا ئەو پیاوەی کەلەبارەی عەمرەوە پرسیاری کرد؟ ووتی: من لێرەم. ئەویش پێی فەرموو: ((ألق عنك ثيابك ثم اغتسل واستنشق ما استطعت، ثمّ ما كنت صانعاً في حجك فاصنعه في عمرتك)) ئەمەش فەرموودەیەکی (غریب) وسەیرە.

واتە: جلەکانت لابەرەو خۆت بشۆ و ئاو لە لوتت ڕابدە هەتا دەتوانی، پاشان هەرچیت لە حەجدا دەکرد لە عەمرەکەشدا بیکە.

ئەوەش کەلە (صحیحین)دا لە ئەبی یەعلاوە هاتووە دەربارەی ئەو پیاوەی کە لە (جعرانە)دا پرسیاری لە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) کرد ووتی: پێت چۆنە کەسێك ئیحرام بکات بۆ عەمرە و جبەی لەبەردابێ و بۆنێکی خۆشی پێوەبێت؟ پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لێ بێت) بێدەنگ بوو، پاشان وەحی بۆ هات و ئینجا سەری بەرز کردەوە و فەرمووی: کوا ئەو پیاوەی کە پرسیاری کرد؟ ووتی: من لێرەم. فەرمووی: ((أما الجبة فانزعها، اما الطيب الذي بك فاغسله، ثم ماكنت صانعاً في حجك فاصنعه في عمرتك)). واتە: جبەکەت لابەو بۆنە خۆشەکە بشۆ و ئەوەی کەلە حەجدا دەتکرد لە عەمرەکەشدا بیکە.

لێرەدا ئامازەی بەخۆشتن و ئاو لەلوت وەردان و دابەزینی ئایەتەکەشی نەکردوە، هەروەها لە یەعلای کوڕی ئومەیەوە گێڕاویەتیەوە نەك سەفوانی کوڕی ئومەیە پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ﴾ ئامازەیان بەوە

کردوە کە ئەم ئایەتە لەساڵی شەشەمی کۆچیدا دابەزیوە، واتە لەساڵی حودەیبیەدا کاتێ هاوەڵگەرەکان ڕێیان لەپێغەمبەری خوا گرت بۆ گەشتن بەکەعبە، خوای گەورەش لەم بارەیەوە سورەتی (الفتح)ی بەتەواوەتی دابەزاند و مۆڵەتی پێدان کە هەر قوربانیەکیان هێناوە سەری ببڕن، کە حەفتا (بدنة) بوون هەروەها سەریان بتاشن و کۆتای بە ئیحرامەکەیان بهێنن. ئەوەبوو پێغەمبەریش فەرمانی پێکردن کە سەریان بتاشن و ئیحرام بێنن، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان نەکرد و چاوەڕێی (نەسخ) کردنی بوون، هەتاوەکو پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) هاتە دەرەوەو سەری تاشی و خەڵکیش بەدوای ئەودا سەریان تاشی، بەڵام هەندێکیان تەنها قژیان کورت کردەوە و نەیانتاشی، هەربۆیە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((رحم الله المحلّقين)) واتە: ڕەحمەتی خوا لەوانەی کە سەریان تاشیوە، وتیان: ئەی ئەوانەی کە کورتیان کردوەتەوە ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش لەجاری سێیەمدا فەرمووی: ((والمقصرين)). واتە: ئەوانەش کەکورتیان کردوەتەوە. لە قوربانیەکەشدا هەمووان بەشدار بوون، هەر حەوت کەسێك (بُدنة) یەکیان سەربڕی، ژمارەشیان هەزار و چوارسەد کەس بوو و لە حودەیبیەدا لە دەرەوەی حەرەم نیشتەجێ بوویوون، وتراویشە: لەکەناری حەرەمەوەبوون. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەربۆیە زانایان جیاوازبوون سەبارەت بەوەی: ئایا (حصر) و ڕێ لێ گیران تایبەتە بەدوژمنەوە و کەس بۆی نییە حەرەم بشکێنێت جگە لەو کەسەی کە دوژمن ڕێی لێ گرتوە، واتە: پاساوی تری وەك نەخۆشی و شتی تر دروست نیە؟ لەم بارەیەوە دوو ڕایان هەیە: ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یەزید موقەڕی، لە سوفیانەوە، لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە ئیبن عەباسەوە، هەروەها ئیبن تاوس لەباوکیەوە، لە ئیبن عەباسەوە و ئیبن ئەبی نەجیح لە ئیبن عەباسەوە فەرموویەتی: هیچ (حصر) و ڕێ لێ گرتنێك پاساو نییە جگە لە ڕێ لێ گرتنی دوژمن، هەر کەس توشی نەخۆشی یان هەر شتێکی تر بوو ئەوە هیچی لەسەرنیە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِذَآ أَمِنتُمْ﴾ کەواتە: ئاسایش بە(حصر)و گیرکردن

دانانرێت، ئەڵێ: هەروەها لە ئیبن عومەر و تاوس و زەهری و زەیدی کوڕی ئەسلەم یشەوە هەمان شت گێڕدراوەتەوە.

ڕای دووەم: (حصر) وگیرکردن گشتی ترە لەوەی کەبەهۆی دوژمن یان نەخۆشی یان ڕێ لێ تێکچونەوەبێت.

پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: یەحیای کوڕی سەعید لە حەجاج کوڕی سەوافەوە، لە یەحیای کوڕی ئەبی کەسیرەوە، لە عیکریمەوە، لە حەجاجی کوڕی عەمری ئەنساریەوە، ئەڵێ: گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو (درودی خوای لێ بێت) ئەی فەرموو: ((مَن كسر أو عرج فقد حل وعليه حجة أخرى)). واتە: هەر کەس شوێنێکی شکا یاخود ئازاری هەبوو یان شەل بوو، ئەوە کۆتای بە ئیحرامی هاتووە و حەجێکی تری لەسەر پێویست دەبێت، ئەڵێ ئەمەم بۆ ئیبن عەباس و ئەبو هورەیرە باسکرد فەرمویان: ڕاست دەکات، هەورەها خاوەنی چوار کتێبەکە لەفەرموودەی یەحیای کوڕی ئەبی کەسیرەوە تەخریجیان کردوە، هەروەها لەڕیوایەتێکی ئەبی داود و ئیبن ماجەدا هاتوە: هەر کەس شەل بوو یاخود شوێنێکی شکا یان نەخۆش کەوت، ئەوە ئیحرامی شکاندوە.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم لە حەسەنی کوڕی عەرەفەوە، لە ئیسماعیلی کوڕی عەلیەوە، حەجاجی کوڕی ئەبی عوسمانی سەوافەوە گێڕاویەتیەوە، پاشان ووتی: هەورەها لە ئیبن مەسعود و ئیبن زوبەیر و عەلقەمە و سەعیدی کوڕی موسەییب و عروەی کوڕی زوبەیر و موجاهید و نەخعی و عەتا و موقاتلی کوڕی حەیانەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویانە: (إحصار) وڕێ لێ گیران و گیرکردن بەهۆی دوژمن و نەخۆشی وشکانەوە. هەروەها سەوری ئەڵێت: (إحصار) و گیرکردن بەدەست هەرشتێکەوە کە ئازاری بدات، لە(صحيحين)یشدا لە عائیشەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا چوەلای سەباعەی کچی زوبەیری کچی عەبدولموتەلیب ئەویش ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا من نیازی حەجم هەیە و ئازاریشم هەیە. پێغەمبەریش فەرمووی: ((حجي واشترطي أن محلي حيث حبستني)) واتە: حەج بکە و مەرج دابنێ لەهەرکوێ پێ گیرایت حەجەکەت هەڵوەشێنەرەوە. هەروەها موسلیم لە ئیبن عەباسەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە. هەربۆیە کۆمەڵێك لەزانایان

لەڕوانگەی ئەم فەرموودەوە مەرج دانانیان لەحەجدا بەدروست زانیوە، پێشەوا موحەمەدی کوڕی ئیدریسی شافیعیش دروستی مەرج دانانی لە حەجدا پەیوەست کردوە بە (صحیح) بونی ئەم فەرموودەیەوە، بەیهەقی و کۆمەڵێکی تر لەوانەی کە فەرموودەیان لەبەرکردوە وتویانە: فەرموودەکە (صحیح)ە، سوپاس وستایش بۆ پەروەردگار.

هەروەها: ﴿فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ﴾ پێشەوا مالیك لە جەعفەری کوڕی موحەمەدەوە، لەباوکیەوە، لە عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە ئەی فەرموو: ﴿فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ﴾ چەندە لەتوانادا هەبوو لەقوربانی: واتە مەڕ، ئیبن عەباسیش ئەڵێت: (هدي) لەهەشت جوتەکە: حوشتر و مانگا و مەڕ و بزن.

هەروەها سەوری لە حەبیبەوە، لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە ئەیفەرموو: (الهدي) واتە: مەڕ.

هەروەها عەتا و موجاهید و تاوس و ئەبولعالیە و موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی حسەین و عەبدولڕەحمانی کوڕی قاسم و شەعبی و نەخعی و حەسەن و قەتادە و زەحاك و موقاتیلی کوڕی حەیان و غەیری ئەویش هاوشێوەی ئەمەیان گێڕاوەتەوە. ئەمەش مەزهەبی چوار پێشەواکەیە، هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: ئەبوسەعید ئەشج لە ئەبوخالید ئەحمەرەوە، لەیەحیای کوڕی سەعدەوە، لەقاسمەوە، لە عائیشەوە، لە ئیبن عومەرەوە، کە ئەوان (ما استيسر من الهدي) تەنها بەمانگا و حوشتر لێك دەدایەوە، ئەڵێ هەروەها لە سالم و ئەبوقاسم و عوروەی کوڕی زوبەیر و سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕدراوەتەوە.

(ئەڵێم) وادیارە بەڵگەی ئەوانە لەو بۆچونەیاندا ڕوداوی حودەیبیەیە، چونکە لە هیچ کەسێکەوە نەهاتوە کە لەوڕۆژەدا کەس مەڕی سەر بڕیبێت، بەڵکو تەنها مانگا و حوشتریان سەربڕیوە، لە(صحیحین)دا لە جابرەوە هاتووە، کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا فەرمانی پێ کردین کە یەکتر بەشداربکەین لە حوشتر ومانگادا، هەر حەوت کەس لە مانگایەکدا، عەبدولڕەزاقیش ئەڵێ: موعەمەر لە تاوسەوە، لە باوکیەوە لە ئیبن عەباسەوە بۆی باسکردین کە فەرموویەتی: ﴿فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ﴾ واتە: بەپێی توانا و

دەسەڵاتی، (عوفي)یش لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە: ئەگەر توانای هەبوو ئەوە لە حوشتر دەبێت، ئەگەرنا ئەوە لە مانگا، ئەگەر ئەوەشی پێ نەکرا ئەوە لە مەڕ. هیشامی کوڕی عوروەش لەباوکیەوە ﴿فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ﴾ ئەڵێت: ئەمە لەنێوان هەرزانی و گرانیدایە، بەڵگەش لەسەر دروستی ڕای (جمهور)و زۆرینە کە دەڵێن دروستە مەڕ سەر ببڕیت، ئەوەیە کە خوای گەورە داوای (هدي)ەکی کردوە کە لەتوانادا هەبێت. (هدي)ش ئاژەڵ و ماڵات دەگرێتەوە، واتە: مانگا و حوشتر و مەڕ، وەك زانای گەورە و ڕاڤەکاری قورئان و ئامۆزای پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ئیبن عەباس فەرموویەتی. هەروەها لە(صحیحین)یشدا لە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) وە هاتووە کە فەرموویەتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) جارێکیان مەڕی سەر بڕی.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ﴾ ئەمە (عطف) کرابێت لەسەر فەرمایشتی ﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ نەك (عطف) کراوە لەسەر ﴿فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ﴾ وەك ئیبن جەریر دەڵێت. چونکە پێغەمبەر و هاوەڵانی کاتێك لە حودەیبەدا قورەیش ڕێیان لێ گرتن بۆ چونە ناو حەرەم، سەریان تاشی و ئاژەڵەکانیان لەدەرەوەی حەرەم دا سەربڕی. بەڵام لەکاتی ئاسایش و توانای چونە ناو حەرەمەوە سەرتاشین لەدەرەوە دروست نییە ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ﴾ لە هەموو کارەکانی حەج و عەمرە ببێتەوە، ئەگەر لە حەجی قیراندابوو، یاخود لەکارەکانی یەکێکیان ببێتەوە ئەگەر لەحەجی (إفراد یان تمتّع)دابوو، وەك لە(صحیحین)دا لە حەفسەوە هاتووە کەوتویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بۆچی خەڵکی کۆتاییان بە عەمرە هێناو تۆ کۆتایت پێ نەهێناوە؟ فەرمووی: ((إني لبدت رأسي وقلدت هدي، فلا أحل حتى أنحر)).

واتە: من سەرم تاشی و قوربانیەکەم ئامادە کردوە، بۆیە کۆتایی بەئیحرام ناهێنم هەتاوەکو قوربانی نەکەم.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ بوخاری ئەڵێت: ئادەم لە شوعەیبی کوڕی عەبدولڕەحمانی ئەسبەهانیەوە ئەڵێ: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی مەعقەل بوو

ئەیووت: لەلای کەعبی کوڕی عەجرە دانیشتم لەمزگەوتدا - مەبەستی مزگەوتی کوفەیە- پرسیارم لێ کرد سەبارەت بە فیدیەی ڕۆژو، فەرمووی: چوم بۆ خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ئەسپێ بەدەموچاومدا بڵاو بوبویەوە ئەویش فەرمووی: ((ما كنت أرى أن الجهد بلغ بك هذا، اما تجدشاة)) واتە: پێم وانەبوو هێندە هەژار بیت سەرێك مەڕت پێ پەیدا ناکرێت وتم نەخێر، فەرمووی: ((صم ثلاثة أيام أو أطعم ستة مساكين، لكل مسكين نصف صاع من طعام، واحلق رأسك)) ئەمەی بەتایبەت بۆ من وت و بۆ ئێوەش گشتیە.

واتە: سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە، یان شەش هەژار تێر بکە، بۆ هەر هەژارێك نیو (صاع) خۆراك. پاشان سەرت بتاشە، هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە ئیسماعیلەوە، لە ئەیوبەوە، لە موجاهیدەوە، لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلاوە، لە کەعبی کوڕی عیجرەوە ئەڵێ: پێغەمبەر هاتە لام لە کاتێکدا کە ئاگرم دەکردەوە لەژێر مەنجەڵێکدا و ئەسپێ بەدەم و چاومدا بڵاو بوبویەوە، یاخود ووتی بەبرۆم دا. فەرمووی: ((يؤذيك هوام رأسك)) ئەو جڕو جانەوەرەی سەرت ئازارت نادات؟ پاشان فەرمانی کرد سەری بتاشێت و ئەم ئایەتەش دابەزی﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِۦٓ أَذًى مِّن رَّأْسِهِۦ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾.

هەروەها عەفان، لەشوعبەوە، لە ئەبی بەشیرەوە لە جەعفەری کوڕی ئیاسەوە لە شوعبەوە، لە حاکمەوە، عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا گێڕاویەتیەوە، هەروەها لەشوعبەوە، لە داودەوە لە شەعبیەوە، لە کەعبی کوڕی عەجرە لە ئەبانی کوڕی سالحەوە، لە حەسەنی بەسریەوە: کە گوێی لە کەعبی کوڕی عەجرەوە ئەی وت: پاشان مەڕێکم سەربڕی، ئیبن مەردویەیش گێڕاویەتیەوە، هەروەها لەفەرموودەی عومەری کوڕی قەیسەوە کە لاوازە لە عەتاوە، لە ئیبن عەباسەوە، وتی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((النسك شاة، والصيام ثلاثة أيام، والطعام فرق بين ستة)) واتە: (نُسُك) سەربڕینی مەڕێکە، ڕۆژووش سێ ڕۆژە، خواردنیش بەشەش هەژار دەدرێت. هەمان شتیش لە عەلی و موحەمەدی کوڕی کەعب و عیکریمە و ئیبراهیم و

موجاهید و عەتا و سەدی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: یونسی کوڕی عەبدولئەعلا، لە عەبدوڵڵای کوڕی وەهەبەوە، کە مالیکی کوڕی ئەنەس لە عەبدولکەریمی کوڕی مالیك جەزریەوە، لە موجاهیدەوە، لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلاوە، لە کەعبی کوڕی عەجرەوە: کە ئەو لەخزمەت پێغەمبەری خوادابوو و ئەسپێ دابویە سەری و دەخورا، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمانی کرد بەتاشینی سەری و فەرمووی: ((صم ثلاثة أيام، أو أطعم ستة مساكين، مدين مدين لكل إنسان أو أنسك شاة، أي ذلك فعلت أجزأ عنك))

واتە: سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە، یان شەش هەژار تێربکە، دومشت بۆ هەر کەسێك، یان مەڕێك سەر ببڕە، هەرکام لەمانە ئەنجام بدەیت بۆت دروستە. هەمان شتیش لە لەیسی کوڕی ئەبی سەلیم لە موجاهیدەوە لە ئیبن عەباسەوە دەربارەی فەرمایشتی: ﴿فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ ئەفەرموویت: هەرکات (أو) هاتبوو ئەوە هەرکامیان هەڵبژێرێت دروستە. ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێ: هەروەها لە موجاهید و عیکریمە و عەتا و حەسەن و حەمیدلئەعرەج و ئیبراهیم و نەخەعی و زەحاکەوە هاوشێوەی ئەمە گێڕدراوەتەوە.

ئەڵێم: مەزهەبی چوار ئیمامەکە و زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەیە کە لەم بوارەدا سەرپشك دەکرێت، ئەگەر ویستی بەڕۆژودەبێت و ئەگەرنا (فرق)ێك خۆراك دەبەخشێت کە دەکاتە (٣صاع) بۆ هەر هەژارێك نیو(صاع) کە دوو (مدّ)ە، ئەگەر ئارەزوشی لێ بوو مەڕێك سەر دەبڕێت و دەیبەخشێتەوە بەسەر هەژاراندا، هەرکام لەمانە بکات دروستە، لەبەر ئەوەش کە دەستەواژە قورئانیەکە لە ئاسانەوە دەستی پێ کردوە: ﴿فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ کاتێکیش پێغەمبەر فەرمانی ئەوەی کرد بەکەعبی کوڕی عەجرە ڕێنمونی کرد بۆ باشترین و فەرمووی: مەڕێك سەر بڕە، یان شەش هەژار تێر بکە، یان سێ ڕۆژ بەڕۆژوو ببە، هەریەك لەمانەش لەشوێنی خۆیدا باشە و سوپاس و ستایشیش هەر بۆ پەروەردگارە.

هەورەها ئیبن جەریر ئەڵێت: ئەبو کەریب لە ئەبوبەکری کوڕی

عەیاشەوە، ئەڵێ: ئەعمەش باسی کرد و ووتی: ئیبراهیم پرسیاری کرد لە سەعیدی کوڕی جوبەیر سەبارەت بەم ئایەتە: ﴿فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ ئەویش لە وەڵامدا ووتی: پێویستە خواردن بدات، ئەگەر هەیبوو مەرێك دەکڕێت، ئەگەر مەرنەبوو نرخەکەی دەکڕێت بە درهەم و دەدرێت بە خواردن و لەجیاتی دەبەخشرێت. ئەگینا لەبری هەر نیو (صاع)ێك ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبێت، ئیبراهیم ئەڵێ: عەلقەمە بەم شێوەیە باسی دەکرد، ئەڵێ: کاتێ سەعیدی کوڕی جوبەیر هەستا ووتی: ئەمە کێیە چەند قسەی خۆشە؟ ئەڵێ: وتم: ئەوە ئیبراهیمە، ووتی: چەند کەشخەیە دەهاتە مەجلیسەکانمانەوە، ئەڵێ: ئەمەم بۆ ئیبراهیم باسکرد و کاتێ گەشتمە دەهاتە مەجلیسەکانمانەوە موچرکەی پیادا هات. هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێ: ئیبن ئەبی عیمران لە عوبەیدوڵڵای کوڕی مەعازەوە، لە باوکیەوە، لە ئەشعەسەوە، لە حەسەنەوە کە سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ ووت: ئەگەر کەسی ئیحرام کردوو ئازاری سەری هەبوایە، ئەوە سەری دەتاشی و یەکێك لەم شتانەی دەکرد بە فیدیە، ڕۆژوو دە ڕۆژە و خێریش بۆ دە هەژار، هەر هەژارە و دوو پەرداخی پێ دەدرێت، پەرداخێك خورما و پەرداخێك گەنم، (نُسُك)یش مەرێکە.

هەروەها قەتادە لە حەسەن و عیکریمەوە سەبارەت بە: ﴿فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ ئەڵێ: تێرکردنی دە هەژار، ئەم دوو وتەیەش لە سەعیدی کوڕی جوبەیر و عەلقەمە و حەسەن و عیکریمەوە، دوو قسەی سەیرن و جێی قسە لەسەر کردنن، چونکە لەسونەتدا سەلماوە لە فەرموودەی کەعبی کوڕی عەجرەوە: ڕۆژوو سێ ڕۆژە نەك شەش، خواردنیش بەشی شەش هەژار، یان سەربڕینی مەرێکە، مرۆڤیش سەرپشکە تیایاندا وەك لە دەقی ئایەتەکەوە دەردەکەوێت، سەبارەت بەو ڕیز بەندیەش، ئەوە ئەوەی کە زانراوە لە کوشتنی نێچیردا و دەقی قورئان و کۆدەنگی زانایانی لەسەرە پێچەوانەی ئەمەیە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها هەشیم ئەڵێت: لەیس لە تاوسەوە کە ئەیوت: هەر خوێن و خواردن بەخشینێك هەبێت، ئەوە لەمەککەدا دەکرێت، هەرچی ڕۆژوو

گرتنیشە ئەوە لە هەرکوێیەك کە ئارەزوی لێ بێت، موجاهید و عەتا و حەسەنیش هەمان شتیان فەرموە، هەشیم ئەڵێ: حەجاج و عەبدولمەلیك و غەیری ئەوانیش لە عەتاوە بۆیان گێڕاینەوە، کە ئەیوت: هەر خوێنێك یان قوربانیەك هاتبێت، ئەوە لە مەککەدا بووە، هەر خواردن بەخشین و ڕۆژو گرتنێکیش هاتبێت ئەوە لەهەرکوێیەك کە بیەوێت، هەورەها هەشیم ئەڵێ: یەحیای کوڕی سەعید لە یەعقوبی کوڕی خالیدەوە، لە ئەبوئەسمای خزمەتگوزاری ئیبن جەعفەرەوە، ئەڵێ: عوسمانی کوڕی عەفان حەجی لەگەڵ و عەلی و حەسەنی کوڕی عەلی کرد، ئەوەبوو عوسمان ڕۆشت، ئەبوئەسما ئەڵێت: منیش لەگەڵ ئیبن جەعفەردا بووم بینیمان پیاوێك خەوتوە و حوشترەکەشی لای سەریدایە، ئەڵێ: وتم: ئەی کابرای خەوتوو. ئەویش هەستا و بینیم حسەینی کوڕی عەلیە، ئەڵێ: ئیبن جەعفەر هەڵیگرت هەتاوەکو گەیشتینە لای ئاو، ئەڵێ: ئەوەبوو عەلی و ئەسمای کچی عەمیس ی نارد بۆ لام، ئەڵێ: نزیکەی بیست شەو چاودێریمان کرد چونکە نەخۆش بوو، ئەڵێ: عەلی بە حسەینی وت: چیتە؟ ئەویش ئاماژەی کرد بۆ سەری، ئەڵێ: عەلیش فەرمانی دا و سەری تاشی، پاشان داوای حوشترێکی (بدنە)ی کرد و سەری بڕیوە، جا ئەگەر ئەم حوشترە لەبری سەر تاشینەکە بوبێت، ئەوە پێش گەشتن بە مەککە سەری بڕی، ئەگەر بۆ دەرچون لە ئیحرامیش بێت، ئەوە ڕونە.

هەورەها فەرمایشتی ﴿فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلْعُمْرَةِ إِلَى ٱلْحَجِّ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ﴾ واتە: ئەگەر توانیتان مەناسیك و کارەکانی حەج ئەنجام بدەن، ئەوە هەرکەسێکتان عەمرەی کردبوو بۆ حەج، ئەمەش ئیحرام کردوو بۆ هەردووکیان دەگرێتەوە، یاخود سەرەتا بۆ عەمرە ئیحرامی کردبێت، کاتێ لێ بویەوە ئیحرامی کردبێت بۆ حەج، ئەمەش (تَمَتُّع)ی تایبەتە، ئەمەش ئاشکرایە لەقسەی زانایاندا، هەرچی (تَمَتُّع)ی گشتیشە ئەوە دوو بەش دەگرێتەوە، وەك فەرموودە (صحیح)ەکان ئاماژەی پێ دەکەن، چونکە لە گێڕەرەوەکاندا هەیە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا (تَمَتُّع)ی کرد، هەندێکی تریش ئەڵێن (قِران)ی کرد، بەلام ناکۆکی لەوەدا نییە کە قوربانی کردوە، خوای گەورەش ئەفەرموویت:

﴿فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلْعُمْرَةِ إِلَى ٱلْحَجِّ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ﴾ واتە: با ئەو قوربانیە بکات کە بۆی دیاری کراوە، کە کەمترینی مەڕێکە و بۆشی هەیە مانگایەك سەربڕێت، چونکە پێغەمبەری خوا لەبری خێزانەکانی مانگای سەر بڕیوە، ئەوزاعی لە یەحیای کوڕی ئەبی کەسیرەوە، لە ئەبی سەلەمەوە، لە ئەبی هوڕەیڕەوە کە پێغەمبەری خوا مانگای لەبری خێزانەکانی سەر بڕی، ئەوانیش لە حەجی تەمەتتوع دا بوون. ئەبوبەکری کوڕی مەردویە گێڕاویەتیەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دروستی (تَمَتُّع)، وەك لە(صحیحین)دا لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە هاتوە، کە وتویەتی: ئایەتی (متعة) لە قورئاندا دابەزی و لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ئەنجاممان دا، پاشان هیچ ئایەتێك دانەبەزی حەرامی بکات یاخود نەهی لێ بکات، هەتاوەکو کۆچی دوایی کرد، پاشان هەرکەسەو بەڕای خۆی شتی دەوت. بوخاری دەڵێت: ئەڵێن عومەر بوە، ئەمەش کە بوخاری وتی باس کراوە و ئەڵێن عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) نەهی کردوە لەوەی کە خەڵکی (تَمَتُّع) بکەن و ئەیفەرموو: ئەگەر بەگوێی قورئان بکەین ئەوە خوای گەورە فەرمان بەتەواو کاری ئەکات، مەبەستی فەرمایشتی ﴿وَأَتِمُّوا ٱلْحَجَّ وَٱلْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ هەروەها لە هەمان کاتدا عومەر کاتێ نەهی لێ دەکرد حەرامی نەکردبوو، بەڵکو بۆیە نەهی لێ دەکرد، هەتاوەکو ئەوانەی کە بەمەبەستی حەج و عەمرە دێن زیاد بکەن، وەك خۆشی ئاماژەی پێ کردوە (ڕەزای خوای لێ بێت).

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِي ٱلْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ﴾ پەروەردگار ئەفەرمێت: هەر کەس قوربانی دەست نەکەوت ئەوە باسێ ڕۆژ لە حەجدا بە ڕۆژوو بێت، واتە لەکاتی ئەنجامدانی مەناسیکی حەجدا، زانایان وتویانە: باشتر وایە پێش عەرەفە لە دەڕۆژی سەرەتای زیلحیجەدا بگرێت، عەتا ئەمەی وتوە، یان لەو کاتەوە کە ئیحرام دەکات، ئیبن عەباس و غەیری ئەمیش ئەمەیان وتوە، بەبەڵگەی (في الحج)، هەندێکیش: بە دروستی دەزانن کە لەسەرەتای شەوال دا بەڕۆژوو بێت، ئەمەش ڕای تاوس و موجاهید و زیاتر لە یەکێکە، شەعبیش گرتنی ڕۆژی عەرەفە و دوو ڕۆژی پێشتریشی بەلاوە دروستە، موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و سەدی و عەتا و تاوس و حاکم و حەسەن و حەماد و

ئیبراهیم و ئەبو جەعفەری باقر و ڕەبیع و موقاتیلی کوڕی حەیانیش هەمان شتیان وتوە.

هەروەها (عوفي) لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ئەگەر قوربانی دەست نەکەوت ئەوە پێویستە سێ ڕۆژ لەحەجدا بەڕۆژوو بێت پێش ڕۆژی عەرەفە، جا هەرکات ڕۆژی سێیەمی عەرەفە هات، ئەوە ڕۆژوەکەی تەواویووە، لەگەڵ حەوت ڕۆژدا کاتێ گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی. هەروەها ئەبو ئیسحاق لە وەبرەوە لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویەتیەوە کەوتویەتی: ڕۆژێك پێش (ترویە) و ڕۆژی (ترویە) و ڕۆژی عەرەفە بەڕۆژوودەبێت، هەروەها جەعفەری کوڕی موحەمەد لەباوکیەوە لە عەلیەوە ئەیگێڕێتەوە:

ئەگەر هەمووی یاخو هەندێکی پێش جەژن نەگرت، ئایا دروستە لە (أیام التشریق)دا بیگرێتەوە، دوو ڕای زانایانی لەسەرە، کە هەردووکیان ڕای پێشەوا شافیعین، لە ڕای کۆنیدا ئەڵێ: دروستە بەڕۆژوو بێت تیایدا، بەبەڵگەی وتەی عائیشە و ئیبن عومەر لە(صحیح)ی بوخاری دا: ڕێی نەداوە بەڕۆژووبن لە(أیام التشریق)دا مەگەر بۆ کەسێك کە قوربانی نەبوبێت، مالیك بەم شێوە لە زوهریەوە، لە عائیشەوە، لە سالمەوە، لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویەتیەوە، لەچەند ڕێگەیەکی تریشەوە لە هەردووکیانەوە گێڕدراوەتەوە، هەروەها سوفیان لە جەعفەری کوڕی موحەمەدەوە، لە باوکیەوە لە عەلیەوە، ئەی فەرموو: هەر کەس سێ ڕۆژ ڕۆژووی لەحەجدا لەکیس چوو، ئەوە لە(أیام التشریق)دا قەزایان ئەکاتەوە، عوبەیدی کوڕی عومیری لەیسیش هەمان شت لە عیکریمە و حەسەنی بەسری و عوروەی کوڕی زوبەیردەگێڕێتەوە، ئەمەشیان بەبەڵگەی فەرمایشتی ﴿فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِي ٱلْحَجِّ﴾، ڕای نوێ ی لە دوو ڕاکەش ئەوەیە کە دروست نییە لە(أیام التشریق)دا بیانگرێت، بەبەڵگەی ئەوەی کە موسلم لە(قتیبة الهذلي) (ڕەزای خوای لێ بێت)، ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أیام التشریق أیام أکل وشرب، وذکر الله عز وجل)) واتە: (أیام التشریق) ڕۆژی خواردن و خواردنەوە و یادی پەروەردگارن.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ﴾ دوو ڕای لەسەرە، یەکەمیان:

کاتی گەڕانەوە بۆلای بارەکانتان، موجاهید ئەڵێ: ئەمە ڕوخسەتێکە ئەگەر بیەوێ لە ڕێگەدا ئەیگرێت، عەتای کوڕی ئەبی ڕەباحیش هەمان شت دەڵێ. ڕای دووەمیش: کاتێ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەتان، عەبدولڕەزاق ئەڵێ: سەوری لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە، ئەڵێ: گوێم لە ئیبن عومەربوو ئەیفەرموو: ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِي ٱلْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ﴾ کاتێ گەڕایەوە بۆناو کەسوکاری، ئەمەش لە سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەبی عالیە و موجاهید و عەتا و عیکریمە و حەسەن و قەتادە و زوهری و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە گێڕدراوەتەوە، ئیبن جورەیر یش کۆدەنگی و ئیجماعی لەم بارەیەوە گێڕاوەتەوە. بوخاریش وتویەتی: یەحیای کوڕی بەکیر لە لەیسەوە، لە عوقەیلەوە، لە ئیبن شیهابەوە، لە سالمی کوڕی عەبدوڵڵاوە، کە ئیبن عومەر فەرمووی: پێغەمبەری خوا لەحەجی ماڵئاوایی دا (تمتوعی) کرد بە عەمرەوە بۆ حەج پاشان قوربانیەکی لە(ذي الحليفة) کرد و بەعەمرە دەستی پێ کرد، پاشان دەستی کرد بەحەج، خەڵکیش لەگەڵ پێغەمبەری خوادا حەجی تەمەتوعیان کرد و پێغەمبەریش لە عەمرەوە دەستی پێ کرد بۆ حەج، ئەوەبوو هەندێ خەڵك قوربانیان کردبوو، هەندێکیش نەیان کردبوو، کاتێ کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) گەیشتە مەککە بەخەڵکی فەرموو: ((مَن كان منكم أهدى فانه لايحلّ بشيء حرم منه حتى يقضي حجه، ومن لم يكن منكم أهدى فليطف بالبيت و بالصفا و المروة و ليقصر وليحلل ثم ليهل بالحج، فمن لم يجد هدياً فليصم ثلاث أيام في الحج، وسبعة اذا رجع الى اهله)). پاشان فەرموودەکەی بەتەواوی باس کرد. واتە: هەر کەس لە ئێوە قوربانی کردوە ئەوە هیچ شتێکی بۆ حەڵاڵ نییە کەبۆی حەرام بوبێت هەتاوەکو حەجەکەی تەواو دەکات هەرکەسیش قوربانی نەکردبوو، ئەوە با تەواف بکات بەدەوری کەعبە و سەفا و مەروەدا و سەری بتاشێت و ئیحرام بشکێنێت، پاشان دەست بکاتەوە بەحەج، هەر کەس نەیبوو ئەوە با سێ ڕۆژ لە حەجدا و حەوت ڕۆژ لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە بەڕۆژو بێت.

زوهری ئەڵێت: عوروە لە عائیشەوە هەمان شتی بۆ گێڕامەوە کە سالم لەباوکیەوە گێڕایەوە و ئەم فەرموودەیەش لە(صحيحين)دا لەفەرموودەی زوهری دا تەخریج کراوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ﴾ وتراوە: (توكيد) و دوپاتكردنەوەیە، وەك عەرەب دەڵێن: بەچاوی خۆم بینیم و بەگوێی خۆم بیستم و بەدەستی خۆم نوسیم، خوای گەورەش فەرمووی: ﴿وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ﴾ [الأنعام:٣٨] هەروەها فەرموودەی: ﴿وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَۖ﴾ [العنكبوت: ٤٨] ﴿وَوَٰعَدۡنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيۡلَةٗ وَأَتۡمَمۡنَٰهَا بِعَشۡرٖ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرۡبَعِينَ لَيۡلَةٗۚ﴾ [الأعراف:١٤٢] وتراویشە مانای (كاملة) واتە تێر و تەواوە. ئیبن جەریر هەڵیبژاردوە، وتراویشە مانای (كاملة) واتە: بەجیا لە قوربانیەكە هەشیمی لە عیبادی كوڕی ڕاشد لە حەسەنی بەسریەوە سەبارەت بەفەرمایشتی: ﴿تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ﴾ واتە: لە قوربانیەكە، هەروەها فەرمایشتی: ﴿ذَٰلِكَ لِمَن لَّمۡ يَكُنۡ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾ ئیبن جەریر ئەڵێ: ئەهلی تەئویل جیاوازن سەبارەت بە مەبەست لە فەرمایشتی ﴿لِمَن لَّمۡ يَكُنۡ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾ پاش كۆدەنگ بونیان لەسەر ئەوەی كە باس لە خەڵكی حەرەم دەكات و ئەوان حەجی تەمەتتوع نایانگرێتەوە، لەم بارەیەوە هەندێكیان دەڵێن: مەبەستی خەڵكی حەرەمە بەتایبەت، ئیبن بەشار لە عەبدولڕەحمانەوە، لە سوفیانی سەوریەوە ئەڵێ: ئیبن عەباس و موجاهید ئەفەرمون: مەبەست خەڵكی حەرەمە، ئیبن موبارەكیش لە سەوریەوە هەمان شتی گێڕاوەتەوە. و (جماعة)ش هەندێكیان بۆ زیاد كردوە. قەتادە ئەڵێ: بۆیان گێڕاینەوە كە ئیبن عەباس ئەیفەرموو: ئەی خەڵكی مەككە، تەمەتتوع بۆ ئێوە نییە، ئەوە ڕێگەی پێدراوە بۆ خەڵكی شوێنەكانی تر و لەسەر ئێوە حەرام كراوە، چونكە تەنها بڕینی دۆڵێكە بۆ ئێوە. یاخود فەرمووی: دۆڵێك ئەخاتە نێوان خۆی و حەرەمەوە، پاشان دەست بەعەمرە دەكات. هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێ: موعەمەر لە ئیبن تاوسەوە، لەباوكیەوە، ووتی: حەجی تەمەتتوع بۆ خەڵكی دەرەوەیە نەك بۆ خەڵكی مەككە، ئەمەش مەبەستی فەرمایشتی: ﴿ذَٰلِكَ لِمَن لَّمۡ يَكُنۡ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾ ئەڵێ: هەروەها لە ئیبن عەباسەوە هاوشێوەی وتەكەی تاوس هاتوە. كۆمەڵێكی تریش وتویانە: بریتین لە خەڵكی حەرەم و ئەوانە كەلەنێوان حەرەم و (ميقات) و شوێنەكانی ئیحرامدان. هەروەها عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە، لە عەتاوە ﴿ذَٰلِكَ لِمَن لَّمۡ

بَكُۥٓ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾ واتە: ئەوەی کە خێزان و ماڵەکەی لە پێش (میقات)ەوە بێت، ئەوە وەك خەڵکی مەککە وایە و (تەمەتتوع) ناکات. هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك لە عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدی کوڕی جابرەوە لە مەکحولەوە، دەربارەی فەرمایشتی ﴿ذَٰلِكَ لِمَن لَّمۡ يَكُنۡ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾ ئەڵێت: هەرکەستێك ماڵی نزیکتربێت لە (میقات)ەوە لە مەککەوە، هەروەها ئیبن جورەیج لە عەتاوە، ئەڵێ: مەبەست (عَرَفة و مَرّ و عُرنة و ضجنان و الرجيع)ە، هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێ: موعەمەر لەزوهریەوە ئەگێڕێتەوە کە وتویەتی: هەر کەس ماڵ لە دوری ڕۆژە ڕێیەك بێت ئەوە (تەمەتتوع) دەکات، هەروەها لە ڕیوایەتێکیشدا لێیەوە هاتوە: ڕۆژ و دوو ڕۆژ. ئیبن جەریریش لەمەدا مەزهەبی شافیعی هەڵبژاردوە کە مەبەست خەڵکی حەرەم و ئەوانە کەمتر لەماوەی (قصر) و کورت کردنەوەی نوێژ لێیەوە دورن، چونکە ئەمانە بە نیشتەجێ دادەنرێن نەك ڕێبوار. خوای گەورەش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ واتە: لەخوا بترسن لەوەدا کە فرمانی پێکردون یاخود نەهی لێکردون ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ واتە: بزانن کە پەروەردگار سزای سەختی هەیە بۆ کەسێك کە سەرپێچی فەرمانی بکات و کارێك بکات کە نەهی لێکراوە.

﴿ٱلۡحَجُّ أَشۡهُرٞ مَّعۡلُومَٰتٞۚ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلۡحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلۡحَجِّۗ وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يَعۡلَمۡهُ ٱللَّهُۗ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيۡرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقۡوَىٰۚ وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ١٩٧﴾

خەڵکانی زمانەوان جیاوازن سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿ٱلۡحَجُّ أَشۡهُرٞ مَّعۡلُومَٰتٞۚ﴾ هەندێکیان وتیانە: واتە: حەج حەجی چەند مانگێکی دیاری کراوە، بەم پێیەش ئیحرام کردن بۆ حەج تیایدا تەواوترە لە ئیحرام کردن لەمانگەکانی تردا، هەرچەندە ئەو کارە دروستیش بێت، بەدروست زانینی ئیحرام کردن بۆ حەج لە تێکڕای کاتەکانی ساڵ دا مەزهەبی مالیك و ئەبوحەنیفە و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیسحاقی کوڕی ڕاهەویەهە، هەروەها

ئیبراهیمی نەخعی و سەوری و لەیسی کوڕی سەعدیش لەگەڵیدان، بەڵگەشیان فەرمایشتی پەروەردگارە: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ﴾ [البقرة: ١٨٩] هەروەها بەوەی کە یەکێك لەو دوو (نُسُك)ەی کە هەیە، کەواتە ئیحرام کردن بۆی لە هەموو کاتەکانی ساڵ دا دروستە وەك عەمرە، بەڵام شافیعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت پێی وایە کە ئیحرام کردن بۆ حەج تەنها لەمانگەکانی خۆیدا دروستە، ئەگەر پێش ئەوە ئیحرامی کرد ئەوە دانامەزرێت، بەڵام ئایا بۆ عەمرە دروستە، ئەمەش دوو ڕای لەسەرە.

ئەو ڕایەی کە پێی وایە ئیحرام کردن بۆ حەج لە مانگەکانی خۆیدا نەبێت دروست نییە، لە ئیبن عەباس و جابر و عەتا و تاوس و موجاهیدەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵگەشیان لەسەری فەرمایشتی ﴿ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ﴾ ماناکەشی ئەوەیە کە کاتی حەج چەند مانگێکی دیاریکراوە، ئەم مانگانە لە نێو مانگەکاندا تایبەت کراون بە حەجەوە، کەواتە پێش ئەوە دروست نییە وەك کاتی نوێژ.

شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەفەرموێت: موسلیمی کوڕی خالید لە ئیبن جورەیجەوە، لە عومەری کوڕی عەتاوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە فەرموویەتی: نابێت کەسێك ئیحرام بکات بۆ حەج لەمانگەکانی حەجدا نەبێت بەبەڵگەی فەرمایشتی پەروەردگار: ﴿ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ﴾ بەهەمان شێوە ئیبن ئەبی حاتەم لە ئەحمەدی کوڕی یەحیای کوڕی مالیکی سوسیەوە لە حەجاجی کوڕی موحەمەدی ئەعوەرەوە، لە ئیبن جورەیجەوە، هەروەها ئیبن مەردەویە لە تەفسیرەکەیدا لەدوو ڕێگاوە لە حەجاجی کوڕی ئەرتەئەوە، لە حەکەمی کوڕ عوتەیبەوە، لە موقسیمەوە، لە ئیبن عەباسەوە فەرمووی: سوننەتە کە ئیحرام نەکات بۆ حەج لە مانگەکانی حەج دا نەبێت.

هەروەها ئیبن خوزەیمە لە(صحیح)ەکەیدا ئەڵێ: ئەبوکەریب لە ئەبوخالیدی ئەحمەرەوە، لە شوعبەوە، لە حەکەمەوە، لە موقسیمەوە، لە(ئیبن عەباس)ەوە، فەرموویەتی: ئیحرام ناکرێت بۆ حەج لەمانگەکانی حەجدا نەبێت، چونکە سوننەتە کە ئیحرام بۆ حەج لەمانگەکانی حەج دا بێت، ئەمەش سەنەدەکەی (صحیح)ە قسەی هاوەڵی پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ

بێت) : ((سوننەت وایە)) حوکمی فەرموودەی بەرز کراوەی هەیە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) لای زۆرینە، بەتایبەت قسەی ئیبن عەباس لە ڕاڤەی قورئاندا کەخۆی بە(ترجمان القرآن) ناسراوە، بەتایبەت کە لەبارەشیەوە فەرموودەیەکی (مرفوع) و بەرزکراوە هاتبێت. ئیبن مەردەویە ئەڵێت: عەبدولباقی لە نافیعەوە، لە حەسەنی کوڕی موسەناوە، لە ئەبو حوزەیفەوە، لە سوفیانی کوڕی ئەبی زوبەیرەوە، لە جابرەوە، لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا ينبغي لأحدٍ أن يحرم في الحج الّا في أشهر الحج)) سەنەدەکەشی پەسەند کراوە. بەڵام شافیعی و بەیهەقی لە چەند ڕێگەیەکەوە لە ئیبن جورەیجەوە، لە ئەبی زوبەیرەوە، کە گوێی لە جابری کوڕی عەبدوڵڵا بووە پرسیاری کردوە: ئایا پێش مانگەکانی حەج دەست دەکرێت بەحەج؟ فەرمووی: نەخێر، ئەم فەرموودە (موقوف)ەش لە(مرفوع) جێگیرترە، بەم پێیەش مەزهەبی هاوەڵێك دەمێنێتەوە کە پشت ئەستورە بە وتەی ئیبن عەباس: سوننەت وایە کە ئیحرام نەکرێت بۆ حەج لەمانگەکانی خۆیدا نەبێت، پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

فەرمایشتی ﴿أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ﴾ بوخاری ئەڵێت: ئیبن عومەر وتی: بریتین لە(شەوال و زیلقیعدە و دەڕۆژی زولحیجە)، ئەمەش بە دڵنیایەوە وتویەتی، ئیبن جەریر بە(موصول)ی گێڕاوەیەتیەوە: ئەحمدی کوڕی حازمی کوڕی ئەبی بەرزە لە ئەبو نوعەیمەوە، لە وەرقاوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی دینارەوە، لە ئیبن عومەرەوە، ﴿ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ﴾ مەبەست (شەوال و زیلقیعدە و دەڕۆژ لە زولحیجە)، سەنەدەکەشی (صحیح)ە، هەروەها حاکم لە(مستدرك)ەکەیدا لە ئەسەمەوە، لە حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی عەفانەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی نەمیرەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی نافیعەوە، لە ئیبن عەمرەوە پاشان فەرموودەکە باس دەکات و ئەڵێت: بەپێی مەرجی (شیخین)ە.

(ئەڵێم): هەروەها لە عومەر و عەلی و ئیبن مەسعود و عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر و ئیبن عەباس و عەتا و تاوس و موجاهید و ئیبراهیم و نەخعی و شەعبی و حەسەن و ئیبن سیرین و مەکحول و قەتادە و زەحاك و ئیبن موزاحم و ڕەبیعی کوڕی ئەنس و موقاتیلی کوڕی حەیانەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها مەزهەبی شافیعی و ئەبی حەنیفە و ئەحمدی کوڕی حەنبل و ئەبی یوسف و ئەبی سەورە ڕەحمەتی خوایان لێبێت. هەروەها ئیبن جەریر ئەم وتەیەی هەڵبژاردوە و ئەڵێت: بەکار هێنانی (جمع)و کۆ بۆ دوو مانگ و چەند ڕۆژێك بۆ (تغلیب)، واتە: زۆرتر ئەوە هەڵ دەگرێت و لای زۆرەکەی گیراوە. وەك عەرەب دەڵێن: ئەم ساڵ بینیم و ئەمڕۆ بینیم. لەکاتێکدا کە ئەمە لەیەك کاتی ساڵ یان ڕۆژدا ڕوی داوە، ﴿فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾ [البقرة:٢٠٣] واتە: ئەوەی دوو ڕۆژ پێش بکەوێت ئەوە هیچی لەسەر نییە، لەکاتێکدا کە تەنها ڕۆژ و نیوێکە.

هەروەها پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس و شافعی لە ڕای (قدیم)و کۆنیدا وتویانە: بریتین لە شەوال و زیلقیعدە و زیلحیجە بەتەواوی ڕۆژەکانیانەوە، ئەمە لە ئیبن عومەریشەوە گێڕدراوەتەوە، ئیبن جەریر ئەڵێ: ئەحمدی کوڕی ئیسحاق لە ئەبو ئەحمەدەوە، لە شورەیکەوە، لە ئیبراهیمی کوڕی موهاجرەوە، لە موجاهیدەوە، لە ئیبن عومەرەوە فەرمووی: (شەوال و زولقیعدە و زولحیجە).

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ: یونسی کوڕی عەبدولئەعلا لە ئیبن وەهەبەوە، لە ئیبن جورەیجەوە، ئەڵێ: وتم بە نافیع: ئایا گوێت لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوە ناوی مانگەکانی حەج بێنێت، ووتی: بەڵێ، عەبدوڵڵا ناوی (شەوال و زیلقیعدە و زیلحیجە)ی دەهێنا. ئیبن جورەیج ئەڵێت: هەروەها ئیبن شیهاب و عەتا و جابری کوڕی عەبدوڵڵا هاوەڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ئەمەیان ئەوت، ئەمەش سەنەدێکی (صحیحە) هەتاوەکو ئیبن جورەیج، هەروەها ئەمەش لە تاوس و موجاهد و عورەوەی کوڕی زوبەیر و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و قەتادەوە گێڕدراوەتەوە.

فەرموودەیەکی (مرفوع)یشی لەبارەوە هاتووە کە(موضوع)و هەڵبەستروە، کە حافظ لە ئیبن مەردەوەیهەوە لە ڕێگای حوصەینی کوڕی موخارقەوە، کە تۆمەتبارە بە هەڵبەستنی فەرموودە، لە یونسی کوڕی عوبەیدەوە، لە شەهری کوڕی حوشبەوە، لە ئەبی ئومامەوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((الحج أشهر معلومات: شوال و ذي القعدة و ذي الحجة)

ئەمەش شیاو نییە بەرز بکرێتەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت). پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

سودی بۆچونی مەزهەبی مالیکیش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەوەیە کە تایبەتە بە حەجەوە، کەواتە عەمرە کردن کەراهەتی هەیە لەڕۆژەکانی تری (زیلحیجە)دا، نەك ئەوەی حەج پاش شەوی قوربانی کردن دروستبێت.

ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێ: ئەحمەدی کوڕی سینان، لە موعاویەوە، لە ئەعمەشەوە، لە قەیسی کوڕی موسلیمەوە، لە تارقی کوڕی شیهابەوە، ئەڵێ: عەبدوڵڵا وتی: ﴿ٱلْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَٰتٌ﴾ باس عەمرەی تیادا نەکراوە، ئەمەش سەنەدی (صحیح)ە.

(ئیبن جورەیر) ئەڵێت: ئەوانەی کە وتویانە: شەوال و زیلقیعدە و زیلحیجە مانگەکانی حەجن مەبەستیان ئەوەیە کەمانگی عەمرە نین، هەرچەندە کارەکانی حەجیش تەواو بوبن بەتەواو بونی ڕۆژەکانی مینا، وەك موحەمەدی کوڕی سیرین ئەڵێت: هیچ کەس نییە لە ئەهلی عیلم گومانی لەوەدا هەبێت کە عەمرە لە مانگەکانی تردا خەیری زیاترە لە عەمرە لە مانگەکانی حەج دا، ئیبن عەونیش ئەڵێ: پرسیارم کرد لە قاسمی کوڕی موحەمەد سەبارەت بە عەمرە لە مانگەکانی حەجدا، ئەویش وتی: پێشینان بە تەواویان نەدەزانی.

(ئەڵێم) هەروەها لە عومەر و عوسمانەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتووە کە پێیان خۆشبووە عەمرە لە مانگەکانی تردا بکەن و لە مانگەکانی حەج دا کۆتای پێ بێنن. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ﴾ واتە: بەهۆی ئیحرام کردنەوە حەجی لەسەر خۆی پێویست کرد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پێویست بونی حەج بەئیحرام کردن، (ئیبن جەروبر) ئەڵێ: کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە مەبەست لە(فرض) لێرەدا واجب بوونە. هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە فەرمووی: ﴿فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ﴾ هەر کەس ئیحرامی کرد بۆ حەج یان عومرە، عەتایش ئەڵێت: ﴿فَرَضَ﴾ واتە: ئیحرام کردن، هەروەها ئیبراهیم و زەحاك و غەیری ئەویش هەمان شتیان وتوە.

ئیبن جەریر ئەڵێت: عومەری کوڕی عەتا لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، کە فەرموویەتی: ﴿فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ ٱلْحَجَّ﴾ نابێت (تلبية) بکات بۆ حەج و پاشان لە زەویەکەدا نیشتەجێ ببێت. ئیبن ئەبی حاتەمیش ئەڵێت: لە ئیبن مەسعود و ئیبن عەباس و ئیبن زوبەیر و موجاهید و عەتا و ئیبراهیم و نەخعی و عیکریمە و زەحاك و قەتادە و سوفیانی سەوری و زەهری و موقاتیلی کوڕی حەیانەوە هاوشێوەی ئەمە گێڕدراوەتەوە. تاوس و قاسمی کوڕی موحەمەدیش وتویانە: بریتیە لە(تلبية).

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَلَا رَفَثَ﴾ واتە: هەر کەس ئیحرامی کرد بۆ حەج یان عەمرە ئەوە با خۆی لە(رفث) واتە: جیماع و جوت بوون بپارێزێت، وەك خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾ [البقرة:١٨٧]. هەروەها هۆکارەکانیشی حەرام دەبن وەك ماچ کردن و دەست لێدان و هتد.. هەروەها باسکردنیشی لەپاڵ ئافرەتاندا، ئیبن جەریر ئەڵێت: یونس لە ئیبن وەهەبەوە، لە یونسەوە: کە نافیع ئاگاداری کردوەتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئەی فەرموو: (رفث) بریتیە لە چونە لای ئافرەت و باسکردنی بۆ ژنان و پیاوان، ئیبن وەهەب ئەڵێ: هەروەها ئەبوسەخر لە موحەمەدی کوڕی کەعبەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە.ئیبن جەریر ئەڵێ: موحەمەدی کوڕی بەشار لە موحەمەدی کوڕی جەعفەرەوە، لە شوعبەوە، لە قەتادەوە، لە پیاوێکەوە لە ئەبی عالیەی ڕیاحیەوە، لە ئیبن عەباسەوە کە ئەو لەکاتی ئیحرام دەجوڵا و ئەیوت [الرجز]

وَهُنَّ يَمْشِينَ بِنَا هَمِيسَا

إِنْ تَصْدُقِ الطَّيْرُ نَنِكْ لَمِيسَا

ئەڵێ: ووتم: ئایا لەکاتی ئیحرامدا (رفث) ئەکەیت؟ ووتی: (رفث) ئەوەیە کەلای ئافرەت بوترێت.

هەروەها ئەعمەش لە زیادی کوڕی حوصەینەوە، لە ئەبی عالیەوە لە ئیبن عەباسەوە، پاشان لەبارەی فەرمایشتی: ﴿فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ﴾؟ فەرمووی: (رفث) بەناڕاستەوخۆ باسکردنی جیماعە، کەلە قسەی عەرەبدا، بە کەمترینی (رفث) دەوترێت، هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: موحەمەدی

کوڕی بەشار لە ئیبن ئەبی عودەیەوە، لە عەونەوە، لە زیادی کوڕی ئەبی حوصەینەوە، لە ئەبی حوصەینی کوڕی قەیسەوە، ئەڵێ: لەگەڵ ئیبن عەباس دا بووم لە حەجدا، کاتێ لە ئیحرام بوینەوە ئیبن عەباس ووتی: کلکی حوشترەکەی گرت و بای دەداو ئەی ووت: [الرجز]

وَهُنَّ يَمْشِينَ بِنَا هَمِيسَا

إن تصدق الطَّيرُ نَنِكْ لَمِيسَا

هەروەها ئیبن ئەبی ڕەباح دەڵێ: (رفث) جیماع و هەر قسەیەکە لەو بارەیەوە. عەمری کوڕی دیناریش هەمان شتی فەرمووە. عەتایش ئەڵێت: (عرابة)یان پێ باش نەبوو کە بەناڕاستەوخۆ باسکردنی جیماعە لەکاتی ئیحرامدا. هەروەها تاوس ئەڵێت: بریتیە لەوەی کە بە ئافرەتەکە بڵێت پاش ئیحرام دێمە لات. ئەبوعالیەش هەمان شتی وتوە.

هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە ئەفەرموێت: (رفث) چونە لای ئافرەت و ماچ و لە باوەش گرتنە، یاخود قسەی لەویارەیەوە لەگەڵدا بکات، سەعیدی کوڕی جوبەیر و عیکریمە و موجاهید و ئیبراهیم و ئەبوعالیە لە عەتا و مەکحول و عەتای خوراسانی و عەتای کوڕی یەسار و عەتیە و ئیبراهیمی نەخعی و ڕەبیع و زوهری و سەدی و مالیکی کوڕی ئەنەس و موقاتیلی کوڕی حەیان و عەبدولکەریمی کوڕی مالیك و حەسەن و قەتادە و خەڵکی تر گێڕاویانەتەوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَا فُسُوقَ﴾ موقسم و زیاتر لەکەسێك لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویانەتەوە کە مەبەست: گوناه و تاوانە، عەتا و موجاهید و تاوس و عیکریمە و سەعیدی کوڕی جوبەیر و موحەمەدی کوڕی کەعب و حەسەن و قەتادە و ئیبراهیم نەخعی و زوهری و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و عەتای کوڕی یەسار و عەتای خوراسانی و موقاتیلی کوڕی حەیانیش هەمان شتیان وتوە، هەروەها موحەمەدی کوڕی ئیسحاق لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە ووتی: ئەو گوناهانەیە کە ئەنجامی دەدا وەك ڕاوکردن لەکاتی ئیحرام دا هەر شتێکی تر.

بەهەمان شێوە ئیبن وەهەب لە یونسەوە، لە نافیعەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە، فەرمووی: (فسوق) بریتیە لە ئەنجام دانی تاوان و سەرپێچی لە حەرەم دا، هەندێکی تریش وتویانە: (فسوق) لێرەدا جنێودانە ئیبن عەباس و ئیبن عومەر و ئیبن زوبەیر و موجاهید و سەدی و ئیبراهیم نەخعی و حەسەن وتویانە: لە وانەیە ئەوانە پشتیان بەوە بەستبێت کە لە(صحیح)دا هاتوە: ((سباب المسلم فسوق و قتاله کفر)).

هەربۆیە لێرەدا زانا ئەبو موحەمەدی کوڕی ئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە، لەفەرموودەی سوفیانی سەوری لە زوبەیرەوە، لە ئەبی وائیلەوە، لە عەبدوڵڵاوە، لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((سباب المسلم فسوق و قتاله کفر)). هەروەها لە فەرموودەی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە، لە باوکیەوە، هەروەها لە ئەبی ئیسحاقەوە، لە موحەمەدی کوڕی سەعیدەوە، لەباوکیەوە گێڕاویەتیەوە، عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلمیش ئەڵێت: (الفسوق) لێرەدا قوربانی کردنە بۆ بتەکان، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾ [الأنعام:١٤٥]. هەروەها زەحاك دەڵێ: (فسوق) ناوناتۆرە لە یەکتر نانە.

ئەوانەش کە وتویانە: (فسوق) لێرەدا هەموو جۆرە تاوانێکە، ئەوە ڕاستیان وتوە، هەروەها خوای گەورە نەهی کردوە لە ستەم کردن لە مانگە حەرامەکاندا، هەر چەندە لە هەموو کاتێکی ساڵیشدا ئەوە هەر نەهی لێکراوە، هەربۆیە فەرموویەتی: ﴿مِنْهَآ أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ فَلَا تَظْلِمُوا۟ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ﴾ [التوبة: ٣٦] هەروەها لەبارەی (حرم)ەوە ئەفەرموویت: ﴿وَمَن يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍۭ بِظُلْمٍ نُّذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [الحج: ٢٥] ئیبن جورەیریش پێی وایە (فسوق) لێرەدا ئەنجام دانی ئەو کارانەیە کە لەئیحرام دا قەدەغە کراوە وەك ڕاوکردن و سەرتاشین و نینۆك کردن و هاوشێوەکانی. وەك پێشتر لە ئیبن عومەرەوە باسمان کرد. بەڵام ئەوەی کە پێشتر وتمان لەپێشتر و بەهێزترە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها لە(صحیحین)دا لە فەرموودەی ئەبی حازمەوە، لە ئەبی هورەیرەوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من حج هذا

البيت، فلم يرفث ولم يفسق خرج من ذنوبه كيوم ولدته أمه)).

واتە: هەر کەس حەجی کرد بۆ ئەم ماڵە و جیماع و تاوانی ئەنجام نەدا، ئەوە لە گوناهەکانی پاك دەبێتەوە وەك ئەو ڕۆژەی کە لەدایك بوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ دوو ڕای لەسەرە: یەکەمیان: مشتومڕ لەکاتی حەج و مەناسیکەکانیدا نییە، چونکە خوای گەورە بەتەواوی ڕونی کردوەتەوە، وەك وەکیع لە عەلائی کوڕی عەبدولکەریمەوە ئەڵێ: گوێم لە موجاهید بوو، ئەیوت: ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ خوای گورە مانگەکانی حەجی ڕون کردوەتەوە و هیچ مشتو مڕێك هەڵناگرێت، هەروەها ئیبن ئەبی نەجیح لە موجاهیدەوە ئەڵێت: ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ ئەڵێ: مانگێك نییە دەستی دەستی پێ بکرێت حەجەیش مشتومڕ هەڵناگرێت، چونکە ڕون بوەتەوە، پاشان باسی چۆنیەتی ئەو (نسيء)دەکات کە خوای گەورە بە هۆیەوە لۆمەی دەکردن، هەروەها سەوری لە عەبدولعەزیزی کوڕی ڕەفیعەوە، لە موجاهیدەوە سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ ئەڵێت: حەج ڕێك و ڕاست دەرکەوتوە و هیچ مشتومڕێك هەڵناگرێت. سەدیش هەمان شت دەڵێت. هەشیمیش ئەڵێت: حەجاج لە عەتاوە، لە ئیبن عەباسەوە بۆی باس کردین ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ فەرمووی: مشتومڕ و دەمەقاڵێ لە حەج دا. هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی وەهب ئەڵێت: مالیك فەرموویەتی: ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ قورەیش لای (مشعر الحرام) لە (موزدەلیفە)دا ئەوەستان، عەرەب و غەیری ئەوانیش لە عەرەفەدا دەوەستان و دەبوە مشتومڕیان و ئەیان وت: ئێمە ڕاستترین، ئەوانیش دەیانوت: ئێمە ڕاستترین. ئەمە بەپێی تێڕوانینی ئێمە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێ.

هەروەها ئیبن وەهەب لە عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ئەڵێ: لەشوێنی جیاوازدا دەوەستان و دەبوە مشتومڕیان و هەریەکەیان لافی ئەوەیان لێ دەدا کە ئەوەی ئەو شوێنی وەستانی ئیبراهیمە، خوای گەورەش کۆتای بەوە هێنا، کاتێك مەناسیکی حەجی بۆ پێغەمبەرەکەی ڕون کردەوە، هەروەها ئیبن وەهەب ئەڵێت: لە ئەبی سەخرەوە، لە موحەمەدی کوڕی کەعبەوە، ئەڵێ: قورەیش کاتێ لەمینا کۆ دەبونەوە، هەندێکیان دەیانوت:

حەجی ئێمە لە حەجی ئێوە تەواوترە، ئەوانی تریش دەیانوت: حەجی ئێمە تەواوترە، حەمادی کوڕی سەلەمەش ئەڵێت: لە جوبەیری کوڕی حەبیبەوە، لە قاسمی کوڕی موحەمەدەوە ئەیوت: (الجدال في الحج) ئەوەیە کە هەندێکیان بڵێن: سبەینێ کاتی حەجە، ئەوانی تریش بڵێن: ئەمڕۆ کاتی حەجە. ئیبن جەریریش ناوەڕۆکی ئەم قسانەی هەڵبژاردوە، کە بریتیە لە نەهێشتنی کێشە و مشتومڕ سەبارەت بە مەناسیکی حەج.

[ڕاو قسەی دووەم] مەبەست بە(جدال) لێرەدا ناکۆکی و ململانێیە. ئیبن جەریر ئەڵێت: عەبدولحەمیدی کوڕی بەیان لە ئیسحاقی کوڕی شەریکەوە، لە ئەبی ئیسحاقەوە، لە ئەبی ئەحوەسەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە، سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ ئەڵێ: ئەوەیە هێندە مشتومڕ لەگەڵ هاوڕێیەکتدا بکەیت هەتاوەکە توڕەی دەکەیت، هەروەها بە هەمان (سند) لە ئەبی ئیسحاقی تەمیمیەوە، ئەڵێ: پرسیارم کرد لە ئیبن عەباس سەبارەت بە (جدال)، فەرمووی: (مِراء) ئەوەیە کە هێندە مشتومڕ بکەیت لەگەڵ هاوڕێکەتدا هەتاوەکو توڕەی بکەیت. هەروەها موقسیم و زەحاك لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویانەتەوە، ئەبوعالیە و عەتا و موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عیکریمە و جابری کوڕی زەید و عەتای خوراسانی و مەکحول و سەدی و مەقاتیلی کوڕی حەیان و عەمری کوڕی دینار و زەحاك و ڕەبیعی کوڕ ئەنەس و ئیبراهیمی نەخەعی و عەتای کوڕی یەسار و حەسەن و قەتادە و زوهریش هەمان شتیان وتوە. هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێت: (ولا جدال في الحج) مشتومڕ و کێشمە کێشم هەتاوەکو براکەت توڕە بکەیت، خوای گەورە نەهی لەوکارە کردوە. هەروەها (ئیبراهیمی نەخعي) ئەڵێت: ﴿وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾ مشتومڕیان بەباشی نەدەزانی. هەروەها موحەمەدی کوڕی ئیسحاق لە نافیعەوە، کە ئیبن عومەر فەرمووی: (ولا جدال في الحج) جنێو و مشتومڕ و ناکۆکی. ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: هەروەها لە ئیبن زوبەیر و حەسەن و ئیبراهیم و تاوس و موحەمەدی کوڕی کەعبەوە گێڕدراوەتەوە وتیانە: (جدال) مشتومڕ و ناکۆکیە، عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکیش لە یەحیای کوڕی بەشیرەوە، لە عیکریمەوە ﴿وَلَا جِدَالَ فِي

﴿الْحَجِّ﴾ (الجدال) واتە: توڕەیی، موسڵمانێك لە خۆت توڕە بكەیت، بەڵام گلەیی كردن لە كۆیلەیەك هەتاوەكو توڕەی دەكەیت بەبێ ئەوەی لێی بدەیت، ئەوە هیچی لەسەر نییە (إنشاء الله).

(ئەڵێم): ئەگەر لێشی بدات ئەوە دروستە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەیە كە پێشەوا ئەحمەد ئەیگێڕێتەوە و ئەڵێ: عەبدوڵڵای كوڕی ئیدریس لە موحەمەدی كوڕی ئیسحاقەوە، لە یەحیای كوڕی عیبادی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی زوبەیرەوە لە باوكیەوە، لە ئەسمای كچی ئەبوبەكرەوە ووتی: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا چوینە حەج و كاتێ گەشتینە (العرج) پێغەمبەری خوا دابەزی و عائیشەش چوە تەنیش پێغەمبەری خوا و منیش لەپاڵ باوكمدا دانیشتم، هاوڕێیەتی پێغەمبەری خوا و هاوڕێیەتی ئەبوبەكریش یەك بوو لەگەڵ غولامی ئەبوبەكردا، ئەوەبوو ئەبوبەكر چاوەڕێ بوو هەتاوەكو دەربكەوێت، ئەویش هاتوو حوشترەكەی لەگەڵدا نەبوو، ئەبوبەكریش فەرمووی: كوا حوشترەكەت؟ ووتی: دوێنێ لێم ون بوو، ئەبوبەكریش ووتی: چۆن حوشتر ون دەكەیت؟ پاشان دەستی كرد بە لێدانی و پێغەمبەری خواش بەزەردەخەنەوە لێی دەڕوانی و ئەیوت: ((انظروا إلى هذا المحرم ما يصنع)) واتە: سەیری ئەم ئیحرامكردوە بكەن چی دەكات. ئەبوداود و ئیبن ماجە بەم شێوە تەخریجیان كردوە لەفەرموودەی ئیبن ئیسحاقەوە، هەروەها لەم فەرموودەیەشەوە هەندێك لەسەلەف لەهەندێكی ترەوە گێڕاویەتیەوە كە وتویەتی: لێدانی حوشتر كار لە تەواویەتی حەج دەكات. بەڵام ئەوەی لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) وەردەگیرێت ((انظروا الى هذا المحرم مايصنع)) نكوڵی كردنی ئەو كارەیە بەنەرمی وەك ئەوەی بفەرموێت: نەكردنی ئەو كارە باشترە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها پێشەوا عەبدی كوڕی حەمید لە(مسند)ەكەیدا ئەڵێ: عەبدوڵڵای كوڕی موسا لە موسای كوڕی عوبەیدەوە، لەبراكەیەوە لە عەبدوڵڵای كوڕی عەبدوڵڵاوە لە جابری كوڕ عەبدوڵڵاوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من قضى نسكه وسلم المسلمون من لسانه ويده، غفرله ماتقدّم من ذنبه))

واتە: هەر کەس مەناسیکی حەج تەواو بکات و موسڵمانان لەدەست و زمانی پارێزراوین ئەوە خوای گەورە لە گوناهی خۆش دەبێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللَّهُ﴾ کاتێ نەهی کرد لە ئەنجامدانی کار و وتنی گوفتاری خراپ دەستی کرد بە هاندانیان بۆ کردەوەی باش و ئاگادار کردنەوەیان لەوەی کە زانایە بەکارەکانیان و لە ڕۆژی دوایشدا بەتەواوی پاداشتیان دەداتەوە لەسەری، هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ﴾ (عوفي) ئەڵێت: ئیبن عەباس فەرمووی: خەڵکی لە ماڵەکانیان دەردەچون و هیچ توێشویەکیان پێ نەبوو، ئەیانوت: حەجی ماڵی خوا دەکەین و خواردنیان پێ نەبوو خوای گەورەش فەرمووی: توێشویەك دەست بخەن کە ئابڕوتان لە خەڵکی بپارێزێت. هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدی موقەری لە سوفیانەوە، لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە عیکریمەوە: کە خەڵکانێك بەبێ توێشوو و خۆراك حەجیان دەکرد، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ﴾. ئیبن جەریریش بەم شێوەیە لە عەمری فەلاسەوە لە عویەینەوە گێڕاویەتیەوە، ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: هەروەها وەرقا ئەم فەرموودەی لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە گێڕاوەتەوە، ووتی: ئەوەی کە لە ئیبن عویەینەوە هاتووە (صحیح)ترە.

(ئەڵێم) هەروەها نەسائی لە سەعیدی کوڕی عەبدولڕەحمانی مەخزومیەوە، لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە، لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە ئەفەرموێت: خەڵکێك بەبێ توێشوو حەجیان دەکرد، ئەوەبوو خوای گەورە فەرمایشتی: ﴿وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ﴾ هەرچی فەرموودەی ورەقایشە، ئەوە بوخاری لە یەحیای کوڕی بەشیرەوە، لە شەبابەوە تەخریجی کردوە، ئەبو داودیش لە ئەبی مەسعود ئەحمەدی کوڕی فوراتی ڕازی و موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای مەخزومیەوە، لە شەبابەوە، لە وەرقاوە لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەفەرموێت: خەڵکی یەمەن حەجیان دەکرد و توێشوویان نەدەهێنا

و ئەیانوت: ئێمە پشتمان بە خوا بەستوە، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ نارده خوارەوە، عەبدی کوڕی حەمید لە تەفسیرەکەیدا لە شەبابەوە و ئیبن حەبان لە(صحیح)ەکەیدا لە فەرموودەی شەبابەوە گێڕاویەتیەوە.

هەروەها ئیبن جەریر و ئیبن مەردەویە لە فەرموودەی عەمری کوڕی عەبدولغەفارەوە، لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە، فەرمووی: کاتێ ئیحرامیان دەکرد، ئەگەر توێشویان پێ بوایە فڕێیان دەدا و توێشوی تازەیان هەڵدەگرت، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ی نارده خوارەوە، ئەوەبوو نەهی کرد لەو کارەیان و فەرمانی پێ کردن کە ئارد و چۆرەك هەڵبگرن، ئیبن زوبەیر و ئەبوعالیە و موجاهید و عیکریمە و شەعبی و نەخعی و سالمی کوڕی عەبدوڵلا و عەتای خوراسانی و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و موقاتیلی کوڕی حەیان هەمان شتیان ووتوە. سەعیدی کوڕی جوبەیریش وتویەتی: ئارد و چۆرەك لەگەڵ خۆتاندا هەڵگرن.

وەکیعی کوڕی جەراحیش لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێت: سوفیان لە موحەمەدی کوڕی سوقەوە لە سەعیدی کوڕی جەبیرەوە ﴿وَتَزَوَّدُواْ﴾ فەرموویەتی: خشکنانج و چۆرەك. هەروەها وەکیع ئەڵێت: ئیبراهیمی مەکی لە ئیبن نەجیحەوە، لە موجاهیدەوە، لە ئیبن عومەرەوە، ئەڵێ: توێشوی باش بەڵگەی بەخشندەیی خاوەنەکەیەتی، حەمادی کوڕی سەلەمەش لە ئەبی ڕەیحانەوە بۆی زیاد کردوە کە ئیبن عومەر مەرجی بۆ ئەو کەسەی کە هاوڕێی بوو لە سەفەردا ئەوەبوو کە گوێزی پێ بێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ کاتێ فەرمانی کرد بە هەڵگرتنی توێشوو بۆ سەفەری دنیا ڕێنمایشیان دەکات بۆ توێشوی دواڕۆژ، کە بریتیە لە پارێزکاری و لەخوا ترسان وەك ئەفەرموێت: ﴿وَرِيشًا وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ [الأعراف: ٢٦] کاتێ باسی لە پۆشاکی بینراو و ماددی کرد ئاگادارمان دەکاتەوە لەپۆشاکی مەعنەوی، کە خشوع و ملکەچی و پارێز کاریە، هەروەها ئامازەی بەوە کرد کە ئەمە خێرتر و بەسودترە، عەتای خوراسانی ئەڵێت: فەرمایشتی ﴿فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ مەبەستی توێشوی

قیامەتە، حافز ئەبەلقاسمی تەبەرانی ئەڵێت: عەبدان لە هیشامی کوڕی عەمارەوە، لە مەروانی کوڕی موعاویەوە، لە ئیسماعیلەوە، لە قەیسەوە، لە جەریری کوڕی عەبدوڵڵاوە، لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((مَن يتزوّد في الدنيا ينفعه في الآخرة)). واتە: هەر کەس لە دونیادا توێشوو کۆ بکاتەوە لە ڕۆژی دوایدا سودی پێ دەگەیەنێت. هەروەها موقاتیلی کوڕی حەیان ئەڵێ: کاتێ ئەم ئایەت ﴿وَتَزَوَّدُواْ﴾ دابەزی پیاوێك لە موسڵمانە هەژارەکان هەستایەوە و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) هیچمان نییە، بیکەین بە توێشوو، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((تزود ما تكفّ به وجهك عن الناس، وخير ما تزودتم التقوى)). ئیبن ئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە.

واتە: توێشوو یەك کۆ بکەرەوە کە دەم وچاوتی پێ بپارێزیت لەبەردەم خەڵکی دا، باشترین توێشوش پارێزکاریە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَاتَّقُونِ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ﴾ ئەفەرموێت: خۆتان بپارێزن لە سزا و تۆڵە و ئەشکەنجەم بۆ کەسێك کە سەرپێچی بکات و گوێ بە فرمانم نەدات، ئەی خاوەن بیر و هۆشەکان.

﴿لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَن تَبۡتَغُواْ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكُمۡۚ فَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ عَرَفَٰتٖ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِۖ وَٱذۡكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمۡ وَإِن كُنتُم مِّن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ ١٩٨﴾

بوخاری ئەڵێت: موحەمەد لە ئیبن عویەینەوە، لە عەمرەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەفەرموێت: (عكاظ و مجنة و ذوالمجاز) بازاڕ بوون لە نەفامی دا، ئەوەبوو بەگوناهیان دەزانی کەلەوەرزی حەج دا بازرگانی بکەن، هەتاوەکو فەرمایشتی: ﴿لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَن تَبۡتَغُواْ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكُمۡۚ﴾ واتە: هیچ گوناهێکتان ناگات کە داوای ڕۆزی و فەزڵی پەروەردگار بکەن لە وەرزی حەج دا. عەبدولڕەزاق و سەعیدی کوڕی مەنسور و زیاتر لە کەسێك لە

سوفیانی کوڕی عویەینەوە بەو شێوە دەیگێڕنەوە، هەندێکیشیان دەڵێن: کاتێك ئیسلام هات بەگوناهیان دەزانی لە وەرزی حەجدا بازرگانی بکەن، ئەوەبوو پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) لەوبارەیەوە، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند. بەهەمان شێوە ئیبن جەریر لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتیەوە و ئەڵێ: شوێنی بازرگانی خەڵکی لە نەفامی دا (عکاظ و مجنة و ذوالمجاز)بوو، کاتێ ئیسلام هات ئەمە یان پێ باش نەبوو هەتاوەکو ئەم ئایەتە دابەزی، هەروەها لە ئەبو داود و غەیری ئەویش لە فەرموودەی یەزیدی کوڕی ئەبی زیادەوە، لە موجاهیدەوە، لە ئیبن عەباسەوە، فەرمووی: خۆیان لە بازرگانی و کڕین و فرۆشتن دەپاراست لە وەرزی حەج دا و ئەیانوت: ڕۆژانی زیکر و یادی خوایە، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾

هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێ: یەعقوبی کوڕی ئیبراهیم لە هەشیمەوە، لە حەجاجەوە، لە عەتاوە، لە ئیبن عەباسەوە کە فەرموویەتی: هیچتان لەسەر نییە ئەگەر بەدوای فەزڵ و ڕۆزی پەروەردگاردا بگەڕێن و داوای بکەن لەوەرزی حەجدا.

هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە، لەبارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: هیچ شتێکتان لەسەرنیە لە بەرامبەر کڕین و فرۆشتن لە پێش یاخود پاش ئیحرام دا، (عوفي) بەم شێوە لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتیەوە.

هەروەها وەکیع ئەڵێ: تەڵحەی کوڕی عەمری حەزرەمی لە عەتاوە، لە ئیبن عەباسەوە کە دەیفەرموو: هیچتان لەسەر نییە کەداوای فەزڵ و ڕۆزی پەروەردگارتان بکەن لەوەرزی حەجدا.

هەروەها عەبدولڕەحمان لە ئیبن عویەینەوە، لە عەبدللای کوڕی ئەبی یەزیدەوە ئەڵێت: هەروەها موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عیکریمە و مەنسوری کوڕی موعتەمیر و قەتادە و ئیبراهیمی نەخعی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و غەیری ئەوانیشەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: حەسەنی کوڕی عەرەفە لە شەبابەی کوڕی

سوارەوە، لە شوعبەوە، لە ئەبی ئومەیمەوە ئەڵێ: گوێم لە ئیبن عومەر بوو پرسیاری لێکرا سەبارەت بە پیاوێك کەحەج دەکات و بازرگانیشی تیادا دەکات، ئیبن عومەریش ئایەتی ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾ ئەمەش (موقوف)ە و(قوی وجید)یشە.

هەروەها بە (مرفوع)ی گێڕاویەتیەوە، ئەحمەد ئەڵێ: ئەسبات لە حەسەنی کوڕی عەمری فەقیمیەوە، لە ئەبی ئومامەی تەمیمیەوە، ئەڵێ: وتم: بە ئیبن عومەر: ئێمە مامەڵە دەکەین ئایا حەجمان بۆ دەنوسرێت؟ فەرمووی ئایا تەواف ناکەن بە دەوری کەعبەدا و بەردەکان ناهاوێژن و سەرناتاشن؟ ووتمان: بەڵێ. ئیبن عومەریش فەرمووی: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر و هەمان پرسیاری تۆی لێ کرد، ئەویش وەڵامی نەدایەوە هەتاوەکو جبرەیل ئەم ئایەتەی بۆ هێنا ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾ ئەوەبوو پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بانگی کرد و فەرمووی: ((أنتم حجاج)) ئێوەش حاجین.

هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێ: سەوری لە عەلای کوڕی موسەیبەوە، لەپیاوێکی بەنی تەمیمەوە، ووتی: پیاوێك هاتە لای عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و ووتی: ئەی باوکی عەبدولڕەحمان، ئێمە بازرگانی دەکەین و هەندێك دەڵێن: حەج بۆ ئێوە نییە، فەرمووی: ئایا وەك ئەوان ئیحرام و تەواف ناکەن و بەرد ناهاوێژن؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: کەواتە تۆ حاجیت. پاشان ئیبن عومەر ووتی: پیاوێك هاتەلای پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و هەمان پرسیاری تۆی لێ کرد، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾.

هەروەها عەبدی کوڕی حەمید لە تەفسیرەکەیدا لە عەبدولڕەزاقەوە گێڕاویەتیەوە، بەهەمان شێوە ئەبو حوزەیفە لە سەوریەوە بە(مرفوع)ی ئەم فەرموودەی گێڕاوەتەوە، هەروەها لە چەندین ڕێگای تریشەوە ئەم فەرموودەیە بە(مرفوع)ی گێڕدراوەتەوە. هەربۆیە ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: حەسەنی کوڕی عەرفە لە عەبادی کوڕی عەوامەوە، لە عەلای کوڕی موسەیبەوە، لە ئەبی ئومامە تەیمیەوە، ئەڵێ: بە ئیبن عومەرم وت: ئێمە خەڵکێکین مامەڵە دەکەین

لەم ڕێگەیەدا هەتاوەکو مەککە، خەڵکانێکیش لافی ئەوە لێ دەدەن کە حەجمان بۆ نانوسرێت، ئایا تۆ حەجی ئێمە بەدروست دەزانی؟ فەرمووی: ئایا ئێوە ئیحرام و تەوافی کەعبە ناکەن و مەناسیکەکان ئەنجام نادەن؟ ئەڵێ: وتم: بەڵێ. فەرمووی: (فأنتم حجاج) کەواتە ئێوە حاجین. پاشان ووتی: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر و هەمان پرسیاری تۆی لێکرد، ئەویش نەیدەزانی چی بڵێت، یان ووتی: وەڵامی نەدایەوە. هەتاوەکو فەرمایشتی ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾ پاشان کابرای بانگ کرد و بۆی خوێندەوە و فەرمووی: ئێوە حەج کەرن. بەهەمان شێوە مەسعودی کوڕی سەعد و عەبدولواحیدی کوڕی زیاد و شەریکی قازی لە عەلای کوڕی موسەیبەوە بە (مرفوع)ی گێڕاویانەتەوە.

هەروەها ئیبن جەریر دەڵێت: تەلیقی کوڕی موحەمەدی واستی لە ئەسباتەوە کە ئیبن موحەمەدە، لە حەسەنی کوڕی عەمری فەقیمیەوە، لە ئەبی ئومامە تەیمیەوە، ئەڵێ: بە ئیبن عومەرم وت: ئێمە خەڵکێکین دێین و دەڕۆین، ئایا حەجمان بۆ دەنوسرێت؟ فەرمووی: ئایا تەوافی کەعبە ناکەن و بەرد ناهاوێژن بۆ (جمر)ەکان و سەرتان ناتاشن؟ وتمان: بەڵێ. فەرمووی: پیاوێك هاتەلای پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و هەمان پرسیاری تۆی لێکرد، ئەویش نەی زانی چی بڵێت هەتاوەکو (جبریل) ئەم ئایەتەی هێنا ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ﴾ هەتاوەکو کۆتایی ئایەتەکە. پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی ئیوەش حاجین. هەروەها ئیبن جورەیر ئەڵێ: ئەحمەدی کوڕی ئیسحاق لە ئەبو ئەحمەدەوە، لە غەندورەوە، لە عەبدولڕەحمانی کوڕی موهاجرەوە، لە ئەبی سالحی خزمەتگوزاری عەمرەوە ئەڵێ: ووتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئێوە بازرگانیتان دەکرد لە حەج دا؟ فەرمووی: ئەی بازرگانی و بژێویان هەر لەسەر حەج نەبوو.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ﴾ بۆیە (عرفات) بە (مؤنث) هاتووە چونکە لە بنەڕەتدا (جمع)و کۆیە وەك(مسلمات و مؤمنات)، (عرفات)ناوی پارچە

زەویەکی دیاری کراوە بۆیە بنەرەت و ئەصلی تیادا ڕەچاو کراوە. ئیبن جەریر ئەم ڕایەی هەڵبژاردوە. عەرەفە شوێنی وەستانە لە حەج دا، کە سەرەکیترین کاری حەجە، هەربۆیە لە پێشەوا ئەحمەد و خاوەنی(السنن)ەوە بە سەنەدێکی (صحیح) لە سەوریەوە، لە بەکیری کوڕی عەتای کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی یەعمری دەیلیەوە، ئەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ئەی فەرموو: ((الحج عرفات -ثلاثاً- فمن أدرك عرفة قبل أن يطلع الفجر فقد أدرك، وأيام منى ثلاثة، فمن تعجل في يومين فلا إثم عليه، ومن تأخر فلا إثم عليه)). واتە: حەج بریتیە لە وەستان لە عەرەفەدا جا هەر کەس پیادا گەشت پێش هەڵاتنی سپێدەی بەیان، ئەوە پیادا گەیشتوە، ڕۆژەکانی میناش سیانن، جا هەر کەس دوو ڕۆژ پێشکەوت، ئەوە هیچی لەسەر نییە، هەرکەسیش دواکەوت هیچی لەسەرنیە.

کاتی وەستانیش لە کاتی(زوال) واتە لادانی خۆر لە ناوەڕستی ئاسمان - دەست پێ دەکات هەتاوەکو هەڵاتنی سپێدەی دوەمی بەیانی ڕۆژی قوربانی کردن - نحر-، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) لە حەجی ماڵ ئاوایدا لەپاش نوێژی نیوەڕۆ وەستا هەتاوەکو خۆر ئاوا بوو و فەرمووی: ((لتأخذوا عنّي مناسككم)) واتە: مەناسیك و کارەکانتان لە منەوە وەرگرن. هەروەها لەم فەرموودەیەشدا فەرمووی: ((فمن أدرك عرفة قبل أن يطلع الفجر فقد أدرك)) ئەمەش مەزهەبی مالیك و ئەبی حەنیفە و شافیعییە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد پێی وایە کە کاتی وەستان لە عەرەفەدا لە یەکەم ڕۆژی عەرەفەوە دەست پێ دەکات، بەڵگەشیان فەرموودەی شەعبیە، لە عروەی کوڕی موزرسی کوڕی حارسەی کوڕی لامی تائي)یە، فەرمووی: چومە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) لە(مزدلیفة) کاتێ چوم بۆ نوێژ ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا، من لە چیای (طيء)ەوە هاتووم، وڵاخەکەم پەك خستوە و خۆشم ماندوبوم، سوێند بەخوا بەلای هەر چیایەکدا تێپەڕیبم لەسەری وەستاوم، ئایا حەجم بۆ دەنوسرێت؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من شهد صلاتنا هذه، فوقف معنا حتى ندفع وقد وقف

بعرفة قبل ذلك ليلاً أو نهاراً، فقد تمّ حجه وقضى تفثه)) پێشەوا ئەحمەد و دانەرانی (السنن) گێڕاویانەتەوە و ترمزیش بە(صحیح)ی داناوە.

واتە: هەر کەس لەم نوێژەماندا ئامادەبوبێت و لەگەڵماندا وەستابێت هەتاوەکو دەڕۆین وپێش ئەوەش بە شەو یان بە ڕۆژ وەستابێت، ئەوە حەجی تەواوە.

هەروەها وتراوە: هۆی ناونانی بە(عرفات) ئەوەیە کە عەبدولڕەزاق لە ئیبن جورەیجەوە، ئەڵێت: ئیبن موسەیب ووتی: عەلی کوڕی ئەبی تالیب فەرمووی: خوای گەورە جوبرەیل ی نارد بۆ لای ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێ بێت) و حەجی پێ کرد، کاتێ گەیشتنە عەرەفە ووتی: (عَرَفتُ) واتە: زانیم، دیارە پێش ئەوە جارێك هاتبووە (عرفه)، هەر لەبەر ئەوە ناونراوە بە(عرفه). هەروەها ئیبن موبارەك لە عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبی سولەیمانەوە، لە عەتاوە، ئەڵێ: هۆی ناونانی بە عەرەفە ئەوەبوو کە جبریل مەناسیك و کارەکانی حەجی پیشانی ئیبراهیم دەدا و ئەویش ئەی فەرموو: (عرفتُ، عرفتُ) واتە: زانیم. لەمەوە ناونرا (عرفات)، هەروەها هاوشێوەی ئەمە لە ئیبن عەباس و ئیبن عومەر و ئەبی مەجلزیشەوە گێڕدراوەتەوە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها بە عەرەفات دەوترێت (المشعر الحرام) و (المشعر الأقصى)، و(إلال) لەسەر وەزنی (هِلال) بەو کێوەش دەوترێت کە لە نێوەندیدایە (جبل الرحمة). ئەبوتالیب لە هۆنراوە بەناوبانگەکەیدا ئەڵێت: [الطويل]

وبالمشْعَرِ الأقْصى إذا قَصَدوا لَهُ

إلالٌ إلى تِلْكَ الشِّراجِ القَوابِل

ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: حەمادی کوڕی حەسەنی کوڕی عەنبەسە، لە ئەبو عامرەوە، لە زەمعەوە واتە ئیبن سالح، لە سەلەمەی کوڕی وەهرامەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ووتی: خەڵکی سەردەمی نەفامی لە عەرەفە دا دەوەستان، کاتێ خۆر دەگەشتە لوتکەی کێوەکان دەڕۆشتن، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ڕۆشتنی دواخست هەتاوەکو خۆرئاوابوون. هەروەها ئیبن

مەردەوەیە لە فەرموودەی زەمعەی کوڕی سالحەوە گێڕاویەتیەوە و ئەمەشی بۆ زیاد کردوە: پاشان لە(موزدەلیفە)دا وەستاو نوێژی بەیانی بەتاریکی کرد، کاتێ هەموو شوێنێك ڕوناك بویەوە ڕۆشت. ئەمەش سەنەدەکەی (حسن)ە.

هەروەها ئیبن جورەیج لە موحەمەدی کوڕی قەیسەوە، لە مسوەری کوڕی موخرەمەوە، ووتی: پێغەمبەری خوا وتاری بۆ داین لە عەرەفاتدا، ئەوەبوو سوپاس و ستایشی پەروەردگاری کرد، پاشان ووتی: ((أما بعد - هەرکات وتاری بدایە ئەیفەرموو أما بعد - فإن هذا اليوم الحج الأكبر، ألا وإن أهل الشرك والأوثان وكانوا يد فعون في هذا اليوم قبل أن تغيب الشمس إذا كانت الشمس على رؤوس الجبال كأنها عما ئم الرجال في وجهها، وإنا ندفع بعد أن تغيب الشمس، وكانوا يدفعون من المشعر الحرام بعد أن تطلع الشمس إذا كانت الشمس في رؤوس الجبال كأنها عما ئم الرجال في وجهها، وانا ندفع قبل أن تطلع الشمس مخالفاً هدينا هدي أهل الشرك)).

واتە: پاشان، ئەمڕۆ ڕۆژی حەجی گەورەیە، ئاگاداربن، هاوەڵگەر و بت پەرستان لەم ڕۆژەدا پێش خۆرئاوا بوون دەڕۆشتن، کاتێ کە خۆر بەسەر لوتکەی کێوەکانەوە وەك مێزەرە وابوو بەسەریانەوە. بەڵام ئێمە پاش خۆرئاوابوون دەڕۆشتین، هەروەها ئەوان دەهاتنە (مشعر الحرام) پاش خۆرهەڵاتن، بەڵام ئێمە پێش خۆرهەڵاتن دێین، لەم دوکارەشدا پێچەوانەی هاوەڵگەرانین.

ئیبن مەردەوەیە بەم شێوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها حاکمیش لە(مستدرك)دا و هەردووکیان لە فەرموودەی عەبدولڕەحمانی کوڕی موبارکی عەیشی لە عەبدولوارسی کوڕی سەعید لە ئیبن جورەیجەوە، هەروەها حاکم ئەڵێت: (صحیح)ە بەپێی مەرجی (شیخین) بەڵام تەخریجیان نەکردوە، بەم پێیەش بیستنی (المسور) لە پێغەمبەری خوا دەسەلمێت نەك وەك هەندێك لە هاوەڵانمان دەڵێن کە ئەو پێغەمبەری بینیوە نەك لێی بیستبێت.

هەروەها وەکیع لە شوعبەوە، لە ئیسماعیلی کوڕی ڕەجای زبیدیەوە، لە مەعروری کوڕی سوەیدەوە، ئەڵێت: عومەرم بینی (ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێ لە

عەرەفە دەرچوو ئەڵێی ئێستا بەبەرچاومەوەیە پیاوێکی سەرڕۆتاوە بوو بەسەر حوشترێکەوە.

هەروەها لە فەرموودەی درێژی جابری کوڕی عەبدوڵلادا لە(صحیح مسلم)دا هاتووە، لە عەرەفەدا وەستابوو هەتاوەکو خۆر ئاوابوو و سورایی دەرکەوت و تۆپە خڕەکەی خۆر ئاوابوو، ئوسامەشی لە دوای خۆیەوە سوار کردبوو، پاشان پێغەمبەری خوا ڕۆشت و جڵەوەکەی توند کردبوو لە ملی حوشترەکەی -قصواء- بەجۆرێك کە سەری هاتبووە ڕێکی سمتی، بەدەستی ڕاستی ئەیوت: ((أيها الناس السكينة، السكينة)) واتە: خەڵکینە بەئارامی بەئارامی، هەرکات بگەیشتایەتە کێوێك کەمێك دەستی بۆ شل دەکرد هەتاوەکو سەربکەوێت، هەتاوەکو گەیشتە موزدەلیفە، لەوێ نوێژی مەغریب و عیشای بە یەك بانگ و دوو قامەت کرد، بەڵام هیچ تەسبیحاتێکی لەنێوانیاندا نەکر. پاشان ڕاکشا هەتاوەکو بەرەبەیان پاشان نوێژی بەیانی کرد بەیەك بانگ و یەك قامەت، پاشان سواری - قصواء - بوو و هەتاوەکو گەیشتە -مشعر الحرام- لەوێ ڕوی کرد قیبلە و دوعای کرد و(الله أكبر ولا إله إلا الله وحده لا شريك له)ی کرد، پاشان بەپێوە وەستا هەتاوەکو بەتەواوی ڕوناکی کرد و ڕۆژ بویەوە، پاشان پێش گزنگ و خۆرهەڵاتن بەڕێ کەوت و عەرەفەی بەجێ هێشت.

هەروەها لە(صحیحین)دا لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە کەپرسیاری لێکرا: پێغەمبەری خوا چۆن دەڕۆشت لە کاتی عەرەفەدا؟ وتی: بەئاسایی دەڕۆشت، کاتێ بۆشاییەکی بەدی بکردایە خێراتر دەڕۆشت.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: ئەبو موحەمەدی کوڕی کچی شافیعی لەوەدا کەبۆی نوسیبوم لە باوك و مامیەوە. لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە ﴿فَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ عَرَفَٰتٖ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِۖ﴾ وتی: ئەوە هەردوو نوێژەکەیە.

هەروەها ئەبو ئیسحاقی سەبیعی لە عەمری کوڕی مەیمونەوە ئەڵێ: پرسیارم کرد لە عەبدوڵلای کوڕی عومەر سەبارەت بە (المعشر الحرام)؟ ئەویش بێدەنگ بوو هەتاوەکو دەستی وڵاخەکانمان لە موزدەلیفەدا نرایە

زەوی، پاشان وتی: کوا ئەو کەسەی کە پرسیاری لە(مشعر الحرام) کرد؟ ئەمەیە (مشعر الحرام).

هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێت: موعەمەر لە زوهریەوە، لە سالمەوە، ئەڵێ: ئیبن عومەر ووتی: (مشعر الحرام) هەموو موزدەلیفەیە. هەشیمیش لە حەجاجەوە، لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە، کە پرسیاری لێکرا سەبارەت بە فەمایشتی: ﴿فَٱذْكُرُوا ٱللَّهَ عِندَ ٱلْمَشْعَرِ ٱلْحَرَامِ﴾ فەرمووی: ئەم کێوە و دەوروبەریەتی. هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێ: موعەمەر لە موغیرەوە، لە ئیبراهیمەوە، ئەڵێت: ئیبن عومەر بینی لەدەوری (قزح) و کۆلکەیەکدا کۆدەبونەوە، ووتی: ئەوانە لە دەوری چی کۆ بونەتەوە؟ هەموو ئەم شوێنە (مشعر الحرام)ە، هەروەها لە ئیبن عەباس و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عیکریمە و موجاهید و سەدی و موحەمەدی کوڕی ئەنەس و حەسەن و قەتادەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویانە: نێوانی ئەو دوو کێوەیە. ئیبن جەریریش دەڵێت: بە عەتام ووت: موزدەلیفە کامەیە؟ ووتی: ئەگەر لە دوو باریکە ڕێکەی عەرەفەوە گەڕایتەوە ئەوە لەوێوەیە هەتاوەکو (محسر). ئەڵێت: دوو باریکە ڕێکەی عەرەفە بەشێك نین لە موزدەلیفە، بەڵکو ڕێگەن بۆی، ئەڵێ: لەنیوانیاندا بوەستە ئەگەر ئەتەوێت.

(ئەڵێم) (مشاعر) واتە: مەشعەرەکان بریتین لەو شوێنە دیارانەی کە لە مەککەدان، هۆی ناوزەد کردنی (مشعر الحرام) بە موزدەلیفە ئەوەیە کە لەناو حەرەم دایە، بەڵام ئایا وەستان تیایدا ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی حەج و بەبێ ئەو دروست نییە، وەك کۆمەڵێ لە(سلف)و هەندێ لە هاوەڵانی شافیعی وەك قەفال و ئیبن خوزەیمە دەڵێن؟ بەبەڵگەی فەرموودەی عروەی کوڕی موزرس فەرزە. وەك لەیەکێك لە قسەکانی شافیعی دا و بەخوێنێك -قوربانیەك- قەرەبوو دەکرێتەوە؟ یاخود (مستحب)ەو نەکردنی هیچ زیانێکی نییە وەك لە ڕای تری شافیعی دا هاتووە؟ سێ قسەی زانایانی لەبارەوە هاتووە کە لەشوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکەین پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها عەبدولڵای کوڕی موبارەك لە سوفیانی سەوریەوە، لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((عرفة كلها

موقف، وارفعوا عن عرنة، وجمع كلها موقف الّا محسراً)). ئەمەش فەرموودەیەکی (مرسل)ە.

واتە: عەرەفە هەموو شوێنی وەستانە، بچنە سەری (عرنە)وە، هەموو شوێنی وەستانە جگەلە (محسر).

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: ئەبو موغیرە، لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە، لە سولەیمانی کوڕی موساوە، لە جوبەیری کوڕی موتیعم)ەوە، لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((كل عرفات موقف، وارفعوا عن عرنة، وكل مزدلف موقف، وارفعوا عن محسر، وكل فجاج مكة منحر، وكل أيام التشريق ذبح)) ئەمەش بەهەمان شێوە (منقطع)و بچڕاوە، چونکە ئەم سولەیمانی کوڕی موسایە، نەگەیشتوە بە جوبەیری کوڕی مەتعیم، بەڵام وەلیدی کوڕی موسلیم و سوەیدی کوڕی عەبدولعەزیز لە سولەیمانەوە گێڕاویانەتەوە، وەلید وتویەتی: لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە، لە باوکیەوە، سوەیدیش لە نافیعی کوڕی جوبەیرەوە لە باوکیەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

واتە: هەموو عەرەفات شوێنی وەستانە، لە سەروی (عرنة)وە بوەستن، هەموو موزدەلیفەش شوێنی وەستانە، لە سەروی (محسر)یشەوە بوەستن، هەموو دۆڵێکی مەککەش شوێنی قوربانی کردنە، لە هەموو ڕۆژەکانی (تشریق)یشدا سەربڕین ئاساییە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَٱذۡكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمۡ﴾ ئاگادار کردنەوەیانە لەو هیدایەت و ڕێنمونی کردنەی کە خوای گەورە کردونی بۆ (مەشاعیری حەج) بەو شێوەی کە ئیبراهیمی خەلیل کردویەتی، هەربۆیە فەرموویەتی: ﴿وَإِن كُنتُم مِّن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ﴾ وتراوە: هەرچەندە ئێوە پێش ئەوە گومڕابووین، مەبەست: پێش دابەزینی قورئان و هاتنی پێغەمبەر.

﴿ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنۡ حَيۡثُ أَفَاضَ ٱلنَّاسُ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٩٩﴾

لێرەدا فەرمانی کردوە بە کەسی وەستاو لە عەرەفەدا کە بڕوات بۆ موزدەلیفە هەتاوەکو لە(معشر الحرام)دا یادی خوا بکات و فرمانیشی کردوە کە وەستانەکەی لەگەڵ جەماوەری خەڵکی دابێت لە عەرەفاتدا، وەك زۆرینەی خەڵك دەیانکرد و تیایدا دەوەستان جگە لە قورەیش کە لەحەرەم دەرنەدەچون بەڵکو لەسوچی حەرەمدا لەنزیك (الحل)ەوە دەوەستان و ئەیانوت: ئێمە خەڵکی خواین لەوڵاتەکەیدا و دانیشتوانی ماڵەکەیین.

بوخاری ئەڵێت: عەلی کوڕی عەبدوڵڵا، لە موحەمەدی کوڕی حازمەوە، لە هیشامەوە، لە باوکیەوە، لە عائیشەوە، ئەفەرموێت: قورەیش و ئەوانەی کەلەسەر ئاینی ئەوان بوون لە موزدەلیفەدا دەوەستان و پێیان دەوترا (الحمس)، عەرەبەکانی تریش لە عەرەفات دا دەوەستان، کاتێ ئیسلام هات خوای گەورە فەرمانی کرد بەپێغەمبەرەکەی کە بچێتە عەرەفات، وتیایدا بوەستێت پاشان دابەزێت و بڕوات، ئەمەش لە فەرمایشتی: ﴿مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ ٱلنَّاسُ﴾هاتوە، ئیبن عەباس و موجاهید و عەتا و قەتادە و سەدی و غەیری ئەوانیش هەمان شتیان وتوە. ئیبن جەریریش ئەمەی هەڵبژاردوە ئیجماعی لەبارەوە گێڕاوەتەوە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: سوفیان لە عەمرەوە لە موحەمەدی کوڕی جوبەیری کوڕی موتعیمەوە لەباوکیەوە، ئەڵێ: حوشترێکم ون کرد لەعەرەفەدا و چووم بەدوایدا بگەڕێم، بینیم پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) وەستاوە، وتم: ئەمە لە(حمس)ە لێرە چی دەکات؟ ئەمەش لە (صحیحین)دا تەخریج کراوە. پاشان بوخاری لە فەرموودەی موسای کوڕی عوقبەوە، لە کەریبەوە، لە ئیبن عەباسەوە کەمەبەست لە(إفاضة) لێرەدا، (إفاضە) و گەڕانەوەیە لە موزدەلیفەوە بۆ مینا بۆ هاویشتنی بەردەکان هەروەها ئیبن جەریریش تەنها لەڕێی زەحاکی کوڕی موزاحمەوە گێڕاویەتیەوە.

ئەڵێت مەبەست لە(الناس) ئیبراهیمە (سلاوی خوای لێ بێت)، هەروەها لەڕیوایەتێکیشدا لێوەی هاتوە: کە مەبەست ئیمام و پێشەوایە، (ئیبن جوریر) ئەڵێت: ئەگەر کۆدەنگی لەسەر بەڵگەی پێچەوانەی نەبوایە، ئەوە ئەمە لەپێشتربوو.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَٱسْتَغْفِرُوا ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ زۆرجار پەروەردگار فەرمان بە یادی خوا دەکات پاش ئەنجام دانی پەرستشەکان، هەربۆیە لە(صحیح) ی موسلیم دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا هەرکات لە نوێژ ببوایەتەوە سێ جار (استغفر الله)ی دەکر، لە(صحیحین)یشدا هاتووە کە هانی داوین بۆ(سبحان الله و الحمد لله و الله اکبر) کردن هەریەکە و سی و سێ جار. هەروەها ئیبن جەریر لێرەدا فەرموودەی عەباسی کوڕی مرداسی سەلمی ئەگێڕێتەوە سەبارەت بە داوای لێخۆشبون کردن بۆ ئومەتەکەی لە ئێوارەی ڕۆژی عەرەفەدا، ئەمەش لەو بەشەدا باسمان کردوە کە سەبارەت بە فەزلی ڕۆژی (هەینی) هێناومانە. هەروەها ئیبن مەردەویە لێرەدا ئەو فەرموودەی هێناوە کە بوخاری لە شەدادی کوڕی ئەوسەوە ئەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((سيد الاستغفار أن يقول العبد: اللهم أنت ربي لا إله إلّا أنت، خلقتني و أناعبدك وعلى عهدك و وعدك ما استطعت، أعوذبك من شرّ ماصنعت، أبوء لك بنعمتك عليّ، وأبوء بذنبي، فاغفر لي فإنه لا يغفر الذنوب الا أنت، من قالها في ليلة فمات في ليلته دخل الجنة، ومن قالها في يومه فمات دخل الجنة)).

واتە: گەورەی نزاکان بۆ لێ خۆشبوون، ئەوەیە کە مرۆڤ بڵێت: (اللهم أنت ربي..... لا يغفر الذنوب الا أنت) هەر کەس لە شەوێکدا بیڵێت و لەو شەوەدا بمرێت ئەوە دەچێتە بەهەشت، هەروەها ئەگەر لە ڕۆژدا بیڵێت و بمرێت دەچێتە بەهەشت.

هەروەها لە(صحیحین)دا لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە کە ئەبوبەکر فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا، دوعایەکم فێر بکە کە لە نوێژدا بیخوێنم، ئەویش فەرمووی: ((اللهم إني ظلمت نفسي ظلماً كثيراً ولا يغفر الذنوب إلاأنت فاغفر لي مغفرة من عندك، وارحمني دانك أنت الغفور الرحيم)). فەرموودەش لەبارەی (إستغفار)ەوە زۆرن.

﴿فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَٱذْكُرُوا ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ

فِي ٱلْآخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ﴿٢٠٠﴾ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُواْ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٠٢﴾

خوای گەورە فەرمان دەکات بەیادکردنی و بەردەوام بوون لەسەری پاش ئەنجامدانی کار و مەناسیکەکان. لە بارەی فەرمایشتی ﴿كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ﴾ جیاوازن لە بارەی مانایەوە ئیبن جورەیج لە عەتاوە ئەڵێت: ئەمە وەك ئەوەیە کە منداڵ بڵێت: دایە بابە، واتە: وەك منداڵ بەردەوام ناوی دایك و باوکی دێنێت. بەهەمان شێوە ئێوەش ناوی خوا بێنن پاش ئەنجامدانی مەناسیکەکان، هەروەها زەحاك و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسیش هەمان شتیان وتوە. هەروەها ئیبن جەریر لەڕێگەی (عوفي)ەوە، لە ئیبن عەباسەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە.

هەروەها سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبن عەباسەوە، ئەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: خەڵکی سەردەمی نەفامی لەوەرزی حەجدا دەوەستان و بەیەکیان دەگوت: باوکم خواردنی دەدا و باری دەبەخشی و دیە و خوێنی لە ئەستۆ دەگرت، هیچ شتێك نەبوو بیڵێن جگە لەباوباپیران، خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿فَاذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا﴾ نارده خوارەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) .

ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: هەروەها سەدی لە ئەنەسی کوڕی مالیك و ئەبی وائل و عەتای کوڕی ئەبی ڕەباح - لە یەکێك لە قسەکانیدا - و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عیکریمە - لەڕیوایەتێکیدا - و موجاهید و سەدی و عەتای خوراسانی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و حەسەن و قەتادە و موحەمەدی کوڕی کەعب و موقاتیلی کوڕی حەیانەوە گێڕاویەتیەوە. بەهەمان شێوە ئیبن جورەیریش لە کۆمەڵێکەوە گێڕاویانەتەوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

مەبەستیش پێی هاندانە بۆ زۆر یاد کردنی پەروەردگار، هەربۆیەش وشەی (ذكراً) بە (منصوب)ی هاتووە وەك (تمییز)، (تقدیر)ەکەشی بەم شێوەیەی لێ دێت: (كذكركم آباؤكم أو أشد ذكراً) (أو)یش لێرەدا بۆ

هاوشێوە بونە، وەك فەرمایشتی: ﴿فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً﴾ [البقرة: ٧٤] هەروەها فەرمایشتی: ﴿يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً﴾ [النساء: ٧٧] ﴿وَأَرْسَلْنَاهُ إِلَىٰ مِائَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ ﴿١٤٧﴾﴾ [الصافات:١٤٧] ﴿فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ ﴿٩﴾﴾ [النجم: ٩] لێرەدا - هەنا - بۆ گومان کردن نییە، بەڵکو بۆ بەدیهاتنی هەواڵ لەبارەوە دراوە، چ وەك خۆی بێت یان زیاتر.

پاشان خوای گەورە ڕێنمونی کردوین بۆ دوعا کردن پاش زۆر یادکردنی، چونکە ئەوە لە گیرابونەوە نزیك ترە و لۆمەی ئەو کەسانەشی کردوە کە بۆ کاروباری دونیا نەبێت داوای لێ ناکەن پشتیان لە قیامەت هەڵکردوە، ئەفەرموێت: ﴿فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ﴾ واتە: هیچ بەش و پشکێکیان نییە، ئەم زەم و لۆمە کردنەش خۆچواندن بەو کەسەش کە بەو شێوەیە لەخۆ دەگرێت. سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێ: کۆمەڵێك لە عەرەبە دەشتەکیەکان دەهاتنە عەرەفە و دەیان وت: خوایە بیکە بەساڵێکی پڕ باران و پیت و بەرەکەت و منداڵ ی باش وە بەهیچ شێوەیەك باسی قیامەتیان نەدەکرد، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ﴾ پاش ئەمانیش کۆمەڵێ تر موسڵمان دەهاتن و دەیان وت: ﴿رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ خوای گەورەش: ﴿أُولَٰئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا ۚ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿٢٠٢﴾﴾ هەربۆیە ستایشی کەسانێکی کردوە کە داوای دونیا و دواڕۆژی لێ دەکەن ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿٢٠١﴾﴾ ئەم نزایەش هەموو خێری دونیای کۆکردوەتەوە و هەموو خراپەیەکی دور خستوەتەوە. چونکە (حسنة) لەدونیادا هەموو خواستێکی دونیایی دەگرێتەوە لە لەش ساغی و ماڵی فراوان و ئافرەتی باش و ڕۆزی فراوان و زانستی بەسود و کاری باش و وڵاخ و ئۆتۆمبێلی چاك و باس و ناوبانگی باش وهتد....، هیچ دژایەتیەکیش لەنێوان ئەوانەدا نییە، چونکە هەموویان دەچنە خانەی (حسنە) لەدونیادا، سەبارەت بە (حسنە) لە ڕۆژی دوایشدا، ئەوە باڵاترینی چونە بەهەشت و

پاشکۆکانیەتی وەك ئاسایش و پەنادران لە ترسی خوای گەورە لەکاتی وەستان دا و ئاسان کردنی لێپرسینەوە بۆی و کارە باشەکانی تر، سەبارەت بە ڕزگار بونیش لەئاگر ئەوە پێویستی بە گرتنە بەری هۆکارەکانی هەیە لەدونیادا وەك دورکەوتنەوە لەتاوان و کارە گومان لێکراو و حەرامەکان.

هەروەها قاسمی کوڕی عەبدولڕەحمان ئەڵێت: (هەرکەس دڵێکی سوپاس گوزارو و زمانێکی پاراو بەیادی خوا و جەستەیەکی ئارامگری پێبەخشرا، ئەوە(في الدنيا حسنة وفي الاخرة حسنة وقنا عذاب النار)پێدراوە.

هەربۆیە سوننەت هانی داوین بۆ کردنی ئەم دوعایە، بوخاری ئەڵێت: ئەبوموعەمەر لە عەبدولوارسەوە، لە عەبدولعەزیزەوە، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ئەیفەرموو: ((اللهم ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الاخرة حسنة وقنا عذاب النار)). هەروەها ئەحمەد ئەڵێت: ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم لە عەبدولعەزیزی کوڕی سوهەیبەوە، ئەڵێ: قەتادە پرسیاری لە ئەنەس کرد: پێغەمبەری خوا زۆرتر چ دوعایەکی دەکرد؟ ووتی: ئەی فەرموو: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾. هەروەها ئەنەس هەرکاتێ بیویستایە دوعا بکات ئەم دوعایەی دەکرد. هەروەها موسلیمیش گێڕاویەتیەوە. ئیبن ئەبی حاتەمیش ئەڵێت: باوکم لە ئەبو نوعەیمەوە، لە عەبدولسەلامی کوڕی شەدادەوە مەبەستی -ئەبوتالوت-ە، ئەڵێ: لای ئەنەسی کوڕی مالیکبووم، سابت پێی وت: براکانت حەزدەکەن دوعایان بۆ بکەیت، ئەویش ووتی: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾. پاشان ماوەیەك قسەیان دەکرد، کاتێ ویستیان هەستن ووتی: ئەی باوکی حەمزە براکانت دەیانەوێ هەستن، تۆش دوعایان بۆ بکە، ئەویش ووتی: ئەتانەوێ کارەکانتان بۆ گران بکەم. ئەگەر خوای گەورە لە دونیا و لەڕۆژی دوایی دا چاکی بۆ کردیت و چاکەی پێ بەخشیت و لەئاگر پاراستیتی، ئەوە هەموو خێرێکی پێ داویت.

هەروەها ئەحمەد ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی ئەبی عودەی لە حەمیدەوە، لە سابتەوە: کە پێغەمبەری خوا یەکێك لە موسڵمانانی بەسەر کردەوە کە

بەهۆی نەخۆشیەوە بچوك بووبویەوە پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) پێی فەرموو: ((هل تدعو الله بشيء أو تسأله إياه؟)) واتە: ئایا دوای هیچ شتێکت لە خوا کردوە؟ ووتی: بەڵێ. ووتم: پەروەردگار هەر سزایەکت داناوە بۆ ڕۆژی دوایی بۆم بێنە بۆ دونیا، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: (سبحان الله لاتطيقه لاتستطيعه) واتە: پاك و بێگەردی بۆ خوا بەرگەی ناگریت ناتوانیت، دەبوو بتوتایە: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾. ئەڵێ: پاشان ئەو دوعایەی کرد و بەهۆیەوە چاك بویەوە. موسلیم تەخریجی کردوە و لە فەرموودەی ئیبن ئەبی عودەیەوە گێڕاویەتیەوە.

هەروەها پێشەوا شافیعی ئەڵێت: سەعیدی کوڕی سالم قەداح لە ئیبن جورەیجەوە، لە یەحیای کوڕی عوبەید خزمەتگوزاری سائبەوە، لەباوکیەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی سائبەوە: کەگوێی لە پێغەمبەر بوە لەنێوان ڕوکنی یەمانی و ڕوکنی ئەسوەد دا ئەیفەرموو: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾. هەروەها سەور لە ئیبن جورەیجەوە، هەمان شتی گێڕاوەتەوە، هەروەها ئیبن ماجە لە ئەبی هورەیرەوە لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە بەڵام (سند)ەکەی لاوازی تێدایە و پەروەر دگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها ئیبن مەردەویە ئەڵێ: عەبدولباقی لە ئەحمەدی کوڕی قاسمی کوڕی مساورەوە، لە سەعیدی کوڕی سولەیمانەوە، لە ئیبراهیمی کوڕی سولەیمانەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی هورمزەوە لە موجاهیدەوە، لە ئیبن عەباسەوە، وتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: (ما مررت على الركن إلّا رأيت عليه ملكاً يقول آمين)، فاذا مررتم عليه فقولوا ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾. واتە: هەرکاتێ بەلای (روکن) دا تێپەڕبوبم فریشتەیەکم بینیوە کە بەسەریەوە ئەیوت: ئامین. جا هەرکات بەلایدا تێپەڕ بوون ئەوە بڵێن: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾. هەروەها حاکم لە(مستدرك)دا ئەڵێ: ئەبوزەکریای عەنبەری لە موحەمەدی کوڕی عەبدولسەلامەوە، لە ئیسحاقی

کوڕی ئیبراهیمەوە، لە جەریرەوە لە ئەعمەشەوە، لە موسلیمی بەتینەوە، لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ئەڵێ: پیاوێك هاتە لای ئیبن عەباس و ووتی: من خۆم داوە بەکرێ بۆ کۆمەڵێك کە باریان بۆ بەرم، کرێکەشم ئەوەیە کە لەگەڵ خۆیاندا بمبەن بۆحەج. ئایا ئەوە دروستە؟ فەرمووی: تۆ لەو کەسانەی کە خوای گەورە لە بارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ نَصِيبٞ مِّمَّا كَسَبُواْۚ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ٢٠٢﴾ پاشان حاکم وتی: (صحیح)ە بەپێی مەرجی (شیخین) بەڵام ئەوان تخریجان نەکردوە.

﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوۡمَيۡنِ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۙ لِمَنِ ٱتَّقَىٰۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٢٠٣﴾

ئیبن عەباس ئەفەرموویت: (الأيام المعدودات) ڕۆژەکانی تەشریقە، مەبەست لە(أيام معلومات) دە ڕۆژەکەی زیلحیجە یە، عیکریمەش ئەڵێت: ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡدُودَٰتٖۚ﴾ مەبەستی (اللەاکبر) کردنە لە ڕۆژەکانی تشریق دا پاش نوێژە فەرزەکان: (اللەاکبر، اللەاکبر)، هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: وەکیع لە موسای کوڕی عەلیەوە، لەباوکیەوە، ئەڵێ: گوێم لە عوقبەی کوڕی عامربوو ووتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((يوم عرفة، ويوم النحر، وأيام التشريق، عيدنا أهل الاسلام، وهي أيام أكل وشرب)).

واتە: ڕۆژی عەرەفە و ڕۆژی قوربانی و ڕۆژەکانی (تەشریق) جەژنی ئێمەی موسڵمانە و ڕۆژی خواردن و خواردنەوەیە. هەروەها ئەحمەد ئەڵێت: هەشیم لە خالیدەوە، لە ئەبی مەلیحەوە، لە نەبیشەی هەزلیەوە ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أيام التشريق أيام أكل وشرب وذكر الله)) موسلیم گێڕاویەتیەوە. واتە: ڕۆژەکانی تەشریق ڕۆژی خواردن و خواردنەوە و یادی پەروەردگارن.

پێشتر لەفەرموودەی جوبەیری کوڕی موتعیم دا هاتبوو: ((عرفة كلها موقف، وأيام التشريق كلها ذبح)) هەروەها فەرموودەی عبدولڕەحمانی کوڕی

یەعمر دەیلي)ش کە دەفەرمووێت: ((وأيام منى ثلاثة فمن تعجل في يومين فلا إثم عليه، ومن تأخّر فلا إثم عليه)).

هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: یەعقوبی کوڕی ئیبراهیم و خەلادی کوڕی ئەسلەم وتیان: هەشیم لە عەمری کوڕی ئەبی سەلەمەوە، لەباوکمەوە، لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أيام التشريق أيام طعم وذكرالله)) هەروەها خەلادی کوڕی ئەسلەم لە ڕوحەوە، لە سالحەوە، لە ئیبن شیهابەوە، لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە، لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەی نارد بەدەوری مینادا بانگەواز بکات: ((لا تصوموا هذه ألأيام فإنها أيام أكل وشرب وذكر الله عزّوجل)). واتە: ئەم ڕۆژانە بەڕۆژوو مەبن، چونکە ڕۆژی خواردن و خواردنەوە و یادی پەروەردگارن.

هەروەها یەعقوب لە هەشیمەوە، لە سوفیانی کوڕی حسەینەوە، لە زوهریەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خوا عەبدوڵڵای کوڕی حوزافەی نارد و ئەویش لە ڕۆژەکانی (تشریق)دا هاواری کرد ووتی: ((إن هذه أيام أكل و شرب و ذكرالله إلّا مَن كان عليه صوم من هدي)) زیادەیەکی باشە بەڵام (مرسل)ە. مانای زیادەکەی ئەوەیە: جگە لە کەسێك کە ڕۆژووی (هدي) بەسەرەوە بێت.

هەروەها هەشیم لە عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبی سولەیمانەوە، لە عەمری کوڕی دینارەوە، کە پێغەمبەری خوا بەشیری کوڕی سەحیمی نارد ئەویش لە ڕۆژەکانی تەشریق دا بانگەوازی کرد: ((إن هذه أيام أكل و شرب و ذكرالله)) هەروەها هەشیم لە ئیبن ئەبی لەیلاوە، لە عەتاوە، لە عائیشەوە فەرمووی: پێغەمبەری خوا نەهی کرد لە بەڕۆژوو بون لە(أيام التشريق)دا و فەرمووی: ((وهي أيام أكل و شرب و ذكرالله)). هەروەها موحەمەدی کوڕی ئیسحاق لە حەکیمی کوڕی حەکیمەوە، لە مەسعودی کوڕی حاکم زەرقیەوە، لە دایکیەوە وتی: بەبەرچاو مەوەیە کە چۆن عەلی بەسەر هێسترە سپیەکەی پێغەمبەری خوا بوو هەتاوەکو گەیشتە دۆڵی (أنصار) و ئەیوت: ئەی خەڵکینە، ئەمانە ڕۆژی بە ڕۆژوویون نین، بەڵکو ڕۆژی خواردن و خواردنەوە و یادی خوان، هەروەها موقسیم لە ئیبن عەباسەوە (أيام المعدودات) بریتین

لەڕۆژەکانی تەشریق کە ڕۆژی قوربانی و سێ ڕۆژی دواترن، هەروەها هاوشێوەی ئەمە لە ئیبن عومەر و ئیبن زوبەیر و ئەبی موسا و عەتا و موجاهید و عیکریمە و سەعیدی کوڕی جوبەیر و ئەبی مالیك و ئیبراهیمی نەخعی و یەحیای کوڕی ئەبی کەسیر و حەسەن و قەتادە وسەدی و زوهری و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و زەحاك و موقاتیلی کوڕی حەیان و عەتای خوراسانی و مالیکی کوڕی ئەنەسەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها عەلی کوڕی ئەبوتالیب ئەڵێت: سێ ڕۆژن: ڕۆژی قوربانی و دوڕۆژی دوای ئەو، لە هەرکامیان ئەتەوێت قوربانی بکە. بەڵام باشترینیان یەکەمیانە. ڕای یەکەمیش بەناوبانگترە. ڕوالەتی ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کاتێ ئەفەرموێت: ﴿فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سێ ڕۆژ پاش قوربانی کردن. هەروەها پێویستیشە بە فەرمایشتی: ﴿وَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ فِيٓ أَيَّامٍ مَّعْدُودَٰتٍ﴾ یادی خوا بەسەر قوربانیەکەوە بکرێت کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. ڕای بەهێزیش لەم بوارەدا ڕای ئیمامی شافیعی یە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە کاتی قوربانی کردن لە ڕۆژی قوربانی کردنەوە دەست پێ دەکات هەتاوەکو کۆتا ڕۆژی تەشریق، هەروەها ئەو یاد کردنە کاتیەی دوای نوێژەکانیش پەیوەندی پێوە هەیە، هەروەها یاد کردنی بەردەوامیش لەهەموو کاتەکانی تردا، سەبارەت بەکاتەکەشی چەند قسەیەکی زانایانی لەسەرە کە بەناوبانگترینیان ئەوەیە کە کاری پێ دەکرێت کە لە بانگی بەیانی ڕۆژی عەرەفەوە هەتاوەکو نوێژی عەسری کۆتا ڕۆژی تەشریق، هەروەها لە بارەیەوە فەرموودەیەك هاتووە کە دارقوتنی گێڕاویەتیەوە، بەڵام بەرز کردنەوەی بۆ پێغەمبەر (صحیح)نیە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها سەلماوە کە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) لە گومەزەکەیدا (اللەاکبر)ی دەکرد و خەڵکی بازاڕیش لە گەڵیدا (اللەاکبر)یان دەکرد بە جۆرێك کە مینا دەنگی دەدایەوە، هەروەها ئەمە پەیوەستە بە(اللەاکبر) کردن و یادی خواوە هەیە لەکاتی هاویشتنی بەردەکاندا لە(أیام التشریق)دا، لەو فەرموودەیەشدا کە ئەبوداود و غەیری ئەویش گێڕاویانەتەوە هاتووە: تەوافی کەعبە و ڕاکردنی نێوان سەفا و مەروە و هاویشتنی بەرد بۆ(جمرە)کان لەپێناو بەرپاکردنی یادی خوایە.

هەروەها دوای ئەوەی کە پەروەردگار باسی(نَفْر) و ڕۆیشتنی یەکەم و دووەمی کرد، کە بریتیە لە بڵاو بونەوەی خەڵك و بەجێهێشتنی حەج بۆ وڵات و ناوچەکانی خۆیان. ئەفەرموێت: ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ وەك دە فەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي ذَرَأَكُمْ فِي الْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٧٩﴾﴾ [المؤمنون: ٧٩].

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ ﴿٢٠٤﴾ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ ۗ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ ۚ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ ۚ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ ﴿٢٠٧﴾﴾

سەدی ئەڵێت: لەبارەی ئەخنەسی کوڕی شەریقی سەقەفییەوە دابەزی، هاتە خزمەت پێغەمبەر و موسڵمان بوونی خۆی خستە ڕوو، بەڵام لەناخەوە بەو شێوەیە نەبوو. هەروەها لە ئیبن عەباسەوە هاتووە: کە ئەمە دەربارەی چەند کەسێك لە دووڕوەکان دابەزی باسی خوبەیب و هاوەڵەکانیان کرد کە لە(الرجیح)دا کوژران و لەکەداریان کردن. خوای گەورەش لۆمەی دووڕوەکان و ستایشی خوبەیب و هاوەڵەکانی کرد و فەرمووی: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ﴾. وتراویشە: بەڵکو ئەمە سەبارەت بەگشت باوەڕداران و دوڕوەکانە. ئەمەش قسەی قەتادە و موجاهید و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و زیاتر لە کەسێکە. ئەمەش ڕاستترە.

ئیبن جەریر ئەڵێت: یونس لە ئیبن وەهەبەوە، لە لەیسی کوڕی سەعدەوە، لە خالیدی کوڕی ئەبی هیلالەوە، لە قەرزیەوە، لە نەوفی بوکالیەوە، کە یەکێك بووە لەو کەسانەی کەکتێبی دەخوێندەوە، ووتی: من سیفەتی کۆمەڵە کەسێك لەم ئوممەتە لە قورئانی پیرۆزدا بەدی دەکەم: خەڵکانێك فێڵ دەکەن بۆ دونیا بەهۆی دینەوە، زمانیان لە هەنگوین شیرینترە،

بەڵام دڵیان لە ئارام گرتن تاڵترە. پۆشاکی مەڕ لەبەر دەکەن و دڵیان دڵی گورگە، خوای گەورە ئەفەرموویت: بوێری بەرامبەر من دەنوێنن و خۆیان لێ بایی بووە، سوێندبێت ئاژاوەیەکیان بخەمە نێوان کە ژیر تیایدا سەرگەردان بێت. قەرزی ئەڵێت: لە قورئاندا لێی ورد بومەوە بینیم کە دوو ڕوەکانن و فەرمایشتی ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ﴾.

هەروەها موحەمەدی کوڕی ئەبی مەعشەر لە ئەبومەعشەری نەجیحەوە، ئەڵێ: گوێم لە سەعیدی مەقبەری بوو باسی بۆ موحەمەدی کوڕی کەعبی قەرزی دەکرد، ووتی: لەهەندێ کتێبدا هاتووە: کە کۆمەڵە بەندەیەك هەن زمانیان لە هەنگوین شیرینتر و دڵیان لە گوژاڵك تاڵترە، بەرگی مەڕیان لەبەر کردوە و دین دەفرۆشن بە دنیا خوای گەورە ئەفەرموویت: بوێری بەرامبەر من دەکەن و لەخۆ بایبون؟ سوێند بە عیزەتم ئاژاوەیەکتان بۆ دەنێرم کە ژیر تیایدا سەرگەردان ببێت. موحەمەدی کوڕی کەعبیش ووتی: ئەمە لەقورئاندا هاتووە، سەعیدیش وتی لە کوێدایە؟ ووتی: فەرمایشتی: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾. سەعیدیش ووتی: ئەزانم لەبارەی کێ وە دابەزیوە، موحەمەدی کوڕی کەعبیش ووتی: ئەمەی کە قەرزی ووتی: (حسن و صحیح)ە.

سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ﴾ ئەوە ئیبن موحەیسن بە:(يَشهِدُ اللهُ) بەدانانی (فتحة) بۆ (یاء) و (ضمه) بۆ وشەی (الله). ماناکەشی ئەوەیە کە ئەمە هەرچەندە فێلیش لە ئێوە بکات بەڵام خوای گەورە دەزانێت چی لەو دڵە پیسەیدایە، وەك فەرمایشتی: ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ۝١﴾ [المنافقون:١]. خوێندنەوەی جمهور و زۆربەی زانایانیش بە دانانی (ضمة) بۆ (یاء)ەکە و(نصب) کردنی وشەی پیرۆزی (اللهَ) ﴿وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ﴾ مانای ئەوەیە کە موسڵمانێتی پیشانی خەڵکی دەدات و کوفر و دوڕویش بۆ خوا دەخاتە ڕوو. وەك ئەفەرموویت: ﴿يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱللَّهِ﴾ [النساء: ١٠٨]. ئەمە مانای ئەوەیە

کە ئیبن ئیسحاق لە موحەمەدی کوڕی ئەبی موحەمەدەوە، لە عیکریمەوە، لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتیەوە. وتراویشە: مانای ئەوەیە کە ئەگەر موسڵمانێتی پیشانی خەڵکی دا و سوێندی خوارد و خوای کرد بە شایەت لەسەر ئەوەی، کە ئەوەی لەدڵیدایە هاوشێوەی ئەوەیە کە بەسەر زمانیەوەیەتی. ئەم مانایەش ڕاستە و عەبدولرحمنی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم وتویەتی و ئیبن جەریریش هەڵی بژاردوە و داویەتیە پاڵ ئیبن عەباس و لە موجاهیدیشەوە گێڕاویەتیەوە پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ﴾ (الألد) لەزمانەوانیدا واتە لارترین ﴿وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوْمًا لُّدًّا﴾ [مريم: ٩٧] واتە: هەتاوەکو هۆزێکی لاری پێ ئاگادار بکەیتەوە. دوڕوش لە حاڵەتی ناکۆکیدا وایە درۆ دەکات و ڕاستیەکان دەشێوێنی، تەنانەت بوهتان و قسەی نابەجێش دەکات، وەك لە(صحيح)دا لەپێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لێ بێت) هاتووە کە وتویەتی: ((آية المنافق ثلاث: إذا حدث كذب، وإذا عاهد غدر، وإذا خاصم فجر)) واتە: نیشانەی دوڕو سێ شتە: ئەگەر قسەی کرد درۆدەکات، ئەگەر پەیمانی دا ناپاکی دەنوێنێت، ئەگەر ناکۆکی و ململانێی توش بوو هەموو قسەیەکی نابەجێ دەکات.

هەروەها بوخاری ئەڵێت: قەبسە لە سوفیانەوە، لە ئیبن جەریرەوە، لە ئیبن مەلیکەوە، لە عائیشەوە بەرزی کردوەتەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ، فەرمووی: ((إنّ أبغض الرجال الى الله الألد الخصم)). واتە: خراپترین پیاو بەلای خواوە مرۆڤی سەر سەخت و دوژمن کارە. ئەڵێ: هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی یەزید ئەڵێت: سوفیان، لە ئیبن جورەیجەوە، لە ئیبن مەلیکەوە، لە عائیشەوە، لەپێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إن أبغض الرجال الى الله الألد الخصم)).

هەروەها عەبدولڕەزاقیش بەم شێوە لە موعەمەرەوە گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿وَهُوَ أَلَدُّ ٱلْخِصَامِ﴾ لە ئیبن جورەیجەوە، لە ئیبن ئەبی مەلیکەوە، لە عائیشەوە، لەپێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إن أبغض الرجال الى الله الألد الخصم)).

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾﴾ واتە: قسەی لار و کردەوەی خراپە، ئەمە قسە و ئەوە کردەوەیەتی، قسەی درۆ و بیروباوەڕی نادروست و کردەوەکانی ناشیرینن (سعی)ش لێرەدا واتە: نیاز و مەبەست، وەك پەروەردگار لەبارەی فیرعەونەوە هەواڵ دەدات و دەفەرمێت: ﴿ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْآخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰ ﴿٢٥﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰٓ ﴿٢٦﴾﴾ [النازعات: ٢٢ ـ ٢٦]، هەروەها پەروەردگار دەفەرمێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ فَٱسْعَوْاْ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ﴾ [الجمعة:٩] واتە: نیەتی ئەنجامدانی نوێژی جومعە بێنن، چونکە (سعي)واتە ڕاکردن لێرەدا مەبەستنیە، بەوپێیەی ڕاکردن بۆ نوێژ لە سونەتدا نەهی لێ کراوە ((إذا أتيتم الصلاة فلا تأتوها وأنتم تسعون، وأتوها وعليكم السكينة والوقار). واتە: ئەگەر هاتن بۆ نوێژ ئەوە بەپەلە و ڕاکردن بۆی مەڕۆن بەڵکو بە هێمنی و لەسەر خۆییەوە.

جا ئەم دوڕوە هیچ خەمێکی نییە جگە لە خراپەکاری لە زەویدا و لەناوبردنی کشتوکاڵ و بەروبومی ئاژەڵەکان کە ژیانی خەڵکی لەسەر وەستاوە. موجاهید ئەڵێت: ئەگەر خراپەکاری لە زەویدا بڵاو بویەوە، ئەوە خوای گەورە باران لە ئاسمان دەبڕێت و بەم شێوەیەش کشتوکاڵ و ئاژەڵ لەناو دەچێت ﴿وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ﴾ واتە: کەسانێکی خۆش ناوێت کە ئەمە سیفەتیان بێت یاخود لێیان بوەشێتەوە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِ﴾ واتە: ئەگەر ئەم خراپەکارە ئامۆژگاری کرا لەبارەی قسە و کردەوەکانیەوە و پێی وترا: لە خوا بترسە لە قسە و گوفتارتدا و دەستیان لێ هەڵگرە بگەڕێوە بۆ حەق و ڕاستی، ئەوە دەمارگیری بۆ تاوان دەیگرێت و توڕەدەبێت، یاخود بەهۆی تاوان کاریەوە هەڵدەچێت و ئەم ئایەتەش هاوشێوەی فەرمایشتی ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلْمُنكَرَ ۖ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِٱلَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا ۗ قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكُمُ ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٧٢﴾﴾ [الحج: ٧٢] هەربۆیە لەم ئایەتەدا

فەرموویەتی: ﴿جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ﴾ واتە: دۆزەخی بەسە کە خراپترین جێ و شوێنە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ﴾، پاش ئەوەی هەواڵی لەبارەی دووڕوەکانەوەدا بەباسکردنی خوە خراپەکانیان، باسی سیفەتە باشەکانی باوەڕداران دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ﴾، ئیبن عەباس و ئەنەس و سەعیدی کوڕی موسەیب و ئەبوعوسمان هیندی و عیکریمە و کۆمەڵێك وتویانە: لەبارەی سوهەیبی کوڕی سینانی ڕۆمییەوە دابەزی، کە کاتێك کە لە مەککەدا موسڵمان بوو ویستی کۆچ بکات، نەیانهێشت سامانەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێت، هەرچەندە پێی خۆش بوو کەپارەکەی بدات بەئەوان ڕێی پێ بدەن کۆچ بکات. ئەوەبوو ئەو کارەی کرد و کۆچی کرد. خوای گەورەش ئەم ئایەتەی لەبارەوە ناردەخوارەوە. ئەوەبوو عومەری کوڕی خەتتاب و کۆمەڵێك لەهاوەڵان لە(الحرة)دا پێشوازیان لێکرد و وتیان: مامەڵەکەت بردەوە، ئەویش وتی: یاخوا ئێوەش هەر براوەبن مەبەستان چیە؟ ئەویش ئاگاداری کردەوە کە خوای گەورە ئەم ئایەتەی لەبارەوە ناردۆتە خوارەوە، هەروەها ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا پێی فەرموو: ((ربح البيع صهيب)) واتە: سوهەیب سەوداکەی بردەوە. ئیبن مەردەویە ئەڵێ: موحەمەدی کوڕی ئیبراهیم لە موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ڕستەوە، لە سولەیمانی کوڕی داودەوە، لە جەعفەری کوڕی سولەیمانی زەبی، لە عوفەوە، لە ئەبی عوسمانی هیندیەوە، لە سوهەیبەوە، ئەڵێ: کاتێ ویستم لە مەککەوە کۆچ بکەم بۆلای پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) قورەیش پێیان وتم: ئەی سوهەیب تۆ بەدەستی بەتاڵ هاتیتە ناومان و ئێستا ئەتەوێت بەپارە و سامانەوە بەجێمان بهێڵیت، سوێند بەخوا ناهێڵین ئەوە ڕوبدات، منیش ووتم: ئایا ئەگەر سامانەکەمتان ڕادەست بکەم وازم لێ دەهێنن؟ پاشان هاتم هەتاوەکو گەیشتمە مەدینە، پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) بەمەی زانی و فەرمووی: ((ربح صهيب ربح صهيب)). هەروەها حەمادی کوڕی سەلەمە لە عەلی کوڕی یەزیدەوە، لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە، ووتی: سوهەیب

بەرەولای پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) بەکۆچکردویی بەڕێ کەوت و چەند کەسێك بەدوایدا هاتن، ئەویش لە وڵاخەکەی دابەزی و هەموو تیرەکانی لە تیردانەکەیدا دەرهێنا و ووتی: ئەی هۆزی قورەیش: ئێوە ئەزانن کە من باشترین تیر هاوێژم لەنێوانتاندا، سوێند بەخوا ناهێڵم بگەنەلام هەتاوەکو هەموو تیرەکانتان بۆ دەهاوێژم وپاشان بەشمشێر تا دوا هەناسەم ڕوبەڕوتان دەبمەوە، پاشان چی دەکەن بیکەن، ئەگەر ئەشتانەوێت سامانەکەمتان لە مەککەدا پیشان دەدەم بەمەرجێ ڕێگەی ڕۆشتنم پێ بدەن. وتیان باشە. کاتێ گەیشتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ربح البيع)) واتە: سەوداکەی بردەوە. ئەڵێ هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠٧﴾﴾ بەڵام زۆرینە پێیان وایە کە ئەم ئایەتە سەبارەت بە هەموو تێکۆشەرێك لەپێناو خوادا دابەزیوە، وەك پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ۚ فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى بَايَعْتُم بِهِۦ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١١١﴾﴾ [التوبة:١١١]. کاتێ هیشامی کوڕی عامر بەتەنها هێرشی کردە سەر ڕیزەکانی دوژمن، هەندێ خەڵك ڕەخنەیان لێ گرت و عومەری کوڕی خەتتاب و ئەبی هورەیرە و غەیری ئەوانیش وەڵامیان دانەوە و ئەم ئایەتەیان خوێندەوە: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِى نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠٧﴾﴾.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱدْخُلُوا۟ فِى ٱلسِّلْمِ كَآفَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٠٨﴾ فَإِن زَلَلْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٠٩﴾﴾

خوای گەورە فەرمان بە بەندە باوەڕدارەکانی دەکات کە هەموو یاسا و بەرنامەکانی ئیسلام وەرگرن و کاربەهەموو فرمانەکانی بکەن و دەستبەرداری هەموو نەهێڵراوەکان بن، چەندە لەتوانایاندایە، عوفی لە ئیبن عەباس و موجاهید و تاوس و زەحاك و عیکریمە و قەتادە و سەدی و ئیبن زەیدەوە

سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ﴾ مەبەستی: بەتەواوی وەرنە ناو ئیسلامەوە. هەروەها زەحاك لە ئیبن عەباس و ئەبوعالیە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە: ﴿ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ﴾ مەبەستی: بەتەواوی گوێڕایەڵ و ملکەچ بن. هەروەها قەتادە ئەڵێ: سوڵح و ئاشتەوایی بکەن هەروەها فەرمایشتی ﴿كَآفَّةٗ﴾ ئیبن عەباس و موجاهید و ئەبوعالیە و عیکریمە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و سەدی و موقاتیلی کوڕی حەیان و قەتادە و زەحاك دەڵێن: کاریکەن بەهەموو کردەوە و چاکەیەك.

عیکریمەش لافی ئەوەی لێداوە کە سەبارەت بەچەند کەسێك لەو جولەکانە دابەزیوە کە موسڵمان بوون وەك عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و ئەسەدی کوڕی عوبەید و سەعلەبە کۆمەڵێکی تر کە (سبت) ئەنجام بدەن یاخود بەشەودا تەورات جێ بەجێ بکەن. خوای گەورەش فەرمانی پێکردن بە بەرپا کردنی دروشمەکانی ئیسلام و وازهێنان لەشتەکانی تر. بەڵام ناوهێنانی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام لەگەڵ ئەوانەدا جێ ی تێبینیە، چونکە لەگەڵ ئەو باوەڕە بەهێزەیدا کاری لەو شێوە زۆر دوورو نەگونجاوە.

هەروەها هەندێك لە موفەسیرەکان (کافة)ی بە(حال) داناوە، واتە هەمووتان وەرنە ناو ئیسلامەوە بەڵام ڕای یەکەم ڕاستترە. کە بریتی بوو لەکارکردن بەهەموو یاساکانی ئیسلام و بەشەکانی باوەڕ چەندە دەتوانن. هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: عەلی کوڕی حسەین لە ئەحمەدی کوڕی سەباحەوە، لە هەیسەمی کوڕی یەمانەوە، لە ئیسماعیلی کوڕی زەکەریاوە، لە موحەمەدی کوڕی عەونەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ﴾ بە(منصوب)ی خوێندوەتەوە، واتە: باوەڕدارانی (ئەهلی کیتاب)، چونکە ئەوان لەگەڵ باوەڕبونیان بەخوا پابەندبوون بەهەندێ یاسای تەوراتەوە کە بۆیان دابەزیبوو، خوای گەورەش فەرمووی: ﴿ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ﴾ واتە: وەرنە ناو شەریعەتی موحەمەدەوە (درووودی خوای لێ بێت) و باوەڕ بە هەمووی بێنن و ئیتر کارکردن بە تەورات بەسە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ﴾ واتە: کار بە بەرستشەکان بکەن و خۆتان بەدوربگرن.

لەوەی کە شەیتان فەرمانتان پێ دەکات: ﴿إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ وَٱلْفَحْشَآءِ وَأَن تَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٦٩﴾﴾ [البقرة: ١٦٩] واتە: بێگومان شەیتان فەرمان بەخراپە و تاوان و هەڵبەستنی قسە بەدەم پەروەردگارەوە دەکات.

﴿إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾ واتە: بێگومان ئەو لایەنگرەکانی بۆ دۆزەخ بانگەواز دەکات.

هەربۆیە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ موتریف ئەڵێت: گزیکار ترین بەندەی خوا لای خوا شەیتانە. هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَإِن زَلَلْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْكُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾ واتە: لاتان دا لە حەق پاشان ئەوەی بەڵگەتان بۆخرایەڕوو، ئەوە بزانن کە خوای گەورە بەدەسەڵاتە لەتۆڵە سەندنەوەدا و کەسی لەدەست دەرناچێت و دانایە لە حوکمەکانی دا. هەربۆیە ئەبوعالیە و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس ئەڵێن: بەدەسەڵات و شکۆمەندە لە تۆڵە سەندنەوەدا و دانایە لە کار و فرمانیدا. هەروەها موحەمەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: شکۆمەندە لە سەرخستنی دا دانایە لە بەڵگە و پاساوی دا بۆ باوەڕداران.

﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٢١٠﴾﴾

پەروەردگار هەڕەشە لە بێباوەڕداران دەکات بە موحەمەد (دروودی خوای لێ بێت) و ئەفەرموێت: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾ مەبەستی لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ داوەری کردن لەنێوان مرۆڤەکاندا لە یەکەم کەسەوە هەتاوەکو دوایەمین کەس و پاداشتی هەموو کەسێك دەدرێتەوە چاکە بەچاکە و خراپە بە خراپە، هەربۆیە فەرموویەتی: ﴿وَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ ۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ﴾ هەروەها دەفەرموێت: ﴿كَلَّآ إِذَا دُكَّتِ ٱلْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا ﴿٢١﴾ وَجَآءَ رَبُّكَ وَٱلْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا ﴿٢٢﴾ وَجِاْىٓءَ يَوْمَئِذٍۭ بِجَهَنَّمَ ۙ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ ٱلْإِنسَٰنُ وَأَنَّىٰ لَهُ ٱلذِّكْرَىٰ ﴿٢٣﴾﴾ [الفجر: ٢١ ـ ٢٣]، هەروەها ئەفەرموێت: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِىَ بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ ۗ يَوْمَ يَأْتِى بَعْضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ

كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا ۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾ [الأنعام: ١٥٨].

هەروەها پێشەوا ئەبوجەعفەری کوڕی جەریر لێرەدا فەرمووی - صور - و دیمەنی قیامەت بەدرێژی لە سەرەتاوە لە ئەبو هورەیرەوە دێنێت. کە فەرموودەیەکی بەناو بانگە و زیاتر لە کەسێك لەخاوەنی -مسند-ەکان هێناویەتی و تیایدا هاتووە: ((إن الناس إذا اهتموا لموقفهم في العرصات تشفعوا الى ربهم بالأنبياء واحداً واحداً من آدم فمن بعده فكلهم يحيد عنها حتى ينتهوا الى محمد ﷺ فاذا جاءوا اليه قال: ((أنا لها أنا لها)) فيذهب فيسجد لله تحت العرش ويشفع عندالله أن ياتى بفصل القضاء بين العباد فيشفعه الله فيأتي في ظلل من الغمام بعدما تنشق السماء الدنيا وينزل من فيها من الملائكة، ثم الثانية، ثم الثالثة، الى السابعة، وينزل حملة العرش و الكروبيون، قال: وينزل الجبار عز وجل في ظلل من الغمام والملائكة ولهم زجل من تسبيحهم ويقولون: سبحان ذي الملك والملكوت، سبحان ذي (العز و الجبروت، سبحان الحي الذي لا يموت، سبحان الذي يميت الخلائق ولايموت، سبوح قدوس رب الملائكة والروح، سبوح قدوس سبحان ربنا الأعلى، سبحان ذي السلطان والعظمة، سبحانه سبحانه أبداً أبداً.

واتە: خەڵکی کاتێ تەنگیان پێ هەڵچنرا لە ڕۆژی دوایی دا، یەك یەك داوا لەپێغەمبەران دەکەن کە تکاو شەفاعەتیان بۆ بکەن لای پەروەردگار، هەر لە ئادەمەوە تاوەکو ئەوانی داتر، پێغەمبەرانیش یەك یەك خۆیانی لێ لادەدەن هەتاوەکو ئەچنە لای موحەمەد (درودی خوای لێ بێت) کاتێ دەچنە لای ئەفەرموێت: ئەوە کاری منە. پاشان دەڕوات و لەژێر عەرشدا سوجدە دەبات بۆ پەروەردگار و داوا دەکات لە پەروەردگار کە دادگایی کردنی خەڵکی دەست پێ بکات خوای گەورەش شەفاعەتی قبوڵ دەکات و لە کۆمەڵە هەورێکی سپی دا دێت پاش ئەوەی ئاسمانی دنیا درزی تێ دەکەوێت و هەموو ئەو فریشتانەی کە تیایدان دادەبەزن، پاشان ئاسمانی دووەم و پاشتر سێیەم و بەوشێوەیە هەتاوەکو حەوتەم، پاشان هەڵگرانی عەرشی پەروەردگار و(کروب)یەکان دادەبەزن. ئەڵێ: هەروەها خوای باڵادەست دادەبەزێت لە

کۆمەڵە هەورێکی سپی دا لەگەڵ فریشتەکاندا کە تەسبیحاتیان دەنگ دەداتەوە و ئەڵێن: سبحان الذي يميت... هەتاوەکو أبداً أبداً. هەروەها حافز ئەبوبەکری کوڕی مەردەویە لێرەدا چەند فەرموودەیەکی هێناوە کە شتی سەیریان تێدایە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت. لەو فەرموودانە ئەو فەرموودەی کە مینهالی کوڕی عەمر لە ئەبی عوبەیدەی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەیسەرەوە، لە مەسروقەوە، لە ئیبن مەسعودەوە، لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((يجمع الله الأولين والآخرين لميقات يوم معلوم قياماً شاخصة أبصارهم الى السماء ينتظرون فصل القضاء، وينزل الله في ظلل من الغمام من العرش الى الكرسي)) واتە: خوای گەورە پێشینان و پاشینان بۆ وادەی ڕۆژێکی دیاری کراو کۆدەکاتەوە هەموویان وەستاون و چاویان ئەبڵەق بووە و ڕامان لە ئاسمان و چاوەڕێی دادگایی کردن دەکەن، خوای گەورەش لە کۆمەڵە هەورێکی سپی دا لەعەرشەوە دادەبەزێت بۆ کورسی.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: ئەبو زەرعە، لە ئەبوبەکری کوڕی موقەدەمەوە، لە موعتەمیری کوڕی سولەیمانەوە، ئەڵێ: گوێم لە عەبدولجەلیلی قەیسی بوو لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە ئەیگێڕایەوە: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ﴾ ئایەتەکە ووتی: کاتێ پەروەردگار دادەبەزێت لەنێوان ئەو وبەندەکانیدا حەفتا هەزار پەردە هەیە، وەك ڕوناکی و تاریکی و ئاو، ئاو لەو تاریکیەدا دەنگێکی لێوەدێت کە دڵەکان دادەخورپێنێ. ئەڵێت: باوکم لە موحەمەدی کوڕی وەزیری دیمەشقی یەوە، لە وەلیدەوە، ئەڵێت: پرسیارم کرد لە زوهەیری کوڕی موحەمەد سەبارەت بە فەرمایشتی: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ﴾ ووتی: ﴿ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ﴾ لەمرواری دروست کراوە و ڕازێنراوەتەوە بە گەوهەر و بەردی گران بەها. هەروەها ئیبن ئەبی نەجیح لە موجاهیدەوە ﴿ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ﴾ ووتی: ئەمە هەورنیە تەنها بۆ بەنی ئیسرائیل بووە کاتێ کە توشی سەرلێشێوان بوون. هەروەها ئەبوجەعفەری ڕازی لە ڕەبیعی کوڕی ئەنەسەوە، لە ئەبی عالیەوە ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأْتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِى ظُلَلٍ مِّنَ ٱلْغَمَامِ

﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ﴾ ئەڵێت: فریشتەکان لە کۆمەڵە هەورێکی سپیدا دێن، خوای گەورەش لەهەرچی یەکدا کە بیەوێت دێت، لەهەندێ خوێندنەوەشدا هاتووە: ((هل ينظرون الّا أن يأتيهم الله والملائكة في ظلل من الغمام)). ئەمەش وەك فەرمایشتی: ﴿وَيَوۡمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلۡغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا ٢٥﴾ [الفرقان: ٢٥].

واتە: ڕۆژێك دێت ئاسمان لەت و پەت دەبێت بەهۆی هەورێکی تایبەتەوە، بەڕاستی فریشتەکانیش دادەبەزێنرێن، دەستە دەستە و گرۆ گرۆ.

﴿سَلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ كَمۡ ءَاتَيۡنَٰهُم مِّنۡ ءَايَةٖ بَيِّنَةٖۗ وَمَن يُبَدِّلۡ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢١١ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَيَسۡخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۘ وَٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ٢١٢﴾

خوای گەورە هەواڵ سەبارەت بە بەنی ئیسرائیل دەدات و دەڵێت: چەند ئایەت و بەڵگەی ڕونیان لەگەڵ موسادا بینی کە ڕاستگۆیی ئەو پەیامە دەگەیەنێت کەهێناویەتی، فێڵ و گۆچان و لەتکردنی دەریا و لێدانی بەردەکە و ئەو هەورەی کە بەسەریانەوە سێبەری کرد لەئەوپەڕی گەرمادا و دابەزاندنی گەزۆ بۆیان، لەگەڵ چەندین بەڵگەی تردا کە بەڵگەن لەسەر خوای بەدیهێنەر و ڕاستگۆیی ئەو کەسەی کە موعجیزەکان لەسەر دەستی ڕوودەدەن. لەگەڵ ئەمەشدا زۆرێك لەوانە پشتیان هەڵکرد و وەڵامی نیعمەتی خوایان بە کوفر و بێباوەڕی دایەوە و پشتیان لە باوەڕهێنان هەڵکرد ﴿وَمَن يُبَدِّلۡ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ وەك خوای گەورە هەواڵ لەبارەی بێباوەڕانی قورەیشەوە ئەدا ئەفەرموێت: ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ بَدَّلُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ كُفۡرٗا وَأَحَلُّواْ قَوۡمَهُمۡ دَارَ ٱلۡبَوَارِ ٢٨ جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَاۖ وَبِئۡسَ ٱلۡقَرَارُ ٢٩﴾ [إبراهيم: ٢٨ ـ ٢٩]، پاشان خوای گەورە باس لە ڕازاندنەوەی ژیانی دونیا بۆ ئەو بێباوەڕانە دەکات کە ڕازین پێی و دلنیان لێی و ماڵ و سامانی بۆ کۆدەکەنەوە و لەڕێی خوادا نایبەخشن و گاڵتە بەباوەڕداران دەکەن کە پشتیان لە دنیاکردوە و ماڵو

سامانیان لەپێناو ڕەزامەندی خوادا دەبەخشن، هەربۆیە پلەی بەختەوەر و بەختی باشیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردوە لەڕۆژی دوایی دا، هەربۆیە لەسەروی ئەوانەوەن لە ڕۆژی دوایی دا و پلەی بەرز و بەهەشتی بەرین چاوەڕێیان دەکات، ئەوانیش بە هەتا هەتایی لەبنی دۆزەخدا دەمێننەوە. هەربۆیە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ﴾ واتە: خەڵکانێك ڕۆزی دەدات و بەخشینی زۆری بێ سنوریان پێ دەدات لەدونیا و دوارۆژدا وەك لە فەرموودەدا هاتووە: ((ابن آدم أنفق أُنفِق عليك)) واتە: ئەی نەوەی ئادەم ببەخشە پێت دەبەخشرێت. هەروەها دەفەرموێت: ((أنفق بلال ولا تخشَ من ذي العرش إقلالا)) واتە: ببەخشە ئەی بیلال و ترسی ئەوەت نەبێت کە خاوەنی عەرش کەم ببەخشێت. هەروەها پەروەردگار ئەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَهُوَ يُخۡلِفُهُۥۖ﴾ [سبأ: ٣٩].

هەروەها لە(صحيح)دا هاتووە: ((أن ملكين ينزلان من السماء صبيحة كل يوم فيقول أحدهما: اللهم اعط منفقاً خلفاً، ويقول الآخر: اللهم أعط ممسكاً تلفاً)) واتە: بەیانی هەموو ڕۆژێك دوو فریشتە لە ئاسمانەوە دادەبەزن یەکەمیان ئەڵێت: پەروەردگار شوێنی پارەی بەخشراو بۆ بەخشەرەکەی پڕبکەرەوە. ئەوی تریشان دەڵێت: پەروەردگار ئەوەی مشتی دەنوقێنێت سامانەکەی لەناوبەرە.

هەروەها لە(صحيح)دا هاتووە: ((يقول ابن آدم: مالي مالي. وهل لك مِن مالك إلا ما أكلت فأفنيت، اللهم أعط منفقاً خلفا، ويقول الآخر: اللهم أعط ممسكاً تلفاً)). واتە: نەوەی ئادەم ئەڵێت: سامانەکەم، سامانەکەم، بەڵام ئایا لە سامانەکەت دا تەنها ئەوەت بۆ نامێنێتەوە کە خواردوتە و لەناوت بردوە، یاخود لەبەرت کردوە و دڕاندوتە، یاخود بەخشیوتە و ناردوتە بۆلای خوا، جگە لەوە دەڕۆیت و بەجێی دەهێڵیت بۆ خەڵك.

هەروەها لە(مسند)ی پێشەوا ئەحمەد دا لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) هاتووە: ((الدنيا دار مَن لادار له، ومال مَن لامال له، ولها يجمع من لاعقل له)). واتە: دنیا ماڵی کەسێکە کە ماڵی نییە و سامانی کەسێکە کە سامانی نییە و یەکێکیش سامانی بۆ کۆدەکاتەوە کە ئەقڵ و ئارەزوی نەبێت.

﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۚ وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۖ فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٢١٣﴾﴾

ئیبن جەریر ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی بەشار لە ئەبوداودەوە، لە هومامەوە، لە قەتادەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، فەرمووی: ماوەی نێوان ئادم و نوح دە سەدەبوو، هەریەکەیان لەسەر شەریعەتێکی ڕاست بوو، پاشان ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، خوای گەورەش پێغەمبەرانی وەك مژدەدەر و ترسێنەر نارد، ئەڵێ: خوێندنەوەی عەبدوڵڵاش بەم شێوەیە بوو ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ حاکم لە(مستدرك)ەکەیدا لەفەرموودەی بندار لە موحەمەدی کوڕی بەشارەوە، پاشان وتی: سەنەدەکەی (صحیح)ە بەڵام ئەوان تەخریجیان نەکردوە. هەروەها لە ئەبو جەعفەر ڕازیەوە، لە ئەبوعالیەوە، لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە، کەبەم شێوەیە دەی خوێندەوە ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾ هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێ: موعەمەر لە قەتادەوە کە سەبارەت بەفەرمایشتی ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ وتی: هەموان لەسەر ڕێنمای بوون بەڵام جیاوازی کەوتە نێوانیان پەروەردگاریش پێغەمبەرانی نارد و یەکەم پێغەمبەرێکیش کە نێردرا نوح بوو، موجاهیدیش هەروا دەڵێ، وەك ئیبن عەباس یەکەم جار ووتی. هەروەها عوفی لە ئیبن عەباسەوە ﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ ئەی فەرموو: هەموان بێباوەڕبوون ﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾ ڕای یەکەمیش کەلە ئیبن عەباسەوە هاتبوو سەنەد و مانای (صحیح)تره. چونکە خەڵکی لەسەر ئاینی ئادەم بوون پاشان بتیان پەرست، خوای گەورەش نوحی بۆ ناردن. کە یەکەم پێغەمبەری تایبەت (رسول)بوو کە خوای گەورە بۆ خەڵکی سەر زەوی نارد.

هەربۆیە پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۚ وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ

بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۚ﴾ واتە: پاش ئەوەی بەڵگەی نەهێشتن، هۆکاری ئەو لادانەش خۆهەڵکێشان و زیادە ڕەوی هەندێکیان بوو بەسەر ئەوانی تریاندا، ﴿فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ ٱلۡحَقِّ بِإِذۡنِهِۦۗ وَٱللَّهُ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾.

هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێت: موحەمەد لە سولەیمانی ئەعمەشەوە، لە ئەبی سالحەوە، ئەبی هورەیرە دەربارەی فەرمایشتی ﴿فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ ٱلۡحَقِّ بِإِذۡنِهِۦۗ﴾ پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((نحن الآخرون الأولون يوم القيامة، نحن أول الناس دخولا الجنة، بيدَ أنهم أوتوا الكتاب من قبلنا و أوتينا من بعدهم، فهدانا لله لما اختلفوا فيه من الحق بإذنه، فهذا اليوم الذي اختلفوا فيه هدانا الله له، فالناس لنا فيه تبع فغداً لليهود و بعد غد للنصارى)) پاشان عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە، لە ئەبی تاوسەوە، لەباوکیەوە، لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاویەتیەوە.

واتە: ئێمە کۆتایی و یەکەمین لەڕۆژی دوایدا، ئێمە یەکەم کەسین کە دەچینە بەهەشت، بەڵام ئەوان پێش ئێمە کتێبیان بۆ نێردراوە ئێمە پاش ئەوان بۆمان هات، بەڵام خوای گەورە ئێمەی هیدایەت دا بۆ ئەوەی کە ئەوان جیاواز بوون لەسەری بەویستی خۆی، ئەو ڕۆژەش کە ناکۆك بوون لەسەری خوا ئێمەی بۆ ڕێنمای کرد، کەواتە خەڵکی تیایدا شوێن کەوتوی ئێمەن سبەینێ بۆ جولەکە و دووسبەی بۆ گاورەکان.

هەروەها ئیبن وەهەب ئەڵێت: لە عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، لە باوکیەوە سەبارەت بەفەرمایشتی ﴿فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ ٱلۡحَقِّ بِإِذۡنِهِۦۗ﴾ وتی: ناکۆك بوون سەبارەت بەڕۆژی (جمعە)، ئەوەبوو جولەکە ڕۆژی شەممەو گاورەکان ڕۆژی یەك شەممەیان هەڵبژارد، خوای گەورەش ئوممەتی موحەمەدی هیدایەت دا بۆ ڕۆژی (جمعە) هەروەها جیاوازبوون سەبارەت بە قیبلە، گاورەکان ڕویان کردە ڕۆژهەڵات و جولەکەش ڕویان کردە بەیتولمەقدیس، خوای گەورەش ئوممەتی موحەمەدی هیدایەت دا بۆ قیبلە، هەروەها جیاوازبوون سەبارەت بەنوێژ، هەندێکیان ڕکوع دەبەن و سوجدە دەبەن، هەندێکیشیان لەکاتی نوێژدا قسەیان دەکرد و هەندێکیشیان

لەکاتی نوێژدا بەڕێگادا دەڕۆیشتن. خوای گەورەش ئوممەتی موحەمەدی ڕێنمای کرد بۆ حەق لەو مەسەلەیەدا. هەروەها لەڕۆژودا ناکۆك بوون، هەندێکیان بەشێك لەڕۆژ بەڕۆژوو دەبوون و هەندێکیان تەنها هەندێ خواردنیان نەدەخوارد، خوای گەورەش ئوممەتی موحەمەدی هیدایەت دا بۆ حەق لەوبوارەشدا. هەروەها ناکۆك بون سەبارەت بە ئیبراهیم (سلاوی خوای لێ بێت) جولەکە دەیانوت: جولەکە بووە، گاورەکانیش دەیانوت: خوای گەورەش بەیەکتاپەرست و موسڵمانی دانا و ئوممەتی موحەمەد یشی ڕێنمای کرد بۆئەو بۆچونە، هەروەها ناکۆك بوون سەبارەت بە عیسا (سلاوی خوای لێ بێت) جولەکە بەدرۆیان خستەوە و بوهتانێکی گەورەیان بۆ دایکی کرد، گاورەکانیش کردیان بەخوا و منداڵ، خوای گەورەش بەڕوح و وشەی خۆی دەزانێت و باوەڕدارانیشی ڕێنمونی کرد بۆ حەق لەو بوارەدا.

هەروەها ڕەبیعی کوڕی ئەنەس سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ﴾ واتە: لەکاتی ناکۆکیدا باوەڕداران لەسەر ئەو ڕاستیەن کە پێغەمبەران پێشتر هێنابوویان لەسەر ئیخلاس و دڵسۆزی بۆ پەروەردگار و پەرستنی بە تاك و تەنها و بەرپا کردنی نوێژ و بەخشینی زەکات، ئەمەش مانەوەیە لەسەر بەرنامەی ڕاستی پێغەمبەران پێش دروست بوونی ناکۆکی. بەڵکو ئەوان لەناکۆکی دور کەوتنەوە و بوون بەشاهید بەسەر خەڵکیەوە لەڕۆژی قیامەت دا، شایەتن لەسەر قەومی نوح و هود و ساڵح و شوعەیب و ئالی فیرعەون. بەوەی کە پێغەمبەرانیان پەیامیان پێگەیندون و ئەوانیش پێغەمبەرەکانیان بەدرۆ خستوەتەوە.

هەروەها لەخوێندنەوەی ئویەی کوڕی کەعب دا هاتووە (ولیکونوا شهداء علی الناس یوم القیامة، والله یهدي من یشاءُ إلی صراط مستقیم).

ئەبوعالیەش سەبارەت بەم ئایەتە ئەیوت: دەرهێنەرە لە گومان و گومڕایی و سەرلێ شێوان.

هەروەها فەرمایشتی ﴿بِإِذْنِهِۦ﴾ واتە: بەزانین و ئاگاداری ئەو بەوەی کە هیدایەتی داون بۆی. ئیبن جەریر ئەمەی وتوە ﴿وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ﴾ واتە: پەروەردگار هیدایەتی هەرکەسێك دەدات لە دروستکراوەکانی ﴿إِلَىٰ صِرَٰطٍ

مُّسْتَقِيمٍ﴾ واتە: خاوەنی دانایی و بەڵگەی بەهێزە، لە(صحيح)ی بوخاری و موسلیمیش دا لە عائیشەوە: کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ئەگەر بە شەودا هەستایە نوێژی دەکرد و ئەی وت: ((اللهم رب جبرائيل وميكائيل و إسرافيل، فاطر السماوات و الأرض، عالم الغيب والشهادة، أنت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون، اهدني لما اختلف فيه من الحق بإذنك، إنك تهدي من تشاء الى صراط مستقيم))

هەروەها لە دوعای (مأثور)دا هاتوە: ((اللهم أرنا الحق حقاً، وارزقنا اتباعه، وأرنا الباطل باطلاً، وارزقنا اجتنابه، ولا تجعله ملتبساً علينا فنضل، واجعلنا للمتقين إماماً)).

واتە: پەروەردگار ڕاستیمان وەك خۆی پیشان بدە و شوێنکەوتنیمان پێ ببەخشە، هەروەها بەتاڵ و ناڕەوامان وەك خۆی پیشان بدە و لێی بەدورمان بگرە و بمانکە بەپێشەوا بۆ باوەڕداران.

﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّىٰ يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَىٰ نَصْرُ اللَّهِ ۗ أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾﴾

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ﴾ واتە: ئایا پێتان وایە کەبچنە بەهەشت پێش ئەوەی تاقی بکرێنەوە و لەبێژەنگ بدرێن وەك چۆن ئەوانەی پێش ئێوە تاقی کرانەوە. هەربۆیە دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ﴾ مەبەست نەخۆشی و ئازار و موسیبەت و بەڵا و نەهامەتیە. ئیبن مەسعود و ئیبن عەباس و ئەبوعالیە و موجاهید و سەعیدی کوڕی جوبەیر و موڕەی هەمەدانی و حەسەن و قەتادە و زەحاك و ڕەبیع و سەدی و موقاتیلی کوڕی حەیان دەڵێن: ﴿الْبَأْسَاءُ﴾ هەژاری ﴿وَالضَّرَّاءُ﴾ نەخۆشی ﴿وَزُلْزِلُوا﴾ دەلەرزین لەترسی دوژمنان و توشی تاقیکردنەوەی سەخت بوون، وەك لە فەرموودەی (صحيح)دا لە خەبابی کوڕی ئەرەتەوە هاتوە، ووتی: وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا، بۆداوای سەرکەوتنمان بۆ ناکەیت؟ بۆ دوعامان بۆ ناکەیت؟ فەرمووی:

((إنَّ مَن كان قبلكم كان أحدهم يوضع المنشار على مفرق رأسه فيخلص الى قدميه لايصرفه ذلك عن دينه، ويمشط بأمشط الحديد مابين لحمه وعظمه، لايصرفه ذلك عن دينه)) پاشان فەرمووی: ((والله ليتمنّ هذا الأمر حتى يسير الركب من صنعاء الى حضرموت، لايخاف الّاالله والذئب على غنمه، ولكنكم قوم تستعجلون)).

واتە: ئەوانەی پێش ئێوە مشار دەخرایە ناوەڕاستی سەریان و هەتاوەکو قاچی هەڵیان دەتڵیشاند، لە ئاینەکەی پاشگەز نەدەبوونەوە، هەروەها بەشانەی ئاسن گۆشت و ئێسکیان لەیەك جیا دەکردەوە، دەستبەرداری ئاینەکەی نەدەبوو. پاشان فەرمووی: سوێند بەخوا خوای گەورە ئەم ئاینە سەر دەخات هەتاوەکو وای لێ دێت کە سوار لە(صَنعاء)ەوە دەچێت بۆ (حضرموت) لەهیچ شتێك ناترسێت جگە لەخوا و گورگ بۆمەڕەکانی، بەڵام ئێوە پەلەدەکەن.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الٓمٓ ۝١ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ۝٣﴾ [العنكبوت: ١ ـ٣]. شتێکی زۆریش لەم بابەتە توشی هاوەڵان هات لەغەزای -أحزاب- دا وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِذۡ جَآءُوكُم مِّن فَوۡقِكُمۡ وَمِنۡ أَسۡفَلَ مِنكُمۡ وَإِذۡ زَاغَتِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلۡقُلُوبُ ٱلۡحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ۝١٠ هُنَالِكَ ٱبۡتُلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَزُلۡزِلُواْ زِلۡزَالٗا شَدِيدٗا ۝١١ وَإِذۡ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورٗا ۝١٢﴾ [الأحزاب: ١٠ ـ ١٢]. کاتێکیش هەرقل پرسیاری کرد لە ئەبوسوفیان ئایا لەگەڵیدا جەنگاون؟ ووتی: بەڵێ. ووتی: ئەو جەنگەی نێوانتان چۆن بوو؟ ووتی: جار بەجار بوو، جارێك ئەو سەردەکەوت جارێك ئێمە. ووتی: پێغەمبەران بەوشێوەن سەرەتا تاقی دەکرێنەوە پاشان سەرەنجام بۆ ئەوانە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۡۖ﴾ واتە: ڕێگەی ئەوانەی پێش خۆتان وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَأَهۡلَكۡنَآ أَشَدَّ مِنۡهُم بَطۡشٗا وَمَضَىٰ مَثَلُ ٱلۡأَوَّلِينَ ۝٨﴾[الزخرف:٨].

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ﴾ واتە: دەسپێشخەری دەکەن و داوای دەروو و ڕزگاربون لەو نەهامەتیە دەکەن، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ﴾ هەروەها دە فەرموێت: ﴿فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٥ إِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا ۝٦﴾ [الشرح: ٥ ـ ٦]، تەنگانە و سەختی هەرچەندە زۆربێت سەرکەوتنیش بەهەمان شێوەی ئەودەبێت، هەربۆیە دەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ﴾ هەروەها لە ئەبی ڕەزینەوە هاتووە: ((عجب ربك من قنوط عباده وقرب غيثه، فينظر اليهم قنطين، فيظل يضحك يعلم أن فرجهم قريب)).

واتە: پەروەردگار سەرسام دەبێت لە بێ هیوا بونی بەندەکانی و نزیکی دەروی، کاتێ سەیریان دەکات بێ ئومێدن، پێ دەکەنێت، چونکە دەزانێت ڕزگاریان نزیکە.

﴿يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ۖ قُلْ مَآ أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ۝٢١٥﴾

موقاتیلی کوڕی حەیان ئەڵێت: ئەم ئایەتە سەبارەت بە بەخشینی سوننەتە. سەدیش ئەڵێت: زەکات ئەم جۆرە بەخشینەی نەسخ کردوە، ئەمەش جێی تێبینی یە، مانای ئایەتەکەش ئەوەیە: پرسیارت لێ دەکەن چۆن ماڵ ببەخشن؟ ئیبن عەباس و موجاهید وتویانە و پەروەردگاریش ئەمەی بۆ ڕون کردونەتەوە و فەرموویەتی: ﴿قُلْ مَآ أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ واتە: ببەخەشن بەم تۆڕۆ و بوارانە. وەك لە فەرموودەیەدا هاتوە: ((أم و أباك و أختك و أخاك ثم أدناك فأدناك)) واتە: باوکت و دایکت و خوشکت و برات پاشان نزیکتر پاشان نزیکتر. پاشان میهرانی کوڕی مەیمون ئەم ئایەتەی خوێندەوە، دواتر ووتی: ئەمە ئەو شوێنانەیە کە پێی دە بەخشرێت نەباسی تەپڵ و نەزوڕنا و نەوێنەی تەختە و نەسەر دیواری تیادا کراوە. پاشان پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَا تَفْعَلُوا۟ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ﴾ واتە: هەرکارێکی باش ئەنجام بدەن، ئەوە

پەروەردگار بەئاگایە لێی و بەباشترین شێوە پاداشتتان دەداتەوە لەسەری، چونکە ئەو بەئەندازەی مسقاڵە زەرەیەك ستەم لە کەس ناکات.

﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾﴾

ئەمە پێویست کردنی جیهادە لەسەر موسڵمانان لەلایەن پەروەردگارەوە، هەتاوەکو شەڕی بێباوەڕان لە ئیسلام دوور بخەنەوە. زوهری ئەڵێت: جیهاد فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك چ غەزای کردبێت یا دانیشتوبێت، دانیشتو لەسەریەتی ئەگەر داوای پشتیوانی لێ کرا پشتیوانی بکات و ئەگەر داوای یارمەتی و بەدەمەوەچونی لێکرا بەدەمەوە بچێت و ئەگەر داوای بەشداری جەنگی لێکرا بەشداری بکات، ئەگەر پێویستیشیان پێی نەبوو ئەوە دادەنیشێت.

(ئەڵێم) هەربۆیە لە(صحیح)دا هاتووە: ((مَن مات ولم یغز ولم یحدث نفسه بغزو، مات میتة جاهلیة)).

واتە: هەر کەس مرد و غەزای نەکرد و لەبیر و خەیاڵی دا نەبوو، ئەوە بەنەفامی مردووە.

هەروەها لەڕۆژی فەتحی مەککەدا فەرمووی: ((لاهجرة بعد الفتح ولکن جهاد ونیة، وإذا استنفرتم فانفروا)). واتە: کۆچ کردن پاش فەتحی مەککە نییە بەڵکو جیهاد و نیەت هێنانە، ئەگەر داوای خۆ سازدان بۆ جیهاد و غەزاتان لێکرا ئەوە ئامادەبن.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ﴾ واتە: قورسە بەلاتانەوە، چونکە غەزاکەر یان دەکوژرێت یاخود بریندار دەکرێت لەگەڵ زەحمەتی سەفەر و ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنان، پاشان دەفەرموێت: ﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ چونکە بەدوای غەزادا سەرکەوتن بەسەر دوژمنان و دەست گرتن بەسەر ماڵ و سامان و وڵاتیاندا دێت .﴿وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ﴾

واتە: لەوانەیە کارێکتان پێ باش بێت و ئەوکارە خراپ بێت بۆتان، ئەمەش گشتی یەو هەموو کاروبارێك دەگرێتەوە، یەکێك لەوشتانەش دانیشتن و پاڵدانەوە و وازهێنانە لەکوشتار کەلەوانەیە ببێتەهۆی داگیر کرانی نیشتمان و لەدەستدانی دەسەڵات، پاشان دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ﴾ واتە: ئەو زانایە کە سەرەنجامی کارەکانتان و ئاگاداره لەوەی کە باشی دونیا و دواڕۆژتانی تیایە، ئێوەش بەدەم داواکەیەوە بێت و ملکەچی بن، بەڵکو ڕێگەی ڕاست بگرن.

﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ قِتَالٖ فِيهِۖ قُلۡ قِتَالٞ فِيهِ كَبِيرٞۚ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفۡرُۢ بِهِۦ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ وَإِخۡرَاجُ أَهۡلِهِۦ مِنۡهُ أَكۡبَرُ عِندَ ٱللَّهِۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَكۡبَرُ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٢١٨﴾﴾

ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: باوکم لە موحەمەدی کوڕی ئەبی بەکری مەقدەمیەوە، لە موعتەمیری کوڕی سولەیمانەوە، لەباوکیەوە، لە حەزرەمیەوە، لە ئەبی سوارەوە، لە جوندبی کوڕی عەبدوڵڵاوە، کە پێغەمبەری خوا کۆمەڵێکی نارد و ئەباعوبەیدەی کوڕی جەڕاحی کردە ئەمیریان، کاتێ ویستی بڕوات، لەتامەزرۆیی دا بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) گریا، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) گێڕایەوە و لەجیاتی دا عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی نارد و نامەیەکی بۆ نوسی و فەرمانی پێکرد کە ئەو نامەیە نەخوێنێتەوە هەتاوەکو دەگاتە فلانە شوێن و فەرمووی: ((لا تكرهن أحداً على السير معك من اصحابك)). واتە: زۆر لە هیچکام لە هاوڕێکانت نەکەیت بۆ هاتن لەگەڵتدا. کاتێ عەبدوڵڵا نامەکەی خوێندەوە: (إنا لله وإنا إليه راجعون)ی کرد و

وتی: گوێ ڕایەڵی فەرمانی خوا و پێغەمبەرم، پاشان ڕۆشتن و نامەکەی لەو شوێنەدا بۆ خوێندنەوە، پاشان دوو لە پیاوەکان گەڕانەوە و ئەوانی تر لەگەڵیدا مانەوە، ئەوەبوو گەشتن بە ئیبن حەزرەمی و کوشتیان، نەشیان زانی ئەو ڕۆژە لەمانگی (ڕەجەب) یان (جمادی الأولی)یە، هاوەڵگەرەکانیش بە موسڵمانەکانیان وت: لەمانگی حەرامدا خوێنتان ڕشت، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ﴾ ئایەتەکە.

هەروەها سەدی لە ئەبی مالیك و ئەبی سالحەوە، لە ئیبن عەباسەوە، هەروەها موڕە لە ئیبن مەسعودەوە ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ﴾، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا سریەیەکی نارد کە حەوت کەس بوون، و عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی ئەسەدی کردە ئەمیریان و عەماری کوڕی یاسر و ئەبوحوزەیفەی کوڕی عەتبەی کوڕی ڕەبیعە و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و عوتبەی کوڕی غەزوانی سەلمی کە هاوپەیمانی (بەنی نەوفل)بوو لەگەڵ سوهەیلی کوڕی بەیزا و عامری کوڕی فەهیرە و واقیدی کوڕی عەبدوڵڵای یەربوعی هاوپەیمانی عومەری کوڕی خەتتابی تیادابوو. هەروەها نامەیەکی نوسی بۆ عەبدوڵڵا و فەرمانی پێکرد نەیخوێنێتەوە هەتاوەکو دەگاتە (بطن ملل)، کاتێ گەیشتە (بطن ملل) و خوێندیەوە بینی تیایدا نوسراوە ((أن سر حتى تنزل بطن نخلة)) واتە: بڕۆ هەتا دەگەیتە (بطن نخلة) عەبدوڵڵاش بە هاوەڵانی وت: هەر کەس دەیەوێت بمرێت ئەوە با لەگەڵتا بێت و وەسیەت بکات، چونکە من وەسیەت دەکەم و دەڕۆم بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ، پاشان بەڕێ کەوت، ئەوەبوو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و عوتبە دواکەوتن لێی، وڵاخێکیان ون کرد و بەهۆی گەڕان بەدوایدا دوا کەوتن، ئیبن جەحشیش ڕۆشت هەتاوەکو گەشتە (بطن نخلة) ئەوەبوو توشی حاکمی کوڕی کیسان و موغیرەی کوڕی عوسمان و عەمری حەزرەمی و عەبدوڵڵای کوڕی موغیرەبوو. موغیرە لەدەستی هەڵات بەڵام عەمری کوژرا، واقیدی کوڕی عەبدوڵڵا کوشتی، ئەمەش یەکەم دەسکەوت بوو کەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) دەسیان کەوتبێت، کاتێ گەڕانەوە بۆ مەدینە بە دوو دیل و ئەو شتومەکەی کە

گرتبویان، خەڵکی مەککە ویستیان دوو دیلەکە بەفیدیە ئازاد بکەن پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((حتى تنظر ما فَعَلَ صاحبانا)) واتە: پەلە مەکە هەتاوەکو بزانین دوو هاوەڵەکەمان چیان بەسەر هاتوە. کاتێ سەعد و هاوڕێکەی گەڕانەوە دوو دیلەکەی بە فیدیە ئازاد کرد بێ باوەڕەکانیش دەمیان لێ هەڵمالی و وتیان: موحەمەد لافی ئەوە لێ دەدات کە ئەو ملکەچی خوایە بەڵام ئەو یەکەم کەسێکە کە لەمانگی حەرامدا خوێنی مرۆڤێکی حەڵاڵ کرد و هاوڕێکەمانی لەمانگی (ڕەجەب) دا کوشت. موسڵمانەکانیش وتیان: ئێمە لەمانگی (جەماد)دا کوشتمان. وتراویشە: لەکۆتا شەوی (جەمادی)و یەکەم شەوی (ڕەجەب)دا، پاشان موسڵمانەکان لەگەڵ هاتنی (ڕەجەب) دا دەستیان لە کوشتار هەڵگرت. خوای گەورەش ڕەخنەی لە خەڵکی مەککە گرت و فەرمایشتی: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ﴾ واتە: کوشتار لەمانگی حەرام دا دروست نییە بەڵام ئەوەی ئێوە کردوتانە ئەی هاوەڵگەرانی عەرەب لەخوێن ڕشتن لەمانگی حەرام دا گەورەترە. کە ئەویش بێ باوەڕبونە بەخوا و دژایەتی کردنی موحەمەد و هاوەڵەکانی و دەرکردنی خەڵکی (مسجد الحرام)ە لێی.

هەروەها عوفی لە ئیبن عەباسەوە، ئەڵێ: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ﴾ ئەمەش بەهۆی ئەوەوەبوو کە هاوەڵگەران لەمانگی حەرام دا ڕێیان لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) گرت، خوای گەورەش فەرمووی: ﴿وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ﴾ واتە: دەربەدەر کردنی خەڵکی لە(مسجد الحرام) و ڕێگرتن لە گەشتن پێی لای خوا لە کوشتن تیایدا گەورەترە. هەروەها لە کوشتنی ئەو هاوەڵگەرە بە گومانی ئەوەی کە ئەو شەوە کۆتا شەوی مانگی (جەماد)ە بەڵام (ڕەجەب)بوو گەورەترە، هەربۆیە دەفەرموێت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ﴾ واتە: دەرکردنی خەڵکی نیشتەجێ ی مزگەوتی حەرام گەورەترە لەوەی کە هاوەڵانی موحەمەد کردیان و هاوەڵگەری و شەریك بۆخوا بڕیاردان لەوەگەورەترە. هەروەها ئەبو سەعیدی

بەقال لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتیەوە: کە سەبارەت بە سیەکەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش دابەزیوە کە عەمری کوڕی حەزرەمی یان کوشت.

هەروەها موحەمەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی سائیب کەلبی لە ئەبی سالحەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەڵێت: سەبارەت بە کوشتنی عەمری کوڕی حەزرەمی دابەزی.

هەروەها عەبدولمەلیکی کوڕی هیشامی گێڕەرەوەی سیرە ئەڵێت: لە زیادی کوڕی عەبدوڵڵای بەکائیەوە، لە موحەمەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی یەسار مەدینیەوە، لە کتێبی (السیرة لإبن هشام)دا هاتووە کە وتویەتی: پێغەمبەری خوا عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی کوڕی ڕەبابی ئەسەدی لەمانگی ڕەجەب دا نارد و هەشت پیاو لە کۆچکەرانی لەگەڵدا نارد و هیچ ئەنسارێکیان تیادا نەبوو، هەروەها نامەیەکی بۆ نوسی و فەرمانی پێکرد کە نەیکاتەوە هەتاوەکو دوو ڕۆژ ڕێ دەڕوات، پاشان بیکاتەوە و ئەوەی کە تیایدا هاتووە جێ بەجێی بکات، بەڵام زۆر لە هیچ یەکێك لە هاوەڵانی نەکات. هاوەڵەکانی عەبدوڵڵای کوڕی جەحشیش لە کۆچەران لەهۆزی عەبدشەمسی کوڕی عەبدمەناف بریتی بوون: ئەبوحوزەیفەی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی عەبدشەمسی کوڕی عەبدمەناف کەلە هاوپەیمانەکانیان بوو، عەبدوڵڵای کوڕی جەحش کە ئەمیریان بوو، عوکاشەی کوڕی موحسینی کوڕی حەرسان یەکێك لە کوڕانی بەنی ئەسەدی کوڕی خوزەیمە کە هاوپەیمانیان بوو. لە هۆزی نەوفلی کوڕی عەبدولمەنافیش عوتبەی کوڕی غەزوانی کوڕی جابر کە هاوپەیمانیان بوو، لەهۆزی زوهرەی کوڕی کەلابیش سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس، لە هۆزی عودەی کوڕی کەعبی کوڕی عامری کوڕی ڕەبیعەش هاوپەیمانێکیان لە عەنزی کوڕی وائیل، هەروەها واقیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی عەرینی کوڕی سەعلەبەی کوڕی یەربوع، کە کوڕێکی بەنی تەمیمی هاوپەیمانیان بوو، هەروەها خالیدی کوڕی بەکیر یەکێك لە کوڕانی سەعدی کوڕی لەیس هاوپەیمانیان بوو، لەهۆزی حارسی کوڕی فەهریش سوهەیلی کوڕی بەیزا، کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی جەحش دوو ڕۆژە

ڕێ ڕۆشت، نامەکەی کردەوە بینی تیایدا نوسراوە: ((إذا نظرت في كتابي هذا، فامض حتى تنزل نخلة بين مكة و الطائف فترصّد بها قريشاً وتعلم لنا من أخبارهم)) واتە: هەرکات ئەم نامەی منت کردەوە، ئەوە بڕۆ هەتاوەکو (نخلة) لەنێوان (مكة و طائف) داو چاودێری قورەیش بکەو هەواڵمان بۆ بهێنەرەوە.

کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی جەحش سەیری نامەکەی کرد، ووتی: گوێڕیەڵی فەرمانی خودا و پێغەمبەرین پاشان بەهاوڕێکانی ووت: پێغەمبەری خوا فەرمانی پێکردوم کە بڕۆم بۆ (نخلة)و چاودێری قورەیش بکەم هەتاوەکو هەواڵێکی بۆ دێنمەوە. داواشی لێ کردوم زۆر لەهیچ یەکێکتان نەکەم، جا هەر کەس شەهیدی دەوێت با لەگەڵما بێت، هەرکەسیش ئارەزوی لێ نییە با بگەڕێتەوە، بەڵام من دەڕۆم و ئەم فەرمانە جێ بەجێ دەکەم، ئەوەبوو هەموو هاوەڵان لەگەڵیدا چون و کەسیان نەگەڕانەوە، پاشان ڕێی حیجازی گرتەبەر هەتاوەکو گەیشتە (معدن) لە سەروی (القرع)ەوە پێی دەوترا (بُحران) سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و عوتبەی کوڕی غەزوان حوشترێکیان لێ ونبوو کەوتنە گەڕان بەشوێنی دا و عەبدوڵڵا و هاوەڵەکانیشی ڕۆشتن هەتاوەکو گەشتنە (نخلة)، ئەوەبوو کاروانێکی قورەیش بەوێدا تێپەڕی کە مێوژو و پێخۆر و بازرگانیان پێبوو کە موڵکی قورەیش بوو عەمری کوڕی حەزرەمی و عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موغیرە و نەوفلی کوڕی عەبدوڵڵای مەخزومی برای و حەکیمی کوڕی کەیسان خزمەتگوزاری هیشامی کوڕی موغیرەی تیادابوو. کاتێ بینیان ترسان و لەنزیکیانەوە لایان دا، ئەوەبوو عوکاشەی کوڕی موحصن سەری کێشا بۆیان، لەو کاتەشدا سەری تاشی بوو، کاتێ بینیان دڵنیا بوون و وتیان مەترسن عەمرەکارن، کاریان بە ئێمەوە نییە، پاشان ڕاوێژیان کرد لەنێوان خۆیاندا ئەمەش لەکۆتا ڕۆژی مانگی ڕەجەبدا بوو. ئەوەبوو ووتیان: سوێند بەخوا ئەگەر واز لەو کۆمەڵەبێنن ئەم شەو دەچنە حەرەم، جا با ڕێیان لێ بگرین، ئەگەر بشیان کوژن ئەوا لەمانگی حەرامدا خوێنتان ڕشتوە، ئەوەبوو ئەوانیش ترسان و خەمی ئەوەیان بوو کە هێرش بکەنە سەریان، پاشان غیرەتیان دایە بەر خۆیان و بڕیاری کوشتن و تاڵان کردنی ئەوانەیاندا کە توانایان بەسەریاندا دەشکێت ئەوەبوو واقیدی کوڕی

عەبدوڵڵای تەمیمی تیرێکی هاویشت بۆ عەمری کوڕی حەزرەمی و بریندارى کرد و عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵا و حەکیمی کوڕی کیسان بەدیل گیران، بەڵام نەوفلی کوڕی عەبدوڵڵا هەڵهات و بۆیان دیل نەکرا، پاشان عەبدوڵڵای کوڕی جەحش و هاوەڵەکانی بە حوشترەکان و دوو دیلەکەوە گەڕانەوە بۆلای پێغەمبەری خوا بۆ مەدینە، ئیبن ئیسحاق ئەڵێت: هەندێ لە خزمانی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش باسی ئەوە دەکەن کە عەبدوڵڵا بەهاوەڵەکانی وتوە: ئەوەی کەدەستمان کەوتوە پێنج یەکی بۆ پێغەمبەری خوایە ئەمەش پێش ئەوەبوو کە خوای گەورە پێنج یەکی غەنیمە فەرز بکات، ئەوەبوو پێنج یەکی کاروانەکەی بۆ پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) جیا کردەوە و ئەوی تری لەنێوان هاوەڵەکانیدا دابەش کرد ئیبن ئیسحاق ئەڵێت: کاتێ هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ما أمرتكم بقتالٍ في الشهر الحرام)) واتە: من فەرمانی کوشتارم پێ نەکردبوون لەمانگی حەرام دا، ئەوەبوو کاروان و دوو دیلەکەی وەقف کرد و ڕازی نەبوو هیچ شتێکی لێ بەرێت، کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەمەی فەرموو: عەبدوڵڵا و هاوەڵەکانی دەستەو ئەژنۆ دانیشتن و وایان زانی کە تیاچون، برا موسڵمانەکانیشیان لەسەر ئەو کارە سەرکۆنەیان کردن، قورەیشیش وتیان: محەمەد و هاوەڵەکانی خوێن ڕشتنیان لەمانگی حەرامدا حەڵاڵ کردوە و ماڵ و سامانیان تیایدا تاڵان کردوە و خەڵکیان بەدیل گرتوە، موسڵمانەکانی مەکەش وەڵامیان دانەوە و وتیان ئەو کارەیان لە (شەعبان)دا ئەنجام داوە، جولەکەش وتیان ئەمە مەتەڵێکی سەیرە عومەری کوڕی حەزرەمی لەلایەن واقیدی کوڕی عەبدوڵڵاوە کوژراوە، (عەمر) واتە: ئاوەدان کەرەوە، شەڕی ئاوەدان کردەوە، (حضرمي) کە(حَضَرَ)ی تیایە بەمانای هاتن، هات بۆ شەڕ، واقیدی کوڕی عەبدوڵڵا (وقد) واتە هەڵگیرسێنەر شەڕی هەڵگیرساند، خوای گەورەش ئەمانەی بەدژی خۆیان تەواوکرد نەك بۆیان، کاتێ خەڵکی زۆر ڕۆچون لەو مەسەلەیەدا زۆری لەبارەوە دوان، خوای گەورە فەرمووی:

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ﴾ واتە: ئەگەر ئێوە لەمانگی حەرامدا خەڵکتان کوشتبێت، ئەوە

ئەوان بونە ڕێگر لەبەردەم چون و گەشتنی ئێوە بە(مسجد الحرام) و پێشتریش دانیشتوانیان لێ وەدەرنا ئەمەش ﴿أَكْبَرُ﴾ لای خوا گەورەترە لە کوشتنی ئەو کەسانەی کە کوشتتان لێیان. ﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ﴾ واتە: ئەوان خەڵکیان ئازار دەدا هەتاوەکو لە ئایین و باوەڕ پاشگەزیان بکەنەوە، ئەمەش لای خوا لەکوشتن گەورەترە ﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟﴾ واتە: ئەوان لەسەر خراپتر لەو کارە دەڕۆن و نەتەویە دەکەن و نەدەستیش هەڵدەگرن. ئیبن ئیسحاق ئەڵێت: کاتێ قورئان لەم بارەیەوە دابەزی و خوای گەورە دەروی لە موسڵمانان کردەوە و پێغەمبەری خواش کاروانەکە و دوو دیلەکەی وەرگرت و قورەیش پێشنیاری فیدیە دانیان بۆکرد لەبەرامبەر عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵا و حەکیمی کوڕی کەیسان، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: نایان گۆڕینەوە هەتاوەکو دوو هاوەڵەکەمان دەگەڕێنەوە، مەبەستی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس و عوتبەی کوڕی غەزوان بوو، چونکە ئێمە مەترسی گیانی ئەوانمان هەیە، ئەگەر بشیان کوژن ئەوە هەردوو هاوڕێکەتان دەکوژین، ئەوەبوو سەعد و عوتبە گەڕانەوە و پێغەمبەریش دوو دیلەکەی بە فیدیە ئازاد کرد، هەرچی حەکیمی کوڕی کەیسان بوو ئەوە موسڵمان بوو و موسڵمانێکی باشی لێ دەرچوو و لای پێغەمبەری خوا مایەوە هەتاوەکو لەڕۆژی (بئر معونة)دا شەهید بوو، عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵاش گەڕایەوە بۆ مەککە و لەوێ بەبێ باوەڕی مرد. ئیبن ئیسحاق ئەڵێت: کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی جەحش و هاوەڵەکانی لەم گێژاوە ڕزگاریان بوو، هیوایان بە پاداشت هەبوو و وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ، ئایا هیوامان بەوە هەبێت کە پاداشتی موجاهیدانمان بۆ بنوسرێت؟ خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢١٨﴾﴾ خوای گەورەش ئومێدی تەواوی پێ بەخشین و هیواداری کردن، ئیبن ئیسحاق ئەڵێت: فەرموودەکە لەم بارەیەوە لە زوهری و یەزیدی کوڕی ڕومانەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها یونسی کوڕی بەکیر لە موحەمەدی کوڕی ئیسحاقەوە، لە یەزیدی کوڕی ڕومانەوە، لە عروەی کوڕی زوبەیرەوە هاوشێوەی ئەمەی

گێڕاوەتەوە. هەروەها لە موسای کوڕی عەقەبە لە زوهریەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە، هەروەها شوعەیبی کوڕی ئەبی حەمزە لە زوهریەوە، لە عوروەی کوڕی زوبەیرەوە فەرموودەیەکی نزیك لەمەی گێڕاوەتەوە، هەروەها تیایدا هاتووە: کە ئیبن حەزرەمی یەکەم کوژراوێك بوو کەلەنێوان موسڵمانان و هاوەڵگەران دا کوژرا، ئەوەبوو وەفدێك لەبێ باوەڕانی قورەیش هاتن بۆ مەدینە بۆ خزمەت پێغەمبەر و وتیان: ئایا کوشتار لەمانگی حەرامدا دروستە؟ خوای گەورەش فەرمووی: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ﴾ ئایەتەکە.

حافز ئەبوبەکری بەیهەقی لە کتێبی (دلائل النبوة)دا ئەم باسەی بەدرێژی هێناوە.

پاشان ئیبن هیشام لە زیادەوە، لە ئیبن ئیسحاقەوە، ئەگێڕێتەوە و ئەڵێت: هەندێ لە کەسوکاری عەبدوڵڵا ئەگێڕنەوە کە عەبدوڵڵا فەیی و دەسکەوتەکانی لەنێو خزمەکانیدا دابەش کردوە، چوار لەسەر پێنجی بۆ ئەوان و پێنج یەکی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی، خوای گەورەش ئەوکارەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی پەسەند کرد. ئیبن هیشام ووتی: ئەمەش یەکەم دەسکەوت کە دەست موسڵمانەکان کەوت، عەمری کوڕی حەزرەمیش یەکەم کەسێك بوو کە موسڵمانەکن کوشتیان، عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵا و حەکیمی کوڕی کەیسانیش یەکەم کەسێك بوون کە موسڵمانەکان بەدیلیان گرتن. ئیبن ئیسحاق ئەڵێت: ئەبوبەکری سدیق سەبارەت بە غەزاکەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحش: وتراویشە: بەڵکو عەبدوڵڵای کوڕی جەحش ووتی: کاتێ قورەیش وتیان: موحەمەد و هاوەڵەکانی مانگی حەرامیان حەڵاڵ کرد و خوێنیان تێدا ڕشت و سامانیان تیادا تاڵان کرد و پیاویان تیادا بەدیل گرت، ئیبن هیشام ئەڵێت: ئەمە هۆنراوەی عەبدوڵڵای کوڕی جەحشە: [الطويل]

تَعُدّون قَتْلًا في الحَرام عظيمةً
وأعظمُ منه لو يَرى الرشدَ راشدُ
صدودُكمُ عما يقول محمَّدٌ
وكفرٌ به والله راءٍ وشاهِدُ

وإخراجُكمْ مِنْ مَسْجد الله أهْلَه
لئلا يُرَى لله فِي البيتِ ساجِدُ
فإنّا وإنْ عَيَّرْتُمونا بِقَتْلِهِ
وأرجَفَ بالإسلامِ باغٍ وحاسِدُ
سَقَيْنا مِنْ ابنِ الحَضْرميّ رِماحَنا
بِنَخْلَةَ لما أوقَدَ الحربَ واقدُ
دمًا وابن عبد الله عثمانُ بَيْننا
يُنازِعه غُلٌّ مِنَ القِدِّ عانِدُ

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ۖ قُلِ ٱلْعَفْوَ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ ۖ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ ۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٠﴾﴾

پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: خەڵەفی کوڕی وەلید لە ئیسرائیلەوە، لە ئەبی مەسیرەوە، لە عومەرەوە کەفەرموویەتی: کاتێ کە ئایەتی حەرامبونی مەی دابەزی، فەرمووی: خوای گەورە ڕونکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوەمان بۆ بنێرە، ئەوەبوو ئەو ئایەتەی سورەتی (بقرة) دابەزی کە ئەفەرموویت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ﴾ واتە: ئەوەبوو عومەر بانگکرا و ئایەتەکەی بۆ خوێندرایەوە و فەرمووی: خوا ڕونکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوەمان لەبارەی ئارەقەوە بۆ بنێرە، پاشان ئەو ئایەتە دابەزی کەلە سورەتی (نساء) دا ئەفەرموویت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕدارن نزیکی نوێژ مەکەون لەکاتێکدا کە سەرخۆشن.

ئەوەبوو بانگوێژی پێغەمبەری خوا لەکاتی نوێژدا بانگەوازی دەکرد:

باهیج سەرخۆشێك نزیکی نوێژ نەکەوێتەوە، پاشان عومەر بانگکرا و بۆی خوێنرایەوە و فەرمووی: پەروەردگار ڕونکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوەمان بۆ بنێرە، ئەوەبوو ئەو ئایەتەی سورەتی (مائدة)ی بۆ خوێنرایەوە کاتێك گەشتە ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ واتە: ئایا ئیتر دەست هەڵدەگرن؟ عومەریش فەرمووی: وازمان هێناو دەستمان هەڵگرت.

ئەبوداود و ترمزی و نەسائی بەم شێوە لەچەند ڕێگەیەکەوە لە ئەبی ئیسحاقەوە گێڕاویانەتەوە، هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن مەردەویە لەڕێگەی سەوریەوە لە ئەبی ئیسحاقەوە، لە ئەبی مەسیرەوە کە ناوی عەمری کوڕی شەرەحبیلی هەمەدانی کوفیەوە، لە عومەرەوە، لەغەیری ئەویشەوە نەهاتوە، بەڵام ئەبوزەرعە ئەڵێت: لەوەوە نەیبیستوە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت. هەروەها عەلی کوڕی مەدینی ئەڵێ: ئەمە سەنەدێکی باش و صحیحە و ترمزیش بە (صحیح)ی داناوە، بەڵام ئیبن ئەبی حاتەم پاش: (انتهینا) ئەمەشی بۆ زیاد کردوە (إنها تذهب المال و تذهب العقل) واتە: چونکە پارە و ژیری لەناودەبات.

هەروەها ئەم لەگەڵ ئەو فەرموودەیەدا دێت کە ئەحمەد لە ڕێگەی ئەبو هورەیرەوە گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە فەرمایشتی لە سورەتی (مائدة)دا ﴿إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ [المائدة:٩٠] لێرەدا فەرمایشتی: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ﴾ هەرچی ئارەقە ئەوە وەك ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب دەفەرموێت: هەرشتێکە کە ئەقڵ داپۆشێت و لەکاری بخات، وەك لەسورەتی (مائدة)دا ڕونی دەکەینەوە، بەهەمان شێوە (مَیْسَرْ)یش کە قوماره.

هەروەها فەرمایشتی ﴿قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾ تاوان و گوناهی گەورەی تیایە کە نەمانی ئاینە، هەرچی سودە دنیاییەکانیشە کە سودی بۆ جەستە و هەرسکردنی خواردن و دەردانی و بەهێزکردنی هەندێ یادەوەری و ئەو چێژە وروژێنەرەی کە تیایەتی، وەك حەسانی کوڕی سابت لە نەفامیدا ئەڵێت: [الوافر]

وَنَشْرَبُهَا فَتَتْرُكُنَا مُلُوكًا
وَأُسْدًا لَا يُنَهْنِهُنَا اللِّقَاءُ

هەروەها سود وەرگرتن لە نرخەکەی، یاخود ئەو پارەیەی کە هەندێکیان لەقوماردا دەیان بردەوە و خەرجیان دەکرد بۆ ماڵ و منداڵیان، بەڵام ئەم بەرژەوەندیانە هاوتا و یەکسان نین لەگەڵ زیانەکانیدا، چونکە زیان لە دوو شتی گرانبەها دەدات کە ئەقڵ و دینە، هەربۆیە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا﴾ هەربۆیە ئەم ئایەت ڕێخۆشکردن بوو بۆ حەرامکردنی یەکجاری ئارەق، بە ڕاشکاویش ئاماژەی پێ نەکرد بەڵکو بەناڕاستەوخۆ، هەربۆیە عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێ ئەم ئایەتەی بۆ خوێنرایەوە ووتی: پەروەردگار ڕونکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوەمان بۆ بنێرە لەم بارەوە، هەتاوەکو ڕاشکاوانە لەسورەتی (تحریم)دا دابەزی ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾﴾ [المائدة: ٩٠ - ٩١] دواتریش لەسورەتی (مائدة)دا باسی لێوە دەکەین (انشاءالله)، ئیبن عومەر و شەعبی و موجاهید و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنس و عەبدولڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم وتویانە: ئەمە یەکەم ئایەتە کە سەبارەت بە مەی و ئارەق دابەزی ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ﴾، پاشان ئەو ئایەتە دابەزی کەلە سورەتی (نساء)دایە، پاشان ئەو ئایەتە دابەزی کە لەسورەتی (مائدة)دایە و ئارەقی حەرام کرد.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ﴾ بە(نصب و رفع) خوێنراوەتەوە، هەردووکیشیان باش و نزیك و دروستە. ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: باوکم لە موسای کوڕی ئیسماعیلەوە، لە ئەبانەوە، لە یەحیاوە کە هەواڵی پێگەشتوە کە مەعازی کوڕی جەبەل و سەعلەبە هاتنە لای پێغەمبەری خوا و وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە کۆیلە و منداڵمان هەیە، خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ﴾ی نارده خوارەوە. حەکیم لە موقسیمەوە، لە ئیبن عەباسەوە: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ﴾

ئەفەرموویت: پرسیارت لێ دەکەن چی ببەخشن؟ بڵێ: ئەوەی کە لە خۆتان زیادە. هەروەها لە ئیبن عومەر و موجاهید و عەتا و عیکریمە و سەعیدی کوڕی جوبەیر و موحەمەدی کوڕی کەعب و حەسەن و قەتادە و قاسم و سالم و عەتای خوراسانی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و زیاتر لەکەسێك کە سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿قُلِ ٱلۡعَفۡوَۗ﴾ واتە: زیادە، هەروەها لە تاوسەوە ئەڵێت واتە: کەمێك لە هەموو شتێك، هەروەها لە ڕەبیعەوە هاتوە: باشترین و بەکەڵکترین ماڵت. هەروەها عەبدی کوڕی حەمید لە تەفسیرەکەیدا ئەڵێت: هوزهی کوڕی خەلیفە لە عەوفەوە لە حەسەنەوە، دەربارەی ئایەتی: ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَۖ قُلِ ٱلۡعَفۡوَۗ﴾ واتە: هەموو ماڵەکەت نەبەخشیت و دانیشی داوا لە خەڵکی بکەیت، هەروەها بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ئیبن جەریر گێڕاویەتیەوە و ئەڵێ: عەلی کوڕی موسلیم لە ئەبو عاسمەوە، لە ئیبن عەجلانەوە، لە مەقبەریەوە، لە ئەبی هوڕەیرەوە، ئەڵێت: پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا من دینارێکم هەیە، فەرمووی: ((أنفقه على نفسك)) واتە: خەرجی بکە بۆ خۆت. ووتی: دینارێکی تریشم هەیە، فەرمووی ((أنفقه على أهلك)) واتە: خەرجی بکە بۆ خێزانەکەت. ووتی: یەکێکی تریشم پێیە، فەرمووی: ((فأنت أبصر)) واتە: خۆت باشتر دەزانیت، هەروەها موسلیم لە(صحیح)ەکەیدا و خۆشی لە فەرموودەی جابرەوە تەخریجی کردوە: کە پێغەمبەری خوا بە پیاوێکی وت: ((ابدأ بنفسك فتصدّق عليها، فإن فضل شيء فلأهلك، فان فضل عن أهلك شيء فلذي قرابتك، فان فضل عن ذى قرابتك شيء فهكذا وهكذا)).

واتە: لە خۆتەوە دەست پێ بکە و بۆی خەرج بکە، ئەگەر لە خۆت زیادە بوو ئەوە بۆ منداڵەکانت، ئەگەر لە منداڵەکانت زیادبوو ئەوە بۆخزمەکانت، ئەگەر لە خزمەکانت زیادبوو ئەوە بەم شێوە و بەوشێوە.

هەروەها موسلیم لە ئەبو هوڕەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) ووتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((خير الصدقة ماكان عن ظهر غنى، واليد العليا خير من اليد السفلى، وابدأ بمن تعول)).

وتە: باشترین بەخشین ئەوەیە کە لەکاتی دەوڵەمەندی دابێت، دەستی

بەخشەر و بەرزیش باشترە لەدەستی نزم و داواکەر، لەو کەسانەشەوە دەست پێ بکەن کە بەخێویان دەکەن.

هەروەها لە فەرموودەدا هاتووە: ((ابن آدم إنك ان تبذل الفضل خيرلك، وان تمسكه شرلك، ولا تلام على كفاف)) واتە: ئەگەر زیاد ببەخشی ئەوە باشترە بۆت، ئەگەر لای خۆشت بیهێلیتەوە خراپە بۆت، لەسەر کەم دەرامەتی و کەم بژێویش لۆمە ناکرێیت. وتراویشە ئەمە نەسخ کراوە بە ئایەتی زەکات، وەك عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە و عوفی لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویانەتەوە، هەروەها عەتای خوراسانی و سەدیش وتویانە، وتراویشە ئایەتی زەکات ڕونی کردوەتەوە، موجاهید و غەیری ئەویش وتویانە و ئەمەش بەهێزترە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْأَيَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ واتە: وەك چۆن ئەو حوکمانەی بۆ ڕون کردونەتەوە بەهەمانشێوە هەموو ئایەتەکانی ترتان بۆ ڕون دەکاتەوە، بەڵکو بیر لە دونیا و دوا ڕۆژ بکەنەوە. عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە ئەڵێت: مەبەستی بیر کردنەوەیە لە کۆتایی هاتن و لەناو چونی دونیاو هاتن و مانەوەی ڕۆژی دوایی. هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: باوکم لە عەلی کوڕی موحەمەد تەنافوسیەوە، لە ئەبو ئوسامەوە لە سەعقی عەیشیەوە، ئەڵێ: لای حەسەن بوم ئەم ئایەتەی خوێندەوە لە سورەتی (بقرة) ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾ فەرمووی: ئەمە سوێند بەخوا بۆ کەسێکە کە بیری لێ بکاتەوە، هەتاوەکو بزانێت کە دونیا شوێنی تاقی کردنەوە و دواتریش تیا چونە، هەروەها ڕۆژی دوایی شوێنی پاداشت و مانەوەیە، قەتادە و ئیبن جورەیج و غەیری ئەوانیش هەمان شتیان وتوە، هەروەها عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە، لە قەتادەوە ووتی: هەتاوەکو فەزڵی ڕۆژی دوایی بەسەر دونیادا بزانێت. هەروەها لە ڕیوایەتێکەوە لە قەتادەوە: کەواتە ڕۆژی دوایی هەڵبژێرن بەسەر دونیادا.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ﴾ ئیبن

جەریر ئەڵێت: سوفیانی کوڕی وەکیع لە جەریرەوە لە عەتای کوڕی سائیبەوە، لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەڵێ: کاتێ فەرمایشتی: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾ و ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾﴾ [النساء: ١٠] هەروەها ئەو کەسانەی کە هەتیویان لابوو، خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵدا جیاکردەوە، ئەوەبوو خواردن لە هەتیوەکان دەمایەوە، ئەوانیش هەڵیان دەگرت هەتاوەکو جارێکی تر دەیان خوارد یاخود خراپ دەبوو، ئەمەش زۆر قورس بوو بۆیان، هەربۆیە گێڕایانەوە بۆ پێغەمبەری خوا، خوای گەورەش فەرمایشتی: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ ۖ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ ۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ ۗ﴾ ئەوەبوو خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵدا تێکەڵ کرد. هەروەها ئەبوداود و نەسائی و ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن مەردەوەیە و حاکم لە(مستدرك)دا لەچەند ڕێگەیەکەوە لە عەتای کوڕی سائیبەوە گێڕاویەتیەوە. هەروەها عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویەتیەوە، بەهەمانشێوە سەدی لە ئەبی مالیك و ئەبی سالحەوە، لە ئیبن عەباسەوە، هەروەها لە موڕەوە لە ئیبن مەسعودیشەوە هاوشێوەی گێڕاوەتەوە، هەروەها چەندین کەس ئەمەیان باس کردوە وەك هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە وەك موجاهید و عەتا و شەعبی و ئیبن ئەبی لەیلا و قەتادە و زیاتر لە یەکێك لە(سَلَف و خَلَف) پێشینان و پاشینان. وەکیعی کوڕی جەڕاح ئەڵێت: هیشامی هاوڕێی دەستەوائی، لە حەمادەوە، لە ئیبراهیمەوە، ئەڵێت: عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: من پێم خۆش نییە بەجیا ماڵی هەتیوم لەلابێت، بەڵکو دەمەوێت خواردن و خواردنەوەمان تێکەڵ بێت. هەروەها فەرمایشتی: ﴿قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ﴾ واتە: بەتەنها باشترە، ﴿وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ﴾ خۆ ئەگەر خواردن و خواردنەوەتان پێکەوە بێت، ئەوە ئاساییە، چونکە ئەوان برای ئاینیتانن، هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ﴾ واتە: دەزانێت کێ نیەتی چاکەیە یاخود خراپەیە، هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ﴾ واتە: ئەگەر پەروەردگار بیەوێ ئەوە توشی تەنگە تاویتان دەکات بەڵام ئەو ئاسان کاریتان بۆ دەکات و ڕێی پێ

داون کە تێکەڵاویان بکەن بەشێوەیەك کە باشە بۆیان واتە: بەچاکە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾[الأنعام:١٥٢] بەڵکو ڕێی داوە بە هەژار کە بەچاکە لێی بخوات، چ بەمەرجی پێدانەوەی بۆ کەسێك کە هەبووبێت، یاخود بەبێ مەرج وەك لەسورەتی (نساء)دا ڕونی دەکەینەوە إن شاء الله.

﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ۚ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ ۗ وَلَا تُنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا۟ ۚ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ ۖ وَٱللَّهُ يَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلْجَنَّةِ وَٱلْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِۦ ۖ وَيُبَيِّنُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٢١﴾﴾

ئەمە حەرامکردنی هێنانی ئافرەتی هاوەڵگەر و بت پەرستە بۆ باوەڕداران، ئەگەر مەبەست هەموو ئافرەتێکی هاوەڵگەریش بێت وەك هاوەڵگەری گاور و جولەکە و بت پەرستیش دەگرێتەوە، بەڵام دواتر ژنانی ئەهلی کیتاب تایبەت دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ﴾ [المائدة: ٥].

عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە، لە ئیبن عەباسەوە سەبارەت بەفەرمایشتی ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾ خوای گەورە ژنانی ئەهلی کیتابی لەمە جیا کردوەتەوە. ئەمەش ڕای موجاهید و عیکریمە و سەعیدی کوڕی جوبەیر و مەکحول و حەسەن و زەحاك و زەیدی کوڕی ئەسلەم و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و غەیری ئەوانیشە وتراویشە مەبەست هاوەڵگەرانە لە بت پەرستان، نەوەك هەموو ئەهلی کیتاب، ماناکەش لە یەکەمەوە نزیکترە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

سەبارەت بەوەش کە ئیبن جەریر گێڕاویەتیەوە: عوبەیدی کوڕی ئادەمی کوڕی ئەبی ئیاسی عەسقەلانی لەباوکیەوە، لە عەبدولحەمیدی کوڕی بەهرامەوە، لە شەهری کوڕی حوشبەوە، ئەڵێ: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس بوو ئەیفەرموو: پێغەمبەری خوا نەهی کردوە لە جۆرەکانی ئافرەت،

جگە لە ئافرەتانی باوەڕدار و کۆچکەر، هەموو ئافرەتێکی غەیرە موسڵمانیشی حەرام کردوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ﴾ [المائدة:٥] ئەمە و تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا ئافرەتێکی جولەکەی مارە کردوو حوزەیفەی کوڕی یەمانیش ئافرەتێکی گاوری مارەکرد، ئەمەش عومەری کوڕی خەتتابی توڕەکرد و ویستی لێیان بدات، ئەوانیش وتیان: تەڵاقیان دەدەین ئەی ئەمیری باوەڕداران توڕە مەبە، فەرمووی: جا ئەگەر تەڵاق دانیان حەڵاڵ بێت ئەوە مارە کردنیشیان حەڵاڵە، بەڵام من بەزۆر لە چنگی ئێوەیان دەردێنم. ئەمەش فەرموودەیەکی زۆر سەیرە، ئەم (أثر)ش لە عومەرەوە (غریب)و نامۆیە.

ئەبوجەعفەری کوڕی جەریر پاش گێڕانەوەی ئیجماع لەسەر دروستی مارەکردنی ئافرەتی کیتابی ئەڵێت: بۆیە عومەر ئەوەی بە باش نەزانیوە، هەتاوەکو خەڵکی واز لە مارەکردنی کچانی موسڵمان نەهێنن. هەروەها ئەبو کەریب لە ئیبن ئیدریسەوە، لە سەلەتی کوڕی بەهرامەوە، لە شەقیقەوە، ووتی: حوزەیفە ئافرەتێکی جولەکەی مارەکرد و عومەریش نامەیەکی بۆ نوسی: کە دەست بەرداری بە، ئەویش بۆی نوسی: ئایا بەحەرامی دەزانیت؟ هەتاوەکو دەست بەرداری بم، فەرمووی: نالێم حەرامە، بەڵام ئەترسم بەدڕەوشتەکانیان مارە بکەن. ئەمەش سەنەدی صەحیحە.

هەروەها خەلال لە موحەمەدی کوڕی ئیسماعیلەوە، لە وەکیعەوە، لە سەلتەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: موسای کوڕی عەبدولڕەحمانی مەسروقی لە موحەمەدی کوڕی بەشارەوە، لە سوفیانی کوڕی سەعیدەوە، لە یەزیدی کوڕی ئەبی زیادەوە، لە زەیدی کوڕی وەهەبەوە، ئەڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب فەرمووی: پیاوی موسڵمان ئافرەتی گاور مارە دەکات، بەڵام پیاوی گاور بۆی نییە ئافرەتی موسڵمان مارە بکات. ئەڵێت: سەنەدی ئەمە لەیەکەم (صحیح)تره، پاشان دەڵێت: هەروەها تەمیمی کوڕی مونتەسر لە ئیسحاقی ئەزرەقیەوە، لە شەریکەوە، لە ئەشعەسی کوڕی سوارەوە، لە حەسەنەوە، لە جابری کوڕی عەبدڵڵاوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((نتزوج نساء أهل الكتاب ولا يتزوجون

نساءنا)) واتە: ژنانی ئەهلی کتاب مارە دەکەین بەڵام ئەوان ژنانی ئێمە مارە ناکەن. ئەم (خبر)ە هەرچەندە سەنەدەکەی قسەی لەسەربێت، بەڵام ڕای لەسەرە بەهۆی کۆدەنگی ئومەت لەسەری واتە: ئەمە لە(خبر)ی عەبدولحەمیدی کوڕی بەهرامی کوڕی شوهرەی کوڕی حوشب لەپێشترە ئیبن جەریر ئەمەی وتوە.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی ئیسماعیلی ئەحمسی لە وەکیعەوە لە جەعفەری کوڕی بورقانەوە، لە مەیمونی کوڕی مەهرانەوە، لە ئیبن عومەرەوە، کە مارەکردنی ئەهلی کیتابی پێ باش نەبووە، فەرمایشتی ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾ شی تەئویل کردوە. بوخاریش ئەڵێت: ئیبن عومەر وتی: وانابینم هیچ هاوەڵگەریەك لەوە گەورەتربێت کەبڵێیت: عیسا خوایەتی. هەروەها ئەبوبەکری خەلالی حەنبەلی ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی هارون، لە ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمەوە، لە موحەمەدی کوڕی عەلییەوە، لە سالحی کوڕی ئەحمەدەوە، کە پرسیاریان کردوە لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾ فەرمووی ئافرەتانی عەرەبی هاوەڵگەر کە بت دەپەرستن. هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾ سەدی ئەڵێت: لەبارەی عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەوە دابەزی، کە کەنیزەکێکی ڕەش پێستی هەبوو لێی تورەبوو زلەیەکی لێدا، پاشان ترسا و هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا، هەواڵەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەریش پێی وت: (ماهي؟) واتە: چ ئاینێکی هەیە، وتی: نوێژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێت و بەباشی دەست نوێژ دەشوات و شایەتی (لا إلٰه إلّا الله و محمد رسول الله)ش دەدات. فەرمووی: ((ياعبدالله هذه مؤمنة)) واتە: ئەی (عەبدوڵلا) ئەمە باوەڕدارە. وتی: سوێند بەوکەسەی کە تۆی بە حەق ناردەوە دەبێت ئازادی بکەم و مارەی بکەم، ئەوەبوو ئەو کارەی کرد، کۆمەڵێك لە موسڵمانەکانیش ڕەخنەیان لەو کارەی گرت و وتیان: کەنیزەکەکەی مارە کرد، ئەیان ویست ئافرەتە هاوەڵگەرەکان مارە بکەن بەبۆنەی ناو بانگیانەوە، پەروەردگاریش فەرمایشتی ﴿وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ﴾.

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی حەمید ئەڵێ: جەعفەری کوڕی زیادی ئەفریقی لە عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە، لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا تنكحوا النساء لحسنهن فعسى حسنهنَّ ان يرديهن، ولا تنكحوهن عن أموالهن فعسى أموالهن أن تطغيهن، وأنكحوهن على الدين، فلأمة سوداء جرداء ذات دين أفضل)) (ئەفریقی)ش لێرەدا لاوازە.

واتە: ژنان بۆ جوانیان مارە مەکەن، چونکە لەوانەیە ئەو جوانیەیان لە خشتەیان بەرێت، هەروەها لەبەر پارە و سامانیان مارەیان مەکەن، نەوەکو ئەو سامانەیان توشی لەخۆیایبونیان بکات، بەڵکو بەهۆی دینیانەوە مارەیان بکەن چونکە ئافرەتێکی کۆیلەی ڕەش پێستی بێ سامانی خاوەن دین باشترە.

هەروەها لە(صحيحين)دا لە ئەبی هورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((تنكح المرأة لأربع لمالها و لحسبها و لجمالها ولدينها، فاظفر بذات الدين، تربت يداكَ)) موسلیمیش لە جابرەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە.

واتە: ئافرەت بۆ چوار شت مارە دەکرێت بۆ سامان و ڕەچەڵەك و جوانی و ئاینی جا تۆ خاوەن ئاین هەڵبژێرە دەستت دەچێت بەخێردا.

هەروەها لە موسلیم دا لە ئیبن عومەرەوە هاتووە: ((الدنيا متاع، وخير متاع الدنيا المرأة الصالحة)) واتە: دنیا خۆشیەکی کاتییە باشترین خۆشیش تیایدا ئافرەتی سالح و باشە.

فەرمایشتی ﴿وَلَا تُنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا۟﴾ واتە: ژنانی باوەڕدار مارەمەکەن لە پیاوانی هاوەڵگەر وەك پەروەردگار ئەفەرموێت: ﴿لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ﴾ [الممتحنة:١٠] پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ﴾ واتە: پیاوێکی باوەڕدار - ئەگەرچی کۆیلەیەکی حەبەشیش بێت - لە هاوەڵگەرێك باشترە، با سەرۆك و باڵادەستیش بێت ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ واتە: تێکەڵاوی و هاودەمیان بەرەو دۆزەختان دەبات، چونکە خۆشەویستی دنیا و دنیا پەرستی لە دڵی مرۆڤدا بەهێز

دەکەن، ئەمەش ئاکامێکی باشی نابێت ﴿وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ وَٱلۡمَغۡفِرَةِ بِإِذۡنِهِۦۖ﴾ وتە: خوای گەورەش بەهۆی شەرع و فەرمان و نەهیەکانیەوە بەرەو بەهەشتت دەبات ﴿وَيُبَيِّنُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ﴾.

﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ قُلۡ هُوَ أَذٗى فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ وَلَا تَقۡرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطۡهُرۡنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرۡنَ فَأۡتُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾ نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢٢٣﴾﴾

پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی لە حەمادی کوڕی سەلەمەوە، لە سابتەوە، لە ئەنەسەوە: کە جولەکە ئەگەر ئافرەتێکیان بکەوتایەتە سوڕی مانگانەوە نانیان لەگەڵدا نەدەخوارد و جیماعیان لەگەڵدا نەدەکرد، هاوەڵانی پێغەمبەریش پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ قُلۡ هُوَ أَذٗى فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِۖ وَلَا تَقۡرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطۡهُرۡنَۖ﴾ هەتاوەکو کۆتایی ئایەتەکە، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((اصنعوا كل شيء إلّا النكاح)) واتە: هەموو شتێك بکەن جگە لە جیماع. ئەمەش گەشت بە جولەکە و ئەوانیش وتیان: ئەم پیاوە نایەوێ هیچ کارێك بمێنێت کە پێچەوانەی ئێمە نەجولێتەوە تیایدا. ئەوەبوو ئوسەیدی کوڕی حوزەیر و عیبادی کوڕی بیشر هاتن و وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) جولەکەکان ئەوە و ئەوە دەڵێن. ئایا جیماع لەگەڵ هاوسەرەکانماندا نەکەین لەکاتی حەیزدا؟ ئەوەبوو دەموچاوی پێغەمبەری خوا گۆڕرا هەتاوەکو وامانزانی کە توڕەبووە لێیان، ئەوەبوو بەجێیان هێشت. کاتێ هاتنە ژوورەوە توشی شیرێك بوون کە بۆ پێغەمبەری خوا هێنرابوو، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) ناردی بە شوێنیاندا و شیری پێدان ئەوانیش زانیان کە لێیان توڕە نەبووە، موسلیم لە فەرموودەی حەمادی کوڕی زەیدی کوڕی سەلەمەوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها

فەرمایشتی ﴿فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ﴾ مەبەستی دورکەونەوە لەداوێنی ئافرەت لەکاتی حەیزدا، بەبەڵگەی فەرموودەی: ((إصنعوا كلّ شيْ الّا النكاح)) واتە: هەموو کارێك بکەن جگە لە جیماع، هەربۆیە زۆرینەی زانایان بۆچونیان وایە کە دروستە پیاو بچێتە لای هاوسەرەکەی لەشوێنی ترەوە جگە لە داوێن.

هەروەها ئەبوداود ئەڵێت: موسای کوڕی ئیسماعیل لە حەمادی کوڕی ئەیوبەوە، لە عیکریمەوە، لە هەندێك لە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) : کە پێغەمبەر ئەگەر بیویستایە بچێتە لای هاوسەرێکی ئەوە شتێکی دەدا بەسەر داوێنی دا. هەروەها ئەبوداود ئەڵێت: قەعنەبی لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی غانمەوە، لە عەبدولڕەحمانی کوڕی زیادەوە، لە عەمارەی کوڕی غورابەوە، کە پورێکی بۆی باس کردوە کە پرسیاری کردوە لە عائیشە وتویەتی: یەکێك لە ئێمە دەکەوێتە حەیزەوە و لەیەك پۆشاکدا دەچێتەلای هاوسەرەکەی عائیشەش فەرمووی: باسی ئەوەت بۆ دەکەم کە پێغەمبەری خوا دەیکرد، ئەوەبوو هاتە ژورەوە و چوو بۆ مزگەوت، ئەبوداود ئەڵێت: مەبەستی شوێنی نوێژی ماڵەوەیە، نەڕۆشت هەتاوەکو چاوم چوە خەو و بەڵام سەرما زۆری بۆ هێنا فەرمووی: ((ادنى مني)) واتە: لێم نزیك بەرەوە، وتم: من لە حەیزدام، فەرمووی: ((اكشفي عن مخذيك)) واتە: ڕانتم بۆ دەربخە، منیش بۆم دەر خست، ئەویش ڕومەتی و سنگی نایە سەر ڕانم هەتاوەکو گەرمی بویەوە و خەوت. ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر ئەڵێت: عەبدولوەهاب لە ئەیوبەوە، لەکتێبی ئەبی قولابەوە کە مەسروق سواربوو بۆلای عائیشە وتی: سڵاو لە پێغەمبەری خوا و خێزانەکەی. عائیشەش فەرمووی: بەخێربێیت بەخێربێیت. پاشان مۆڵەتیان داو چوە ژورەوە و وتی: من ئەمەوێت سەبارەت بەشتێك پرسیارت لێ بکەم بەڵام شەرم دەکەم. فەرمووی: شەرم مەکە تۆ کوڕ و من دایکتم. وتی: پیاو چی بۆ هەیە لەکاتێکدا خێزانەکەی لە حەیزدابێت؟ وتی: هەمووشتێك جگە لە داوێنی. هەروەها حەمیدی کوڕی موسعەدە لە یەزیدی کوڕی زەریعەوە، لە عویەینەی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی جەوشن لە مەروان ئەسغەرەوە، لە مەسروقەوە،

ئەڵێ: وتم بە عائیشە چی حەڵالە بۆ پیاو لەکاتی لە حەیزدابونی خێزانەکەیدا؟ فەرمووی: هەموو شتێك جگە لە جیماع. ئەمەش وتەی ئیبن عەباس و موجاهید و حەسەن و عیکریمەیە، هەروەها ئیبن جەریر لە ئەبی کەریبەوە، لە ئیبن ئەبی زائیدەوە، لە حەجاجەوە، لە مەیمونی کوڕی میهرانەوە، لە عائیشەوە، فەرمووی: لەسەروی پشتوێنەوە.

(ئەڵێم) سەرجێگەیی کردن و نان خواردن دروستە بەبێ جیاوازی، عائیشە ئەفەرموێت: پێغەمبەری خوا فەرمانی پێ دەکردم سەرم دەشت لەکاتێکدا کە لەحەیزدابووم، هەروەها پاڵی دەدایەوە لە باوەشمدا قورئانی دەخوێند و من لەحەیزدا بووم، هەروەها لە(صحیح)دا لە عائیشەوە هاتووە: من دۆشاوم دەخوارد لەکاتێکدا کە لەحەیزدا بووم، پاشان ئەمدا بەپێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ئەویش دەمی دەخستە ئەو شوێنەی کەمن دەمم تێ دەخست، هەروەها ئاوم دەخواردەوە پاشان دەمدا بەپێغەمبەر و ئەویش دەمی دەخستە هەمان شوێن کە من دەمم تێ دەخست.

هەروەها ئەبوداود: لە موسەدەدەوە، لە یەحیای کوڕی جابر کوڕی سوبحەوە، لە خەلاسی هیجریەوە، ئەڵێ: گوێم لە عائیشە بوو ئەیفەرموو: من و پێغەمبەر لەیەك پۆشاکدا دەماینەوە لەکاتێکدا کە لە حەیزدا خوێناوی بووبووم، ئەگەر شتێکی بەربکەوتایە شوێنەکەی دەشت، ئەگەر بەر جلەکانیشی بکەوتایە ئەیشت و نوێژی پێوە دەکرد. سەبارەت بەوەش کە ئەبوداود گێڕاویەتیەوە لە سەعیدی کوڕی عەبدولجەبارەوە، لە عەبدولعەزیزەوە، لە ئەبی یەمانەوە، لە ئوم زەرەوە، لە عائیشەوە فەرموویەتی: هەرکاتێ بکەوتمایە حەیزەوە لەسەر تەختەوە دادەبەزیمە سەر حەسیر و نزیك پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) نەدەکەوتینەوە هەتاوەکو پاك دەبوینەوە. ئەمە لەڕوی خۆپارێزییەوەبوە.

هەندێکی تریش وتویانە: بۆی هەیە بچێتە لای بەڵام نزیکی خوار پشتوێنی نەکەوێتەوە. وەك لە(صحیحین)دا هاتووە لە مەیمونی کچی حارسی هیلالیەوە، وتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ئەگەر بیویستایە بچێتە لای یەکێك لە خێزانەکانی لەکاتی حەیزدا فەرمانی پێدەکرد کە لەخوار پشتوێنەوە

خۆی پۆشتە بکاتەوە، ئەمەش (لفظ)ی بوخاری یە. هەروەها لە (صحیحین)دا لە عائیشەوە هاوشێوەی ئەمە هاتووە. بەهەمانشێوە پێشەوا ئەحمەد و ئەبوداود و ترمزی و ئیبن ماجە لە فەرموودەی عەلاوە، لە حەزامی کوڕی حەکیمەوە، لە مامیەوە عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی ئەنساری کەپرسیار کرد لەپێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت): چی حەڵاڵە بۆم کاتێ هاوسەرەکەم لە حەیزدایە؟ فەرمووی: ئەوەی لە سەروی پشتوێنەوەیە. هەروەها ئەبوداود لە مەعازی کوڕی جەبەلەوە، هێناویەتی و ئەڵێت: پرسیارم لە پێغەمبەری خوا کرد سەبارەت بەوەی کە لەکاتی حەیزدا بۆم حەڵاڵە فەرمووی: ((ما فوق الإزار والتعفف عن ذلك افضل)) ئەوەی کەلەسەروی پشتوێنەوەیە و خۆ دورگرتن لەوەش باشترە. ئەمەش لە عائیشە و ئیبن عەباس و سەعیدی کوڕی موسەیب و شەریحیشەوە هاتووە.

ئەم فەرموودانە و هاوشێوەکانیان بەڵگەن بۆ ئەوانەی کە پێیان وایە ئەوەی کە لەسەری پشتوێنەوەیە حەڵاڵە. کە ئەمەش یەکێکە لە دوو ڕای شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە زۆرینەی عێراقیەکان و غەیری ئەوانیش بەباشتریان زانیوە، ڕەخنەش لەم بۆچونە ئەوەیە کە سەروی پشتوێن نزیکە لە داوێنەوە، لەوانەیە ببێتە هۆی کەوتنە حەرامەوە کەزانایان کۆدەنگن لەسەر حەرامی. جاهەرکەسێکیش کەوتە ئەو حەرامەوە ئەوە داوای لێخۆشبوون دەکات و پەشیمان دەبێتەوە. بەڵام ئایا کەفارەت ی لەسەر پێویستە یان نا؟ دوو ڕای تیایە: یەکەمیان بەڵێ، بەبەڵگەی ئەوەی کە پێشەوا ئەحمەد و (خاوەنی السنن) لە ئیبن عەباسەوە، لەپێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) سەبارەت بەو کەسەی کە لەکاتی حەیزدا بچێتەلای خێزانەکەی پێویستە دینارێك یا نیو دینار ببەخشێت، لەڕیوایەتی ترمزیش دا: ((إذا كان دماً أحمر فدينار، وإن كان دماً أصفر فنصف دينار)) واتە: ئەگەر خوێنی سوری هەبوو ئەوە دینارێکە و ئەگەر خوێنی زەردی هەبوو ئەوە نیودینار. هەروەها لای پێشەوا ئەحمەد هاتووە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) بۆ چونەلای ئافرەتی حەیزدار دینارێکی دیاری کرد بەڵام ئەگەر پاش وەستانی خوێن و پێش خۆشتن بوو ئەوە نیو دیناره.

ڕای دووەمیش: کە ئەمەیان ڕاستترە لە مەزهەبی شافیعی دا و ڕای نوێشیەتی و ڕای زۆرینەی زانایانیشە کە هیچی لەسەر نییە بەڵکو تەنها داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگار دەکات، چونکە لای ئەوان بەرزکردنەوەی ئەم فەرموودەیە بۆ پێغەمبەر (صحیح)نیە، چونکە ئەم فەرموودەیە بە(مرفوع)ی و (موقوف)ی گێڕدراوەتەوە، ئەمەش لای زۆرینەی پێشەوایانی فەرموودە ڕاست ترە. هەربۆیە فەرمایشتی: ﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾ ڕاڤەی فەرمایشتی ﴿فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ﴾ هەروەها نەهی کردوە لەنزیك کردنەوە لێیان بۆ جیماع هەتاوەکو لە حەیزدا مابن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر خوێنی نەما ئەوە دروستە. پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەبارەی گوێڕایەڵیەوە دەڵێت: فەرمایشتی ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ﴾ پاك بوونەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەتوانێت نزیکی بکەوێتەوە هەربۆیە کاتێك کە مەیمونە و عائیشە فەرمویانە یەکێك لە ئێمە کاتێك دەکەوتە حەیزەوە پۆشاکی خوار پشتوێنی لەبەر دەکرد و ئەچوە ژێر پێخەوی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ئەوە مەبەستیان ئەوەبوو کە ویستویەتی جیماع بکات.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەمە هاندان و ڕێنمای کردنە بۆچونە لایان پاش خۆشتن، بەڵام ئیبن حەزم پێی وایە کە جیماع کردن پاش خۆشتن پێویستە بەبەڵگەی فەرمایشتی: ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگە بۆی، چونکە ئەمە فەرمان دانە پاش قەدەغەکردن هەروەها چەند ڕایەکی زانایانی ئوسوڵی لەسەرە، هەندێکیان دەڵێن بۆ (واجب)بوو نەوەك (أمر)ی ڕەها، ئەوانەش پێویستیان بەوەڵامی ئیبن حەزم هەیە، هەندێکیشیان دەڵێن: بۆ دروستی و ڕێگەپێدانە، پێشکەوتنی نەهی لێکردنیشی بەسەر فەرمان پێکردنیدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەبەست (واجب) بون نیە. ئەمەش جێی تێبینی یە. ئەوەش کە بەڵگە پاڵپشتی دەکات ئەوەیە کە حوکمەکە ئەگێڕدرێتەوە بۆ حوکمی فرمانەکە پێش نەهی، جا ئەگەر (واجب)بوو ئەوە (واجب)ە وەك فەرمایشتی ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلْأَشْهُرُ ٱلْحُرُمُ فَٱقْتُلُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ [التوبة:٥]. ئەگەر (مباح)و

دروستیش بوو ئەوە دروست و(مباح)دەبێت، وەك فەرمایشتی ﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟﴾ [المائدة: ٢] ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ [الجمعة:١٠] هەمو بەڵگەکانیش لەسەر ڕایەك کۆدەبنەوە. هەروەها غەزالی و غەیری ئەویش گێڕاویانەتەوە و هەندێ لەپێشەوایانی ئەم دواییانەش هەڵیان بژاردوە و هەر ئەمەش ڕاستە، زانایانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئافرەت کاتێ حەیزی تەواوبوو، ئەوە حەڵاڵ نییە هەتاوەکو خۆی بەئاو نەشوات یاخود تەیەممووم نەکات بەڵام ئەبوحەنیفە -(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) - ئەفەرموێت: ئەگەر حەیزەکەی زۆری خایاند کە دەڕۆژە لای ئەو پاش ئەوە خوێنی لێ بڕا ئەوە بەوەستانی خوێنەکەی حەڵاڵ دەبێت و پێویست بە خۆشتن ناکات. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها ئیبن عەباس ئەفەرموێت ﴿حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾ واتە: هەتاوەکو لە خوێن پاك دەبنەوە ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ﴾ واتە: بەئاو خۆیان پاك کردەوە، هەروەها موجاهید و عیکریمە و حەسەن و موقاتیلی کوڕی حەیان و لەیسی کوڕی سەعد و غەیری ئەویش وتویانە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿مِّنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ ئیبن عەباس و موجاهید و زیاتر لە کەسێك وتویانە: لەو شوێنەوە کە خوا فەرمانی کردوە بچنە لایان کە داوێنە، عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە ﴿فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ ئەڵێت: واتە: لەداوێنەوە بچنە لایان و لانەدەن بۆ شوێنی تر، هەر کەس کاری وابکات ئەوە سنوری بەزاندوە، هەروەها ئیبن عەباس و موجاهید و عیکریمە ئەڵێن: ﴿مِّنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ واتە: لێیان دوور کەونەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر حەرامی جوت بوون لە دواوە لەگەڵ ئافرەتدا، وەك لەباسی حەیزدا ئاماژەی پێ دەکرێت بەپشتیوانی پەروەردگار. هەروەها ئەبو ڕزین و عیکریمە و زەحاك و زیاتر لە کەسێك وتویانە: ﴿فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ﴾ واتە: کاتێ بچنە لایان کە پاك بوبنەوە لە حەیز، هەربۆیە فەرموویەتی ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ﴾ خوای گەورە تەوبەکارانی لەگوناهـ خۆش دەوێت ئەگەر چی دووبارەش ببێتەوە .﴿وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ﴾ واتە: ئەوانەی خۆش دەوێت کە خۆیان لەپیسی بەدور دەگرن، مەبەست لەنزیك کەوتنەوەی ئافرەت

لەحەیز و چونەلای لەشوێنی ترەوە جگە لەوەی کە دیاری کراوە. هەروەها فەرمایشتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ﴾ ئیبن عەباس ئەڵێت: (حرث) شوێنی منداڵ بونە ﴿فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ واتە: هەرچۆنێك دەتانەوێت. ئەڵێ: گوێم لەجابر بوو ووتی: جولەکە ئەیانوت: ئەگەر لەدواوە بچێتە لای ئەوە منداڵەکەیان خێل دەردەچێت، خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ی نارده خوارەوە. هەروەها موسلیم و ئەبوداود لەفەرموودەی سوفیانی سەوریەوە گێڕاویانەتەوە. هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: یونسی کوڕی عەبدولئەعللا لە ئیبن وەهەبەوە، لە مالیکی کوڕی ئەنەس و ئیبن جورەیج و سوفیانی سەوریەوە ئەڵێت: کە موحەمەدی کوڕی مونکەدر بۆی گێڕاوەتەوە لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە کە جولەکەکان بە موسڵمانەکانیان دەوت: هەر کەس لەدواوە بچێتە لای ئافرەتێك ئەوە منداڵەکەی خێل دەردەچێت، خوای گەورەش ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ ئیبن جوەج لە فەرموودەیەکدا ئەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((مقبلة مدبرة اذاكان ذلك في الفرج)) واتە: لە پێشەوە و لەدواوە ئاساییە بەمەرجێك لە داوێنەوە بێت. هەروەها لە فەرموودەی بەهزی کوڕی حەکیمی کوڕی موعاویەی کوڕی حیدەی قەشیری دا لە باوکیەوە لە باپیریەوە هاتووە کە وتویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن بچینە لای خێزانەکانمان و چۆن نەچین؟ فەرمووی: ((حرثك انت حرثك أنى شئت، غير أن لاتضرب الوجه، ولا تقبح ولا تهجر الّا في البيت)) فەرموودەکە (ئەحمەد و أهل السنن) گێڕاویانەتەوە. واتە: زەوی کێڵراوی خۆتە، هەرکات دەتەوێت بچۆرە لای، بەڵام نەدەیت لە دەموچاوی و قسەی ناشیرینی پێ نەڵێیت و لەماڵدا نەبێت لێی نەتۆرێیت.

هەروەها فەرموودەیەکی تر - ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: یونس لە ئیبن وەهەبەوە لە ئیبن لوهەیعەوە، لە یەزیدی کوڕی ئەبی حەبیبەوە، لە عامری کوڕی یەحیاوە، لە حنشی کوڕی عەبدوڵڵاوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە، ئەفەرموێت: کەسانێك لەهۆزی (حمیر) هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) پرسیاریان لەچەند شتێك لێ کرد پیاوێك پێی وت:

من زۆر ئەچمە لای ئافرەت، چی دەڵێی لەبارەیەوە؟ خوای گەورەش ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ی ناردە خوارەوە، هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە یەحیای کوڕی غیلانەوە، لە ڕەشدینەوە، لە حەسەنی کوڕی سەوبانەوە، لە عامری کوڕی یەحیای موعافەریەوە، لە حنشەوە، لە ئیبن عەباسەوە، فەرمووی: ئەم ئایەتە: ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ﴾ سەبارەت بە چەند کەسێك لە ئەنسار دابەزی کە هاتنە لای پێغەمبەر (درووەی خوای لێ بێت) و پرسیاریان لێکرد، پێغەمبەریش (درووەی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ائتها على كل حال إذا كان في الفرج)) واتە: بەهەموو شێوەیەك بڕۆرە لای بەمەرجێك لەداوێنەوە بێت.

فەرموودەیەکی تریش لە ئەبو جەعفەری تەحاویەوە هاتووە لەکتێبی (مشكل الحديث)دا: ئەحمەدی کوڕی داودی کوڕی موسا، لە یەعقوبی کوڕی کاسبەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی نافیعەوە لە هیشامی کوڕی سەعدەوە، لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، لە عەتای کوڕی یەسارەوە، لە ئەبی سەعیدی خدریەوە، کە پیاوێك لە دواوە چوبوە لای ئافرەتێك، خەڵکیش لۆمەیان کرد لەسەر ئەو کارەی، خوای گەورەش ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ﴾ ئایەتەکەی ناردە خوارەوە. هەروەها ئیبن جەریر لە یونسەوە، لە یەعقوبەوە، و حافز ئەبویەعلای موسڵیش لە حارسی کوڕی شورەیجەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی نافیعەوە گێڕاویانەتەوە.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا: پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەفان لە وەهەبەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عوسمانی کوڕی خەیسەمەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی سابتەوە، ئەڵێت: چومە لای حەفسەی کچی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر ووتم: من دەمەوێ پرسیارتان لێ بکەم سەبارەت بەشتێك بەڵام شەرم دەکەم ئەو پرسیارەت لێ بکەم. ووتی: شەرم مەکە برازا، وتی: سەبارەت بە چونەلای ئافرەت لە دواوە؟ ووتی: ئوم سەلەمە بۆی باسکردم کە(ئەنسار) لەدواوە دەچونە لای هاوسەرەکانیان، جولەکەش ئەیانوت: هەر کەس لە دواوە بچێتە لای هاوسەرەکەی ئەوە منداڵەکەی خێل دەر دەچێت. کاتێ کۆچکەران هاتنە مەدینە، ئافرەتی خەڵکی مەدینەیان مارە کرد و ویستیان

لەدواوە بچنە لایان، بەڵام ژنێك ڕازی نەبوو بەگوێی پیاوەکەی بکات و ووتی: ناهێڵم ئەو کارە بکەیت، هەتاوەکو نەچم بۆلای پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ، پاشان هاتە لای ئوم سەلەمە و مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش ووتی: دانیشە هەتاوەکو پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) دێت، کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) هات، ئافرەتە ئەنساریەکە شەرمی کرد پرسیار بکات، بۆیە چوە دەرەوە و ئوم سەلەمە پرسیاری کرد، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ئەو ژنە ئەنساریە بانگ بکە. ئەویش بانگی کرد و پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ ((صماماً واحداً)) واتە: لەیەك شوێن و دەروازەوە. هەروەها ترمزی لە بندارەوە، لە ئیبن مەهدیەوە، لە سوفیانەوە، لە ئەبی خەیسمەوە گێڕاویەتیەوە و وتویەتی فەرموودەیەکی (حسن) و باشە.

(ئەڵێم) هەروەها لە ڕێگەی حەمادی کوڕی ئەبی حەنیفەوە لەباوکیەوە، لە ئیبن خەیسەمەوە، لە یوسفی کوڕی ماهکەوە، لە حەفسەی دایکی باوەڕدارانەوە کە ئافرەتێك هات بۆلای و ووتی: پیاوەکەم لە پێشەوە و دواوە دێتەلام منیش پێم خۆش نییە، کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ئەمەی بیست فەرمووی: ((لابأس إذا كان في صمام واحد)). واتە: ئاساییە ئەگەر لە یەك ڕێڕەو و شوێنەوە بێت.

-فەرموودەیەکی تر- پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: حەسەن لە یەعقوبی قوممیەوە، لە جەعفەرەوە، لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا تیاچوم، فەرمووی چی ڕوی داوە؟ ووتی: دوێنێ ئاڕاستەم گۆڕی، مەبەستی ئەوەیە لەدواوە چوەتەلای خێزانەکەی، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) وەڵامی نەدایەوە، ئەڵێ: ئەوەبوو خوای گەورە ئەم ئایەتەی بۆ نارده خوارەوە ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ ((أقبل وأدبر واتق الدبر والحيضة)) واتە: لەپێش و دواوە بڕۆرە لای بەڵام خۆت لە کۆم و حەیز بپارێزە. ترمزی لە عەبدولحەمیدەوە،

لە حەسەنی کوڕی موسای کوڕی ئەشیەبەوە گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: فەرموودەیەکی (حسن و غریب)ە.

حافز ئەبویەعلا ئەڵێت: حارسی کوڕی شورەیح لە عەبدوڵڵای کوڕی نافیعەوە، لە هیشامی کوڕی سەعدەوە، لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، لە عەتای کوڕی یەسارەوە، لە ئەبی سەعیدەوە، ئەڵێت: پیاوێك لەسەردەمی پێغەمبەری دا (دروودی خوای لێ بێت) لەدواوە چوە لای هاوسەرەکەی، خەڵکیش وتیان: فلانەکەس لەدواوە چوەتەلای هاوسەرەکەی خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾.

ئەبوداود ئەڵێت: عەبدولعەزیزی کوڕی یەحیای ئەبوئەسبەغ بۆی باس کردین و وتی: موحەمەد مەبەستی کوڕی سەلەمەیە، لە موحەمەدی کوڕی ئیسحاقیەوە، لە ئەبانی کوڕی سالحەوە، لە موجاهیدەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەڵێت: ئیبن عومەر -خوای لێ خۆشبێت- لێی گۆڕابوو، چونکە ئەو گەڕەکە لە ئەنسار بوون، کەلەو کاتەدا بێ باوەڕبوون، لەگەڵ ئەو گەڕەکەدا لەجولەکە کە خاوەن کتێب (أهل کتاب) بوون، کە ئەوانیان لەخۆیان بەباشتر دەزانی، هەربۆیە پەیڕەویان لەزۆرێك لە کردەوەکانیان دەکرد، جولەکە خاوەن کتێبەکانیش بە پۆشتەی و داپۆشراوی دەچونە لای ئافرەت، ئەنساریش لەم کارەدا پەیڕەویان لێ دەکردن، بەڵام قورەیشیەکان بەشێوەیەکی نەشیاو دەچونە لای ئافرەت و لەپێش و لەدواوە بەپاڵکەوتنەوە دەچونە لای ئافرەت، کاتێ کۆچکەرەکان هاتنە مەدینە، یەکێکیان ئافرەتێکی ئەنساری مارە کرد و ویستی بەوشێوە بچێتەلای و ئەویش ڕێی پێ نەدا و وتی: ئێمە بە پۆشتەی ئەوکارە دەکەین، تۆش بەو شێوەیە بیکە، ئەگینا لێم دور کەوەرەوە، ئەوەبوو باسەکەیان گەیشتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ، خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ واتە: لەپێشەوە و لەدواوە و بەپاڵەوە، ئەم فەرموودەیەش تەنها لای ئەبوداود هاتوە، فەرموودەکانی پێشوش شایەتی ڕاست و (صحیح)ی بۆ دەدەن. بەتایبەت ڕیوایەتی ئوم سەلەمە کە هاوشێوەی ئەم فەرموودەیە.

حافز ئەبولقاسمی تەبەرانیش ئەم فەرموودەی لە موحەمەدی کوڕی

ئیسحاقەوە، لە ئەبانی کوڕی سالْحەوە، لە موجاهیدەوە گێڕاوەتەوە و ئەڵێت: قورئانم خوێندەوە بۆ ئیبن عەباس لە فاتیحەوە بۆ کۆتایی و لەسەر ئایەت بە ئایەتی دەوەستام و پرسیارم لێ دەکرد هەتاوەکو گەیشتمە ئایەتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ ئیبن عەباس فەرمووی: ئەم گەڕەکەی قورەیش لەمەککەدا بەهەمو شێوەیەك دەچونەلای ئافرەت چێژیان لێ دەبردن، پاشان چیرۆکەکەی بەتەواوی گێڕایەوە، کاتێ ئیبن عەباس دەڵێ: ئیبن عومەر خوالێی خۆشبێت تێکەڵی دەکرد، ئەوە ئاماژە بەوەدەکات کە بوخاری دەیگێڕێتەوە: ئیسحاق لە نەزری کوڕی شەمیلەوە، لە عەونی کوڕی نافیعەوە، ئەڵێت: ئیبن عومەر کاتێ قورئانی دەخوێندەوە قسەی نەدەکرد هەتاوەکو لێ دەبویەوە، ئەوەبوو ڕۆژێکیان سورەتی (بقرة)ی خوێند هەتاوەکو گەشتە شوێنێك و فەرمووی: ئەزانی لەبارەی چیەوە دابەزیوە؟ وتم: نەخێر، ووتی: ئەوە و ئەوەوە دابەزی و پاشان ڕۆشت، هەروەها لە عەبدولسەمەدەوە ئەڵێت: باوکم بۆی باسکردم و ووتی: ئەیوبی کوڕی نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە ﴿فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ ووتی: ئەوە کە لە دواوە بچێتە لای هاوسەرەکەی. بوخاری گێڕاویەتیەوە و تەنها ئەو لەم ڕێگەوە هێناویەتی.

ئیبن جەریر لە یەعقوبەوە، لە ئیبن عولەیەوە، لە ئیبن عەونەوە، لە نافیعەوە، ئەڵێت: ڕۆژێکیان ئایەتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ ئیبن عومەر ووتی: ئەزانی لەبارەی چیەوە دابەزی؟ وتم: نەخێر. ووتی: سەبارەت بەچونەلای ئافرەت لە دواوە. هەروەها ئەبوقەلابە بۆی باسکردین لە عەبدولسەمەدی کوڕی عەبدولواریسەوە، لە باوکیەوە، لە ئەیوبەوە، لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە، ﴿فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ ووتی: لەدواوە، هەروەها لەفەرموودەی مالیك لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە گێڕدراوەتەوە کە(صحیح)نیە.

هەروەها نەسائی لە موحەمەدی کوڕی عەبدولـلای کوڕی عەبدولحەکیمەوە، لە ئەبی بەکری کوڕی ئەبی ئەویسەوە، لە سولەیمانی کوڕی بیلالەوە، لە زەیدی کوڕ ئەسلەمەوە، لە ئیبن عومەرەوە، کە پیاوێك لە دواوە چوەلای هاوسەرەکەی و ئەمەش زۆر بێتاقەتی کرد، خوای گەورەش

﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ی دابەزاند. ئەبو حاتەمی ڕازی دەڵێت: ئەگەر ئەمە لە زەیدی کوڕی ئەسلەم لە ئیبن عومەرەوە بوایە، ئەوە خەڵکی ئەوەندە هۆگری نافیع نەدەبوون. ئەمەش بەلاواز لەقەڵەم دانی ئەم فەرموودەیە، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی نافیع لە داودی کوڕی قەیسەوە، لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، لە عەتای کوڕی یەسارەوە، لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویەتیەوە.

ئەم فەرموودەیەش هەمان واتای ئەوەی پێشوی هەیە کە ئەو لەدواوە خەریکی پێشەوەی بووە، بەبەڵگەی ئەوەی کە نەسائی لە عەلی کوڕی عوسمانی نەفیلی لە سەعیدی کوڕی عیساوە، لە فەزلی کوڕی فوزالەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی سولەیمان تەویلەوە، لە کەعبی کوڕی عەلقەمەوە، لە ئەبی نەزرەوە، کە بۆی گێڕاوەتەوە کە بە نافیعی خزمەتگوزاری ئیبن عومەری وتوە: خەڵکی شتی زۆرت لەبارەوە دەڵێن، کە گوایا تۆ لە ئیبن عومەرەوە گێڕاوتەتەوە کە فتوای داوە لە دواوە بچنەلای ئافرەت. ووتی: درۆیان بەدەمەوە کردوم، من بۆت باس دەکەم کە چۆن بوە. ڕۆژێکیان ئیبن عومەر قورئانی دەور دەکردەوە و منیش لای بووم، هەتاوەکو گەیشتە فەرمایشتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ ووتی: ئەی نافیع ئەزانی ئەم ئایەتە لەچی دەدوێ؟ وتم: نەخێر. ووتی: ئێمەی قورەیش بەهەموو شێوەیەك دەچوینە لای ئافرەت، کاتێ هاتین بۆ مەدینە و ژنانی ئەنسارمان مارە دەکرد وستمان هەمان کاریان لەگەڵدا بکەین، بەڵام ئەوان ئەوەیان بەلاوە پەسەند نەبوو، چونکە ژنانی ئەنسار لاسایی ژنانی جولەکەیان دەکردەوە و بەپاڵەوە ئەوکارەیان دەکرد، ئەوەبوو خوای گەورە فەرمایشتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ی نارده خوارەوە.

ئەمەش سەنەدێکی (صحیح)ە و ئیبن مەردەویە لە تەبەرانیەوە، لە حسەینی کوڕی ئیسحاقەوە، لە زەکەریای کوڕی یەحیای کاتیبەوە، لە موفەزەلی کوڕی فوزالەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عەیاشەوە، لە کەعبی کوڕی عەلقەمەوە، گێڕاویەتیەوە. پێشتریش پێچەوانەی ئەمەیان لە ئیبن عومەرەوە گێڕایەوە، کە دروست و ڕەوانیە وەك دواتر دێینە سەری، هەرچەندە ئەم

قسەیە دراوەتەپاڵ کۆمەڵێك لە زانایانی مەدینە و هەندێکیش داویانەتە پاڵ پێشەوا مالیك لە(کتاب السر)دا، بەڵام زۆرینە نکۆڵی ئەوە دەکەن کە پێشەوا مالیك شتی وای فەرموبێت، فەرموودەی زۆریش لەڕێگای جۆراو جۆرەوە هاتووە و نەهی دەکات لە ئەنجامدانی ئەوکارە و حەسەنی کوڕی عەرەفە ئەڵێت: ئیسماعیلی کوڕی عەیاش لە سوهەیلی کوڕی ئەبی سالحەوە، لە موحەمەدی کوڕی مونکەدرەوە، لە جابرەوە، ئەڵێت، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((استحيوا إنّ الله لا يستحي من الحق، لا يحل أن تأتوا النساء في حشوشهن)). واتە: شەرم بکەن خوای گەورە شەرم لە حەق ناکات، دروست نییە لە دواوە بچنە لای هاوسەرەکانتان. پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموویت: عەبدولڕەحمان لە سوفیانەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی شەدادەوە، لە خەزیمەی کوڕی سابتەوە کە پێغەمبەری خوا نەهی کردوە لەوەی پیاو لەدواوە بچێتەلای هاوسەرەکەی.

لەڕێگەیەکی تریشەوە هاتووە پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: یەعقوب لە باوکیەوە، لەریەزیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئوسامەی کوڕی هادەوە، لە عوبەیدوڵڵای کوڕی حوصەینی والبیەوە، لە هەرمی کوڕی عەبدوڵڵای واقیفیەوە، لە خەزیمەی کوڕی سابتی خەتمیەوە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((استحوا إن الله لا يستحي من الحق لا تأتوا النساء في اعجازهن)) نەسائی و ئیبن ماجە لە خەزیمەی کوڕی سابتەوە گێڕاویانەتەوە و سەنەدەکەشی جیاوازی زۆری لەسەرە.

لەفەرموودەیەکی تریش دا ئەبوعیسای ترمزی و نەسائی ئەڵێت: ئەبوسەعیدی ئەشج لە ئەبوخالید ئەحمەرەوە، لە زەحاکی کوڕی عوسمانەوە، لە مەخرەمەی کوڕی سولەیمانەوە، لە کەریبەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ووتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا ينظر الله الى رجلٍ أتى رجلاً أو امرأة في الدبر)) پاشان ترمزی ووتی: ئەمە فەرموودەیەکی (حسن و غریب)ە.

واتە: خوای گەورە سەیری پیاوێك ناکات کە لەدواوە بچێتەلای پیاو یان ئافرەت.

بەهەمان شێوەش ئیبن حەبان لە(صحیح)ەکەیدا تەخریجی کردوە و ئیبن حەزمیش بە(صحیح)ی داناوە، بەڵام نەسائی لە هنادەوە، لە وەکیعەوە، لە زەحاکەوە بە(موقوف)ی گێڕاویەتیەوە. عەبدیش ئەڵێت: عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە، لە ئیبن تاوسەوە، لەباوکیەوە، کە پیاوێك پرسیاری کرد لە ئیبن عەباس لەبارەی چونەلای ئافرەت لەدواوە، ئەویش ووتی: پرسیارم لەبارەی بێ باوەڕیەوە لێ دەکەیت؟ سەنەدەکەشی (صحیح)ە. بەهەمان شێوەش نەسائی لە ئیبن موبارەکەوە، لە موعەمەرەوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها عەبد لەتەفسیرەکەیدا ئەڵێت: ئیبراهیمی کوڕی حاکم لەباوکیەوە، لە عیکریمەوە، ئەڵێت: پیاوێك هاتە لای ئیبن عەباس و ووتی: من لە دواوە دەچومە لای هاوسەرەکەم و فەرمایشتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾م بیست وامزانی ئەوەم بۆ حەڵاڵە، ئەویش ووتی: ئەی ناپاك ﴿فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ واتە: بەپێوە و بەدانیشتان و لەپێش و پاشەوە بۆ پێشەوە لەوە تێپەڕ نەکەن.

لەفەرموودەیەکی تریش دا پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەبدولسەمەد لە قەتادەوە لە عەمری کوڕی شەعیبەوە، لەباوکیەوە، لەباپیریەوە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((الذي يأتي امرأته في دبرها هي اللوطية الصغرى)) واتە: ئەوەی لەدواوە ئەچێتە لای هاوسەرەکەی ئەوە لۆتی (نێرباز)ی بچوکە.

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەد ئەڵێت: هودبە لە هومامەوە بۆی گێڕامەوە و ووتی: پرسیاریان لە قەتادە کرد سەبارەت بەو کەسەی کە لە دواوە دەچێتە لای هاوسەرەکەی، قەتادەش ووتی: عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە بۆی گێڕاینەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((هي اللوطية الصغرى)). واتە: ئەوە لۆتی و نێربازی بچوکە. قەتادە ئەڵێت: عوقبەی کوڕی سەعیدی قەتان لە سەعیدی کوڕی ئەبو عرویبەوە، لە قەتادەوە لە ئەیوبەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاسەوە هەمان فەرموودەیان گێڕاوەتەوە و ئەم سەنەدەش (صحیح)ترە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت. هەروەها عەبدی کوڕی حەمید لە یەزیدی کوڕی هارونەوە، لە حەمیدی ئەعرەجەوە، لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە،

لەباوکیەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە بە(مرفوع)ی گێڕاویەتیەوە.

هەروەها جەعفەری فریابی ئەڵێت: ئیبن لوهەیعە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی زیادی کوڕی ئەنعەمەوە، لە ئەبی عەبدولڕەحمانی حەبەلیەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((سبعة لاينظر الله إليهم يوم القيامة، ولايزكيهم، ويقول ادخلوا النار مع الداخلين: الفاعل والمفعول به، والناكح يده، وناكح البهيمة، وناكح المرأة في دبرها، وجامع بين المرأة وابنتها، والزانى بحليلة جاره، ومؤذي جاره حتى يلعنه)) (ئیبن لوهەیعە)و مامۆستاکەی تیایدا لاوازن.

واتە: حەوت کەس هەن کە خوای گەورە لە قیامەت دا بۆیان ناڕوانێت و لێیان نابورێت و ئەفەرموێت بچنە دۆزەخەوە: ئەوەی کە نێربازی دەکات و ئەوەش کە پێی دەکرێت، ئەو کەسەش کە(استمناء)و دەسپەڕ بکات و کەسێکیش کە بچێتەلای ئاژەڵ و کەسێکیش کە لە دواوە بچێتەلای هاوسەرەکەی و کەسێکیش کە هاوسەر و کچەکەی پێکەوە مارە بکات و کەسێکیش کە زینای لەگەڵ ژنی دراوسێکەیدا بکات و کەسێکیش کە هێندە ئازاری دراوسێکەی بدات هەتاوەکو توك و نەفرەتی لێ بکات.

لەفەرموودەیەکی تریشدا پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: عەبدولڕەزاق لە سوفیانی کوڕی عاسمەوە، لە عیسای کوڕی حەتانەوە، لە موسلیمی کوڕی سەلامەوە، لە عەلی کوڕی تەلەقەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) نەهی کرد لەوەی کە لەدواوە بچنەلای هاوسەرەکانتان، چونکە خوای گەورە شەرم لەحەق ناکات.

هەروەها ئەحمەد لە ئەبی موعاویەوە و ئەبی عیسای ترمزیش لەهەمان کەسەوە لە عاسمی ئەحولەوە تەخریجیان کردوە و زیادەیەکیشی تیادا هاتووە و وتوشیەتی: فەرموودەیەکی (حسن)ە. هەندێ کەسیش ئەم فەرموودەی لە(مسند)ی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دا هێناوە، هەروەها لە(مسند)ی پێشەوا ئەحمەدیش دا، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە ئەوە عەلی کوڕی تەلقە.

لەفەرموودەیەکی تریشدا پێشەوا ئەحمەد: عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە،

لە سوهەیلی کوڕی ئەبی سالْحەوە، لە حارسی کوڕی موخەلەدەوە، لە ئەبی هورەیرەوە، لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إن الذي يأتي إمرأته في دبرها لاينظر الله اليه)). هەروەها ئەحمەد ئەڵێت: عەفان لە وەهەبەوە، لە سوهەیلەوە، لە حارسی کوڕی موخەلەد لە ئەبی هورەیرەوە بەرزی دەکاتەوە و ئەڵێت: ((لا ينظر الله إلى رجل جامع إمرأته في دبرها)) ئەم فەرموودەیەش بەم شێوەیە نییە لە(سنن النسائي)دا، بەڵکو لەوێدا لە سوهویلەوە، لە حارسی کوڕی موخەلەدەوە هاتووە وەك باسکرا.

مامۆستا و شێخمان حافظ ئەبوعەبدوڵڵای زەهەبی ئەڵێت: ڕیوایەتی ئەحمەدی کوڕی قاسمی کوڕی ڕەیان بۆ ئەم فەرموودەیە بەم سەنەدە، کە خۆشیانی تیادایە، بەڵام بەلاوازیان داناوە.

ڕێگەیەکی تر ـ کە موسلیمی کوڕی خالیدی زەنجی لە عەلائی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە، لەباوکیەوە، لە ئەبی هورەیرەوە، لەپێغەمبەرەوە ئەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((ملعون من أتى النساء في أدبارهن)) موسلیمی کوڕی خالیدیش تیایدا قسەی لەسەرە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

واتە: نەفرەت لەو کەسە کراوە کەلە دواوە بچێتەلای ئافرەت.

ڕێگایەکی تر - پێشەوا ئەحمەد و خاوەنی (السنن)لەفەرموودەی حەمادی کوڕی سەلەمەوە لە حەکیمی ئەسرەمەوە، لە ئەبی تەمیمەی هەجیمیەوە، لە ئەبو هورەیرەوە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من أتى حائضاً أو امرأة في دبرها أو كاهناً فصدّقه، فقد كفر بما أنزل على محمد)) ترمزی ئەڵێت: بوخاری ئەم فەرموودەیەی بەلاواز داناوە. بوخاریش لەبارەی فەرموودەی ترمزیەوە وتویەتی: پەیڕەو لەقسەی ناکرێت.

ڕێگەیەکی تر - نەسائی ئەڵێت: عوسمانی کوڕی عەبدوڵڵا لە سولەیمانی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە لەکتێبەکەیدا لە عەبدولمەلیکی کوڕی موحەمەدی سەنعانیەوە، لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیزەوە، لە زوهریەوە، لە ئەبی سەلەمەوە (ڕەزای خوای لێ بێت)، لە ئەبو هورەیرەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((استحيوا من الله حق الحياء لاتأتوا النساء في

أدبارهن)) لەم ڕێگەوە تەنها نەسائی گێڕاویەتیەوە. حەمزەی کوڕی موحەمەدی کینانی حافظ ئەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی بەتاڵ و ڕەتکراوەیە لە فەرموودەی زوهری یاخود فەرموودەی ئەبی سەلەمە و لەفەرموودەی سەعیدەوە، چونکە ئەگەر عەبدولمەلیك لە سەعیدەوە بیستبێتی، ئەوە پاش ئەم جیاوازیە بیستویەتی. هەروەها ترمزی لە ئەبی سەلەمە گێڕاویەتیەوە کە نەهی کردوە لەو کارە. بەڵام لە ئەبو هورەیرەوە لەپێغەمبەرەوە نەهاتووە. قسەکەی تەواو بوو. ئەم ڕەخنەیەش باش و پەسەندە، بەڵام عەبدولمەلیکی کوڕی محەمەدی سەنعانی نازانێ کەلێی تێك چوە، کەسیش ئەمەی باس نەکردوە جگە لە حەمزەی کینانی کە ئەویش متمانە پێکراوە، بەڵام دەهیم و ئەبوحاتەم و ئیبن حەبان قسەیان تیادا کردوە و وتویانە: بەبەڵگە دانانرێت. خوای گەورەش باشتر دەزانێت. زەیدی کوڕی یەحیای کوڕی عوبەیدیش، لە سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز هێناویەتی و لەدوو ڕێگای تریشەوە لە ئەبو سەلەمەوە گێڕدراوەتەوە کە هیچکامیان (صحیح)نین.

واتای فەرموودەکە: شەرمی شایستە لە خودا بکەن، لەدواوە مەچنە لای هاوسەرەکانتان.

ڕێگایەکی تر- نەسائی ئەڵێت: ئیسحاقی کوڕی مەنسور لە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدیەوە، لە سوفیانی سەوریەوە، لە لەیسی کوڕی ئەبی سەلیمەوە، لە موجاهیدەوە، لە ئەبی هورەیرەوە فەرمووی: چونەلای ئافرەتان لەدواوە کوفرە. پاشان نەسائی لەڕێگەی سەوریەوە، لە موجاهیدەوە، لە ئەبی هورەیرەوە بە(مرفوع)ی گێڕاویەتیەوە، هەروەها لەڕێگەی عەلی کوڕی نەدیمەوە، لە موجاهیدەوە لە ئەبی هورەیرەوە بە(مرفوع)ی گێڕاویەتیەوە، هەروەها بەکری کوڕی خونەیس لە لەیسەوە، لە موجاهیدەوە، لە ئەبی هورەیرەوە، لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من أتى شيئاً من الرجل والنساء في الأدبار فقد كفر)) واتە: هەر کەس لەدواوە بچێتەلای پیاوێك یان ئافرەتێك ئەوە بێ باوەڕبوە. (موقوف)ەکە (صحیح)ترە، بەکری کوڕی خونیس زیاتر لەئیمامێك بەلاوازی داناوە و هەندێکیش فەرموودەیان ڕەت کردوەتەوە.

فەرموودەیەکی تر- موحەمەدی کوڕی ئەبانی بەڵخی ئەڵێت: وەکیع لە زەمعەی کوڕی سالْحەوە، لە ئیبن تاوسەوە، لەباوکیەوە، لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە عوبەیدوڵڵای کوڕی یەزیدی کوڕی هادەوە، ئەڵێن: عومەری کوڕی خەتتاب فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إن الله لا يستحي من الحق، لا تأتوا النساء في أدبارهن)) هەروەها نەسائیش گێڕاویەتیەوە، سەعیدی کوڕی یەعقوبی تالەقانی لە عوسمانی کوڕی یەمانەوە لە زەمعەی کوڕی سالْحەوە، لە ئیبن تاوسەوە، لەباوکیەوە، لە ئیبن هادەوە، لە عومەرەوە فەرمووی: لەدواوە مەچنەلای ئافرەتان. هەروەها ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم لە یەزیدی کوڕی ئەبی حەکیمەوە، لە زەمعەی کوڕی سالْحەوە، لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە تاوسەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی هادی لەیسیەوە ئەڵێت: (عمر) (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: شەرمی شایستە لەخوا بکەن، خوای گەورە شەرم لەحەق ناکات، لەدواوە مەچنەلای ئافرەت. فەرموودە (موقوف)ەکە (صحیح)ترە.

فەرموودەیەکی تر- پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: غوندور و موعازی کوڕی مەعاز بۆیان باس کردین و وتیان: شوعبەی کوڕی عاسمی ئەحول لە عیسای کوڕی حەتانەوە، لە موسلیمی کوڕی سەلامەوە، لە تەلەقی کوڕی یەزید یاخود یەزیدی کوڕی تەلەقەوە، لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی ((إن الله لا يستحي من الحق، لا تأتوا النساء في أستاههن)) هەروەها زیاتر لە کەسێك لە شوعبەوە گێڕاویانەتەوە، هەروەها عەبدولڕەزاقی کوڕی موعەمەر لە عاسمی سەولەوە، لە عیسای کوڕی حەتانەوە، لە موسلیمی کوڕی سەلامەوە، لە تەلەقی کوڕی عەلیەوە پێدەچێت عەلی کوڕی تەلەق بێت وەك پێشتر باسکرا، پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

فەرموودەیەکی تر- ئەبوبەکر ئەسرەم لە(سنن)ەکەیدا ئەڵێت: ئەبوموسلیمی حەرمی لەبرای ئەنیسی کوڕی ئیبراهیمەوە، لە ئیبراهیمی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی قەعقاعی باوکی بۆی باسکردوە کە ئیبن مەسعود لە پێغەمبەرەوە گێڕاویەتیەوە کە فەرموویەتی: ((محاش النساء حرام)) واتە: دواوەی ئافرەت حەرامە، هەروەها ئیسماعیلی کوڕی عولەیە و سوفیانی

سەوری و شوعبە و غەیری ئەویش لە ئەبی عەبدوڵڵای قەشریەوە کەناوی سەلەمەی کوڕی تەمامە متمانە پێکراوە، لە ئەبی قەعقاعەوە، لە ئیبن مەسعودەوە بە(موقوف)ی کە(صحیح)ترە.

ڕیگەیەکی تر- ئیبن عەدی ئەڵێت: ئەبو عوبەیدوڵڵای مەحاملی بۆی باسکردین، لە سەعیدی کوڕی یەحیای کوڕی سەوریەوە، لە موحەمەدی کوڕی حەمزەوە، لە زەیدی کوڕی ڕەفیعەوە، لە ئەبی عوبەیدەوە، لە عەبدوڵڵاوە، ئەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا تأتوا النساء في أعجازهن)) موحەمەدی کوڕی حەمزەی جەزری و مامۆستاکەی قسەیان لەسەرە، هەروەها لەفەرموودەی ئوبەی کوڕی کەعب و بەڕائی کوڕی عازب و عەقەبەی کوڕی عامر و ئەبی زەڕ و غەیری ئەوانیشەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵام هەمویان قسەیان لەسەرە بەجۆرێك کەفەرموودەکە بە(صحیح) دانانرێت و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها سەوری ئەڵێت: لە سەلتی کوڕی بەهرامەوە، لە ئەبی موعەتمەرەوە، لە ئەبی جویریەوە، ئەڵێ: پیاوێك پرسیاری کرد لەپێشەوا عەلی سەبارەت بەچونەلای ئافرەت لەدواوە، ئەویش فەرمووی: کارێکی نزمت کرد، خوا نزمت بکاتەوە، ئایا گوێت لەفەرمایشتی پەروەردگار نەبوە ﴿أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ [الأعراف: ٨٠].

پێشتریش ئاماژەمان بەوتەی ئیبن مەسعود و ئەبی دەردا و ئەبی هورەیرە و ئیبن عەباس و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کرد خوایان لێ ڕازی بێت کە بەحەرامیان داناوە.

هەروەها ئەبو موحەمەد عەبدولڕەحمانی کوڕی عەبدوڵڵای دارمی لە(مسند)ەکەیدا ئەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی سالح، لە لەیسەوە، لە حارسی کوڕی یەعقوبەوە، لە سەعیدی کوڕی یەساری ئەبی حەبانەوە ئەڵێت: بە ئیبن عومەرم ووت: چی دەڵێی دەربارەی کە نیزەك کە لەدواوە بچنەلایان. ووتی: ئایا هیچ موسڵمانێك کاری وادەکات؟ هەروەها ئیبن وەهەب و قوتیبە لە لەیسەوە گێڕاویەتیەوە. ئەمەش سەنەدێکی (صحیح)و دەقێکی ڕاشکاوە سەبارەت بەحەرامبونی ئەوکارە.

جاهەرچی لەوەوە هاتووە و ئەگەرێك هەلدەگرێت، ئەوە بەم دەقە بەهێز و (محكمە)ە ڕەت دەكرێتەوە.

ئیبن جەریر ئەڵێت: عەبدولڕەحمانی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی عەبدولحەكیم لە ئەبوزەیدی ئەحمەدی كوڕی عەبدولڕەحمانی كوڕی ئەحمەدی كوڕی ئەبی غەمرەوە، لە عەبدولڕەحمانی كوڕی قاسمەوە، لە مالیكی كوڕی ئەنەسەوە، كە پێی وتراوە: ئەی باوكی عەبدوڵڵا: خەڵكی لە سالمی كوڕی عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە، كە وتویەتی: ئەو بەندە و(علج) درۆی كردوە بەدەممەوە. مالیكیش ووتی: شایەتی دەدەم كە یەزیدی كوڕی ڕومان ئاگاداری كردمەوە كە سالمی كوڕی عەبدوڵڵا لە ئیبن عومەرەوە هەمان شتی نافیعی بۆ باسكردم. وتیان: بەڵام حارسی كوڕی یەعقوب لە ئەبی حەبان سەعیدی كوڕی یەسارەوە ئەگێڕێتەوە كە پرسیاری كردوە لە ئیبن عومەر و ئەویش پێی وتوە: ئەی باوكی عەبدولڕەحمان ئێمە كەنیزەك دەكڕین ئایا لەدواوە بچینە لایان، ئیبن عومەریش فەرمووی: ئۆف ئۆف! ئایا باوەڕدار یان موسڵمان كاری وا دەكات؟ مالیكیش ووتی: شایەتی دەدەم كە ڕەبیعە لە ئەبی حەبانەوە، لە ئیبن عومەرەوە هاوشێوەی ئەو قسەیەی نافیعی بۆ گێڕامەوە.

هەروەها نەسائی لە ڕەبیعی كوڕی سولەیمانەوە، لە ئەسبەغی كوڕی فەرەجی فەقیەوە، لە عەبدولڕەحمانی كوڕی قاسمەوە، ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: بە مالیكم ووت: لەلای ئێمە لە میسردا لەیسی كوڕی سەعد لە حارسی كوڕی یەعقوبەوە، لە سەعیدی كوڕی یەسارەوە، ئەڵێت: بە ئیبن عومەرم وت: ئێمە كەنیزەك دەكڕین، ئایا لەدواوە بچینە لایان؟ ووتی: ئۆف ئۆف ئایا موسڵمان كاری وادەكات. هەروەها مالیك پێی وتم: شایەتی ئەدەم كە سەعیدی كوڕی یەسار پرسیاری كرد لە ئیبن عومەر و ئەویش ووتی: هیچی تیادا نییە (ئاسایە). هەروەها نەسائی لە ڕێگەی یەزیدی كوڕی ڕومانەوە، لە عەبدوڵڵای كوڕی عەبدوڵڵاوە ئەگێڕێتەوە: كە ئیبن عومەر بەلایەوە ئاسایی بوو كەپیاو لەدواوە بچێتەلای هاوسەرەكەی. هەروەها موعەمەری كوڕی عیسا لە مالیكەوە دەگێڕێتەوە كە ئەوكارە حەرامە.

هەروەها ئەبو بەكری كوڕی زیادی نیسابوری ئەڵێت: ئیسماعیلی كوڕی

حسەین لە ئیسرائیلی کوڕی ڕەوحەوە، ئەگێڕێتەوە کەوتویەتی: پرسیارم کرد لە مالیکی کوڕی ئەنەس: چی دەڵێی لەبارەی چونەلای ئافرەتان لەدواوە؟ ووتی: ئێوە هۆزێکی عەرەبن، ئایا کێڵان بۆ شوێنی کشتوکاڵ نابێت؟ لەداوێن تێپەڕ نەکەن. وتم: ئەی باوکی عەبدوڵڵا، ئەوان ئەڵێن کە تۆ بەم کارە ڕازیت. ووتی: درۆئەکەن ئەمە لە پێشەوا مالیکەوە هاتوە، هەروەها ئەمەش ڕای ئەبو حەنیفە و شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و هاوەڵانیانە بەگشتی، هەروەها ڕای سەعیدی کوڕی موسەییب و ئەبی سەلەمە و عیکریمە و تاوس و عەتا و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عوروەی کوڕی زوبەیر و موجاهیدی کوڕی جەبر و حەسەن وپێشینانی ترە. کە بەتوندی ئەم کارەیان ڕەت کردوەتەوە، هەندێکیش ئەم کارەیان بەبێ باوەڕی ناوزەد کردوە، ئەمەش بۆچونی زۆرینەی زانایانە، لەم بارەیەشەوە هەندێك شت لەزانایانی مەدینەوە گێڕدراوەتەوە و ئەوانیش لەپێشەوا مالیکەوە گێڕاویانەتەوە، بەڵام قسە لەسەر (صحیح) و دروستی هەیە.

تەحاوی ئەڵێت: ئەسبغی کوڕی فەرج لە عەبدەلڕەحمانی کوڕی قاسمەوە، ئەڵێت: کەسم نەبینیوە کە پەیڕەوی لێ بکەم لەدینداریدا گومانی لە حەڵالی دا هەبێت. مەبەستی چونەلای ئافرەتە لەدواوە، پاشان فەرمایشتی ﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ﴾ ی خوێندەوە، پاشان وتی: جاچی هەیە لەمە ڕونتر؟ تەحاوی ئەمەی گێڕاوەتەوە.

هەروەها حاکم و دارقوتنی و خەتیبی بەغدادی لە پێشەوا مالیکەوە لەچەن ڕێگەیەکەوە دروستی ئەم کارەیان گێڕاوەتەوە، بەڵام سەنەدەکانیان زۆر لاوازە، شێخ ئەبو حافز زەهەبیش هەموو ئەو ڕایانەی لەبەشێك دا هێناوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها تەحاوی ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکیم بۆی گێڕاینەوە کە گوێی لە شافیعی بوە فەرموویەتی: هیچ شتێکی (صحیح) لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) لەبارەی حەڵالی و حەرامیەوە نەهاتوە و بەپێی (قیاس)یش حەڵاڵە، ئەمەش لەلایەن ئەبوبەکری خەتیبەوە لە ئەبی سەعیدی سیرفیەوە، لە ئەبی عەباسی ئەسەمەوە

گێڕدراوەتەوە و ئەڵێت: گوێم لە موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکیم بوو ئەیوت: گوێم لە شافیعی بوو ئەوەی فەرموو. ئەبونەسری سوباغ ئەڵێت: ڕەبیع سوێندی بەتاکو تەنهایی پەروەردگار دەخوارد کە ئیبن عەبدولحەکیم درۆی بەدەم شافیعیەوە کردوە لەو مەسەلەیەدا، چونکە شافیعی دەتی هەیە لەسەر حەرام بوونی ئەو کارە لەشەش کتێب لەکتێبەکانی دا. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ﴾ واتە: کاری چاکە پێش بخەن بۆ خۆتان و دورکەونەوە لەکاری خراپە، هەربۆیە فەرموویەتی ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُم مُّلَاقُوهُ﴾ واتە: لەسەر هەموو کارەکانتان لێپرسینەوەتان لەگەڵ دا دەکات ﴿وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ واتە: ئەوانەی کە گوێڕایەڵی ئەو فرمانانەن کە پێیان کراوە و دور دەکەونەوە لەو نەهیانەی کە لێیان کراوە. ئیبن جەریر ئەڵێت: قاسم لە حسەینەوە، لە موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی واقیدەوە، لە عەتاوە ووتی: وائەزانم لە ئیبن عەباسەوە بوو ﴿وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ﴾ فەرمووی: ئەڵێیت (بسم الله) لەکاتی جیماع و چونەلای ئافرەت دا. هەروەها لە(صحيح البخاري)دا لە ئیبن عەباسەوە هاتووە کە وتویەتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لوأن أحدكم إذا أراد أن يأتي أهله، قال: باسم الله، اللهم جنّبنا الشيطان و جنّب الشيطان مارزقتنا، فانه إن يقدر بينها ولد في ذلك، لن يضره الشيطان أبداً)).

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە کاتێك ئەچێتەلای هاوسەرەکەی بڵێت: (بسم الله) پەروەردگار خۆمان و منداڵەکەمان بەدور بگرە لەشەیتان، ئەوە ئەگەر منداڵێك بەهۆی ئەو جوت بونەوە پەیدابوو هەرگیز شەیتان زیانی پێ ناگەیەنێت.

﴿وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٤﴾ لَّا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٢٥﴾﴾

خوای گەروە ئەفەرموێت: سوێند خواردن بەخوا مەکەنە ڕێگر لە چاکە

کردن و سەردانی خزمان ئەگەر سوێندتان کە ئەوکارە نەکەن، وەك فەرمایشتی ﴿وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓاْ أُوْلِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾ [النور: ٢٢]. کەواتە بەردەوام بوون لەسەر سوێندەکە خاوەنەکەی گوناهبار دەکات و پێویستە سوێندەکەی بخات و کەفارەت بدات، وەك بوخاری ئەفەرموێت: ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم، لە عەبدولڕەزاقەوە، لە موعەمەرەوە، لە هەمامی کوڕی. مونبە ئەگێڕێتەوە کە وتویەتی: ئەبوهورەیرە ئەمەی لە پێغەمبەری خواوە بۆ گێڕاینەوە: ((نحن الآخرون السلبقون يوم القيامة)) واتە: ئێمە کە دوای هەموان هاتوین لە پێشەوەی هەموانین لەڕۆژی دوایی دا. هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((والله لأن يلجّ أحدكم بيمينه في أهله آثم له عندالله مِن أن يعطي كفارته التي افترض الله عليه)).

واتە: سوێند بەخوا ئەگەر یەکێك لەئێوە کار بە سوێندەکەی بکات لەناو خێزانەکەیدا ئەوە گوناهبار دەبێت، هەتاوەکو ئەوەی کە کەفارەتی سوێندەکەی بدات و بیشکێنێت.

هەروەها موسلیمیش بەهەمان شێوە لە موحەمەدی کوڕی ڕافیعەوە، لە عەبدولڕەزاقەوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها ئەحمەدیش لێیەوە گێڕاویەتیەوە، پاشان بوخاری ئەفەرموێت: ئیسحاقی کوڕی مەنسور لە یەحیای کوڕی سالحەوە، لە موعاویەوە کە ئیبن سەلامە، لە یەحیای کوڕی ئەبی کەسیرەوە، لە عیکریمەوە لە ئەبی هورەیرەوە بۆی گێڕاینەوە کە وتویەتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من استلجّ في أهله بيمين فهو أعظم غثماً، ليس تغني الكفارة)). واتە: هەرکەسێك سوێندێك بخوات کە نەچێتەلای خزمەکانی ئەوە تاوانی زیاترە و کەفارەت سوێندی نییە بۆی.

هەروەها عەلی کوڕی تەلحە لە ئیبن عەباسەوە سەبارەت بە فەرمایشتی ﴿وَلَا تَجْعَلُواْ ٱللَّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَٰنِكُمْ﴾ ئەگێڕێتەوە کە وتویەتی: سوێند مەخۆ کە کاری باشە نەکەیت، بەڵکو کەفارەتی سوێندەکەت بدە و کارە خێرەکەت ئەنجام بدە. ئەمەش ڕای مەسروق و شەعبی و ئیبراهیمی نەخعی و موجاهید و تاوس و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عەتا و عیکریمە و مەکحول و زوهری و

حەسەن و قەتادە و موقاتیلی کوڕی حەیان و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و زەحاك و عەتای خوراسانی و سەدیە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت.

بۆ پاڵپشتی ڕای ئەم زانایانەش لە(صحیحین)دا فەرموودەیەك لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) هاتوە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ((انّي والله غن شاءالله، لا أحلف على يمين فأرى غيرها خيراً منها، الّا أتيت الذي هو خير وتحللتها)). واتە: من بەویستی خودا، سوێند لەسەر هەرشتێك بخۆم و دەاتر بەباشی نەزانم، ئەوە کارەیان دەکەم کە بەباشتری دەزانم و کەفارەتی سوێندەکەم دەدەم.

هەروەها لە (صحیحین)دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) بە عەبدولڕەحمانی کوڕی سەمرەی فەرموو: ((يا عبد الرحمن بن سمرة، لا تسأل الإمارة فانّك إنْ أعطيتها من غير مسألة اعنت عليها، وإن اعطيتها من مسألة وكلت غليها، اذا حلفت على يمين فرأيت غيرها خيراً منها فأت الذي هو خير، وكفر عن يمينك)) واتە: ئەی کوڕی سەمرە داوای کاربەدەستی مەکە، چونکە ئەگەر بەبێ داواکردن پێت بسپێردرێت، ئەوە هاوکاری دەکرێیت بۆی، بەڵام ئەگەر بەداواکردنەوە پێت بسپێردرێت ئەوە کۆمەکی ناکرێیت و دەبێ بەتەنها خەمی بخۆیت، ئەگەر سوێندیشت بۆ شتێك خوارد و بینیت پێچەوانەکەی باشترە، ئەوە ئەو کارەبکە کە باشترە و کەفارەتی سوێندەکەت بدە.

هەروەها موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((مَن حلف على يمين فرأى غيرها خيراً منها فليكفر عن يمينه، ولبفعل الذي هوخير)).

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: ئەبوسەعیدی خزمەتگوزاری بەنی هاشم لە خەلیفەی کوڕی خیاتەوە، لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە، لەباوکیەوە لەباپیریەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من حَلف على يمين فرأى غيرها خيراً منها فليدعها وليأت الذي هوخير، فتركها كفارتها)).

واتە: ئەگەر کەسێك سوێندێکی خوارد و بینی خێر لەشتێکی تردایە،

ئەوە باواز لەسوێندەکەی بێنێت و ئەوکارە بکات کە باشترە، چونکە وازهێنان لە سوێندەکە کەفارەتە بۆی.

هەروەها ئەبوداود لەڕێگەی ئەبی عەبیدوڵڵای کوڕی ئەخنەسەوە لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە، لەباوکیەوە لەباپیریەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ولا نذر ولا يمين فيها لايملك ابن آدم، ولا في معصية الله، ولا في قطيعة رحم، ومن حلف على يمين فرأى غيرها خيراً منها فليدعها وليأت الذي هو خير، فانّ تركها كفارتها)). پاشان ئەبوداود ئەڵێت: لەهەموو فەرموودەکاندا هاتووە (فليكفّر عن يمينه) واتە: با کەفارەتی سوێندەکەی بدات. هەموشیان (صحيح). هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: عەلی کوڕی سەعیدی کەندی لە عەلی کوڕی موسهەرەوە، لە حارسەی کوڕی موحەمەدەوە و، لە عەمرەوە، لە عائیشەوە ئەڵێت: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((مَن حلف على يمين قطيعة رحم ومعصية فبرُّهُ ان يحنث فيها ويرجع عن يمنيه)).

واتە: هەر کەس سوێندی خوارد بۆ پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی، ئەوە نەخستنی سوێندەکەی بەوە دەبێت کە جێ بەجێی نەکات و پەیوەندی خزمایەتی نەبچڕێنێت. ئەم فەرموودەیەش لاوازە.

پاشان ئیبن جەریر لە ئیبن عەباس و سەعیدی کوڕی موسەییب و مەسروق و شەعبیەوە کە وتویەتی: سوێند خواردن بۆ تاوان دانامەزرێت و کەفارەتیشی نیە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾ واتە: سزاتان نادات و داوای پابەندبونتان لێ ناکات بەو سوێندە هەڵوەشاوە. کە ئەو سوێندەیە کە سوێند خۆر مەبەستی نییە بەڵکو بەسەر زاری دا دێت بەبێ دوپات کردنەوە، وەك لە(صحيحين)دا لە فەرموودەی زوهری لە حەمیدی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە، لە ئەبو هورەیرەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((مَن حلف فقال في حلفه باللات والعزّى، فليقل لا إلٰه إلّا الله)) واتە: هەر کەس سوێندی بە لات و عوززا خوارد ئەوە با بڵێ لاإله إلا الله. ئەمەی بۆ خەڵکانێك فەرموە کە ماوەیەکی کەمە موسڵمان بوون و

هێشتا زمانیان ڕانەهاتوە لەسەر سوێند خواردن بەخوای تاك و تەنها و مەبەستیان سوێند خواردن بەلات و عوززا نیە. بۆیە فرمانیان پێکرا کە وشەی (إخلاص) و (لا إله إلّا الله) بڵێن، هەتاوەکو بیسرێتەوە، هەربۆیە پەروەردگار دەفەرمووی: ﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ واتە:

هەروەها لە ئایەتەکەی تردا: ﴿بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ﴾ [المائدة: ٨٩] ئەبوداود لە [باب لغو اليمين]دا ئەڵێت: حەمیدی کوڕی موسەعەدەی شامی لە حەیانی کوڕی ئیبراهیمەوە، لە ئیبراهیمی سائیغەوە، لە عەتاوە کە سبارەت بەسوێندی هەڵوەشاوە (لغو) وتی: عائیشە فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((اللغو في اليمين هو كلام الرجل في بيته: كلا والله، وبلى والله)) واتە: سوێندی (لغو) ئەوەیە کە پیاو لەماڵەکەی خۆیدا ئەڵێت: نەوەڵلا و ئەرێ وەڵلا. پاشان ئەبوداود ئەڵێت: فورات لە ئیبراهیمی سائیغەوە، لە عەتاوە، لە عائیشەوە بە(موقوف)ی گێڕاویەتیەوە، هەروەها زوهری و عەبدولمەلیك و مالیکی کوڕی مەغول هەمویان لە عەتاوە، لە عائیشە بە(موقوف)ی گێڕاویانەتەوە، هەروەها ئیبن جورەیج و ئیبن ئەبی لەیلا لە عەتاوە، لە عائیشە بە(موقوف)ی گێڕاویەتیەوە، هەروەها ئیبن جەریر لە هنادەوە، لە وەکیع و عەبدە و ئەبی موعاویە لە هیشامی کوڕی عروەوە لە باوکیەوە لە عائیشەوە دەربارەی فەرمایشتی ﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾ ئەفەرمووێت: مەبەست کەسانێکە کە قسە دەکەن، ئەمەیان دەڵێت: نەوەڵلا، ئەرێ وەڵلا، بەسەرزاریاندا دێت و دوپاتی ناکانەوە. هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم دەڵێت: هارونی کوڕی ئیسحاقی هەمەدانی لە عەبدەی کوڕی سولەیمانەوە، لە هیشامی کوڕی عروەوە لەباوکیەوە، لە عائیشەوە دەربارەی: ﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾ فەرمووی: ئەمە قسەی کەسێکە کە دەڵێ: نەوەڵلا و ئەرێ وەڵلا، هەروەها ئوبەی لە ئەبوسالحی نوسەری لەیسەوە، لە ئیبن لوهەیعەوە لە ئەبی ئەسوەدەوە، لە عروەوە، ئەڵێ: عائیشە ئەیفەرموو: بێگومان سوێندی (لغو) لە گاڵتەوگەپ دایە، وەك ئەوەی کەسێك بڵێت: ئەرێ وەڵلا و نەوەڵلا، ئەوە کەفارەتی نییە، بەڵکو کەفارەت لەوسوێندەدایە کەسوربێت لەسەر ئەنجامدانی و دواتر نەیکات. پاشان ئیبن ئەبی حاتەم

ئەڵێت: هەروەها ئیبن عومەر و ئیبن عەباس لەیەکێك لە دوو ڕاکەیدا شەعبی و عیکریمە لەیەکێك لە دوو بۆچونەکەیدا و عروەی کوڕی زوبەیر و ئەبی سالح و زەحاك لەیەکێك لە دوڕاکەیدا و ئەبی قەلابە و زوهری هاوشێوەی ئەمە گێڕدراوەتەوە.

بۆچونی دووەم بۆ یونسی کوڕی عەبدولئەعللا خوێندرایەوە، کە ئیبن وەهەب لە متمانەپێکراوێکەوە لە ئیبن شیهابەوە، لە عروەوە، لە عائیشەوە کە ئایەتی: ﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾ تەئویل دەکرێت و ئەیوت: ئەو شتەیە کە یەکێکتان سوێندی لەسەر دەخوات و بردنەسەری سوێندەکەیەتی بەڵام بەوشێوەیە دەرناچێت، پاشان ووتی: هەروەها لە ئەبی هورەیرە و ئیبن عەباس لەیەکێك لە دوو ڕاکەیدا و حەسەن و زرارەی کوڕی ئەوفی و ئەبی مالیك و عەتای خوراسانی و بەکری کوڕی عەبدوڵڵا و یەکێك لەدوو ڕای عیکریمە و حەبیبی کوڕی ئەبی سابت و سەدی و مەکحول و موقاتیل و تاوس و قەتادە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و یەحیای کوڕی سەعید و ڕەبیعەوە هاوشێوەی ئەمە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی موسای حەرسی لە عەبدوڵڵای کوڕی مەیمونی مورادی لە عوفی ئەعرابیەوە، لە حەسەنی کوڕی ئەبی حەسەنەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) بەلای کۆمەڵێك دا تێپەڕی کە تیریان دەهاویشت، لەگەڵ پێغەمبەری خواشدا (دروودی خوای لێ بێت) یەکێك لەهاوەڵانی هەبوو، ئەوەبوو پیاوێك لەو کۆمەڵە هەستایەوە و ووتی: سوێند بەخوا پێکام، سوێند بەخوا نەمپێکا، ئەو هاوەڵەش کەلەگەڵ پێغەمبەردا بوو (دروودی خوای لێ بێت) ووتی: سوێندەکەی کەوت ئەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) ، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((كلا أيمان الرماة لغو لاكفارة فيها ولاعقوبة)) ئەم فەرموودیەش (مرسل) و (حسن)ە.

واتە: نەخێر سوێندی تیرهاوێژ (لغو) و بەهەند ناگیرێت و کەفارەت و سزای تیادا نیە.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: عائیشە هەردوو ڕاکەی گێڕاوەتەوە،

عیسامی کوڕی ڕەواد لە ئادەمەوە، لە شەبانی کوڕی جابرەوە، لە عەتای کوڕی ئەبی ڕەباحەوە، لە عائیشەوە، ئەڵێت: مەبەست: نەوەڵلا و ئەرێ وەڵلایە، لەکاتێکدا کە پێمان وایە ڕاست دەکات و بەوشێوەیەش نیە.

چەند وتەیەکی تر- عەبدولڕەزاق لە هەشیمەوە، لە موغیرەوە، لە ئیبراهیمەوە، ئەڵێت: ئەوەیە کە کەسێك بڵێت خوا چاوم کوێربکات ئەگەر ئاوا و ئاوا نەکەم، خوا سەرو ماڵم لێ بستێنێ ئەگەر سبەی نەیەم بۆلات. ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: عەلی کوڕی حسەین لە موسەدەدی کوڕی خالیدەوە، لە عەتاوە، لە تاوسەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەفەرموێت: سوێندی (لغو) ئەوەیە کە لەکاتی توڕەیدا سوێند بخۆیت. هەروەها باوکم بۆی گێڕامەوە، کە ئەبوجەماهیر لە سەعیدی کوڕی بەشیرەوە، لە ئەبو بەشیرەوە، لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەڵێت: سوێندی (لغو) ئەوەیە کەشتێك لەسەر خۆت حەرام بکەیت کە خوا حەڵاڵی کردوە ئەوە کەفارەتی لەسەر پێویست نابێت. هەمان شتیش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە گێڕدراوەتەوە. هەروەها ئەبوداود لە [باب اليمين في الغضب] دا ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی مینهال لە یەزیدی کوڕی زەریعەوە، لە حەبیبی موعەلیمەوە، لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە، لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە، ئەڵێت: ئەگەر هاتویت پرسیارم لەبارەی پشك و دابەشکردنەوە لێ بکەیت ئەوە هەرچیم هەیە لە رتاج ی کەعبەدایە، عومەریش پێی وت: کەعبە پێویستی بەپارەی تۆ نییە، کەفارەتی سوێندەکەت بدەو قسە لەگەڵ براکەت دا بکەن گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو ئەیفەرموو: ((لا يمين عليك ولا نزر في معصية الرب عز وجل، ولا في قطيعة الرحم ولا فيما تملك)).

واتە: سوێند و نەزر دانامەزرێت ئەگەر لە تاواندابێت، هەروەها ئەگەر بۆ بچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی و ئەو ماڵ و موڵکەی کە هەتە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ ئیبن عەباس و موجاهید و زیاتر لەکەسێك فەرمویانە: ئەوەیە کە سوێند لەسەر شتێك بخوات و بشزانێت کە درۆ دەکات، هەروەها موجاهید و غەیری ئەویش وتویانە: وەك فەرمایشتی ﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الْأَيْمَانَ﴾ [المائدة: ٨٩] ﴿وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ واتە: لێبوردە و بەسۆز و میهرەبانە بۆ بەندەکانی.

﴿لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِن فَآءُو فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢٦﴾ وَإِنْ عَزَمُوا ٱلطَّلَٰقَ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٧﴾﴾

(الإيلاء)واتە: سوێند، جا ئەگەر پیاوێك سوێندی خوارد کە ماوەیەك نەچێتەلای هاوسەرەکەی، ئەوە یان لەچوارمانگ کەمترە یان زیاترە، جائەگەر کەمتر بوون ئەوە بۆی هەیە چاوەڕێ بکات هەتاوەکو ئەو ماوەیە کۆتای دێت و پاشان بچێتەلای هاوسەرەکەی، لەسەر ئافرەتەکەش پێویستە کە ئارامبگرێت و بۆی نییە داوای گەڕانەوی لێ بکات لەو ماوەیەدا. ئەمەش وەك لە(صحیحین)دا لە عائیشەوە هاتووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) سوێندی خوار مانگێك نەچێتە لای هەندێك لە هاوسەرەکانی و پاش بیست ونۆ ڕۆژ چوەلای و فەرمووی: ((الشهر تسعٌ وعشرون) واتە: مانگ بیست و نۆیە هەروەها لەوانەوە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە هەمان شتیان گێڕاوەتەوە. ئەگەر لەچوار مانگیش زیاتربوو ئەوە ئافرەتەکە بۆی هەیە دوای تێپەڕبونی ئەو ماوەیە داوا لە پیاوەکەی بکات جا یان دەچێتەلای یان لێی جیا دەبێتەوە و تەلاقی دەدات ئەگەر نا دادوەر بەزۆر پێی تەلاق دەدات. ئەمە بۆ ئەوەی لێی نەدات، هەربۆیە پەروەردگار ئەفەرموویت: ﴿لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ﴾ واتە: سوێند دەخۆن واز لە جیماع بێنن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوە تایبەت بە هاوسەرە نەك کەنیزەك و بەندە بەپێی ڕای زۆرینە و(جمهور)ی زانایان ﴿تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ﴾ واتە: پیاوەکە چوارمانگ لەبەرواری سوێندەکەوە چاوەڕێ دەکات، پاشان دەوەستێ و داوای گەڕانەوە یان تەلاق دەکات، هەربۆیە فەرموویەتی: ﴿فَإِن فَآءُو﴾ واتە: گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشتر مەبەست جیماعە.

ئیبن عەباس و مەسروق و شەعبی و سەعیدی کوڕی جوبەیر و زیاتر لەکەسێك کە لەناویاندا ئیبن جەریرهەیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەمەیان فەرموە ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ واتە: خوا لێبوردەیە بۆ ئەو کەمتەرخەمیەی بەرامبەر بە ئافرەتان کراوە بەهۆی سوێندەکەوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَإِن فَآءُو فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بەڵگەیە لەسەر

یەکێك لەدوو ڕاکەی زانایان و بۆچونی کۆنی شافیعیشە کەبریتیە لەوەی ئەگەر پیاوەکە پاش چوارمانگ گەڕایەوە ئەوە کەفارەتی لەسەرنیە، ئەمەش پاڵپشت دەکرێت بەو فەرموودەی کە لەباسی ئایەتی پێشودا لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە، لەباوکیەوە لەباپیریەوە هات کە پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((من حلف على يمين فرأى غيرها خيراً منها، فتركها كفارتها)) هەروەها ئەحەمد و ئەبوداود و ترمزیش گێڕاویانەتەوە. (جمهور) و زۆرینەی زانایانیش لەسەر ڕای نوێ ی مەزهەبی شافیعیت کە پێویستە کەفارەتەکەی بدات، چونکە بەگشتی کەفارەت لەسەر هەموو سوێند خۆرێك پێویستە، وەك پێشتر لەفەرموودە (صحیح)ەکاندا ئاماژەمان پێکرد و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەڵاق تەنها بەتێپەڕبونی ئەو چوار مانگە ناکەوێت، وەك زۆرینەی (متأخرین) و زانایانی ئەم دواییانە. هەندێکیش پێیان وایە کە بەتێپەڕبونی چوار مانگەکە یەك تەڵاق دەکەوێت، ئەمەش بەسەنەدی (صحیح) لە عومەر و عوسمان و عەلی و ئیبن مەسعود و ئیبن عەباس و ئیبن عومەر و زەیدی کوڕی سابتەوە گێڕدراوەتەوە و ڕای ئیبن سیرین و مەسروق و سالم و حەسەن و ئەبوسەلەمە و قەتادە و شورەیحی قازی و قوبەیسەی کوڕی زئویب و عەتا و ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولڕەحمان و سولەیمانی کوڕی تەرخانی تەیمی و ئیبراهیمی نەخعی و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و سەدیشی لەسەرە. پاشان وتراوە بەتێپەڕبونی چوارمانگەکە تەڵاقێکی (رجعی) کەتوانای گێڕانەوەی هەبێت دەدرێت. ئەمەش ڕای سەعیدی کوڕی موسیب و ئەبوبەکری کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی حارس کوڕی هیشام و مەکحول و ڕەبیعە و زوهری و مەروانی کوڕی حەکیمە، وتراویشە تەڵاقێکی (بائن) دەدرێت. ئەمەش لە عەلی و ئیبن مەسعود و عوسمان و ئیبن عەباس و ئیبن عومەر و زەیدی کوڕی سابتەوە گێڕدراوەتەوە و ڕای عەتا و جابری کوڕی زەید و مەسروق و عیکریمە و حەسەن و ئیبن سیرین و موحەمەدی کوڕی حەنیفە و ئیبراهیم و قوبەیسەی کوڕی زئویب و ئەبو حەنیفە و سەوری و حەسەنی کوڕی سالحی

لەسەرە. جا هەموو ئەوانەی کە وتویانە بەتێپەڕبونی چوارمانگ تەڵاق دەدرێت (عدّة)یان لەسەر فەرز کردوە، جگە لەوەی کە ئیبن عەباس و ئەبی شەعساوە گێڕادراوەتەوە: کە ئەگەر سێ حەیزی بەسەردا هاتبێت ئەوە (عدّة)ی لەسەر نیە. ئەمەش ڕای شافیعی یە، ڕای جمهوری (متأخرین) لەگەڵ ئەوەدایە کە بوەستێنرێت و داوای یەکێك لەو دووشتەی لێ بکرێت و تەنها بەتێپەڕبونی ئەو ماوەیە تەڵاقی ناکەوێت: هەروەها مالیك لە نافیعەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە فەرموویەتی: ئەگەر پیاو سوێندی خوارد نەچێتەلای هاوسەرەکەی، ئەوە تەڵاقی ناکەوێت، ئەگەر چوارمانگیش تێپەڕ بوبێت هەتاوەکو دەیوەستێنێت، جایان تەڵاقی دەدات یاخود دەیباتەوە بۆلای خۆی. بوخاری تەخریجی کردوە.

هەروەها شافیعیش ئەڵێت: سوفیانی کوڕی عویەینە لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە، لە سولەیمانی کوڕی یەسارەوە، ئەڵێت: گەشتم بە دە و ئەوەندە کەس لەهاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) هەموویان سوێندی نەچونەلای ئافرەتی یان ڕادەگرت شافیعی ئەڵێت: لای کەمی ئەمە سیازدەیە. هەروەها شافیعی لە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە کە سوێندەکە دەوەستێنێت پاشان ئەڵێت: ئێمە هەمان ڕامان هەیە و ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کە عومەر و ئیبن عومەر و عائیشە و عوسمان و زەیدی کوڕی سابتەوە دە و ئەوەندە هاوەڵی پێغەمبەرەوە گێڕامانەوە. شافیعیش ئاوا دە فەرموێت.

ئیبن جەریر ئەڵێت: ئیبن ئەبی مریەم لە یەحیای کوڕی ئەیوبەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە، لە سوهەیلی کوڕی ئەبوسالحەوە، لەباوکیەوە، ئەڵێ: پرسیارم لە دوازدەکەس لە هاوەڵان کرد سەبارەت بە پیاوێك کە سوێند دەخوات نەچێتەلای خێزانەکەی، هەموویان ئەیان وت: هیچی لەسەرنییە هەتاوەکو چوار مانگەکە تێپەڕ دەبێت و دەوەستێت، ئەگەر گەڕایەوە ئەوە باشە ئەگینا تەڵاقی دەدات هەروەها دارقوتنیش لەڕێگەی سوهەیلەوە دەیگێڕێتەوە.

ئەڵێم: ئەمەش لە عومەر و عوسمان و عەلی و ئەبودەردا و عائیشە و ئیبن عومەر و ئیبن عەباسەوە گێڕدراوتەوە و ڕای سەعیدی کوڕی موسەییب و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و موجاهید و تاوس و موحەمەدی کوڕی کەعب

و قاسم و مەزهەبی مالیك و شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و هاوەڵانیانە ڕەحمەتی خوایان لێ بێت. هەروەها هەڵبژاردنی ئیبن جەریر و ووتەی لەیس و ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە و ئەبی عوبەید و ئەبی سەور و داودیشە، هەموو ئەوانە فەرمویانە: ئەگەر نەگەڕایەوە ئەوە تەڵاقی بەسەردا دەسەپێنرێ، ئەگەر تەڵاقی نەدا ئەوە دادوەر تەڵاقی دەدا، تەڵاقەکەشی (رجعي)و گەڕاوەیە و بۆی هەیە لە(عدة)دا بیگەڕێنێتەوە، بەڵام مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەتەنها ڕای وایە کەنابێ بیگەڕێنێتەوە هەتاوەکو لەکاتی (عدة) نەچێتەلای، ئەمەش ڕایەکی زۆر نامۆیە. هەروەها زانایان و خەڵکی تریش لەمەسەلەی دواخستنی سوێندەکەدا بە چوار مانگ باسی ئەو (اثر)یان کردوە کەپێشەوا مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە(الموطأ)دا لە عەبدوڵڵای کوڕی دینارەوە گێڕاویەتیەوە و ئەڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب بەشەودا چوە دەرەوە و گوێی لە ئافرەتێك بوو، ئەم شیعرەی دەهۆنیەوە: [الطويل]

تَطاوَلَ هذا اللَّيْلُ واسْوَدَّ جانِبُهْ
وَأَرَّقَنِي أنْ لا خَليلَ أُلاعِبُهْ
فَواللَّهِ لَوْلا الله أَنِّي أُراقِبُهْ
لَحُرِّكَ مِنْ هذا السَّرِيرِ جَوانِبُهْ

واتە: ئەم شەوە درێژەی کێشاو تاریك داهات و منیش ماندوو بووم کە کەس نییە یاری لەگەڵدا بکەم. سوێند بەخوا ئەگەر لەبەر خوا و چاودێری نەبوایە ئەوە خەڵکێکم لەسەر ئەم سەرینە دەجوڵاندەوە.

پاشان عومەر پرسیاری کرد لە حەفسەی کچی (ڕەزای خوای لێ بێت): ئافرەت چەندە خۆی لەدوری پیاوەکەی دەگرێت؟ ووتی: شەشە یان چوار مانگ، عومەریش فەرمووی: هەرگیز کەس لەو ماوەیە زیاتر لەسوپادا ناهێڵمەوە. موحەمەدی کوڕی ئیسحاقیش لە سائبی کوڕی جوبەیری خزمەتگوزاری ئیبن عەباسەوە کە هاوەڵانی پێغەمبەری (دروودی خوای لێ بێت) بینیبوو، ئەیوت: تا ئێستاش وتەکەی عومەر ئەبیستم کە شەوێکیان لەمەدینەدا دەسوڕایەوە و ئەمەشی کردبوو بەنەریتی بەردەوامی خۆی. ئەوەبوو بەلای ئافرەتێك تێپەڕی کەدەرگاکەی لەسەر خۆی داخستبوو ئەیوت:

تَطاولَ هَذا اللَّيلُ وازْوَرَّ جانِبُهْ
وأرْقَنِي ألاَّ ضَجيعَ ألاعِبُهْ
ألاعِبُهُ طَوْرًا وطَوْرًا كَأنَّما
بَدا قمرًا في ظُلْمَةِ الليلِ حاجِبُهْ
يُرَ بِهِ مَنْ كان يَلْهو بقُرْبِهِ
لَطيفُ الحشا لا يَحْتويه أقاربُهْ
فَواللَّهِ لَوْلا الله لا شَيءَ غَيْره
لَنُقِّضَ مِنْ هذا السَّرير جَوانبُهْ
ولٰكنَّني أخشى رَقيبًا مُوَكَّلًا
بِأنفاسِنا لا يَفْتُر الدهرَ كاتِبُهْ
مخافَةَ ربِّي والحياء يَصُدُّني
وإكرامُ بَعْلي أن تُنالَ مَراكِبُهْ

پاشان پاشماوەکەشی وت، ئەمەش لەچەند ڕێگەیەکەوە گێڕدراوەتەوە و بەناو بانگە. ئەمە فەرمانی پەروەردگارە بۆ ئەو ئافرەتە تەڵاقدراوانەی کە چونەتەلایان و پێویستە ٣مانگ دانیشن واتە پاش تەڵاق دانی لەلایەن پیاوەکانیانەوە، پاشان بۆی هەیە هاوسەرگیری بکات ئەگەر ویستی. چوار پێشەواکەش ئافرەتی کۆیلەیان لەمە جیا کردوەتەوە، ئەگەر تەڵاق درا. چونکە ئەو بەلایانەوە دوو مانگ دەمێنێتەوە، چونکە ئەو وەك نیوەی ئافرەتێکی ئازادی بۆ دەکرێت، چونکە سێ مانگ و (قُرء)ەکە نیوە ناکرێت، هەربۆیە دوو مانگی بۆ دادەنرێت هەروەها بەبەڵگەی ئەوەی کە ئیبن جەریر لە موزاهیری کوڕی سەلەمەی خەزومیەوە، لە قاسمەوە، لە عائیشەوە گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((طلاق الامة تطليقتان، وعدّتها حيضتان)) ئەبو داود و تەرزی و ئیبن ماجە گێڕاویانەتەوە.

واتە: تەڵاقی ئافرەتی کۆیلە دوو تەڵاقە و عیددەکەشی دوو حەیزە - دوو مانگە-.

بەڵام موزاهیر لاوازە، حافز دارقوتنی و غەیری ئەویش ئەڵێن: ڕاستتر

ئەوەیە کە ئەمە قسەی قاسمی کوڕی موحەمەد خۆیەتی، هەروەها ئیبن ماجە لەڕێی عەتیەی عوفیەوە، لە ئیبن عومەر بە(مرفوع)ی گێڕاویەتیەوە، دار قوتنی ئەڵێت: ڕاستتر ئەوەیە کە سالم و نافیع لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویانەتەوە، بەهەمان شێوەش لە عومەری کوڕی خەتتابەوە گێڕدراوەتەوە وتویانە: نەزانراوە کە هاوەڵان لەم بارەوە ناکۆکیان هەبوبێت، هەندێك لەپێشینانیش وتویانە: (عدة)ی وەك (عدة)ی ئافرەتی ئازاد وایە بەبەڵگەی گشتگیری ئایەتەکە، هەروەها چونکە ئەوە کارێکی سروشتیە و ئافرەتی کۆیلە و ئازاد تیایدا یەکسانن، ئەم ڕایەش لەلایەن شێخ ئەبو عومەری کوڕی عەبدولبڕەوە، لە موحەمەدی کوڕی سیرین و هەندێك لە (زاهیر)یەکانەوە و بەلاوازیشی داناوە.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: باوکم لە ئەبو یەمانەوە، لە ئیسماعیلی کوڕی عیاشەوە، لە عەمری کوڕی موهاجیرەوە، لە باوکیەوە، کە ئەسمای کچی یەزیدی کوڕی سەکەنی ئەنساریە ئەڵێت: لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لێ بێت) تەڵاق درام، ئەوکات تەڵاق دراو (عدّة)ی نەبوو، ئەوەبوو خوای گەورە کاتێ کە ئەسما تەڵاق درا ئایەتی (عدّة)ی دابەزاند و فەرزبوو. لەم ڕوەوە (عدة)ی تیابوو بۆ تەڵاق مەبەستی ﴿وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ﴾

ئەمەش فەرموودەیەکی (غریب)و نامۆیە لەم ڕوەوە. ئەمەو پێشینان و پاشینان و پێشەوایان جیاوازیان هەیە سەبارەت بەمانای وشەی (قروء) و دووڕایان لەسەری هەیە:

یەکەمیان: مەبەست پێی پاك بونەوەیە لە حەیز. پێشەوا مالیك لە (موطأ)دا لە ئیبن شیهابەوە، لە عروەوە، لە عائیشەوە ئەگێڕێتەوە کە حەفسەی کچی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر کاتێك کەوتە خوێنەوە لە حەیزی سێ یەمدا گواستیەوە، ئەمەش باسکرا بۆ عومەری کچی عەبدولڕەحمان ئەویش وتی: عروە ڕاست ئەکات، خەڵکێکی زۆریش لەو بارەوە مشتومڕیان لەبارەوە کرد وتیان خوای گەورەش لەقورئاندا فەرموویەتی ﴿ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ﴾ عائیشەش فەرمووی عروە ڕاست ئەکات، ئەزانن (قروء)چیە؟ (قروء) واتە: (طهر)و پاك بونەوە لە حەیز. هەروەها مالیك لە ئیبن شیهابەوە ئەگێڕێتەوە و ئەفەرموێت:

گوێم لە ئەبوبەکری کوڕی عەبدولڕەحمانەوە بوو ئەیوت: هیچ زانایەکم نەبینیوە پێچەوانەی ئەمەی وتبێت. مەبەستی قسەکەی عائیشیە، هەروەها مالیك لە نافیعەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە، ئەیوت: ئەگەر پیاو هاوسەرەکەی تەڵاق داو ئەویش بۆجاری سێ یەم کەوتە خوێنەوە، ئەوە پیاو و ئافرەتەکە لەیەکتر پاك دەبنەوە مالیك ئەفەرموویت: لای ئێمەش بەهەمان شێوەیە.

هەروەها هاوسێوەی ئەمە لە ئیبن عەباس و زەیدی کوڕی سابت و سالم و قاسم و عروە و سولەیمانی کوڕی یەسار و ئەبی بەکری کوڕی عەبدولڕەحمان و ئەبانی کوڕی عوسمان و عەتای کوڕی ئەبی ڕەباح و قەتادە و زوهری و حەوت زاناکەی ترەوە گێڕدراوەتەوە، هەروەها ئەمە مەزهەبی مالیك و شافیعی و زیاتر لە کەسێك و داود و ئەبی سەور و لە ئەحمەدیشەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵگەشیان بۆی فەرمایشتی ﴿فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ واتە: لەکاتی پاك بونەوەدا تەڵاقیان بدەن، جا لەبەر ئەوەی پاکبونەوەش کەتیدایە هەژمار دەکرێت، ئەوە دەبێتە یەکێك لەو سێ پاك بونەوەیەی کەداواکراوە هەبربۆیە وتویانە: ئافرەتێك کەلە (عدة)دای کۆتای بە(عدة)کەی دێت و پاك دەبێتەوە بەتانەدان لە حەیزی سێیەم، کەمترین ماوەش کە ئافرەت ڕاست بکات تیایدا بۆ بەسەر چونی (عدة) سی و دوو ڕۆژ و دوو ساتە. ئەبوعوبەید و غەیری ئەویش بۆ ئەمە بەڵگەیان بە وتەی ئەعشی هێناوەتەوە کە دەڵێت:

فَفِي كُلِّ عامٍ أنتَ جاشِمُ غَزْوَةٍ
تَشُدُّ لأقصاها عَزِيمَ عَزائكا
مُوَرِّثَةً مالًا وفي الأصْلِ رِفعةً
لما ضاعَ فيها مِنْ قُروءِ نِسائكا

لێرەدا ستایشی یەکێك لە شازادە عەرەبەکان دەکات کە جەنگی فەزڵ داوە بەسەر پاڵدانەوە و دانیشتن دا هەتاوەکو ژنەکانی کەوتنە حەیزەوە و دەرفەتی نەبوو بچێتەلایان .[ڕای دووەم] مەبەست بە (قروء) حەیزە، بەپێیەش (عدة) کۆتایی نایەت هەتاوەکو پاك نەبێتەوە لە حەیزی سێ یەم، هەندێکیش وتویانە: هەتاوەکو خۆی نەشوات. کەمترین کاتیش کە باوەڕ بە ئافرەت

بکرێت بۆ بەسەر چونی (عدة)ی سی وسێ ڕۆژ و یەك ساتە.

سەوری ئەڵێت: لە مەنسوری کوڕی ئیبراهیمەوە، لە عەلقەمەوە ئەڵێت: لای عومەری کوڕی خەتتاب بوین (ڕەزای خوای لێ بێت) ئافرەتێك هاتە لای و وتی: پیاوەکەم یەك یان دوو حەیزە لێم جیا بوتەوە، ئێستا هاتەلام و جلەکانم داکەند و دەرگاکەم داخست، عومەریش بە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودی ووت: وابزانم هێشتا هاوسەریەتی، بەبێ ئەوەی نوێژی بۆ حەڵاڵ بێت، ووتی: منیش هەمان ڕام هەیە. هەمان شتیش لە ئەبوبەکری سدیق و عومەر و عوسمان و ئەبی دەردا و عیبادەی کوڕی سامت و ئەنەسی کوڕی مالیك و ئیبن مەسعود و مەعاز و ئوبەی کوڕی کەعب و ئەبی موسای ئەشعەری و ئیبن عەباس و سەعیدی کوڕی موسەیب و عەلقەمە و ئەسوەد و ئیبراهیم و موجاهید و عەتا و تاوس و سەعیدی کوڕی جوبەیر و عیکریمە و موحەمەدی کوڕی سیرین و حەسەن و قەتادە و شەعبی و ڕەبیع و موقاتیل ی کوڕی حەیان و سەدی و مەکحول و زەحاك و عەتای خوراسانی کە وتویانە: (قرء) واتە: حەیز.

هەروەها ئەمە مەزهەبی ئەبی حەنیفە و هاوەڵانی و(صحیح) ترین ڕیوایەتە لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە، ئەسرەمیش لێیەوە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) دەیان فەرمو: (قرء) واتە: حەیز، هەروەها ئەمە مەزهەبی سەوری و ئەوزاعی و ئیبن ئەبی لەیلا و ئیبن شیبرمە و حەسەنی کوڕی سالحی کوڕی حەی و ئەبی عوبەید و ئیسحاقی کوڕی ڕاهویەیە.

هەروەها ئەمە پاڵپشت کراوە بەو فەرموودەیەی کە ئەبو داود و نەسائی لە ڕێگەی مونزیری کوڕی موغیرەوە لە عوروە ی کوڕی زوبەیرەوە، لە فاتمەی کچی ئەبی حەبیشەوە، کە پێغەمبەری خوا پێی فەرموە: ((دعي الصلاة أيام إقرائك)) واتە: واز لە نوێژ بێنە لەکاتی حەیزدا جا ئەمە ئەگەر (صحیح)بێت ئەوە دەقێکی ڕاشکاوە سەبارەت بەوەی کەمەبەست لە (قرء) حەیزە، بەڵام ئەم (مونزر) ناوە (ئیبن ئەبی حاتەم) لەبارەیەوە ئەڵێت: نەناسراو و نادیارە بەڵام (ئیبن حەبان) لەناو متمانە پێکراواندا هێناویەتی.

ئیبن جەریر ئەڵێت: ئەسڵی وشەی (قرء) لەزمانی عەرەبیدا: کات و وادەی هاتنی شتێکە کە هاتنی دوبارە ببێتەوە لەکاتی دیاری کراودا، هەروەها بۆ ڕۆشتنی شتی دووبارەبوو لەکاتی دیاری کراودا. ئەم دەستەواژەیەش ئەوە دەخوازێت کە هاوبەش بێت لەنێوان هاتن و چوندا، هەندێك لەزانایانی (أصول)یش هەمان ڕایان هەیەو پەروەردگاریش باشتر دەزانێت. ئەسمەعیش پێی وایە کەمەبەست لە (قرء) کاتە. ئەبو عەمری کوڕی عەلاش ئەڵێت: عەرەب بە حەیز دەڵێن (قرء) و بە(طهر) و پاك بونەوەش دەڵێن پاك بونەوە و بەحەیزیش دەڵن (قرء). هەروەها شێخ ئەبو عومەری کوڕی عەبدولبڕ ئەڵێت: شارەزایان لەزمانی عەرەب و زانایان و شەرع ناسان جیاوازیان لەوەدا نییە کە (قرء) بە حەیز و بەپاك بونەوەش دەوترێت. بەڵکو جیاوازیان لەسەر مەبەست لەو ئایەتەیە کە تیایدا بوون بە دوو ڕاوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِىٓ أَرْحَامِهِنَّ﴾ واتە: دروست نییە ئەوە کە خوای گەورە لەسکیاندا دروستی کردوە بەنهێنی بهێڵنەوە مەبەستی حەیزە، ئیبن عەباس و ئیبن عومەر و موجاهید و شەعبی و حەکیم ی کوڕی عویەینە و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس و زەحاك و زیاتر لەکەسێك ئەمەیان فەرموە. هەروەها فەرمایشتی ﴿إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ﴾ واتە: ئەگەر باوەڕیان بەخوا و ڕۆژی دواییی هەیە، ئەمەش هەڕەشەیە بۆیان بەپێچەوانەی ڕاستی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەسەلەکە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، چونکە مەسەلەکە تەنها بەهۆی خۆیانەوە دەزانرێت و ناتوانین بەڵگەی لەسەر بێنینەوە هەربۆیە مەسەلەکەی گێڕاوەتەوە بۆ خۆیان و هەڕەشەی لێ کردون هەتاوەکو لە ڕاستی لانەدەن تیایدا، یان لەبەر پەلەکردنی لە تەواوکردنی (عدة)دا یاخود بۆ درێژکردنەوەی لەبەر مەبەستی تایبەت. بۆیە فەرمانی پێکراوە کە حەق بڵێت بەبێ زیاد و کەم.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِى ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوٓا۟ إِصْلَٰحًا﴾ واتە: پیاوەکەی لە پێشترە بۆ گێڕانەوەی، ئەگەر لە (عدة)دا بوو، ئەگەر مەبەستی لە گێڕانەوەی خێر و چاکە بوو ئەمە لە تەڵاقی (رجعی)دا، بۆ تەڵاقی (بائن)یش ئەوە لەکاتی دابەزینی ئەم ئایەتەدا تەڵاقی (بائن) نەبوو، بەڵکو ئەوە کاتێك

بوو کەلە سێ تەڵاقەدا قۆرخ کرابوو، هەرچی هۆی دابەزینی ئەم ئایەتەیە، ئەوە پیاو لەپێشتربوو بۆ گێڕانەوەی هاوسەرەکەی ئەگەر سەد جاریش تەڵاقی بدایە، کاتێ لە ئایەتی دواتردا کورتیان کردەوە لەسێ تەڵاقدا، تەوە تەڵاق دراوی (بائن) و (نابائن) پەیدابوو، ئەگەر سەرنجی ئەمەش بدەیت ئەوە لاوازی بەڵگەی (أصول)یەکانت بۆ دەر دەکەوێ کاتێ گەڕانەوەی ڕاناو (ضمیر) دەکەنە بەڵگە، ئایا دەبێتە (مخصص) و تایبەت کەر بۆ ئەو دەستەواژە گشتیەی بەهۆی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە یان نا؟ چونکە نموونە هێنانەوە پێی هاوشێوەی ئەوەنیە کە باسیان کرد و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها فەرمایشتی ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ واتە: هەمان ئەو مافەیان هەیە بەسەر پیاوانەوە کە پیاوان بەسەر ئەوانەوە هەیانە، جابا هەریەکەیان ئەو مافەی کەبەسەر ئەوی تریانەوە هەیەتی بەچاکی پێی بدات، وەك لە(صحیح) موسلیم دا لە جابرەوە هاتووە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەوتارەکەیدا لەحەجی ماڵئاواییدا فەرمووی: ((فاتقوا الله في النساء، فانكم أخذتموهن بأمانة الله واستحللتم فروجهن بكلمة الله، ولكم عليهن أن لايطئن فرشكم احداً تكرهونه، فان فعلن ذلك فاضربوهن ضرباً غير مبرح، ولهنّ رزقهن وكسوتهن بالمعروف)). واتە: لەخوا بترسن لە ئافرەتاندا، چونکە ئەوان سپاردەی خوان لای ئێوە و بەهۆی وشەی خواوە بۆتان حەڵاڵ بوون، مافیشتان بەسەریانەوە ئەوەیە کە کەسێك نەهێننە سەرجێگەی ئێوە کە پێی ڕازی نیین، ئەگەر ئەو کارەیان کرد ئەوە لێدانێکی بریندار نەکەریان بکەن و مافی ئەوانیشە بەسەرتانەوە کە بژێوی و پۆشاکیان بەباشی بۆ دابین بکەن.

هەروەها لەفەرموودەی بەهزی کوڕی حەکیم لە موعاویەی کوڕی حەیدەی قوشەیریەوە، لەباوکیەوە لەباپیریەوە ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) مافی هاوسەرەکانمان چیە؟ فەرمووی: ((أن تطعمها إذا طعمت، وتكسوها إذا اكتسيت، ولا تضرب الوجه، ولا تقبّح، ولا تهجر الّا في البيت)). واتە: خواردنی پێ بدەیت ئەگەر نانت خوارد و پۆشاکی بۆ بکەیت کاتێ پۆشاکت کرد و نەدەیت لە دەموچاوی و پێی نەڵێیت ناشیرین و خوا ئاوات لێ بکات و لێ ی نەتۆرێی تەنها لەماڵەوەدا نەبێت.

هەروەها وەکیع، لە بەشیری کوڕی سولەیمانەوە، لە عیکرەمەوە، لە ئیبن عەباسەوە ئەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: من حەزدەکەم خۆم بۆ هاوسەرەکەم بڕازێنمەوە هەروەك چۆن حەزدەکەم ئەو خۆی بۆ من بڕازێنێتەوە، چونکە خوای گەورە ئەفەرموویت ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾ هەروەها ئیبن جەریر و ئیبن ئیبی حاتەم گێڕاویانەتەوە. هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ واتە: پیاوان پلەیەکیان بەسەر ئەوانەوە هەیە لەڕوی دروستکردن و پلەوپایەی و گوێڕایەڵی و بەخشین و دابین کردنی بەرژەوەندی و فەزل و چاکەی لەدونیا و دواڕۆژدا. وەك پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُوا۟ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ﴾ [النساء: ٣٤].

﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ ۖ فَإِمْسَاكٌۢ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌۢ بِإِحْسَٰنٍ ۗ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا۟ مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا ٱفْتَدَتْ بِهِۦ ۗ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٢٩﴾ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُۥ ۗ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ ۗ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٢٣٠﴾﴾

ئەم ئایەتە ئەم مەسەلەیە هەڵدەگرێت کە لەسەرەتای ئیسلام دابوو، کەتیایدا پیاو بۆی هەبوو هاوسەرەکەی بگێڕێتەوە هەتاوەکو لە(عدة)دابوایە، جا لەبەر ئەوەی کە ئەم کارە زیانی بۆ هاوسەرەکان تیادابوو خوای گەورە کورتی کردەوە بۆ سێ تەڵاق و ڕێگەی دا بەگێڕانەوە بۆ جارێك و دوو جار و لەسێیەمیشدا بەتەواوەتی خستی، وەك دەفەرموویت: ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِ ۖ فَإِمْسَاكٌۢ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌۢ بِإِحْسَٰنٍ﴾ ئەبوداود ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە(سنن)ەکەیدا ئەڵێت: ئەحمەدی کوڕی موحەمدی مەروزی، لە عەلی کوڕی حسەینی کوڕی واقیدەوە، لەباوکیەوە، لە یەزیدی نەحویەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ﴿وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ

﴿يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٖ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِيٓ أَرْحَامِهِنَّ﴾ ئایەتەکە. ئەمەش بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی پیاو ئەگەر هاوسەرەکەی تەڵاق دا، ئەوە بۆی هەیە بیگێڕێتەوە، ئەگەر چی سێ تەڵاقەشی دابێت، ئەوەبوو ئەمەی (نەسخ) کرد و فەرمووی: ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ﴾. واتە: تەڵاق دووانە.

هەروەها نەسائی لە زەکەریای کوڕی یەحیاوە، لە ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمەوە لە عەلی کوڕی حسەینەوە گێڕاویەتیەوە.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: هارونی کوڕی ئیسحاق، لە عەبدەی کوڕی سولەیمانەوە، لە هیشامی کوڕی عوروەوە، لەباوکیەوە، کەپیاوێك بەهاوسەرەکەی ووت: هەرگیز تەڵاقت نادەم و جێگەشت ناکەمەوە. ئەویش ووتی: چۆن؟ ووتی: تەڵاقت دەدەم هەرکات کاتی پاك بونەوەت نزیك بویەوە، ئەتبەمەوە لای خۆم، ئەوەبوو ئافرەتەکەش هاتە لای پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) و ئەوەی بۆ گێڕایەوە، خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ﴾ی نارده خوارەوە. ئیبن جەریریش لە تەفسیرەکەیدا لەڕێی جەریری کوڕی عەبدولحەمید و ئیبن ئیدریسەوە بەوشێوەیە دەیگێڕێتەوە، هەروەها عەبدی کوڕی حەمید لەتەفسیرەکەیدا لە جەعفەری کوڕی عەونەوە، هەمویان لە هیشامەوە، لەباوکیەوە، ئەڵێت: پیاو مافی گێڕانەوەی هاوسەرەکەی هەبوو ئەگەر دەیان جاریش تەڵاقی بدایە بەمەرجێ (عدة)ی بەسەر نەچوایە، پیاوێکی (أنصار)یش لە هاوسەرەکەی تورە بوویوو وتبوی: سوێند بەخوا نە بەخێوت دەکەم و نەلێشت جیا دەبمەوە، وتی: چۆن؟ وتی: تەڵاقت دەدەم، هەر کە وادەی پاك بونەوەت نزیك بویەوە، دەتگێڕمەوە لای خۆم، پاشان تەڵاقت دەدەمەوە و پاشان دەتگێڕمەوە و، منیش ئەوەم بۆ پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) گێڕایەوە، خوای گەورەش فەرمایشتی ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ﴾ی نارده خوارەوە، ئەوەبوو خەڵکی پێشوازیان لە تەڵاق کرد، ئەوانەی کە تەڵاقیان دابوو ئەوانەش کە تەڵاقیان نەدابوو. هەروەها ئەبوبەکری کوڕی مەردەویە لەڕێی موحەمەدی کوڕی سولەیمانەوە، لە یەعلای کوڕی شەبیبەوە، لە هیشامەوە لەباوکیەوە لە عائیشەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە.

هەروەها ترمزی لە قوتەیبەوە، لە یەعلای کوڕی شەیبەوەن پاشان لە

ئەبی کەریبەوە، لە ئیبن ئیدریسەوە، لە هیشامەوە، لەباوکیەوە بە(مرسل)ی گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: ئەمە (صحیح)ترە، هەروەها حاکم لە (مستدرك)دا لە ڕێگەی یەعقوبی کوڕی حەمیدی کوڕی کاسبەوە، لە یەعلای کوڕی شەبیبەوە گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: سەنەدەکەی (صحیح)ە. پاشان ئیبن مەردەویە ووتی: موحەمەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم لە ئیسماعیلی کوڕی عەبدوڵڵاوە، لە موحەمەدی کوڕی حەمیدەوە، لە سەلەمەی کوڕی فەزڵەوە، لە موحەمەدی کوڕی ئیسحاقەوە، لە هیشامی کوڕی عوروەوە، لە عائیشەوە، فەرمووی: تەڵاق کاتێکی دیاری نەبوو، بەڵکو کەسێك ژنەکەی تەڵاق دەدا و هەرکات بیویستایە دەی بردەوە لای خۆی ئەگەر (عدة)ی بەسەر نەچوایە، پیاوێکی ئەنساریش لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کێشەی هەبوو، ئەوەبوو پێی وت سوێند بەخوا نەتەڵاقت دەدەم و نەلای خۆشم دەتهێڵمەوە، ئەوەبوو چەند جارێك تەڵاقی داو هەر کە ماوەی (عدة)کەی بەرەو تەواوبوون دەڕۆشت دەیگێڕایەوە، خوا گەورەش فەرمایشتی: ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ﴾ نارده خوارەوە تەڵاقی کرد بە سیان کە گەڕانەوە پاش سێیەم ڕێگەی پێ نادرێت هەتاوەکو ئافرەتەکە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی تردا نەکات. بەهەمان شێوە لە قەتادەوە بە(مرسل)ی گێڕدراوەتەوە، سەدی و ئیبن زەید و ئیبن جەریر بەو شێوە هێناویانە و ئەمەی بە تەفسیری ئەم ئایەت زانیوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ﴾ واتە: ئەگەر یەك یان دوو تەڵاقت دا، ئەوە سەرپشکیت لەنێوان گێڕانەوەی دا بۆلای خۆت بەمەبەستی چاککردنەوەی نێوانتان یاخود وازلێهێنانی هەتاوەکو (عدة)ی کۆتایی دێت و لێت جیا دەبێتەوە بەبێ ئەوەی زیان و ئازاری پێ بگەیەنیت.

هەروەها ئیبن ئەبی تەڵحە لە ئیبن عەباسەوە، دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ئەگەر پیاو دوو تەڵاقی ژنەکەی دا، ئەوە با لەخوا بترسێت لەسێیەمدا، جایان بەچاکە لای خۆی بیهێڵێتەوە یان بەجوانی لێی جیابێتەوە و هەموو مافێکی پێ بدات.

هەروەها ئیبن ئەبی حاتەم ئەڵێت: یونسی کوڕی عەبدولئەعلا لە ئیبن وەهەبەوە، لە سوفیانی سەوریەوە، لە ئیسماعیلی کوڕی سەمیعەوە، ئەڵێ:

گوێم لە ئەبو ڕزین بوو ئەیوت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) لەفەرمایشتی پەروەردگاردا ﴿فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ﴾ ئەی سێیەمیان کامەیە؟ فەرمووی: ((التسريح بإحسان)) واتە: جیابونەوە لێی بەشێوەیەکی جوان. هەروەها عەبدی کوڕی حەمید لەتەفسیرەکەیدا بەم شێوە گێڕاویەتیەوە: یەزیدی کوڕی حەکیم لە سوفیانەوە، لە ئیسماعیلی کوڕی سەمیعەوە، کە ئەبو ڕزینی ئەسەدی ئەیوت: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ﴾ ئایا سێیەم کامەیە؟ فەرمووی: ((التسريح بإحسان الثالثة)) واتە: جیابونەوە بەجوانی سێیەمە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەدیش گێڕاویەتیەوە. بەهەمان شێوە سەعیدی کوڕی مەنسور لە خالیدی کوڕی عەبدوڵڵاوە، لە ئیسماعیلی کوڕی زەکەریا و ئەبی موعاویەوە لە ئیسماعیلی کوڕی سەمیعەوە، لە ئەبی ڕەزینەوە گێڕاویەتیەوە، هەروەها ئیبن مەردەویە لەڕێگەی قەیسی کوڕی ڕەبیعەوە، لە ئیسماعیلی کوڕی سەمیعەوە، لە ئەبی ڕەزینەوە، بە(مرسَل)ی هاتووە، دووبارە ئیبن مەردەویە لەڕێگەی عەبدولواحیدی کوڕی زیادەوە، لە ئیسماعیلی کوڕی سەمیعەوە، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، لەپێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) ، پاشان ئەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدولڕەحیم، لە ئەحمەدی کوڕی یەحیاوە، لە عوبەیدوڵڵای کوڕی جەریری کوڕی جیبلەوە، لە ئیبن عائیشەوە، لە حەمادی کوڕی سەلەمەی کوڕی قەتادەوە، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، ئەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، خوای گەورە دووجار باسی تەڵاقی کردوە، ئەی کوا سێیەم؟ فەرمووی: ﴿فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ﴾.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿وَلَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَأۡخُذُواْ مِمَّآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ شَيۡـًٔا﴾ واتە: دروست نییە بێزاریان بکەن و تەنگیان پێ هەڵچنن، هەتاوەکو لە هەموو یان هەندێ لەمارەییەکانیان خۆش بن. وەك خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَعۡضُلُوهُنَّ لِتَذۡهَبُواْ بِبَعۡضِ مَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖۚ﴾ [النساء:١٩] بەڵام ئەگەر ژنەکە بەئارەزوی خۆی لەبەشێك لە مارەییەکەی خۆش

بوو، ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيٓـًٔا مَّرِيٓـًٔا﴾ [النساء:٤] بەڵام ئەگەر ژن و مێرد ناکۆك بوون و ژنەکە مافی پیاوەکەی جێ بەجێ نەکرد و ڕقی لێی دەبوویەوە و نەیدەتوانی سەرجێی لەگەڵدا بکات، ئەوە بۆی هەیە مارەییەکەی پێ ببەخشێت و بۆ پیاوەکەش ناساییە کە لێی وەربگرێت و ستەم نییە، هەربۆیە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا ٱفْتَدَتْ بِهِۦ﴾.

بەڵام ئەگەر پاساوی نەبوو و داوای کرد ببەخشێت ئەوە ئیبن جەریر ئەڵێت: ئیبن بەشار لە عەبدولوەهابەوە، لە یەعقوبی کوڕی ئیبراهیمەوە، لە ئیبن عولەیەوە، هەموویان ئەڵێن: ئەیوب لە ئەبی قولابەوە، لەکەسێکەوە کە لە سەوبانەوە بۆی گێڕاوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أيما إمرأة سألت زوجها طلاقها في غير مابأس، فحرامٌ عليها رائحة الجنة)). هەروەها ترمزی لە بندارەوە، لە عەبدولوەهابی کوڕی عەبدولمەجیدی سەقەفیەوە، بەهەمان شێوە گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: سەنەدەکەی (حسن)ە، ئەڵێت: هەروەها لە ئەیوبەوە، لە ئەبی قەلابەوە، لە ئەبی ئەسماوە، لە سەوبانەوە گێڕدراوەتەوە، هەندێکیش لە ئەیوبەوە بەهەمان سەنەد گێڕاویانەتەوە و (مرفوع)یان کردوە.

واتە: هەر ئافرەتێك بەبێ هۆ داوای تەڵاق بکات، ئەوە بۆنی بەهەشتی لێ حەرامە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەبدولڕەحمان، لە حەمادی کوڕی زەیدەوە، لە ئەیوبەوە، لە ئەبی قولابە وە، ئەڵێت: ناوی ئەبو ئەسما و ئەبو سەوبانی هێنا، ووتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أيما امراة سألت زوجها الطلاق في غيرما بأس فحرامٌ عليها رائحة الجنة)). هەروەها ئەبو داود و ئیبن ماجە و ئیبن جەریر بەهەمان شێوە لەفەرموودەی حەمادی کوڕی زەیدەوە گێڕاویانەتەوە.

ڕێگەیەکی تر- ئیبن جەریر ئەڵێت: یەعقوبی کوڕی ئیبراهیم، لە موعتەمیری کوڕی سولەیمانەوە، لە لەیسی کوڕی ئەبی ئیدریسەوە، لە

سەوبانی خزمەتگوزاری پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لێ بێت) ، لەپێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) کە فەرموویەتی: ((أيما إمرأة سألت زوجها الطلاق في غيرما بأس حرم الله عليها رائحة الجنة)).

پاشان ئیبن جەریر و ترمزی لە ئەبی کەریبەوە، لە موزاحیمی کوڕی داودی کوڕی عولەیەوە، لەباوکیەوە لە لەیسەوە مەبەست: ئیبن ئەبی سەلیمە، لە ئەبی خەتتابەوە، لە ئەبی زەرعەوە، لە ئەبی ئیدریسەوە، لە سەوبانەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((المختلعات هن المنافقات)). پاشان ترمزی ئەڵێت: لەم ڕێگەیەوە نامۆیە و سەنەدەکەشی بەهێز نیە.

فەرموودەیەکی تر: ئیبن جەریر ئەڵێت: ئەبو کەریب لە حەفسی کوڕی بەشیرەوە، لە قەیسی کوڕی ڕەبیعەوە، لە ئەشعەسی کوڕی سوارەوە، لە حەسەنەوە، لە سابتی کوڕی یەزیدەوە، لە عوقبەی کوڕی عامرەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إنّ المختلعات المنتزعات هن المنافقات)). لەم ڕوەشەوە لاوازە.

فەرموودەیەکی تر - پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: عەفان لە وەهیبەوە، لە حەسەنەوە، لە ئەبی هورەیرەوە، لەپێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) ئەفەرموێت: ((المختلعات والمنتزعات هن المنافقات)).

فەرموودەیەکی تر- ئیبن ماجە ئەڵێت: بەکری کوڕی خەلەف لە ئەبو عاسمەوە، لە جەعفەری کوڕی یەحیای کوڕی سەوبانەوە، لەمامیەوە عەمارەی کوڕی سەوبان، لە عەتاوە، لە ئیبن عەباسەوە: کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لاتسأل امرأة زوجها الطلاق في غير كنهه، فتجد ريح الجنة، وإن ريحها ليوجد من مسيرة اربعين عاما)).

واتە: هەر ئافرەتێك بەبێ هۆ داوای تەڵاق لەپیاوەکەی بکات، ئەوە بۆنی بەهەشت ناکات، لەکاتێکدا کە بۆنی چل ساڵ ڕێ دەڕوات.

پاشان کۆمەڵێکی زۆر لەپێشینان و پاشینان فەرمویانە: خولع و دەست هەڵگرتنی پیاو لە ژنەکەی دروست نییە، مەگەر کێشە و ناکۆکی نێوان ژن و

مێرد بەهۆی ژنەکەوە بێت یاخود ژنەکە (ناشزة)بێت و لەگوێرایەڵی پیاوەکەی دەربچێت، لەم حاڵەتەدا دروستە پیاوەکە فیدیە وەرگرێت، بەڵگەشیان بۆ ئەمە فەرمایشتی: ﴿وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾ فەرموویانە: لێرەدا پەروەردگار تەنها بۆ ئەو حاڵەتە ڕێگە بە خولع دەدات، کەواتە لەهیچ حاڵەتێکی تردا بەبێ بەڵگە دروست نییە، ئەسڵیش نەبونی بەڵگەیە لەوکەسانەش کە ئەم بۆچونەیان هەیە ئیبن عەباس و تاوس و ئیبراهیم و عەتا و حەسەن و جمهور و زۆرینەی زانایان، تەنانەت مالیك و ئەوزاعي ئەفەرمون: ئەگەر شتێکی لێ وەرگرت و زیانی بەئافرەتەکە دەگەیاند، ئەوە پێویستە بۆی بگێڕێتەوە، ئەگەر تەڵاقەکە (رجعي)بوو، مالیك ئەفەرموویت: من خەڵکی -سەلەف-م بینیوە بەوشێوەیەیان کردوە. شافیعیش (ڕەزای خوای لێ بێت) پێی وایە کە(خولع) لەحاڵەتی ناکۆکی و نێوان خۆشیشدا دروستە و ئەمەش ڕای سەرجەم هاوەڵانیەتی.

هەروەها شێخ ئەبو عومەری کوڕی لبیر لە کتێبی (الاستذکار)دا لە بەکری کوڕی عەبدوڵڵای مەزینیەوە ئەگێڕێتەوە، کە ئەو پێی وابوە کە خولع نەسخ کراوە بەفەرمایشتی: ﴿وَءَاتَيْتُمْ إِحْدَىٰهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْـًٔا﴾ [النساء: ٢٠] واتە: ئەگەر باری چەند حوشترێك مارەیتان دا بەئافرەتێك ئەوە هیچی لێ مەستێننەوە.

هەروەها ئیبن جەریریش لێیەوە گێڕاویەتیەوە. ئەمەش ڕایەکی لاوازە و دەدرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا.

هەروەها ئیبن جەریر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی ئەوەی کردوە کە ئەم ئایەتە لەبارەی سابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەماس و حەبیبەی کچی عەبدوڵڵای ئوبەی کوڕی سەلولەوە دابەزیوە، بارێگاکانی هاتنی فەرموودەکەی و جیاوازی وشەکانی باس بکەین.

پێشەوا مالیك لە(موطأ)دا ئەفەرموویت: لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە، لە عەمرەی کوڕی عەبدلڕەحمانی کوڕی سەعیدی کوڕی زەرارەوە: کە ئەو لە حەبیبەی کچی سەهلی ئەنساریەوە، کەهاوسەری سابتی کوڕی قەیسی کوڕی

شەماس بووە بۆی گێڕاوتەوە، کە پێغەمبەری خوا چووتە دەرەوە بۆ نوێژی بەیانی و بینی حەبیبەی کچی سەهل لەبەر دەرگاکەیدا لە(الغلس) وەستاوە، پێغەمبەری خواش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((مَنْ هذه؟)) واتە: ئەوە کێیە؟ ووتی: حەبیبەی کچی سەهل. فەرمووی: ((ماشأنك؟)) واتە: کارت چیە؟ ووتی: نەمن و نە سابتی کوڕی قەیس کاتێ سابتی کوڕی قەیسی هاوسەری هات، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) پێی فەرموو: ((هذه حبيبة بنت سهل قد ذكرت ماشاءالله أن تذكره)) واتە: ئەوە حەبیبەی کچی سەهلە هاتو شتانێکی وت کە خوای گەورە ویستی لەسەربوو، حەبیبەش ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا هەرچی پێداوم لام ماوە پێغەمبەری خواش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((خذ منها)) واتە: لێی وەرگرە. ئەویش لێی وەرگرتەوە و حەبیبەش چووەوە بۆ ماڵی باوکی. هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدیەوە، لە مالیکەوە بەسەنەدی خۆی بەهەمان شێوە گێڕاویەتیەوە.

فەرموودەیەکی تر- لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت)، ئەبوداود و ئیبن جەریر وتویانە: موحەمەدی کوڕی موعەمەر، لە ئەبو عامرەوە، لە عەمری سەدوسیەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکرەوە، لە عەمرەوە لە عائیشەوە، کە حەبیبەی کچی سەهلی هاوسەری سابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەماس لەلایەن سابتەوە لێی درابوو و شوێنێکی شکاندبوو ئەویش بەیانیەك هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و سکاڵای ئەو کارەی لاکرد، پێغەمبەری خواش سابتی بانگ کرد و فەرمووی: ((خذ بعض مالها وفارقها)) واتە: هەندێ لەسامانەکەی ببەو لێی جیابەرەوە. ئەویش ووتی: ئەوە باشە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((نعم)) واتە: بەڵێ. ووتی: من دوو باخم کردوە بە مارەیی و ئێستا بەدەستی ئەوەوەن، پێغەمبەری خواش فەرمووی: ((خذهما وفارقها)) واتە: بیانبە و جیابەرەوە. ئەویش ئەو کارەی کرد. ئەمەش (لفظ)ی ئیبن جەریر و ئەبو عەمری سەدوسیش کە سەعیدی کوڕی سەلەمەی کوڕی ئەبی حوسامە.

فەرموودەیەکی تر- لە ئیبن عەباسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت). بوخاری ئەڵێت: ئەزهەری کوڕی جەمیل لە عەبدولوەهابی سەقەفیەوە، لە خالیدەوە،

لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە فەرمووی: کەهاوسەرەکەی سابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەماس، هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) و ووتی: کەم و کورتی لە دین و ڕەوشتیدا بەدی ناکەم، بەڵام حەز بە کوفر ناکەم لە ئیسلامدا، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أتردين عليه حديقته؟)) واتە: باخەکەی بۆ دەگێڕیتەوە؟ ووتی: بەڵێ. پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((إقبل الحديقة وطلقها تطليقة)) واتە: باخەکە قبول بکە تەڵاقی بدە.

بەهەمان شێوە نەسائی لە ئەزهەری کوڕی جەمیلەوە بەسەنەدی خۆی گێڕاویەتیەوە. هەروەها بوخاریش لە ئیسحاقی واسیتیەوە، لە خالیدی کوڕی عەبدوڵڵاوە لە خالیدی کوڕی میهرانەوە، لە عیکریمەوە گێڕاویەتیەوە.

بەهەمان شێوە بوخاری لەچەند ڕێگەیەکەوە لە ئەیوبەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، گێڕاویەتیەوە و لەهەندێکی دا هاتووە کە حەبیبە وتویەتی: ناتوانم لەگەڵیدا بژیم. واتە: بەهۆی ڕق بونمەوە لێی. ئەم فەرموودەیەش تەنها لەم ڕێگەیەوە لای بوخاری هاتووە، پاشان دەڵێت: سولەیمانی کوڕی حەرب لە حەمادی کوڕی زەیدەوە، لە ئەیوبەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، کە جەمیلە (ڕەزای خوای لێ بێت) واهاتووە بەڵام بەناوبانگتر ئەوەیە کەناوی حەبیبە بوە وەك ئاماژەمان پێدا، بەڵام پێشەوا ئەبوعەبدوڵڵای کوڕی بەتە ئەڵێت: ئەبویوسفی یەعقوبی کوڕی یوسفی تەباخ بۆی باسکردم، لە ئەبوقاسمی عەبدوڵڵای کوڕی موحەمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی بەغەویەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری قەواریریەوە، لە عەبدولئەعلاوە، لە سەعیدی کوڕی قەتادەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، فەرمووی: جەمیلەی کچی سەلول هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) و ووتی: سوێند بەخوا ڕەخنەم لە ئاین و ڕەوشتی سابتی کوڕی قەیس نییە، بەڵام حەزم لەکوفرنیە لە ئیسلامدا، هێندە ڕقم لێیەتی ناتوانم لەگەڵیدا بژیم. پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) پێی ووت: ((تردين عليه حديقته؟)) واتە: باخەکەی بۆ دەگێڕیتەوە؟ ووتی: بەڵێ. پاشان پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمانی کرد ئەوەی داویەتی بیباتەوە بەبێ زیادکردن.

هەروەها ئیبن مەردەویە لەتەفسیرەکەیدا لە موسای کوڕی هارونەوە، لە ئەزهەری کوڕی مەروانەوە، لە عەبدولئەعلاوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە.

بەهەمان شێوە ئیبن ماجە لە ئەزهەری کوڕی مەروانەوە بەهەمان سەنەد گێڕاویەتیەوە، سەنەدەکەش باش و ڕاستە. هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: ئیبن حەمید لە یەحیای کوڕی وازحەوە، لە حەسەنی کوڕی واقیدەوە، لە سابتەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی ڕەباحەوە، لە جەمیلەی کچی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەلولەوە، ئەگێڕێتەوە: کە ئەو هاوسەری سابتی کوڕی قەیس بوە و یاخی بوە لێی، پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لێ بێت) ناردویەتی بەشوێنیدا و فەرموویەتی: ((یا جمیلة ماکرهت من ثابت؟)) واتە: چی سابتت بەدل نیە؟ ووتی: سوێند بەخوا کەم و کورتی لەئاین و ڕەوشتی دا بەدی ناکەم، بەڵام حەزم لەشێوەی نیە. پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أتردین علیه الحدیقة؟)) ووتی: بەڵێ. پاشان باخەکەی بۆ گێڕایەوە و جیای کردنەوە. هەروەها ئیبن جەریر ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی عەبدولئەعلا لە موعتەمەری کوڕی سولەیمانەوە، ئەگێڕێتەوە، بۆ فەزیلم خوێندەوە لە ئیبن جەریرەوە، کە پرسیاری کردوە لە عیکریمە ئایا خولع بنەمایەکی هەیە؟ ووتی: ئیبن عەباس ئەیفەرموو: یەکەم خولع بۆ خوشکی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بوو، کاتێ هاتە خزمەت پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا هیچ شتێك سەری من و ئەو پێکەوە کۆناکاتەوە، من لەناو چەند کەسێکدا بینیم لەهەموویان ڕەشتر و کورتە باڵاتر و ناشیرینتر بوو. پیاوەکەشی ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) من باشترین ماڵم کردوە بەمارەیی، کەباخەکەمە، جابەڵکو بۆم بگێڕێتەوە. فەرمووی: ((ما تقولین؟)) واتە: چی دەڵێی؟ ووتی: باشە، ئەگەر بیەوێ زیاتریشی بۆ دەگێڕمەوە. پاشان لەیەکتر جیای کردنەوە.

فەرموودەیەکی تر- ئیبن ماجە ئەڵێت: ئەبوکەریب لە ئەبوخالیدی ئەحمەرەوە، لە حەجاجەوە، لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە، لەباوکیەوە لەباپیریەوە، ئەگێڕێتەوە کە وتویەتی: حەبیبەی کچی سەهل هاوسەری سابتی کوڕی قەیس بوو، ئەویش پیاوێکی جوان نەبوو. حەبیبەش ووتی: ئەی

پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) سوێند بەخوا ئەگەر لەبەرخوا نەبوایە کاتێ دەهاتە لام تفم دەکردە نێوچەوانی. پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((أتردين إليه حديقته؟)) ووتی: بەڵێ. پاشان باخەکەی بۆ گێڕایەوە و پێغەمبەریش لەیەکترجیای کردنەوە.

زانایانیش جیاوازیان هەیە سەبارەت بەوەی کە ئایا دروستە پیاو زیاتر لەوەی لێ وەرگرێت کە پێی داوە؟ (جمهور) و زۆرینە بەدروستی دەزانن، بەبەڵگەی فەرمایشتی ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ ئیبن جەریر ئەڵێت: یەعقوبی کوڕی ئیبراهیم، لە ئیبن عولەیەوە ئەگێڕێتەوە کە وتویەتی: ئەیوب لە کەسیری خزمەتکاری سەمرەوە بۆی باسکردم کە ئافرەتێکی (ناشزة)و یاخی بوو لەفەرمان ی هاوسەرەکەی هێنرا بۆ لای عومەر، ئەویش فەرمانی دا کە لەماڵێکی پڕ پەین و سەنێردا بەندی کەن -٣جار- پاشان پێی ووت: چۆن بوو؟ ووتی: لەوەتەی کە لای ئەوم تەنها ئەمشەو پشوم داوە. عومەریش بەپیاوەکەی ووت: هەموو شتەکانی لێ وەرگرەوە بە گوارەکانیشەوە و پاشان جیای کردنەوە.

هەروەها عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە، لە ئەیوبەوە، لە کەسیری خزمەتکاری سەمرەوە هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە و زیادەیەکیشی هێناوە: سێ ڕۆژ تایدا بەندی کرد.

سەعیدی کوڕی ئەبی عرویە لە قەتادەوە، لە حەمیدی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە: کە ئافرەتێك هاتە لای عومەری کوڕی خەتتاب و سکاڵای مێردەکەی کرد، ئەویش لە گەوڕدا بەندی کرد تابەیانی، کاتێ ڕۆژ بویەوە پێی ووت: شوێنەکەت چۆن بوو؟ ووتی:هیچ شەوێك لای مم هێنده بەلامەوە خۆش نەبووە. فەرمووی بە پیاوەکەی: چیت پێ داوە لێی وەرگرەوە بە تەوقەکەی سەریشیەوە.

بوخاری ئەفەرموویت: عوسمان مۆڵەتی خولع ی داوە بەبێ ئەوەی تەوقەی سەری لێ وەرگرێتەوە. هەروەها عەبدولڕەزاق ئەڵێت: موعەمەر لە عەبدوڵلای کوڕی عەقیلەوە ئەگێڕێتەوە، کە ڕەبیعی کچی معەوزی کوڕی عەفرا بۆی باسکردوە و وتویەتی: هاوسەرێکم هەبوو، ئەگەر لام بوایە خێری

کەمم پێ دەگەشت و کاتێ لەوێش نەبووایە بێ بەشی دەکردم. ئەڵێت: ڕۆژێکیان هەڵەیەکە کرد و پێم ووت: (خولع)م بکە و هەرچیم هەیە بۆت دەگێڕمەوە. ووتی: باشە. ئەڵێ: منیش هەموو شتەکانم پێدا، ئەوەبوو لەگەڵ مەعازی کوڕی عەفرای مامەدا بوبە ناکۆکیان و کێشەکەیان بردە لای عوسمانی کوڕی عەفان، ئەویش خولعەکەی پەسەندکرد و فەرمانی کرد کە هەموو شتێك ببات کە لە تەوقەی سەر بەنرختربێت. ئەمەش مانای وایە کە دروستە هەموو شتێك ببات جگە لە تەوقەی سەر، ئەمەش ڕای ئیبن عومەر و ئیبن عەباس و موجاهید و عیکریمە و ئیبراهیمی نەخعی و قەبیسەی کوڕی زوئەیب و حەسەنی کوڕی سالح و عوسمانی بەتی یە و مەزهەبی مالیك و لەیس و شافیعی و ئەبی سەورە و ئیبن جەریریش هەڵیبژاردوە. هاوەڵانی ئەبو حەنیفە ئەڵێت: ئەگەر زیان گەیاندن لەلایەن ئافرەتەکەوەبوو، ئەوە دروستە هەموو ئەو شتانەی لێ وەرگرێتەوە کەپێی داوە بەڵام لەوە زیاتر دروست نییە، ئەگەر زیاتری برد بە قەرز ئەوە دروستە، بەڵام ئەگەر زیان گەیاندن بەهۆی پیاوەکەوە بوو، ئەوە دروست نییە هیچ شتێکی لێ وەر بگیرێتەوە، ئەگەر شتێکی لێ وەرگرت، ئەوە بەقەرز دروستە.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد و ئەبو عوبەید و ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی وتویانە: دروست نییە زیاتر لەوەبات کە پێی داوە. ئەمەش قسەی سەعیدی کوڕی موسەیب و عەتا و عەمری کوڕی شوعەیب و زوهری و تاوس و حەسەن و شەعبی و حەمادی کوڕی ئەبی سولەیمان و ڕەبیعی کوڕی ئەنەسە، موعەمەر و حەکیمیش ئەڵێن: عەلی ئەیفەرمو: ئافرەتێك کەداوای خولع ی کردبێت زیاتر لەوەی لێ ناسەنرێتەوە کە پێی دراوە. ئەوزاعیش ئەڵێت: دادوەرەکان ڕێگا بەوە نادەن زیاتر لەوەی لێ بسەنرێتەوە کە پێی دراوە.

ئەڵێم: بەڵگەی ئەم ڕایەش ئەوەیە کە لەڕیوایەتی قەتادە دا لە عیکریمەوە لە ئیبن عەباسەوە هاتبوو، لەچیرۆکی سابتی کوڕی قەیس، کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) فەرمانی پێکرد کە تەنها باخەکەی لێ وەرگرێتەوە نەك زیاتر، هەروەها بەوەی کە عەبدی کوڕی حەمید دەیگێڕێتەوەو ئەڵێت: قەبیسە لە سوفیانەوە، لە ئیبن جەریرەوە، لە عەتاوە، کە پێغەمبەر

(دروودی خوای لێ بێت) پێی خۆش نەبوو زیاتر لەوەی لێ وەرگرێتەوە کە پێی دراوە، ئایەتەکەشیان بەو مانایە لێك داوەتەوە ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ واتە: گوناهیان ناگات ئەگەر ئافرەتەکە پیاوەکە ببەخشێت لەهەندێك لەوەی کە پێی داوە. بەبەڵگەی پێشکەوتنی فەرمایشتی: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ واتە: لەوەی کە پێی داوە.

ڕەبیعی کوڕی ئەنەسیش بەم شێوەیە دەی خوێندەوە ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ ئیبن جەریر گێڕاویەتیەوە. هەربۆیە دوای ئەوە فەرموویەتی: ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾.

واتە: ئەوانە سنوری پەروەردگارن، مەیان بەزێنن.....هتد.

بەشێك: شافیعی ئەفەرموێت: هاوەڵانمان جیاوازیان هەیە سەبارەت بە خولع، سوفیان لە عومەری کوڕی دینارەوە، لە تاوسەوە، لە ئیبن عەباسەوە پێی ڕاگەیاندین کە پیاوێك دوو تەڵاقی ژنەکەی داوە، پاشان داوای خولع ی لێ کرد، ئەوە ئەتوانێت مارەی بکاتەوە ئەگەر بیەوێت. چونکە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلَّا أَن يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٢٢٩﴾ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا﴾ی خوێندەوە شافیعی ئەفەرموێت: هەروەها سوفیان لە عەمرەوە، لە عیکریمەوە، وتی: هەرشتێك کە بەپارە مۆڵەتی پێ بدرێت ئەوە تەڵاق نییە، هەروەها جگە لە شافیعی لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە، لە عەمری کوڕی دینارەوە، لە تاوسەوە، لە ئیبن عەباسەوە: کە ئیبراهیمی کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس پرسیاری لێکرد و وتی: پیاوێك خێزانەکەی دوو تەڵاق داوە پاشان داوای خولع ی لێکرد، ئایا بۆی هەیە دوبارە مارەی بکاتەوە؟ ووتی: بەڵێ، خولع تەڵاق نییە، خوای گەورە لەسەرەتا و کۆتایی ئایەتەکەدا باسی تەڵاقی کردوە و لەنێوەنددا باسی خولع ی کردوە، کەواتە خولع هیچ نییە، پاشان فەرمایشتی ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ

﴿بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَٰنٍ﴾ی خوێندەوە هەروەها فەرمایشتی ﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُۥ﴾ی خوێندەوە ئەمەش کە ئیبن عەباس بۆی چوە، کە (خولع) تەلاق نییە بەڵکو هەڵوەشاندنەوەیە، لە پێشەوای باوەڕداران عوسمانی کوڕی عەفان و ئیبن عومەرەوە گێڕدراوەتەوە و ڕایەکی تاوس و عیکریمەشە و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە و ئەبوسەور و داودی کوڕی عەلی زاهیریش ڕایان لەسەریەتی و مەزهەبی شافیعیشە لەڕای کۆنیدا. ڕواڵەتی ئایەتە پیرۆزەکەش ئەمە دەخوازێت.

ڕای دووەم سەبارەت بە (خولع): ئەوەیە کە تەلاقێکی (بائن)ە، مەگەر نیەتی زیاتر لەوەی هەبێت. مالیك ئەڵێت: لە هیشامی کوڕی عوروەوە، لەباوکیەوە، لە جەهمانی خزمەتکاری ئەسلەمیەکانەوە لە ئوم بەکری ئەسلەمیەوە: کە داوای خولع لە عەبدوڵڵای کوڕی خالیدی کوڕی ئەسید کردوە و هەردوکیان چونەتە خزمەت پێشەوا عوسمان ئەویش فەرمووی: یەك تەلاقە، مەگەر ناوی شتێکت هێنابێ ئەوە بەو شێوەیەیە کە وتوتە. شافیعی ئەفەرموێت: جەهمان ناناسم، هەروەها پێشەوا ئەحمەدیش ئەم (أثر)ەی بەلاواز داناوە. پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها هاوشێوەی ئەمەش لە عومەر و عەلی و ئیبن مەسعود و ئیبن عومەریشەوە گێڕدراوەتەوە، هەروەها قسەی سەعیدی کوڕی موسەییب و حەسەن و عەتا و شورەیح و شەعبی و ئیبراهیم و جابری کوڕی زەیدیشە، هەروەها بۆچونی مالیك و ئەبوحەنیفە و هاوەڵانی و سەوری و ئەوزاعی و ئەبو عوسمانی بەتی و شافیعییشە لەڕای نوێیدا، بەڵام حەنەفیەکان پێیان وایە هەرکاتی خولعکار نیەتی یەك یان دوو تەلاقی هێنا یان بەڕەهایی ووتی، ئەوە یەك تەلاقی (بائن)ە، ئەگەر نیەتی سێ تەلاقیشی هێنا ئەوە سێ تەلاقە، هەروەها شافیعیش قسەیەکی تری هەیە لەبارەی خولعەوە و ئەڵێت: ئەگەر وشەی تەلاقی بەدەمدا نەهات و بەڵگەیەکی لەگەڵدا نەبو، ئەوە هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت.

مەسەلەیەك: مالیك و ئەبوحەنیفە و شافیعی و ئەحمەد و ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە لەڕیوایەتیکدا لێیانەوە کە بەناوبانگترە پێیان وایە ئافرەتی خولع

خواز (عدّة)ی وەك (عدّة)ی تەڵاقدراو وایە و بەسێ (قرء) و حەیز دەبێت، ئەگەر دەکەوتە حەیزەوە. ئەمەش لە عومەر و عەلی و ئیبن عومەرەوە گێڕدراوەتەوە و سەعیدی کوڕی موسەیب و سولەیمانی کوڕی یەسار و عوروە و سالم و ئەبوسەلەمە و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و ئیبن شیهاب و حەسەن و شەعبی و ئیبراهیمی نەخعی و ئەبوعەیاز و خەلاسی کوڕی عومەر و قەتادە و سوفیانی سەوری و ئەوزاعی و لەیسی کوڕی سەعد و ئەبو عوبەیدیش وتویانە ترمزی ئەڵێت: هەروەها ڕای زۆرینەی ئەهلی عیلمە لە هاوەڵان و غەیری ئەوان، بەبەڵگەی ئەوەی کە خولع تەڵاقەن، هەربۆیە ئافرەتی خولع خوازیش وەك ئافرەتەکانی تر (عدّة)ی لەسەر پێویست دەبێت.

ڕای دووەم: (عدّة)کەی تەنها یەك حەیز دەخایەنێت هەتاوەکو ڕەحمی پاك ببێتەوە، ئیبن ئەبی شەیبە ئەڵێت: یەحیای کوڕی سەعید لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە ئەگێڕێتەوە کە: ڕەبیع داوای خولع ی لەپیاوەکەی کرد و هات بۆ خزمەتی عوسمانی مامی (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش فەرمووی (عدّة)ەکەی یەك حەیزە ئەڵێت: ئیبن عومەریش ئەیفەرمو: سێ حەیز دادەنیشێ، تەنانەت عوسمانیش ئەمەی فەرمو ئیبن عومەریش بەو شێوە فتوای دەدا و ئەیوت: عوسمان باشترین و زاناترینمانە. هەروەها عەبدە لە عەبدوڵڵاوە، لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە، ئەیوت: (عدّة)ی خولع خواز یەك حەیزە. هەروەها عەبدولڕەحمانی کوڕ موحەمەدی موحاربی، لە لەیسەوە، لە تاوسەوە، لە ئیبن عەباسەوە، فەرمووی: (عدّة) ی یەك حەیزە. ئەمەش ڕای عیکریمە و ئەبانی کوڕی عوسمانە و هەموو ئەوانەش کەپێشتر ناومان هێنان لەوانەی کە دەیانوت خولع هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیریە پێویستە پشتگیری ئەم ڕایە بکەن. بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەبوداود و ترمزی گێڕاویانەتەوە و فەرمویانە: موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەحیمی بەغدادی لە عەلی کوڕی بەحیرەوە، لە هیشامی کوڕی یوسفەوە لە موعەمەرەوە، لە عەمری کوڕی موسلیمەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، کە هاوسەرەکەی سابتی کوڕی قەیس داوای خولعی لێ کرد لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لێ بێت) پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمانی پێکرد کە یەك حەیز بمێنێتەوە.

پاشان ترمزی ئەفەرموویت: ئەم فەرموودەیە -حسن و غریب-ە. عەبدولڕەزاق لە موعەمەرەوە، لە عەمری کوڕی موسلیمەوە، لە عیکریمەوە بە (مرسل)ی گێڕاویەتیەوە.

فەرموودەیەکی تر- ترمزی ئەڵێت: مەحمودی کوڕی غەیلان لە فەزڵی کوڕی موساوە، لە سوفیانەوە، لە موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە، کە خزمەتکاری بنەماڵەی تەڵحەبوو، لە سولەیمانی کوڕی یەسارەوە، لەڕەبیعی کچی معەوەزی کوڕی عەفراوە، کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لێ بێت) خولعی کردوە، پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمانی پێ کردوە، یاخود فەرمانی پێکراوە کە یەك حەیز بمێنێتەوە. ترمزی ئەڵێت: ڕاستتر ئەوەیە کە فەرمانی پێکراوە یەك حەیز بۆ (عدّة) بمێنێتەوە.

ڕێگەیەکی تر- ئیبن ماجە ئەڵێت: عەلی کوڕی سەلەمەی نەیسابوری لە یەعقوبی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی سەعدەوە، لەباوکیەوە، لە ئەبی ئیسحاقەوە، ئەڵێت: عوبادەی کوڕی وەلیدی کوڕی عوبادەی کوڕی سامتەوە، لە ڕەبیعی کچی معەوەزی کوڕی عیفراوە، ئەڵێت: پێم وت باسی خۆتم بۆ بکە، ووتی: پیاوەکەم خولع کرد، پاشان چومە لای عوسمان (ڕەزای خوای لێ بێت) و پرسیارم لێ کرد: چەندێك (عدّة)م لەسەرە؟ فەرمووی: هیچ (عدّة)یەکت لەسەرنیە، مەگەر یەکەم جارت بێت، ئەوە لای دەمێنیتەوە هەتاوەکو حەیزێك تەواو دەکەیت. ووتی: لەمەشدا شوێن بڕیاری پێغەمبەری خوا دەکەوم لەبارەی مریەمی موغالیەوە، کە هاوسەری سابتی کوڕی قەیس بوو و خولعی کرد.

هەروەها ئیبن لوهەیعە لە ئیبن ئەسوەدەوە، لە ئەبی سەلەمە و موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی سەوبانەوە، لە ڕەبیعی کچی معەوەزەوە، ووتی: گوێم لەپێغەمبەری خوابوو فەرمانی دەکرد بەهاوسەری سابتی کوڕی قەیس کاتێ خولعی کرد کە یەك حەیز بمێنێتەوە بۆ (عدّة).

مەسەلەیەك: پیاوی خولع کرد و بۆی نییە هاوسەرە خولع کراوەکەی لەعیددە دا بگێڕێتەوە لای خۆی بەبێ ڕەزامەندی ئافرەتەکە، ئەمەش بەپێی ڕای چوار پێشەواکە و زۆرینەی زانایان، چونکە ئەو ئافرەتە خۆی ئازاد

کردوە بەو پارەیەی کە بەهاوسەرەکەی بەخشیوە. لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفی و ماهانی حەنەفی و سەعیدی کوڕی موسەییب و زوهریەوە، گێڕدراوەتەوە کە وتویانە: ئەگەر ئەو سامانەی بۆ گێڕایەوە کەپێی دابوو، ئەوە دروستە لە عیددە دا بەبێ ڕەزامەندی ئافرەتەکە بیگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەمەش هەڵبژاردەی ئەبی سەورە (ڕەزای خوای لێ بێت)، سوفیانی سەوریش ئەڵێت: ئەگەر خولع بەهەمان وشەی تەڵاق نەبوو، ئەوە جیا بونەوەیە و بۆی نییە بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر ناوی تەڵاق ی بەسەردا جێ بەجێ دەبوو، ئەوە مافی گێڕانەوەی هەیە بەمەرجێ عیددەی تەواو نەکردبێت داودی کوڕی عەلی زاهیریش ڕای لێیەتی بەڵام هەموان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە خولع کرد و ئەتوانێت هاوسەرە خولع کراوەکەی مارە بکاتەوە، شێخ ئەبوعومەری کوڕی عەبدولبەریش لە کۆمەڵێکەوە ئەگێڕێتەوە. کەوتویانە: ئەوە بۆ ئەو و غەیری ئەویش دروست نییە، ئەمەش قسەیەکی نامۆیە و ڕەتدەکرێتەوە.

مەسەلەیەك: ئایا بۆی هەیە تەڵاقێکی تری بدات لە عیددە دا؟ زانایان سێ ڕایان لەسەری هەیە. یەکەمیان: بۆی نییە ئەو کارە بکات، چونکە ئافرەتەکە خاوەنی خۆیەتی و لەو جیابوەتەوە. ئەمەش ڕای ئیبن عەباس و ئیبن زوبەیر و عیکریمە و جابری کوڕی زەید و حەسەنی بەسری و شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە و ئەبوسەورە.

دوەمیان: مالیك ئەفەرموێت: ئەگەر بەدوای خولع دا ڕاستەوخۆ تەڵاقی بەدەمدا هات، ئەوە دەکەوێت، بەڵام ئەگەر نێوانی کەوت و پاش کەمێك بێدەنگ بوونی ووتی، ئەوە ناکەوێت، ئیبن عەبدولبەر ئەڵێت: ئەمەش هاوشێوەی ئەوەیە کە لە عوسمانەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕدراوەتەوە.

سێیەم: تەڵاقی دەکەوێ لەهەموو حاڵەتێکدا بەمەرجێ عیددەکەی تەواو نەبوبێت، ئەمەش قسەی ئەبی حەنیفە و هاوەڵەکانی و سەوری و ئەوزاعی و سەعیدی کوڕی موسەیب و شورەیح و تاوس و ئیبراهیم و زوهری و حاکم و حەکیم و حەمادی کوڕی ئەبی سولەیمانە و هاوڕان لەگەڵیداو و لە ئیبن مەسعود و ئەبی دەردایشەوە گێڕدراوەتەوە، ئیبن عەبدولبەر ئەڵێت: ساغ نەبوەتەوە کە ئیبن مەسعود و ئەبی دەردا شتی وایان وتبێت.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَاۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ واتە: ئەو شەرعەی کە خوای گەورە بۆی بڕیاردراون، سنورەکانی مەبەزێنن، چونکە سنوری خوایە. وەك لەفەرموودەی (صحیح)دا هاتوە: ((إن الله حدّ حدوداً فلا تعتدوها، وفرض فرائض فلا تضيعوها، وحرم محارم فلا تنتهكوها، وسكت عن أشياء رحمة لكم غير نسيان فلا تسألواعنها))

واتە: خوای گەورە کۆمەڵە سنورێکی داناوە مەیبەزێنن، کۆمەڵ فەرزێکیشی داناوە مەی فەوتێنن، کۆمەڵە حەرامێکیشی دیاری کردوە ئنجامی مەدەن، لەکۆمەڵە شتێکیش بێدەنگ بوە وەك بەزەییەك بەرامبەر بەئێوە بەبێ لەبیر چوون ئێوەش پرسیاریان لەبارەوە مەکەن.

لەوانەشە کەسانێك کە کۆکردنەوە و ووتنی سێ تەڵاق بەیەك جار بەحەرام دەزانن، بەڵگە بەم ئایەتە بێننەوە، وەك مەزهەبی مالیکی و ئەوانەی کە هاوڕان لەگەڵیاندا، چونکە سوننەت لای ئەوان ئەوەیە کەیەك تەڵاقی بدات، بەبەڵگەی فەرمایشتی ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ﴾ پاشان فەرموویەتی: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَاۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ هەروەها ئەمە پاڵپشت دەکەن بە فەرموودەی مەحمودی کوڕی لەبید کە نەسائی لە(سنن)ەکەیدا گێڕاویەتیەوە و ئەڵێت: سولەیمانی کوڕی داود لە ئیبن وەهەبەوە، لە مەخرەمەی کوڕی بەکیرەوە، لەباوکیەوە، لە مەحمودی کوڕی لەبیدەوە، ئەڵێت: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) ئاگادار کرایەوە کە پیاوێك بەیەك جار هەرسێ تەڵاقی هاوسەرەکەی داوە، ئەویش هەستاو توڕەبوو پاشان فەرمووی: ((أيلعب بكتاب الله وأنا بين أظهركم؟)) واتە: ئایا یاری بە کتێبەکەی پەروەردگار دەکەن لەکاتێکدا کەمن لەنێوتاندام؟ هەتاوەکو پیاوێك هەستا و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بابیکوژم- لێرەدا بچڕانی تیادایە.

هەروەها فەرمایشتی: ﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُۥ﴾ واتە: ئەگەر پیاو تەڵاقی سێیەمی هاوسەرەکەی دا، پاش ئەوەی دووجار تەڵاقی دابوو، ئەوە حەرام دەبێت بۆی ﴿حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُۥ﴾ واتە:

هەتاوەکو هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی تردا بکات و بچێتەلای لەهاوسەرگیری و نیکاحێکی شەرعیدا، جائەگەر پیاوێك وەك کەنیزەك چوەلای ئەوە حەڵاڵ نابێتەوە بۆ پیاوی یەکەم، چونکە خاوەنی کەنیزەك بەمێرد دانانرێت. بەهەمان شێوە ئەگەر هاوسەر گیری کرد، بەڵام پیاوەکەی نەچوەلای، ئەوە بۆ یەکەم حەڵاڵ نابێت. لەنێو زۆرێك لە زانایانیشدا بەناوبانگە کە سەعیدی کوڕی موسەیب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: مەبەست لە حەڵاڵ بونی بۆ هاوسەری یەکەم بەمارە بڕینی بۆ دووەم بەدی دێت، بەڵام قسە لەسەر (صحیح)ی ئەم ڕایە هەیە، هەرچەندە شێخ ئەبوعومەری کوڕی عەبدولبڕ لە(استذکار)دا لەوەوە گێڕاویەتیەوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

هەروەها ئەبو جەعفەری کوڕی جەریر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەڵێت: ئیبن بەشار لە موحەمەدی کوڕی جەعفەرەوە، لە شوعبەوە، لە عەلقەمەی کوڕی مورسیدەوە، لە سالمی کوڕی ڕەزینەوە، لە سالمی کوڕی عەبدوڵڵاوە، لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە، لە ئیبن عومەرەوە، لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) سەبارەت بە پیاوێك کەئافرەتێك مارە دەکات و پاشان تەڵاقی دەدات پێش ئەوەی بچێتەلای، پاشان پیاوێکی تر مارەی دەکات و ئەویش پیش چونەلای تەڵاقی دەدات، ئایا ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆلای پیاوی یەکەم؟ فەرمووی: ((لا حتى تذوق عسيلته ويذوق عسيلتها)) واتە: نەخێر هەتاوەکو چێژ لەیەکتر نەبەن. بەم شێوە لەڕیوایەتی ئیبن جەریردا هاتوە.

هەروەها پێشەو ئەحمەدیش ئەیگێڕێتەوە و ئەڵێ: موحەمەدی کوڕی جەعفەر لە شوعبەوە، لە عەلقەمەی کوڕی مورسیدەوە، لە سالمی کوڕی ڕەزینەوە، لە سالمی کوڕی عەبدوڵڵاوە مەبەستی ئیبن عومەرە، لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە، لە ئیبن عومەرەوە، لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) : سەبارەت بە پیاوێك کە هاوسەرێکی دەبێت و تەڵاقی دەدات، پاشان پیاوێکی تر مارەی دەکات و پێش چونەلای تەڵاقی دەدات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆلای پیاوی یەکەم. پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: نەخێر، هەتاوەکو چێژی لێ نەبات. نەسائیش بەم شێوە گێڕاویەتیەوە لە عەمری کوڕی عەلی فلاس و ئیبن ماجەش لە موحەمەدی کوڕی بەشاری بندار هەردوکیان لە موحەمەدی کوڕی جەعفەری غندار لە شوعبەوە.

فەرموودەیەکی تر- ئیبن جەریر ئەڵێت: عوبەیدی کوڕی ئادەمی کوڕی ئەبی ئەیازی عەسقەلانی لە باوکیەوە، لە شەیبانەوە، لە یەحیای کوڕی ئەبی کەسیرەوە، لە ئەبی حارسی عەقاریەوە، لە ئەبو هورەیرەوە، ئەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەو ئافرەتەی کە هاوسەرەکەی سێ تەڵاقی دەدات و ئەویش شوو بەکەسێکی تر دەکات و ئەویش پێش چونەلای تەڵاقی دەدات، پیاوی یەکەمیش ئەیەوێ بیگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. ئایا دروستە ئەو کارە بکات؟ فەرمووی: ((لا، حتى يذوق الآ عسيلتها)) هەروەها لەڕێگەیەکی تریشەوە لە شەیبانەوە، کە ئیبن عەبدولڕەحمانە گێڕدراوەتەوە و ئەبوحارسیش نەناسراوە.

فەرموودەیەکی تر ئیبن جەریر ئەڵێت: یەحیای کوڕی عوبەیدوڵڵا، لە قاسمەوە، لە عائیشەوە. کەپیاوێك خێزانەکەی سێ تەڵاقدا، ئەویش هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی تردا کرد، بەڵام پێش ئەوە نزیکی بکەوێتەوە تەڵاقی دا، هەربۆیە پرسیاریان لەپێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) کرد: ئایا حەڵاڵ دەبێت بۆ یەکەم؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا، حتى يذوق من عسيلتها كما ذاق الأول)) بوخاری و موسلیم و نەسائی لە چەند ڕێگەیەکەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری عەمریەوە، لە قاسمی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکرەوە، لە عائیشەی پوریەوە. ڕێگەیەکی تر- ئیبن جەریر ئەڵێت: عوبەیدوڵڵای کوڕی ئیسماعیلی هوباری و سوفیانی کوڕی وەکیع و ئەبو هاشمی ڕوفاعی ئەڵێن: ئەبو موعاویە لە ئەعمەشەوە، لە ئیبراهیمەوە، لە ئەسوەدەوە، لە عائیشەوە ئەڵێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) سەبارەت بە پیاوێك کە هاوسەرەکەی تەڵاق دابێت و ئەویش شوی کردبێت بەپیاوێکی ترو ئەویش چوبێتە لای بەڵام پێش سەر جێگە کردن لەگەڵیدا تەڵاقی دا، ئایا حەڵاڵ دەبێت بۆ پیاوی یەکەم؟ ئەویش فەرمووی: ((لا تحل لزوجها الأول حتى يذوق الأخر عسيلتها وتذوق عسيلته)) بەهەمان شێوە ئەبوداود لە موسەدەد و نەسائی لە ئەبوکەریبەوە و هەردوکیان لە ئەبی موعاویەوە مەبەست موحەمەدی کوڕی حازمی زەریرە گێڕاویانەتەوە.

ڕێگەیەکی تر- موسلیم لە(صحیح)ەکەیدا ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی عەلای هەمەدانی، لە ئەبو ئوسامەوە، لە هیشامەوە، لەباوکیەوە، لە عائیشەوە کە پێغەمبەری خوا پرسیاری لێ کرا سەبارەت بە ئافرەتێك کە لەلایەن پیاوەکەیەوە تەڵاق بدرێت و دواتر شو بەپیاوێکی تر بکات و ئەویش پێش چونەلای تەڵاقی بدات، ئایا حەڵاڵ دەبێت بۆ پیاوی یەکەم؟ فەرمووی: ((لا حتى يذوق عسيلتها)). موسلیم ئەڵێت: ئەبوبەکری کوڕی ئەبوشەیبە، لە ئەبو فوزەیلەوە، لە ئەبوکەریبەوە، لە ئەبو موعاویەوە، هەمویان لە هیشامەوە بەهەمان سەنەد. هەروەها بوخاری لە ئەبو موعاویەی موحەمەدی کوڕی حازمەوە، لە هیشامەوە گێڕاویەتیەوە، موسلیمیش لەدوو ڕێگەکەی ترەوە بەتەنها هێناویەتی.

ئیبن جەریریش لەڕێگەی عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکەوە، لە هیشامی کوڕی عوروەوە، لەباوکیەوە، لە عائیشەوە بە(مەرفوع)ی هاوشێوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە - ئەمەش سەنەدێکی باشە- هەروەها ئیبن جەریر لەڕێگەی عەلی کوڕی زەیدی کوڕی جدعانەوە، لەهاوسەرەکەی باوکیەوە ئامینە ئوم موحەمەد، لە عائیشەوە لەپێغەمبەرەوە (درودی خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە.

ئەم دەقەش کە هاتووە کورت کراوەی ئەو فەرموودەیە کە بوخاری گێڕاویەتیەوە، عەمری کوڕی عەلی لە یەحیاوە، لە هیشامی کوڕی عوروەوە، لەباوکیەوە لە عائیشەوە بە(مرفوع) و بەرزکراوەیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە.

هەروەها عوسمانی کوڕی ئەبوشەیبە لە عەبدەوە، لە هیشامی کوڕی عوروەوە، لەباوکیەوە، لە عائیشەوە، کە ڕفاعەی قەرزی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا کرد و پاشان ئافرەتەکە هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و باسی ئەوەی کرد کە ئەو سەردانی ناکات. پێغەمبەریش (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لا حتى تذوقي عسيلته ويذوق عسيلتك)). تەنها ئەم لەم ڕێگەیەوە گێڕاویەتیەوە.

ڕێگەیەکی تر: پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەبدولئەعلا لە موعەمەرەوە، لە زوهریەوە، لە عوروەوە، لە عائیشەوە، فەرمووی: هاوسەری ڕوفاعەی قورزی

هاتە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) و من و ئەبوبەکریش لای بوین، ووتی: ڕوفاعە تەڵاقی تەواوی دام و عەبدولڕەحمانی کوڕی زوبەیر مارەی کردم، ئێستاش من لای وەك ڕیشاڵێکم، پاشان ئامارەی بە ڕیشاڵێکی کراسەکەی کرد. لەو کاتەشدا خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاس لەبەردەرگادا وەستابوو، هێشتا مۆڵەتی هاتنە ژورەوەی پێ نەدرابوو، ئەوەبوو بە ئەبوبەکری (ڕەزای خوای لێ بێت) وت: بۆ ڕێگریت لێ نەکرد، هەتاوەکو ئەو قسانە لەبەردەم پێغەمبەری خوادا نەکات؟ پێغەمبەری خواش (درودی خوای لێ بێت) جگە لە زەردەخەنەیەك هیچی نەکرد، پاشان فەرمووی: ((كأنك تريدين أن ترجعي الى رفاعة لاحتى تذوقي عسيلته ويذوق عسيلتك)). واتە: وەك ئەوەی تۆ بتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ لای ڕوفاعە نەخێر، هەتاوەکو چێژ لەیەکتر نەبەن.

بوخاریش بەهەمان شێوە گێڕاویەتیەوە لەفەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك و موسلیم لەفەرموودەی عەبدولڕەزاق و نەسائی لەفەرموودەی یەزیدی کوڕی زەریعەوە، هەرسێکیان لە موعەمەرەوە گێڕاویانەتەوە.

هەروەها لە فەرموودەی عەبدولڕەزاق دا لای موسلیم هاتوە: کە ڕوفاعە سێ تەڵاقی داوە، ئەمەش لەلایەن (جماعة)وە گێڕدراوەتەوە جگەلە ئەبوداود لەڕێگەی سوفیانی کوڕی عویەینە و بوخاری لەڕێگەی عوقەیل و موسلیم لەڕێگەی یونسی کوڕی یەزیدەوە، لای ئەویش بەسێ تەڵاقی کۆتایی هاتوە، هەروەها نەسائی لەڕێگەی ئەیوبی کوڕی موساوە، هەروەها ساڵحی کوڕی ئەبی ئەخزەر گێڕاویەتیەوە، هەمویان لە زوهري) لە عوروە لە عائیشەوە. هەروەها مالیك ئەڵێت: مسەوری کوڕی ڕوفاعە قەرزی لە زوبەیری کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی زوبەیرەوە: کە ڕوفاعەی کوڕی سموئال، تەمیمەی کچی وەهەبی هاوسەری لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لێ بێت) سێ تەڵاق دا. ئەویش هاوسەرگیری لەگەڵ عەبدولڕەحمانی کوڕی زوبەیر دا کرد، ئەوەبوو کەوتە نێوانیان وپێش چونەلای تەڵاقی دا. پاشان ڕوفاعەی کوڕی سموئال کەهاوسەری یەکەمی بوو ویستی نیکاحی بکات و بۆئەم مەبەستەش پرسی بە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) کرد، پێغەمبەریش

(درودی خوای لێ بێت) نەهی کرد لەهاوسەرگیری کردن لەگەڵیدا و فەرمووی: ((لاتحل لك حتى تذوق عسيلته)) هاوەڵانی (موطأ) بەم شێوەیە لەپێشەوا مالیکەوە گێڕاویەتیەوە و بچڕانیشی تیادایە و ئیبراهیمی کوڕی تەهمان و عەبدوڵڵای کوڕی وەهەب لە مالیکەوە، لە ڕوفاعەوە، لە زوبەیری کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی زوبەیرەوە، لەباوکیەوە.

بەشێك: مەبەست لەمێردی دووەم ئەوەیە کە ئارەزووی گێڕانەوەی هاوسەرەکەی هەبێت بۆ جاری دووەم بۆ درێژەدان بەهاوسەرگیری لەگەڵیدا. وەك لەهاوسەرگیری دا بەدی دەکرێت. هەروەها پێشەوا مالیك لەگەڵ ئەمەشدا مەرجێکی تری داناوە، کە ئەویش جوتبونیەتی لەگەڵ مێردی دووەم دا بەشێوەیەکی ڕێگە پێدراو، هەربۆیە ئەگەر لەکاتی ئیحرام یان ڕۆژوو یان ئیعتیکاف یان حەیز یان زەیسانی دا چوەلای، یاخود پیاوەکە بەڕۆژوو یان لەئیحرام یان ئیعتیکاف دابوو، ئەوە ئەو جوتبونە نابێتە هۆی حەڵاڵ بونی بۆ پیاوی یەکەم. هەروەها ئەگەر مێردی دووەم (زممي) و پەنادراو بوو ئەوە بەهاوسەرگیری کردن لەگەڵیدا حەڵاڵ نابێتەوە بۆ مێردی یەکەمی. چونکە نیکاحی بۆ بێ باوەڕ بەتاڵە لای ئەو. هەروەها حەسەنی بەسری مەرجی ئەوەیە بەپێی ئەوەی کە شێخ ئەبوعومەری کوڕی عەبدولبڕ لێیەوە گێڕاویەتیەوە کە مێردی دووەم ئاوی بێتەوە، وادیارە ئەمەی لە فەرمایشتی ((حتى تذوقى عسيلته ويذوق عسيلتك)) ئەمەش ئەخوازێت کە ئافرەتەکەش ئاوی بێتەوە، بەڵام مەبەست لە(عسيله) دابەزاندنی مەنی نییە بەڵکو جیماع و جوتبونە، بەبەڵگەی ئەوەی کە پێشەوا ئەحمەد و نەسائی لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ألا إن العسيلته الجماع)) بەڵام ئەگەر دووەم مەبەستی ئەوەبێت کە حەڵالی بکاتەوە بۆ یەکەم، ئەوە پێی دەوترێت ((محلّل)) و حەڵاڵکەر کە لەفەرموودەدا بەخراپی باسکراوە و نەفرەتی لێکراوە، ئەگەر ئەو مەبەستەش لە گرێبەستی هاوسەرگیریەکەدا بوترێت ئەوە نیکاحەکە بەتاڵە و دانامەزرێت لای جمهوری زانایان.

باسی ئەو فەرموودانەی کە لەوبارەوە هاتوون

فەرموودەی یەکەم لە ئیبن مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت). پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: فەزلی کوڕی دوکین، لە سوفیانەوە، لە ئەبی قەیسەوە، لە هوزەیلەوە، لە عەبدوڵڵاوە ئەڵێت: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) نەفرەتی کرد لەو ئافرەتەی کە خاڵ دەکوتێت و ئەوەش کە بۆی دەکوتێت و ئەوەی قژی دەسکرد و ساختە دادەنێ و ئەوەش کە بۆی دادەنێ هەروەها ئەو پیاوەی کە مارە بەجاش دەکات و ئەوەش کەداوای ئەوکارەی لێ دەکات، هەروەها سووخۆر و ئەوەش کە دەرخواردی دەدا. پاشان ئەحمەد و ترمزی و نەسائی لەڕێگەیەکی ترەوە لە سوفیانەوە لە ئەبی قەیسەوە لە شورەحبیلی ئەودیەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە، لەپێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) دەیگێڕێتەوە. پاشان ترمزی ئەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی (حسن و صحیح)ە، ئەڵێ: ئەهلی عیلم لە هاوەڵان وەك عومەر و عوسمان و ئیبن عومەر کاریان پێکردوە و ڕای زانایانی شوێنکەوتوانە و لە عەلی و ئیبن مەسعود و ئیبن عەباسیشەوە گێڕدراوەتەوە.

ڕێگەیەکی تر لە ئیبن مەسعودەوە، پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: زەکەریای کوڕی عەدی، لە عوبەیدوڵڵاوە لە عەبدولکەریمەوە، لە ئەبی واسلەوە، لە ئیبن مەسعودەوە، لەپێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((لعن الله المُحلِّل والمحَلَّل له)).

واتە: خوای گەورە نەفرەتی کردوە لەوەی کە مارە بەجاش دەکات و ئەوەش کە بۆی حەڵاڵ دەکات.

ڕێگەیەکی تر- پێشەوا ئەحمەد و نەسائی لەفەرموودەی ئەعمەشەوە، لە عەبدڵڵای کوڕی موڕەوە لە حارسی ئەعورەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە، فەرمووی: سوخۆر و ئەوەی دەرخواردی دەدا و هەردوشایەتەکەی و نوسەرەکەی ئەگەر پێی بزانن و ئەوەی قژی دەسکرد دادەنێت و ئەوەش بۆی دادەنێت، ئەوەش کە زەکات نادات و ئەوەش کە دەستدرێژی دەکاتە سەر زەکات و ئەو کەسەش کە لە ئاین پاشگەز دەبێتەوە پاش کۆچ کردن و

ئەو پیاوەی کە مارە بەجاش دەکات و ئەوەش کە بۆی دەکرێت، ئەمانە نەفرەتیان لێکراوە لەسەر زمانی موحەمەد (دروودی خوای لێ بێت) لەڕۆژی دوایدا.

فەرموودەی دووەم لە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێ بێت). پێشەوا ئەحمەد ئەڵێت: عەبدولڕەزاق لە سوفیانەوە، لە جابرەوە، لە شەعبیەوە، لە حارسەوە، لە عەلیەوە، ئەڵێت: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) نەفرەتی کرد لە سوخۆر و ئەوەی دەرخواردی دەدا و هەردوو شایەت و نوسەرەکەی و ئەوەی خاڵ دەکوتێت و ئەوەی بۆی دەکوتێت بۆ جوانی و ڕێگریکار لە بەخشین و مارەبەجاشکار و ئەوەی بۆی دەکرێت و نەهیشی دەکرد لە شیوەن کردن بۆ مردوو.

هەروەها پێشەوا ئەحمەد لە غوندورەوە، لە شوعبەوە، لە جابرەوە کە ئیبن یەزیدی جەعفییە، لە شەعبیەوە، لە حارسەوە، لە عەلیەوە گێڕاویەتیەوە.

بەهەمان شێوە لەفەرموودەی ئیسماعیلی کوڕی ئەبی خالید و حوصەینی کوڕی عەبدولڕەحمان و موجالیدی کوڕی سەعید و ئیبن عەونەوە، لە عامری شەعبیەوە گێڕاویەتیەوە.

هەروەها ئەبوداود و ترمزی و ئیبن ماجە لەفەرموودەی شەعبییەوە گێڕاویانەتەوە، پاشان ئەحمەد فەرمووی: موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا لە ئیسحاقی کوڕی ئیسرائیلەوە، لە ئەبی ئیسحاقەوە، لە حارسەوە، لە عەلیەوە، فەرمووی: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لێ بێت) نەفرەتی کرد لە سوخۆر و ئەوەی دەرخواردی دەدا و نوسەر و شایەتی و ئەوەی مارەبەجاش دەکا و ئەوەش بۆی دەکرێت.

فەرموودەی سێ یەم لە جابرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت). ترمزی ئەڵێت: ئەبوسەعید ئەشەج، لە شەعسی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی یەزیدی ئەیامیەوە، لە موجالیدەوە، لە شەعبیەوە، لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە، لە حارسەوە، لە عەلیەوە: کە پێغەمبەری خوا نەفرەتی کرد لەو کەسەی مارە بەجاش دەکات و ئەوەش کە بۆی دەکرێت. پاشان ئەڵێت: سەنەدەکەی

(موقوف) و وەستاو نییە و موجالیدیش لەلایەن زیاتر لە یەکێك لە ئەهلی عیلمەوە بەلاواز دانراوە لەوانە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل. ئەڵێت: هەروەها ئیبن نومەیر لە موجالیدەوە، لە شەعبیەوە، لە جابری کوڕی عەبدڵڵاوە، لە عەلیەوە، ئەڵێت: ئەمەش خەیاڵی ئیبن نومەیرە و فەرموودەی یەکەم (صحیح)ترە.

فەرموودەی چوارەم لە عوقبەی کوڕی عامرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) ، ئەڵێت: ئەبو عەبدوڵڵای موحەمەدی کوڕی یەزیدی کوڕی ماجە، لە یەحیای کوڕی عوسمانی کوڕی سالحی مەسیریەوە، لەباوکیەوە، ئەڵێت: گوێم لە لەیسی کوڕی سەعد بوو ئەیفەرمو: ئەبوموسعەبی مەشرح کە ئیبن هاعانە ئەڵێت: عوقبەی کوڕی عامر وتی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمووی: ((ألا أخبركم بالتيس المستعار؟)) واتە: ئایا پێتان نەڵێم سابرێنی خوازراو کێیە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) . فەرمووی: ((هو المحَلِّل، لعن الله المحلِّل والمحلَل له)) ئەو کەسەیە کە مارە بەجاش دەکات، نەفرەتی خوا لەو و لەوەی کەبۆی دەکات. بەتەنها ئیبن ماجە هێناویەتی. هەروەها ئیبراهیمی کوڕی یەعقوبی جوزجانی لە عوسمانی کوڕی سالحەوە، لە لەیسەوە گێڕاویەتیەوە. پاشان ئەڵێت: عوسمانیان ڕەت دەکردەوە لەم فەرموودەیەدا، (ئەڵێم): عوسمان یەکێکە لە کەسە متمانە پێکراوەکان، بوخاری لە(صحیح)ەکەیدا فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە و خەڵکی تریش ئەو کارەی کردوە، جەعفەری فەریابی لە عەباسەوە کە ناسراوە بە ئیبن فەریق، لە ئەبی سالحی عەبدوڵڵای کوڕی سالحەوە، لە لەیسەوە، لەئەمەوە، کەواتە ئەستۆی پاك بویەوە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

فەرموودەی پینجەم: لە ئیبن عەباسەوەیە (ڕەزای خوای لێ بێت). ئیبن ماجە ئەڵێت: موحەمەدی کوڕی بەشار لە ئەبو عامرەوە، لە زەمعەی کوڕی سالحەوە، لە سەلەمەی کوڕی وەهرامەوە، لە عیکریمەوە لە ئیبن عەباسەوە، فەرمووی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) نەفرەتی کرد لەو کەسەی مارەبەجاش دەکات و ئەوەش کە بۆی دەکرێت.

ڕێگەیەکی تر- پێشەوا حافز وتاربێژی دیمەشق ئەبوئیسحاقی ئیبراهیمی

کوڕی یەعقوبی جوزجانی سەعدی ئەڵێت: ئیبن ئەبی مریەم لە ئیبراهیمی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئەبی حەنیفەوە، لە داودی کوڕی حوصەینەوە، لە عیکریمەوە، لە ئیبن عەباسەوە، ئەڵێت: پرسیاریان لەپێغەمبەری خوا (درودی خوای لێ بێت) کرد سەبارەت بە مارەبەجاش، فەرمووی: ((لا، إلّا نكاح رغبة لانكاح دلسة، ولا إستهزاء بكتاب الله، ثم يذوق عسيلتها)).

واتە: نابێت، مەگەر نیکاحێکی ئارەزومەندانە، نەك هەڵخەڵەتاندن یاخود گاڵتە کردن بە فەرمایشتی خوا و دواتریش دەبێت بیچێژێت واتە: بچێتەلای.

ئەم دوو سەنەدەش پاڵپشت دەکرێن بەو فەرموودەی کە ئەبوبەکری کوڕی ئەبی شیبە لە حەمیدی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە، لە موسای کوڕی ئەبی فوراتەوە، لە عەمری کوڕی دینارەوە لەپێغەمبەری خواوە (درودی خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە کە هاوشێوەی ئەمەیە، کەواتە ئەم فەرموودە (مرسل)ە و ئەوەی پێشتر بەمە بەهێز دەبێت و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.

فەرموودەی شەشەم لە ئەبی هورەیرە (ڕەزای خوای لێ بێت) ، پێشەوا ئەحمەد ئەفەرموێت: ئەبوعامر لە عەبدوڵلا مەبەست ئیبن جەعفەرە، لە عوسمانی کوڕی موحەمەدەوە، لە مەقبەرییەوە، لە ئەبوهورەیرەوە فەرمووی: پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) نەفرەتی کرد لەوکەسەی کە مارەبەجاش دەکات و ئەوەش کە بۆی دەکرێت. هەروەها ئەبوبەکری کوڕی ئەبی شەیبە و جوزجانی بەیهەقی لەڕێگەی عەبدوڵلای کوڕی جەعفەری قورەیشی کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و عەلی کوڕی مەدینی و یەحیای کوڕی موعین بەمتمانە پێکراویان داناوە، موسلیمیش لە(صحیح)ەکەیدا فەرموودەی بۆ (تخریج) کردوە لە عوسمانی کوڕی موحەمەدی ئەخنەسیەوە، ئیبن موعینیش بەمتمانە پێکراوی داناوە، لە سەعیدی مەقبەریەوە و فەرموودەکەش (متفق علیه)یە.

فەرموودەی حەوتەم لە ئیبن عومەرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت): حاکم لە(مستدرك)ە کەیدا ئەڵێت: ئەبوعەباسی ئەسەم باسی بۆ کردین لە موحەمەدی کوڕی ئیسحاقی سەغانیەوە، لە سەعیدی کوڕی ئەبی مریەمەوە،

لە ئەبویەمانی موحەمەدی کوڕی موترەف مەدەنیەوە، لە عومەری کوڕی نافیعەوە، لەباوکیەوە ووتویەتی:

پیاوێك هاتەلای ئیبن عومەر و پرسیاری لێکرد دەربارەی پیاوێك سێ تەلاقەی هاوسەرەکەی دا، برایەکیشی بەبێ زانیاری ئەو مارەی کرد هەتاوەکو تەلاقی بدات و حەلالی بکاتەوە بۆ براکەی، ئایا بەوە حەلال دەبێت بۆ پیاوی یەکەم؟ فەرمووی: نەخێر مەگەر نیکاحی ئارەزومەندانە، ئێمە ئەو کەسەمان بەزیناکەر دەزانی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لێ بێت) . پاشان فەرمووی: ئەمە فەرموودەیەکە (سند)ەکەی (صحیح)ە بەلام (شێخان) تەخریجیان نەکردوە.

هەروەها سەوری لە عەبدوڵلای کوڕی نافیعەوە، لەباوکیەوە، لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویەتیەوە. ئەم شێوازەش (رفع) و بەرزکردنەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) دەگەیەنێت ئەبوبەکری کوڕی ئەبی شەیبە و جوزجانی و حەربی کرمانی و ئەبوبەکر ئەسرەم بەهەمان شێوە لەفەرموودەی ئەعمەشەوە، لە موسەییبی کوڕی ڕافیعەوە، لە قوبەیسەی کوڕی جابرەوە، لە عومەرەوە فەرموویەتی: هەرکەسێکم بۆ بێنن کەمارەبەجاش کردبێت یان بۆی کرابێت ئەوە بەردبارانی دەکەم. هەروەها بەیهەقی لە فەرموودەی ئیبن لوهەیعەوە، لە بەکیری کوڕی ئەشەبحەوە، لە سولەیمانی کوڕی یەسارەوە، کە پیاوێکیان هێنا بۆ لای پێشەوا عوسمان کە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا کردبوو، هەتاوەکو حەلالی بکاتەوە بۆ مێردی یەکەم، ئەویش لە یەکتر جیای کردنەوە. هەروەها ئەمە لە عەلی و ئیبن عەباس و زیاتر لە یەکێك لەهاوەڵانەوە گێڕدراوەتەوە.

هەروەها فەرمایشتی ﴿فَإِن طَلَّقَهَا﴾ واتە: ئەگەر مێردی دووەم تەلاقی دا پاش چونەلای ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ﴾ واتە: گوناهیان ناگات ئەگەر بگەڕێنەوە لای یەك، مەبەست ئافرەتەکە و پیاوی یەکەمیەتی ﴿إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ وَتِلْكَ﴾ واتە: ئەگەر زانیان کە دەتوانن بەباشی و بەپێی شەرعی خوا پێکەوە بژین. موجاهید ئەڵێت: ئەگەر پێیان وابوو هاوسەرگیریان فێڵی تێدا نییە ﴿حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەوانە شەرع و حوکمی خوان ﴿يُبَيِّنُهَا﴾ واتە: ڕونی دەکاتەوە، ﴿لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ واتە: بۆ خەڵکانێك کە بزانن.

هەروەها پێشەوایان جیاوازن سەبارەت بەوەی کە ئەگەر پیاو هاوسەرەکەی تەڵاقێك یان دوو تەڵاق دا و پاشان وازی لێ هێنا هەتاوەکو (عیددەی) تەواو بێت، پاشان هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێکی تردا کرد، وئەویش چوەلای و پاشان تەڵاقی داو پاش تەواو بونی عیددەکەی دووبارە مێردی یەکەم مارەی کرد، ئایا دەتوانێت بەو تەڵاقەی کەلەسێ تەڵاقەکە ماوەتەوە بگەڕێتەوە لای؟ وەك لە مەزهەبی مالیك و شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دا هاتوە، ئەمەش ڕای کۆمەڵێك لەهاوەڵانە (ڕەزای خوای لێ بێت). باخود مێردی دووەم تەڵاقەکانی پێش خۆی هەڵوەشاندوەتەوە، جا ئەگەر گەڕایەوە بۆ مێردی یەکەم ئەوە بەهەرسێ تەڵاقەکەی دەگەڕێتەوە، وەك لە مەزهەبی ئەبوحەنیفە و هاوەڵانی دا(ڕەزای خوای لێ بێت) هاتوە. بەڵگەشیان ئەوەیە بەوپێیەی مێردی دووەم سێ تەڵاقەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە، کەواتە هەڵوەشاندنەوەی کەمتر لەوە لەپێشترە و پەروەردگاریش باشتر دەزانێت.